**ئاڤێستا کەمال مەحموود**

# پراگماتیکی رستەی پرسیار و فەرمان
# لە زمانی کوردیدا

ئاڤێستا کەمال مەحموود

مەڵبەندی کوردۆلۆجی

هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران
مەڵبەندی کوردۆلۆجی

✵ ناوی کتێب: پرگماتیکی رستەی پرسارو فەرمان لە کرمانجی خوارودا
✵ نووسەر: ئاڤێستا کەمال مەحمود
✵ پیتچنین: نووسەر
✵ دیزاین و سەرپەرشتیی چاپ: بریار فەرەج کاکی
✵ بەرگ: کمال علی
✵ ژمارەی سپاردن: ١٦٣٠/ ساڵی٢٠٠٩
✵ چاپخانە: رەنج/ سلێمانی
✵ تیراژ: ١٠٠٠ دانە
✵ نرخ: ٢٥٠٠ دینار
✵ زنجیرە:٤٠

مەڵبەندی کوردۆلۆجی
ناونیشان: سلێمانی، گردی ئەندازیاران- گەڕەك/ ١٠٥، کۆڵان/ ٢٥، ژ.خانوو/ ٤، ژ. پۆست/ ٩٥
تەلەفون: ٣١٩٣٠٩٣
www.kurdology.com
kteb@kurdology.com

# ناوەرۆك


| بــــابــــەت | لا |
|---|---|
| **پێشەكی** | ٧ |
| **بەشی یەكەم دەورو بەرو پەیوەندییە پراگماتیكییەكان** | ٩ |
| یەكەم: دەورو بەرو پەیوەندییە پراگماتیكییەكان | ١١ |
| دووەم: نیشانە پراگماتیكییەكان | ٢١ |
| سێیەم: كردە قسە ییەكان | ٣٩ |
| **بەشی دووەم دیاردەی بەخشكەیی دەربڕینو گریمانەی پێشینە لە رستەی پرسیاو فەرماندا** | ٦٧ |
| یەكەم: بنەماكانی بەخشكەیی دەربڕینی رستەی پرسیاو فەرمان | ٦٩ |
| دووەم: گریمانەی پێشینەی رستەی پرسیارو فەرمان | ٩٩ |
| **بەشی سێیەم ڕێزگرتن لە رستەی پرسیارو فەرماندا** | ١٢٧ |
| یەكەم: پرنسیپەكانی ڕێزگرتن لە رستەی پرسیارو فەرماندا | ١٢٩ |
| دووەم: پەیوەندی دیاردەی ڕێزگرتن بە دیاردەكانی تری پراگماتیكەوە | ١٤٦ |
| **ئە نجام** | ١٥٤ |
| **قەزییەكان** | ١٥٥ |
| **سەرچاوەكان** | ١٥٦ |
| **كورتەی با سەكە بەزمانی ئینگلیزی** | ١٦٠ |
| **هیماكان** | ١٦١ |
| **زاراوەكان** | ١٦٢ |

# پێشکەشە بە :

- ئەو دوو مرۆڤەی هێمنی دەریا وچرپەی گەلاَکانیان پێبەخشیم
( دایك وباوکم )
- ئەو مرۆڤەی هەڵهاتن و ئاوابوونی خۆری پێبەخشیم
( هاوسەرم ئالان )

# پێشەکی

لــە دوا ســاڵەکانی ســەدەی بیــست، گرنگــی زۆر بــە زمــانی کــوردی وپێکهاتــە وبنەماکانی دراوە  و چەندین لێکۆڵینەوە و بابەت لەسەری نووسراوە ،ئەم گرنگیدانەش لــە رووی رێزمانییــەوە بــووە بــە تایبــەت لێکۆڵینەوەلــە پێکهاتــەی رستەســازی بــە بەشەکانی ئاخاوتن و ئەرکەکانیان هــەروەها لــە رووی وشەسازیــشەوە، کــە بەشــەکانی وشە و چۆنێتی دارشتە و لێکدانی وشەی تێدا خراوەتــە روو ، ئــەوەی جێــی ســەرەنجە ئەم لێکۆڵینەوانە بەگشتی خۆیان نەداوە لە بواری واتاسازی و مەبەست گەیاندن .

وەك ئاماژەمان پێدا کارکردن و لێکۆڵینەوە لە  زمـان لـە تێروانینـی زمانەوانـە کـورد و بێگانەکانیــشەوە لــە ســەرەتاوە ســنووردار کرابــوو لــە ســەر فــۆرمی زمــان یاســاکانی ولاکردنەوەیــەکی  بەرچــاونەبوو بــۆ ئــەو ڕۆڵــەی ،کــەزمان دەیگێرێــت لەلێگەیانــدن و دروســتکردنی پەیوەندییەکانــدا بــەڵکو زیــاتر لەمــەش ، گرنگــی نــەدرابوو بــەوەی چــی بەزمان و وشەکان ورستەکانی دەکرێت .

لـە راسـتیدا لـە سـالآنی دوایـدا و بەکاریگـەربوون بەقوتابخانـە نوێباوەکـانی زمانـەوانی بەتایبەت ئەوانەی گرنگی بە واتا و بەکارهێنانی زمان  دەدەن لێکۆڵـەرە کوردەکـانیش هەمان رێچکەیان گرت و ئاراستەی هەنـدێك لـە لێکۆڵینـەوەکانیان وەرچـەرخاند بـەرەو ئەومەبەسـت و واتـا و بەکارهێنانـەی، کـە زمـانی کـوردی لـە ڕێگـەی پێکهاتەکانیـەوە دەیگەیەنێت  لەمەشەوە  چەند نامە و لێکۆڵینەوەیەك لەسـەر بابـەتی پراگماتیـك هاتـە دەرەوە و هەندێك لەجیاوازی وبەراوردەکانی لەگەڵ زمانەکانی تردا خرایەروو .

لــە راســتیدا ئــەم کتێبــە هەوڵێکــە بــۆ خــستنەرووی ئــەو پەیوەنــدی و واتایانــەی، کەفۆرمەکانی زمان ورێزمانی  کوردی لەخۆی دەگـرن و هەڵێنجانـدنی ئـەو یاسـایانەیە، کە دەست دەگرێت بەسەر جۆرێك لە دەربرین و گوزارشت کردندا و هەمان یاسا نابێتـە بەربەست لەدەربرینی دەربرین و گوتەیەکی تردا و بەستنەوەی ئەم حاڵـەت و بارانـەش بە دەوروبەر و باری کۆمەلأیەتی و پلەی رێزگرتن لە ناو کۆمەڵگای کوردیـدا و لەلایـەکی دیکەوە  دەرهێنانی زمانە لەو چـەق بەسـتن و دورخـستنەوەیەی لـە کۆمـەڵگا و ژینگـە ،کە تووشی هاتووە و هەوڵدانە بۆ دروستکردنی پردێك لە نێـوان ئـەو دوو جەمـسەرەدا (زمان وەك پێکهاتەیەکی سەربەخۆ بەرامبەر بەکاریگەری کۆمەڵگا)  .

لــەم لێکۆڵینەوەیــەدا پراگمــاتیکی رســتەی پرســیارو فــەرمان شــیکراوەتەوە وەك دیاردەیەکی زمانــەوانی و زانــستی زمــان، شــیکراوەتەوە و پەســەندکراوە ،پراگمــاتیکی رستەی پرسیار و فەرمان لەو لایەنەی زمان دەکۆڵێتەوە ، کە پەیوەندی بە دەوروبەر و مەبەســتەکانەوە هەیــە و لــەم فۆرمانــەی رســتەدا چــەندین واتــا و لێکدانــەوە خــۆی حەشارداوە و بە پــەنهانی قــسەکەر و گــوێگر بەکاریــدەهێنن و پەیوەنــدی پێوەدەکــەن ،کەئەو بەکارهێنانانە پەیوەندی نییە بە یەکــە یەکــەی کەرەســتە و پێکهێنەرەکانیــەوە بەڵکو بیر ومەبەستێك دەبەخشێت، کە هەندێك جار تەواو لە فۆرمەکەی جیا دەبێتەوە و مەبەستەکە لە ڕێگەی زانیاری دونیای و هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگرەوە دەگات ئــەم لێکۆڵینەوەیــە لــە ســێ بــەش پێکهــاتووە، کــە هــەر بەشــێکدا بەچــەند ئــەنجامێك گەیــشتوین و دواتــر کــۆی هــەموو ئەنجامــەکان بووەتــە ســەلمێنراو و پەســەندکردنی ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە :

بەشی یەکەم : ناونیشانی ( دەوروبەرو پەیوەندییە پراگماتیکییەکان ) بۆ بــەکارهاتووە و لە ســێ پــار پێکهــاتووە، کەئــەوانیش : شــیکاری دەوروبــەر ، نیــشانە پراگمــاتیکی و کردە قسەییەکانن.

بەشــی دووەم : لــە دوو پــار پێکــدێت پــاری یەکــەم لــە پــەنهانی دەربــرین وپەنامــەکی دەکۆڵێتەوە و پــاری دووەمــیش لــە گریمانــەی پێــشینە و جۆرەکــانی دەکۆڵێتــەوە لــە ڕستەی پرسیار و فەرماندا .

بەشی سێهەم :تەرخانکراوە بۆ دیاردەی رێزگرتن و ئەو پرنسیپ و دەستەواژانەی ،کە ئەم دیاردەیە لە دیاردە و بارێکی کۆمەڵایەتییەوە دەگوێزنەوە بۆ ناو زمان .

ئەم لێکۆڵینەوەیە کارێکی بــێ خــەوش وکــەموکورتی نییــە بــەڵکو هــەولێکی بــچوکە بــۆ تیــشك خــستنە ســەر هەنــدێك لایــەنی زمانــەوانی زمــانی کــوردی و رێنمونیکــارێکی سەرەتاییە بۆ هێنانە ناوەوەی چەندین تیۆری و بابەتی لێکۆڵینەوەی تــر ،کــە زمــانی کوردی تا ئێستا لێی بێبەش بووە هەروەها بــەو هیوایــەی ببێــت بــە تروسکاییەك بــۆ ئەوانەی دەیانەوێت شارەزایی پەیدا بکەن لە نهێنییەکانی زمانی کوردی و هاندەر بێت بــۆ ئەوکەســانەی ،کــە دەیانــەوێت زمــانی کــوردی دەوڵەمەنــد بکــەن بــە لێکۆڵینــەوە و تێبینی و سەرنجەکانیان .

نووسەر

# بەشی یەکەم

# دەوروو بەر و پەیوەندییە پراگماتیکییەکان

# دەورووبەر و پەیوەندییە پراگماتیکییەکان

## یەکەم: دەوروبەر و دیاردە پراگماتیکییەکان

بەکارهێنانی رستەکان لە دەورووبەردا بۆلێکدانەوەی دیاردەکانە و زیاتر گەیاندنی ئەو واتایەیە ،کە قسەکەر مەبەستێتی . ئەمەش پێناسەی سەرەکی پراگماتیکە.قسەکەر فیچەرەکانی بەکارهێنانی ئاخاوتن لەم ڕێیەوە کۆد[1] دەکات و دەیگەیەنێتە گوێگر چونکە بە تەنها لەڕێی سیمانتیک و کەرەسە زمانیەکانەوە ئەم پرۆسەی لێگەیشتنە ڕوونادات ، پەیوەست بەمەشەوە

(( دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان هەڵوێستی گوتە لە فیچەرە جیاجیاکاندا لەگەڵ هەلأوێرکردنی ئەو فیچەرانەی ، کە بەهۆکاری کۆمەلایەتیی و زمانەوانیەوە پەیوەستمان دەکەن بە بەرهەمهێنان و لێکدانەوەی گوتەوە))[2] ، کە ئەمەش خاڵی پۆلێنکردنی زمانە بۆ گوتنەکان لە بوونە جیاجیاکاندا بەرامبەر ئەو دەورووبەرانەی چەشنی رستەو گوتنەکانیان هەڵدەبژێرن و دیاریدەکەن.

١.بەخۆشیتان بێت ، خانوتان کڕیوە؟

* ٢.بەناخۆشیتان بێت ، خانووتان کڕیووە؟

ئەویاسایانەی فیچەرەکانی سەگمێنتی >بەخۆشی < پۆلێن دەکات بۆ ئەوەی ببێنە بەشێك لە رستەی (١) هەمان یاساو پرنسیپ دەبنە ڕێگر لە بەکارهێنانی سەگمێنتێکی وەك >بەناخۆشی< لە هەمان کاتدا ڕێسا کۆمەلأیەتییەکان دەبنە هۆکاری دیاریکردنی پەسەندی رستەی ( ١) ونەشیاوی و ڕەتکردنەوەی رستەی ( ٢ ) بەلای (لایون )ەوە زاراوەی دەورووبەر بریتییە لە (( ١.بوونیزانیاری دەربارەی یاساکان و

---

[1] محەمەدی مەحوی ( ٢٠٠٥: ٤ ) لە پێناسەی کۆدکردندا دەڵێت :((کەرەستەکان دەنگ و فۆرمەکانن، کە دەتوانرێت لەیەکبدرێن و لەتەکیەکدا ڕیزبکرێن بۆئەوەی وشە و رستەو فرێزیان لێبەرهەم بهێنرێت کاتێك کۆمەڵە فۆرمەکە واتاداربوو وە بۆ پەیوەندیی گفتوگۆکردن و لەیەکگەیشتن بەکارهێنرا، دەبێت بە کۆد و پێی دەوترێت کۆد ))

[2] Stephen C. Levinson ( 1983: 22 ).

هەڵوێستەکان بەتایبەت ئەو یاسایانەی دەستدەگرن بەسەر قسەکردندا و ئەو یاسا کۆمەڵایەتیانەی کە لە کۆمەڵگاکە بەڕێوە دەبەن ٢.زانین لە دەربارەی ئاستی شێوازبەندی ٣.بوونی زانیاری دەربارەی ئەو شوێنانەی کاتێن و لەپڕدا پەیدا دەبن ٤.ئاگاداربوون لە کاروباری خەڵکی و مامەڵەکانیان ٥.بەئاگابوون لە ڕاگەیاندن و میدیاکان(وەك شێواز و جۆری کەناڵەکان بە جیاوازیکردن لە نێوان نوسین و قسەکردندا ) ٦.بوونی زانیاری دەربارەی هەرێمەکان و دەوروبەر)) [٣].

پێکهاتەچرو ئاڵۆزەکانی ڕووداوەکان بەهۆی دەوروبەرەوەلێکدەدرێنەوە ، لەبەرئەوەش پراگماتیك بەداوای بەکارهێنانی واتاکان لە دەوروبەر دا دەگەرێت و واتای ئاماژە زمانیی و نازمانیەکانە لە لایەن بەکارهێنەرو بەکاربەرەوە بەمەش دەگەینە ئەوەی ،کە (واتای پراگماتیکی = واتای سیمانتیکی + دەوروبەر ) [٤] .

لە بواری پراگماتیکدا ئەو کاریگەریەی ،کە دەوروبەر هەیەتی وایلێدەکات ببێتە بەشێك لە پێناسەی هەریەکێك لە (جۆرەکانی پراگماتیك) [٤]:

١. Pragma- linguistics : بۆ ستراکچەری زمانیی، پراگماتیك بەکاردێت لە لایەن هەندێك زمانەوانەوە وەك کریستەڵ ١٩٩٧ و لیچ ١٩٨٣ ڕوونیانکردۆتەوە .

٢ . Socio pragmatics: ئەو پراگماتیکەیە،کە بەهۆی بارە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەکاردێت

٣. General pragmatics : بەکاردێت بۆ کردەگشتییەکانی گەیاندن لیچ ١٩٨٣.

٤ . Literary pragmatics: ئەو سەرنج و تێبینیە پراگماتیکیانەیە کە بەکاردێت بۆ بەرهەمهێنانی دەق.

٥ . Applied pragmatics :ئەو کێشانە دەخاتە ڕوو،کە لەکاتی بەکارهێنانـدا دەردەکەون وەك فێربوونی زمانی بێگانە.

سیما جیاکەرەوەکانی کردەی لێکگەیشتن چەند جۆرێك دەوروبەر دیاریدەکەن [٥] :

---

[3] Stephen C. Levinson (1983 : 23 ).

[٤] عبدوالواحید موشیر دزەیی ( ٢٠٠٤ : ٢٥ )

[4] Lu'ay hameed Shehab Al –jubouri( 2002 :6 )

[5] کیمبسون ( ١٩٧٧ : ٦٨ ) ئەوەدەخاتە ڕوو ،کە پراگماتیك پاڵپشتێکە بۆ چۆنێتی بەکارهێنانی ڕستەکان و گوتەکان بۆ ئەوەی زانیارییەکان لە دەوروبەردا بگوێزنەوە .

١. دەوروبەری فیزیکی Physical Context
٢. دەوروبەری زمانەوانی Linguistics Context
٣. دەوروبەری کۆمەڵایەتی Social Context
٤. دەوروبەری ئەبستمی Epistemic Context
٥. دەوروبەری دەروونی Psychological Context

### ❋ دەوروبەری فیزیکی Physical Context

مەبەست لەم زاراوەیە ڕونکردنەوەی ئەو شوێنەیە ، کە قسەکەر تێیدایەتی و ئەو ڕووداوەی ،کە ڕوویداوە چییە و پێگەی پێشکەشکردنی بابەتەکە لەکوێیە و شیاویی شوێنی ڕستە گۆکراوەکان تاقیدەکاتەوە و گونجاو و نەگونجاویان لەڕووی نەریتە تایبەتی و گشتیەکانەوە دەخاتەڕوو .

٣.١.جگەرەکێشان قەدەغەیە
ب. ( شوێنی (X ) ^لە قەبارەی شوێنی (Y,X ) ^ لەپێوانەی(زیاتر یان کەمتر ) پەیوەستبوونەکانی گوێگر بە یاساکانی شوێنەکەوە ( C ) )
٤. ١.تکایە بێدەنگی بپارێزن .
ب. ( شوێنی (X ) ^لە قەبارەی شوێنی (Y,X ) ^ لە پێوانەی(زیاتر یان کەمتر ) پەیوەستبوونەکانیگوێگر بە یاساکانی شوێنەکەوە ( C ) )[٦]

کاتێک(X) شوێنی نەزانراوەو گۆڕاوە و(Y)قەبارە وفراوانی ئەو شوێنەیە کە کردەکەی(کێشان) کەی تێدا ڕوودەوە و (C)پابەندی گوێگر دیاریدەکات واتازۆر یان کەم پابەندە بە یاساکانەوە و.

پێکهاتە و بەکارهێنانی (٣) گەر خاوەنماڵێك بە میوانەکەی بڵێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی بچوکی قەبارەی شوێنەکەش(X) جۆرێکە لەڕووشکاندن لە کۆمەڵگای کوردیدا وبەزاندنی ماکزیمی بەوێلییە لیچ (١٩٨٣ ) [٧] – لەبەشی سێیەمدا زیاتر ڕونی دەکەینەوە _ ، بەڵام بە گەڕاندنەوەی ڕستەی ( ٣.١) بۆ دەوروبەرە فیزیکییەکەیی ،کە نوسراوی سەر دیواری فەرمانگەیەك یان نەخۆشخانەیەك بێت ئەوا جۆرێك لە کردەی قسەیی جێبەجێدەکات وهەمان بار بۆ ڕستەی (٤.١) گونجاوە .

---

[6] http://www.cs.rutgers.edu/~mdstone/pubs/iwcs03.pdf
[7] Jean Stilwell Peccei ( 1996 : 61)

## ❋ دەوروبەری زمانەوانیی Linguistics Context

قسەکەر بۆ لێکدانەوەی مەبەستی رستە دەربڕاوەکان پەنا دەباتە بەر دەوروبەری زمانەوانی ولە ڕێی پرۆسە ڕێزمانیەکانی ( فۆنۆلۆژی – مۆرفۆلۆژی – سینتاکس – سیمانتیك ) ەوە جفرە هاوبەشەکانی نێوان قسەکەر و گوێگر لێکدەدرێتەوە (( دەبێت قسەکەر و گوێگری زمانی کوردی بەردەوام دەسەلاَتشکانەوەیان بەسەر زمانی کوردیدا بشکێتەوە بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوام بەشداریی لە کردەی پەیوەندیی گفتوگۆکردن و لەیەکگەیشتندا بکەن، ئەو دەسەلاَتشکانەوەیان بەسەر زمانەکەدا دروستەی فۆرم و واتا و گۆکردن لەتەك دەربڕین و تێگەیشتندا دەگرێتەوە ))[8]

توانای دەوروبەری زمانەوانی لە دوو فۆرمدا دەکرێت دابڕێژرێت :

ا.دابەشبوونی فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژی

ب.دروستیی ئەو پێکهاتە زمانیەی ،کەلە دەربڕینەکاندا هەن.

٥. کچیَ ،لەگەلَ تۆمە

دابەشبوونی ئاوازە لە رستەی ( ٥ ) دا دابەشبوونی ئاوازەی رستەی فەرمانە ،کە قسەکەر داوای کردەیەك لە گوێگر دەکات و لە ڕێی ئەو ئاوازەیەوە نرخی گوێگر لە دیدی قسەکەرەوە دەردەکەوێت هەرچەندە دروستەکە لە ڕووی پێکهاتەی سینتاکسی و سیمانتیکیەوە فۆرم دروستە[9] و یاسا ڕێزمانیەکان ڕێگە بە گۆکردنی دەدەن .

## ❋ دەوروبەری کۆمەلاَیەتیی Social Context

هەموو کۆمەلَگایەك کۆمەلێك یەکەی زمانی هەیە ،کە ڕەنگدانەوەی سروشتیی دەوروبەریەتی لەسەر بیرکردنەوەی تاکەکانی ، پەیوەست بەمەشەوە زاراوەی (دەوروبەری کۆمەلاَیەتی) هەموو ئەو پەیوەندی و ڕێساو یاساکۆمەلاَیەتیانە لە خۆدەگرێت ،کە قسەکەر و گوێگر بەیەکەوە دەبەستێتەوە لە کردەیەکی گەیاندندا بۆ ئەمەش هالیدای[10] پراگماتیك بەلایەنە کۆمەلاَیەتیەکەوە دەبەستێتەوە و بە بناغەی گەشەکردنی دەزانێت .

---

[8] محەمەدی مەحوی ( ٢٠٠٤ : ٣ )

[9] محەمەدی مەحوی ( ٢٠٠٤ : ٥) قسەکەرانی زمانێك سەبارەت بە ڕێکەوتن و ڕێکنەکەوتنیان لەسەر فۆرم –دروستی ئەوەیە ،کە قسەکەرانی زمانەکە هۆمۆگێنن و هەمان سەلیقەی فۆرم – دروستیان هەیە .

[10] Lu'ay hameed Shehab Al –jubouri( 2002 : 9 )

دەوروبــەری کۆمەلأیــەتی بــەهۆی ئــەو یاسـایانەوە ،کـە ڕێپـــێدەرن هەنـدێك لـە گوتەکان بە مەرج و قەیدەکانیانەوە دەرببڕێن و بەمەش جۆرەها کردەی لێـــــکگەیشتن بەرهەم دەهێنێت ،ئـوچ (C ١٩٧٩ ) (( پێناسـەکردنی دەوروبـەر کـارێکی ئاسـان نییـە چـونکە دەبێـت کۆمـەلێك شـت لـە خۆیـدا هـەلبگرێت وەك کۆمـەلّ و دەرونزانـی و ئـەو جیهانەی قسەکەر بەکاری دەهێنێت لە هەرکاتێکی پەیوەندیکردنەکەدا بێت )) [11]بۆ نمونە کۆمـەلگای ژاپـۆنی چـەندەها فـۆرمی جیاجیـا هەیـە بـۆ ڕێکخـستنی پەیوەنـدی نێـوان قسەکەر و گوێگر لەکاتێکدا دەستەواژەو رستە کۆمەلأیەتیـەکانی کۆمەلگایـەکی تـر ،گـەر کەمیش بن کردە گەیاندنەکانی خۆیان بەجێدەهێنن چونکە سیستمی هەر زمانێك تـەواو و پڕاوپڕە و ئەمەش بەلگەیەکی ترە بۆ چۆنێتی کارکردنی دەوروبەری کۆمەلأیەتی لە بواری پراگماتیکدا .

٦. ا .بێدەنگبە ، کوڕە .

*ب. سەرۆك وەزیران بێدەنگبە.

٧. دلان پەرتوکەکەم نادەیتێ ؟

٨. براکەم ، یارمەتیەکم نادەیت ؟

٩. بەڕێز سەرۆکی وەزیران کەی نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتوەکان دەگەنە شارەکەمان؟

١٠. دە وامەکە ، نەزان .

* ١١. ا. دە ئەوە چییە ، مامۆستا ، مەیکوژێنەرەوە ؟

ب. مامۆستا بەیارمەتیت .

هەریـەك لـەم ڕسـتانەی پێـشوو پابەنـدە بـەو دەوروبـەرە کۆمەلأیەتیـەی ،کـە تێیـدا دەربــڕاوە و ڕوونکردنــەوەی پلــەو پایــەو دەســەلأتی بەرامبــەرە، لــە هــەمان کاتــدا بەبێئەوەی خوێنەر ئامادەیی هەبێت لە شوێنی فیزیکیـی گفتوگۆکـەدا تێـدەگات ئاسـتی پەیوەنـدی نێـوان قـسەکەر و گـوێگر چـەندە لـە رسـتەی (٦. ا ) دا پەیوەنـدی نێـوان قسەکەر و گوێگر لە ئاستێکی نزمدایە و گوێگر لە پایەدا زۆر لە قـسەکەر نـزمترە ئەمـەش ڕێگە بەو جۆرە فۆرمە دەدات ،کە پەسەند بێت لە رووی کۆمەڵایەتیەوە و هەمان یاسـاش ڕێگر بێت لە دەربڕینی ( ٦. ب) و رستەکانی ( ٧، ٨، ٩، ١٠) ڕەچاوی پەیوەندی نێوان هەردوو بەشداریکەر لە پرۆسەی پەیوەندیکردنەکەدا کـراوە ، بـەڵام لـە رسـتەی (١١.ا) دا

[11] Stephen C. Levinson (1983: 23 )

رستەكە لە رووی دروستەی سینتاكس و واتاسازیەوە فۆرم دروستە ولە رووی دەوروبەری كۆمەلآیەتی و شێواز و ماكزیمی بەوێلّیەوە نادروستە

## ✵ دەوروبەری ئەبستمیی Epistemic Context

زانیاریە دونیایەكان لەلایەن قسەكەرەوە هەلّدەگوێزرێن و بەجفرە دەنێرێن بۆ گوێگر ، گوێگریش بەپێی ئەو باكگراوند و پرنسیپانەی ، كە لەگەلّ قسەكەردا هاوبەشی پێدەكات شیدەكاتەوە و واتایەك یان چەند واتایەكی تر دەدات بەو رستەو فۆرمەی كە پێی گەیشتووە .

١٢. ا .سەعات چەندە؟

ب. هێشتا بانگی نەداوە [١٢]

زانیاریەكی كۆمەلآیەتیە ،كە لە نێوان قسەكەر و گوێگردا هاوبەشە لە ( ١٢.ب) وەرگر دەزانێت كاتەكانی بانگدان دیاریكراون و لە چەند كاتژێرێك تێناپەرێت و نێرەریش هەمان زانیاری لەلا دەست دەكەوێت بۆیە ئەم زانیارانە كۆد دەكات و لە دەوروبەرێكی ئەبستمییدا دەینێرێتەوە بۆ پرسا بۆ بەردەوامبوونی كردەی گەیاندنەكە .

١٣. ا. ئاگری چێشتەكەت كوژاندەوە ؟

ب. هێشتا دەمی نەكێشاوە .

١٤. شوشەكان بە ئەلّماسەكە ببڕەرەوە .

رستەی ( ١٣.ب) دا زانیاری هاوبەش و زانیاری دونیای ئەوە ڕووندەكاتەوە ، كە گوێگر دەزانێت كاتی پێگەیشتنی خواردنەكە دەتوانێت ئاگرەكە بكوژێنێتەوە نەك لەگەلّ ئاگاداركردنەوەی قسەكەر لە رستەی ( ١.١٣ ) دا وەرگر فۆرمی رستەكە بەبێ دەوروبەرە ئەبستمییەكەی جێبەجێبكات .

رستەی ( ١٤) زانیاری دونیای پرۆسەی لێكگەیاندنەكە سەركەوتوو دەكات لە نێوان فەرماندەرو فەرمانپێكراو بەوەی( ئەلّماسەكە ) بریتی نیە لە خشلّێك بەلّكو ئامێرێكە بەشێوەیەكی رێك و گونجاو شوشەی پێدەبڕڕێتەوە.

---

[12] چاوپێكەوتنی تایبەتی د.محەمەد مەعروف فەتاح– ٢٠٠٤

### ❋ دەوروبەری دەروونیی Psychological Context

ئـەم جـۆرە دەوروبـەرە وەك هەلومـەرج لـە زمانـەوانی دەروونیـدا کاردەکـات Psycholinguistics و کار لەسەر چۆنێتی ئامادەکردنی ئەو دەوروبەرە دەروونیە دەکات کە پێویستە بۆ زمانپژان و فێربوونی زمـانی بێگانـە و چـۆنێتی هـەڵگرتن و شـیکردنەوەی داتاکان هەروەها ئەم جۆرە دەوروبەرە ئاماژەکردن بۆ ئەو واتا دەروونیانە دەرەخسێنێت ،کە قسەکەر دەیەوێت لای گوێگر بیوروژێنێت وەك ئەوەی دەربڕینی وشـەی ( نـەخۆش ) لە دەوروبەرێکی فیزیکیدا ڕەنگە بـە نەخۆشـخانەو پزیـشك و ئـەم جـۆرە کەرەسـتانەوە بمانبەستێتەوە بەڵام دەربڕینی هەمان وشە لە دەوروبەرێکی دەروونیدا گـوێگر ئاڕاسـتەی چەشنێك لە هەڵچوونەکان دەکـات و بەمـەش وشـەکە لـەو جـۆرە دەوروبـەرەدا واتایـەکی تایبەت لە واتاکانی تری دەگەیەنێت .

سەرباری ئەمانەش دەوروبەری دەروونیی هەموو ئـەو هەڵـچون و داچـونە دەروونیانـە دەگرێتەوە ، کە قسەکەر تێیدا گوتن و رسـتەکانی دەردەبڕێت و لەبەرامبەریـشدا گـوێگر چـۆن داتاکـان شـیدەکاتەوەو مەبەسـتەکانیش چـۆن جیـا دەکاتـەوە بـەپێی ئـەو بـارە دەروونیەی ،کە خۆی و قسەکەری تێدایە لەبەرئەوەی هەنـدێك نەخۆشـی دەروونـی هەیـە ،کە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم ئەم پرۆسەیەدا (( چەشـنی سـێیەم : تێکـەڵکردنی دەوروبـەر ،مەبەسـت پێـی تێکـەڵاوبوونی دەربڕینەکانـە لـەلای نەخۆشـێکی شـیزۆفیرینی بـەجۆرێك توانـای نامێنێـت ،کـە مەبەسـتەکانی ڕوونبکاتـەوە و بـەکارهێنانی ڕاسـتی نامێنێـت بـۆ نیشانەکان دەربارەی ئەو سەرچاوانەی قسەی لێوە دەکات ))[١٣] بڕوانە نموونەی ( ١٥ ).

١٥. ا. تۆ ،هەستە و بچۆ دەرەوە .

ب. دەزانم بۆچی وادەکەیت، لێتناگرم .

لە ( ١٥ .ب ) بەستنەوەی رستەی ( ١٥ . ا ) بـە دەوروبـەری دەروونـی و ئـەو کەشـە دەروونیەیی ،کە قسەکەر رستەکەی تێدا دەربڕیوە لـە هـەمان کاتـدا قـسەکەر مرۆڤێکـی هەراشە چونکە منداڵ لەکاتی زمانپژاندنیدا توانای ڕێکخستنی رستە لە چەشـنی( ١٥.ب ) نییە .

[13] د. جمعە سید یوسف ( ١٩٩٠: ٢٢٨ )

## ✲ شیکردنەوەی رستەی پرسیارو فەرمان لە دەوروبەردا

جۆرەکانی دەوروبەر وەك جێکەوتەی سینتاکسی ڕەفتاردەکەن لە پراگماتیکدا، کە تێیدا مەبەستی رستەکان دەگەیەنرێت و بەمەش هەموو وشە و رستەیەك کردەیەکی گەیاندنی تایبەت بە خۆی هەیە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا .

لەدەوروبەرێکی کراوەدا[14] بۆ رستەی پرسیار و فەرمان(دەوروبەر Context هەستیاربوون Sensitive، سنوردارکردن (کورتبوونەوە لەسەر شتێك) Restricted پشت بەستن بە Dependent .. ) کاردەکەن ، یان هەندێك جار دووانیان یان زیاتر بەیەکەوە پێکەوەلە رستەیەکدا کاردەکەن بە شێوەیەك کە:

١٦ . ا . یاسای دەوروبەر لەچەشنی( Xوەك y بنوسەرەوە)یە

ب. یاساکانی زووکاریگەربوونی دەوروبەر Context – sensitive بە شێوەی ( A B/C- D) کاردەکەن ( کاتێك (/) مەبەست پێی بوون لە دەوروبەری ....دا و (–) شوێنی ( A ) ە لە پێکهاتەکەدا و وەك (B) نوسراوەتەوە ) [15]

ئامادەبوونی دەوروبەرەکان بەپێی جۆری رستەکان جیاوازن جۆرەکانی دەوروبەر هەموویان کاریگەریی خۆیان هەیە لە دارشتنی لە رستەی پرسیاریدا بەڵام دەوروبەری کۆمەڵایەتی و پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر لە هەموو دەوروبەرەکانی تر کاریگەری زیاترە لە سەر رستەی فەرمانی .

گەر لە کتێبخانە بیت و دووکەس بێن و بەدەنگی بەرز قسەبکەن تۆش سەرهەڵبڕیت و بڵێیت [16]

١٧ .بە یارمەتیت ، دەتوانیت تۆزێك بەرزتر قسەبکەیت ؟ فریانەکەوتم تێبگەم وتت چی ؟

دەوروبەری فیزیکی : قسەکردنەکە لە کتێبخانەیە .

دەوروبەری ئەبستمی : کتێبخانە شوێنێکی بێدەنگە .

دەوروبەری زمانەوانی : ئاوازەی دەنگی گاڵتەجارییە .

دەوروبەری کۆمەڵایەتی : مافت هەیە کە بەکەسێك لەو شوێنەدا بڵێیت بێدەنگ ببە

---

[14] لێرەدا مەبەست لە دەوروبەری کراوە ئەوەیە بە چەشنێك لە چەشنەکان چەند جۆرێکی دەوروبەر کاربکەن و ئامادەییان هەبێت .

[15] مەرج و دارشتنەکەی لە David Crystal ( 1980:104 ) ەوە وەرگیراون

[16] www.unc.edu/~gerfen/Ling30Sp2002/**pragmatic**s.htm

دەوروبــەری دەروونــی : هەڵـچوونی بـاری دەروونــی قــسەکەر و داڕشــتنەوەی ئــەو هەستە لە شێوەی گاڵتەجارییەکدا هــەروەها لەگــەڵ ئــەم جــۆرە دەوروبەرەشــدا یاســای زووکاریگەربوون لەسەر گوێگر کاردەکات

لە ڕووداوێکی ئۆتۆمبێلدا ،گەر ئۆتۆمبیلی گوێگر تووشی زیان بووبێت :

١٨ . ببوورە، ئاوێنەکەت شکاوە ؟

دەوروبــەری ئەبــستیمکی : لــە دەوروبــەرەکانی تــر کــاری زیــاتر لەســەر گەیانــدنی پراگماتیکی کردووە لەبەرئەوەی ئەو زانیاریە دونیایەی ،کە لە نێوان قــسەکەر و گــوێگردا هەیە وایان لێدەکات هەردووکیان بزانن مەبەست لە ( ئاوێنە ) جۆرێکی تایبەتە لە ئاوێنــە ،کە لە ئاوێنە ئاساییەکانی تر ناچێت و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو لە تۆتۆمبیلدا بــەکاردێت و ئەمەش زانیاریەکی دونیای و هاوبەشە لە نێوان نێرەرو وەرگردا ئاڵوگۆردەکرێت .

١٩ .ا .دەکرێت ، یارمەتیەکم بدەیت ؟

ب. یارمەتیم بدە

رســـتەی ( ١٩.ا ) = A بـــە چەشـــنی (١٩.ب ) = B نوســـراوەتەوە و لـــە دەوروبەری کۆمەڵایەتی (C) دایە و ئــەو پەیوەندیــەی قــسەکەرو گــوێگر کۆدەکاتــەوە دەشێت هاوڕێیەتی بێت و دەگونجێت لە نێوان دوو کەسیشدا بێت ،کە لە ڕاســتیدا یــەکتر ناناسن و دەوروبەری زمانەوانی ( D ) بەهۆی ئەو ئاوازەیەی هەیەتی[17] کاریگەری هەیە لەسەر ( A ) ، ( C ) .[18]

٢٠. سەر مەکە سەرم ، وتم باشە دێم .

دەوروبەری فیزیکی : لە ماڵی قسەکەردا رستەکە گۆکراوە .

دەوروبــەری ئەبــستمی: ئاشــکرا ڕۆڵــی خــۆی نــەبینیوە بــەوەی زانیاریــەکی دونیــای بەبایەخی تێدانییە.

دەوروبەری کۆمەلآیەتی : پەیوەندی نێوان قسەکەرو گوێگر پەیوەندیەکی هەرەمییــە ، بەواتای قسەکەر لە پایەدا لە گوێگر بالآترە و توانای هەیە داواکاری گــوێگر ڕەتبکاتــەوەو

---

[17] ( ئایا ) دەکرێت ، یارمەتیەکم بدەیت ؟

دەکرێت ، ( ئایا ) یارمەتیەکم بدەیت ؟

شــوێنی پــارتیکڵی ( ئایــا ) ،دابەشــبوونی ئــاوازەی رســتەکە دیــاری دەکــات ، و هەریــەك لــە و دابەشبوونانەی ئاوازەکە ئەکێکی کۆمەلآیەتی دیاریکراو هەڵدەگرن .

[18] بەشێوەی یاسای (١٦ .ب)

لــە هــەمان کاتیــشدا جێبــەجێکردنی فــەرمانی خــۆی بــۆ گــوێگر بــە شــێوەیەکی ڕەتنەکەرەوەیە .

دەوروبــەری زمانــەوانی: رســتەیەکی ئاوێتــەی فــۆرم و واتــا دروســتە و چەشــنێك لــە ئیدیۆمی تێدا بەکارهاتووە (سەرکردنەسەر ) .

دەوروبــەری دەروونــی : دەســتەواژەی ( ســەر مەکــە ســەرم ) لــە لایــەن کەسـێکی پێگەیـشتووەوە بـەکاردێت چـونکە پێکهاتەیـەکی ئـالۆزی هەیـە و منـدالْ لـە سـەرەتای زمانپژاندندا [19] ناتوانێت ئەو دەستەواژەیە دەربڕێت بە هەمانشێوەش کەسێك ،کە زمـانی کوردی فێربووبێت .

٢١. ئەو پانتوڵەم بۆ بشۆ.

دەوروبەری کۆمەلأیەتی : پەیوەندی نێوان قسەکەر و وگـوێگر پەیوەندیـەکی پتـەوی خێزانیە ( ژن ومێـرد– خوشـك وبـرا – دایك وفەرزەنـدی ) انەیـە و فـەرمانکردن تێیدا ئاساییە.

٢٢.ا.بێبەلاّ بیت ، ئەو قسانە مەکە .

ب. ئەو قسانە مەکە

رســـتەی (٢٢ ) ئـــەوە دەردەخـــات ،کـــە ( ئـــەو قـــسانە= A ) و بـــە چەشـــنی (Bپێویستنەبوونی ئەو قسانە ) نوسراوەتەوە و لە دەوروبەری کۆمەلأیەتی و فیزیکـی ) (C,D دان ، کـــە دەربڕینـــی ( ئـــەو قـــسانە– هـــەر جـــۆرێکبن – ) ناپەســـەند

---

[19] Elizabeth Bates ( 1996: 292 ) ناسینەوە و بـەکارهێنانی ئیـدیومی لەلایـەن مندالأنـەوە کردووە بە سێ قۆناغـەوە ١. قۆنـاغی یەکـەم : منـدالْ لـەم قۆناغـە سـەرەتاییەدا دەتوانێت هەنـدێك ئیدیۆم بەکاربهێنێت ، بەلاّم ناتوانێت پێکهاتـەی سینتاکسی ئیدیۆمـەکان شـیبکاتەوەو لێیانتێبگـات وەك منـدالّی ئینگلیـزی Can I have وەك ئیـدیۆم بـەکاردەهێنێت ، بـەلاّم مۆدالـەکان لەیـەك جیاناکاتەوە .٢.. قۆناغی دووەم : لە جیاوازی نێوان فۆرم و ئەرك تێدەگات هـەروەها تێدەگات کـە لەنێوان قسەکەر و گوێگردا چەندین یاسای هاوبەش هەیە ، لەکاتێکدا توانـستی گۆڕینـەوەی سـەرەی قـسەکردن role-taking لـەم قۆناغــەدا لای منــدالْ ســنووردارن و توانــای کــونترۆلْکردنی پێـشبینیەکانی گـوێگری نییـە دەتـوانین بلّـێین لـە قۆنـاغی ( یەکـەم و دووەمـدا) کـردەی فەرمانـدان دەنـوێنن بەرامبـەر گـوێگر و بابـەتی کردەکـان لەیـەك جیادەکەنـەوە منـدالْ لـەم قۆناغـەدا توانـای کـونترۆلْکردنی فـۆرمی ڕووکەشـی هەیـە ، بـەلاّم پێکهاتـەی گوتەکـەی بـۆ لێکنادرێتـەوە ،کـە فـۆرم وناوەرۆکەکـە بەیەکـەوە دەبەسـتێتەوە ٣. قۆنـاغی سـێیەم :لـەم قۆناغـەدا منـدالً ئامادەیـە بـۆ ناسینەوەی فۆرم و ناوەرۆك و ئامانجی سەرەکی کردەی گەیاندنەکە.

دەکات[20].بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئەو کردەیەی ( ٢٢) گەیاندویەتی بەشێوەیەکە پەیوەست نییە بە فۆرمی (A) ەوە و لە چەشنێکی دیکەیە بۆ ناسینەوە .

## دووەم: نیشانە پراگماتیکیەکان [21]

بۆ روونکردنەوەی کردەکانی لێکگەیشتن و گەیاندنی مەبەستی دەربڕاوەکان لە نێوان قسەکەرو گوێگردا پەنادەبرێتە بەر نیشانە پراگماتیکیەکان و لەبەرئەوەی (( زمان تێهەڵکێشی نیشانە پراگماتیکیەکان و دەوروبەرە))[22] ئەوا هێماکاریی و ئاماژە– لەجۆرەکانی دەوروبەردا – واتای نامەی هاتوو لە نێرەرەوەلێکدەدەنەوە ومەبەستەکەشی دەینوێنن ئەم دیاردە پراگماتیکییە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پشت بە نیشانەزمانییەکانی (کات ، شوێن ،ئەسپێکت ، جێناو ، ...هتد )دەبەستێت و لەرێی ئەوانیشەوە مەبەست و واتاکان ڕووندەکانەوە

١.٢٣ . ئەو گوڵدانە لەوێ دابنێ

ب. ئەوە .ئەوە لەوێ دابنێ .

لە( ١.١ ) مەبەست لە گوڵدان کام گوڵدانەیە و ئەو شوێنەش ،کەگوێگر دەبێت گوڵدانەکەی لێیدابنێ کوێیە و دارشتنەوەی ( ١.١ ) لە شێوەی ( ١. ب ) دا کاتێك دەبێت ،کە رستەکە لە دەوروبەرێکی ( دەروونی[23] و ئەبستمکی ) دا دانەبڕابێت چونکە لە رێی ئاماژەکردنەوە گوێگر دەتوانێت گوڵدانەکە لە گوڵدانی تریان کەلوپەلی تر جیابکاتەوە و ناسینەوەشی بۆ گوڵدانەکە بەهۆی زانیاریە دونیاییەکانەوەیە ،کە لە نێوان گوێگر و قسەکەردا هاوبەشە .پێڕەوی کاتی رستە لە زمانی کوردیدا نیشانەییە چونکە رستەی کوردیی بەبێ کردار نابێت[24] و کرداریی زمانی کوردیی (

---

[20] بەشێوەی یاسای (١٦ .ب)

[21] **Deixis**

[22] www.mpi.nl/world/pub/Pragmatics_abstract.pdf

[23] لە کاتێکدا قسەکەر یەکێك لە نەخۆشیە زمانیەکانی هەبێت یان کردەی میکانیکی و ئەلکتریکی بۆ رێکنەخرێت و بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی چۆنێتی گوێزانەوە و هاوسەنگکردنی ئەم بارە بروانە غازی فاتح وەیس (١٩٨٤ : ١٩ )

[24] یاساکانی دروستەی رستەی کوردیی

S` ⟶ NP + VP

VP ⟶ PP + NP + V°

NP ⟶ N + D°

کات و کەس )  فەرهەنگی و زەنگینە و لە شێوەی(INFL) دایە بەمەش نیشانە کاتییە پراگماتیکیەکان لە  هەموو رستەیەکی تەواوی کوردیدا هەیە((مۆرفێمە پێکهێنەرەکانی بەکەرەستەی فەرهەنگیی و خودی کردار بە یەکەیەکی ناو فەرهەنگ لەقەڵەم  دەدەین پێشتر گوترا ،کە پەیوەندیی ڕەگی کردارو مۆرفێمی تاف توندوتۆڵترە وەك لەوەی نێوان ڕەگی کردارو کەسەکەی ...))[٢٥] ، زۆرجاریش لەگەڵ کاتی کردارەکەدا ئاوەڵکرداری کاتی دێت ،کە تەواوکەری کاتی کردارەکە دەبێت یان (پێچەوانە)و هێزی یەکێکیان بەسەر کاتی گشتی رستەکەدا دەچەسپێت — دواتر لە نیشانەکاتییەکاندا شیدەکەینەوە — نیشانەکان پەیوەست بەو چەمکەوە ،کە دەینوێنن لە جوڵەی بەردەوامدان و بەهۆی دووری و نزیکیان لە سەرچاوەی کردەکانیانەوە و چەقە نیشانەکانیان (Deictic Center) دیاری دەکرێت

أ-  چەقی کەسیی

ب-  چەقی کاتیی

ت-  چەقی شوێنی

پ-  چەقی دەق

ج-  چەقی کۆمەڵایەتی

لە هەندێك باردا بۆ دەستنیشانکردنی هەر یەك لەم چەقە نیشانانە بەدەر لە فۆرمە ڕێزمانییە بەکارهێنراوەکان پەنا دەبرێتە بەر ئەو مەبەستەی قسەکەر لە رستە گۆکراوەکەدا دەریدەبڕێت (( زۆر ڕۆنان هەن قسەکەر تیایاندا زیاتر لە ڕووداو و ڕوودانەکەی قسە دەکات یان مەبەستێتی . لە زۆر شوێنیشدا قسەکەر لە کاتی قسەکردنیدا تیایاندا مەبەستی زانینە لە بارەی بوونی ڕووداوەکە یان شوێنی ڕوودانی . وەك پرسیارکردن ، بانگکردن و سەرسامبوون ..... لەسەر بۆچوونی هۆشەکییانەی ڕووداوەکان نەبووە ، ئەو بۆچوونەی کە بەزۆری پێویستی بەکات نییە ))[٢٦] بەم پێیە مەبەست لە پرسیارکردن یان بانگکردن ...هتد لەوەنییە ،کەبە شیکردنەوەی ڕێزمانییەوە بەندبین و مەبەستە شاراوەکان لێکنەدەینەوە بوونموونە ئەو فۆرمە زمانیانەی لە بنچینە ڕێزمانیەکانیاندا پرسیارن بە هۆی پرنسیپە پراگماتیکیەکانیەوە فەرمانکردن یان داخوازیکردنیان لە کردەکانی گەیاندندا پێدەگەیەنرێت ٠

---

[25] محەمەدی مەحویی ( ٢٠٠٤ : ٦٦ )

[26] هۆگر مەحموود فەرج ( ٢٠٠٠: ١٢٣ )

٢٤ . كەی تاقەتت دەبێت ، دیوارەکەی ماڵی باوکت چاك بکەیت ؟

قسەکەر لە ( ٢٤ ) دا مەبەستی بە گۆکردنی ( کەی ) دیاریکردنی کاتی کردنی کارەکە نییە وبە(ماڵی باوکت ) یش دیاری کردنی شوێنی ڕووداوەکە نییە ،کە قسەکەر بیەوێت گوێگری پێی ئاشنا بکات بەڵکو مەبەست هەستانە بە کردنی کردەیەك و زیاتر دوانەخستنیەتی لەو ماوەیەی تێیدا دواخراوە و هەندێك جار ئەم نیشانەنانە ئەرکی پراگماتیکیی خۆیان وەك نیشانە و هێمای زمانی لە رستەدا جێبەجێناکەن بەڵکو دەبنە بەردەباز بۆ دەرکەوتن و ڕوونکردنەوەی کەمەبەستی نائاشکرا و دەربڕینی شاراوەو بەخشکە ( Implication ) بە شێوەیەك (( قسەکەر ئاماژەکانی هەڵدەبژێرێت ، کە بزانێت گوێگرەکەی ئەو ئاماژانە دەزانێت و لێیان تێدەگات ))[٢٧] .

## ✪ نیشانەی کەسیی

لە ڕێزمانی تەقلیدیدا کەسەکان ئەو ناو و جێناوانەن ،کە دەبنە تەواوکەر ( دەرەکیی، ناوەکیی) یان فرێز( ناویی، دەرخەریی، ئاوەڵکرداریی ) بەواتا کەسی یەکەم ،دووەمیان سێیەم بە سیمای[ ± تاك ] دەگرێتەوە وهەریەکێکیان بەپێی پرۆسەی جفرەکردن جفرە لێکدانەوە ( Encoding ) و ( Decoding ) ڕۆڵی بەشداربوون لە ئاخاوتندا دەگۆڕنەوە لە زمانی عەرەبیی ( Encoding) بۆ جێناوی(نێر ومێ) بۆ سیمای[ ± تاك ] زیاترە لە زمانی ئینگلیزی لەبەرئەوەی زمانی عەرەبیی بۆ زۆربەی دۆخەکان و جێکەوتە زمانییەکان بۆ نێرو مێ سیمای جیاکەرەوەی هەیە ، بەڵام لە ئینگلیزیدا (he/she, him/her) بەکاردەهێنرێت جێناوەکان لە زمانی کوردیدا لە زمانی ئینگلیزی (Encoding) یان کەمترە چونکە بۆ کەسی سێیەم [ ± تاك ] تەنها جێناوی ( ئەو / ئێوە ) بەکاردەهێنێت و(نێرومێ ) لەیەك جیاناکاتەوەلە هەندێ باری بانگکردندا نەبێت (( لە کرمانجی ناوەڕاستدا لەبەرئەوەی تەنها لە دۆخی بانگکردندا نێر و مێ ماوە ، بۆیە تەنها باس لەو پاشگرانە دەکەین کە چوونەتە سەر ناوی بانگکراو ، ئەم دوو مۆرفیمە لە پاڵ ئەرکەکانیان ، تاك و کۆی ناوی دیارخراو ئاشکرا دەکەن بۆ نموونە کوڕە .......کچێ بخوێنە))[٢٨]لە نیشانەی کەسیی پراگماتیکیدا فیچەرەکان بەپێی یاسای (٢٥) ڕێکدەخرێن:

---

[27] John I. Saeed ( 1997 : 181)

[28] عادل ڕەشید ( ٢٠٠١ : ٦٧ )

**٢٥. کەسی یەکەم ( قسەکەر S+ )، کەسی دووەم (گوێگر–قسەبۆکراو – A+ ) وکەسی سێیەم (قسەلێوەکراو -S,-A)ە** لە(٢٥ ) دا فیچەری قسەکەر و گوێگر و قسەلێوەکراو بەپێی ڕۆڵی بەشداریکردن دەگۆڕێت ،واتا هەندێك جار کەسی یەکەم لە رستەیەکدا قسەکەرەو لە رستەی دووەمدا دەبێتە گوێگر یان هەردوو فیچەری (A+،S+ ) لەدەستدەدات و دەبێتە کەسی سێیەم [قسەلێوەکراو(-A-,S)]بە لێکدانەوەی رستەکان لە دەوروبەردا و پەیوەستبوون بە پێکهاتە ڕێزمانییەکانیانەوە نیشانەی کەسیی ( قسەکەر ، گوێگر، قسەلێوەکراو – کەسیی سێیەم– ) دەگۆڕێت بۆ نموونە :

٢٦ . ا. نالان: هەر نەتدوێنم چاکە .

ب. دلان :تۆ لەگەڵ منت بوو؟

٢٧. تۆ پێت باشە بێم لەگەڵتان ؟

رستەی ( ٢٦ .ب ) ( تۆ ) بکەرە ، ( منت ) بەرکارە لەڕووی ڕێزمانییەوە لە هەمان کاتدا بە پێی نیشانە کەسییە پراگماتیکییەکان (من) قسەکەرە+S و (تۆ) گوێگرە +H[٢٩] لە ( ٢٦. ا) دا قسەکەر ( نالان )ە کە بە جێناوی ( من ) لە ئاخاوتنەکەدا خۆی دەربڕیوە و ( دلان )بۆ قسەکەر بۆتە گوێگر هەر لە دەمی ئاخاوتنەکەدا و لە ( ٢٦ . ب) دا ( دلان ) دەبێتە قسەکەر و بەرامبەر ( تۆ) ی بەرکاری لە ( ٢٦.ا ) دا جێناوی (من ) بو خودی خۆی بەکاردەهێنێت .

قسەکەر لە(٢٧) دا(من)ەبەپێی ئەنافۆرەوە خۆی بەستۆتەوە بە رستەکەوە و گوێگر (تۆ) ،کە لە هەمان کاتیشدا+H خاوەنی بڕیاردانە[٣٠] پرۆسەکانی (جفرەکردن و جفرە

---

[29] بەم پێیە دەبێت رستەکە لە ئاستی قوڵیدا بریتیی بێت لە (من پرسیارت لێدەکەم ئایا تۆ لەگەڵ منت بوو ؟ ) کە تێیدا تۆ لەگەڵ منت بوو بەرکاری راستەوخۆی کرداری (پێتدەڵێم )ە،کە ئەم جۆرە کردارە لە بنچینەدا پێویستی بە بەرکارێکی ڕاستەوخۆ هەیە ،کەلە شێوەی رستەدا بۆ نموونە{ئایا دلان لەتۆ دەپرسێت (نهێنیەکە لەسەرشانی چەند گرانبوو ؟ )٢ }١ و دواتر ئەم ڕێبازی شیکردنەوەیە دەبێتە گرفت بۆ کردە قسەییەکان و بە گرفتی پرۆژەکە ناودەبرێت .

[30] ئەم پرسیارە لەجۆری پرسیاری بڕیاردانە (Yes-No Question) بڕوانە ابوبکر عومەر قادر(١٩٩٣: ٢٠ )،
Najat Muhammad Ameen (2001:11 )

لێکدانــەوە)[31] دوو پێکهاتــەی کــردەی گەیانــدنن بەهــەردووکیان(گواســتنەوە/ لێکدانــەوە)ی بــیرە ئاوەزیــەکان دەگرنــەخۆ لــە پراگماتیکــدا بــە پەیوەســتبوون بــە دەوروبەرەوە .

٢٨ .ئاران لە بن و بنچینەی دەرهێنان[32] ؟

بەکارهێنانی نیشانەی کەسی( ئاران ) لە رستەی (٢٨ ) دیاریکردنی نیشانەی کەسی پراگماتیکییە، کە دەری دەخات ( ئاران ) کەسی یەکەم و دووەم نییە (قسەکەر و گوێگر) نییە بەڵکو کەسی سێیەمە بەپێی یاسای (٢٥) دەتوانرێت نیشانە کەسییەکان لە پراگماتیکی رستەی پرسیار و فەرماندا بە چەشنێك لێکبدرێنەوە ،کە بەهۆی پرۆسەیەکی ئەنافۆرییەوە جیاوازی و هاوبەشی ناسینی کەسی سێیەم لە نێوان قسەکەر و گوێگردا دەردەکەوێت

رســتەی پرســیار دەتــوانین بــەم چەشــنەی لای خــوارەوە نیــشانەکەسیەکانی دابەشدەبکەین :

**أ. قــــسەکەر** : بــەپێی بــارو دەوروبــەرە جیاوازەکــان جێنــاوی ( مــن ، ئێمــە) بەکاردەهێنرێت بۆ دەستنیشانکردنی کەسی قسەکەر

٢٩ . هەموویت بە تەنها خوارد ؟

٣٠ . ئێوە بوون بەوەی ئامۆژگاریمان بکەن ؟

( ٢٩ ) لە دەوروبەرێکی ئەبستمیکیدایەو هاوبەشی و ناوکۆیی لە زانیاری دوونیای نێوان (قسەکەرو گوێگر )دا هەیە قسەکەر کەسی یەکەمی تاکە ،کە بە جێناوی ( من ) دەستنیشان دەکرێت بەواتای ( من بە تۆ دەڵێم ( هەموویت بەتەنها خوارد؟ ) و لە رستە ( ٣٠ ) دا قسەکەر کەسی یەکەمی کۆیە و بەجێناوی ( ئێمە ) نیشانە دەکرێت لەم بارانەدا قسەکەر ناتوانرێت لە شێوەی ناودا بنوێنرێت بەڵکو تەنها جێناوی سەربەخۆی

---

31 دیمانەیەکی تایبەت محەمەد مەحوی ٢٠٠٥

32 لە چەند دەوروبەرێکدا دەتوانێت کاربکات بوونموونە دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی ( لە رووی ئابوورییەوە دایکوباوکی هەراسانکردووە بەوەی پارەیەکی ئێجگار زۆر لە ماڵەوەیان دەستێنێت ) لە دەوروبەرێکی فیزیکیدا ( کۆمەڵێك گـژووگیاو درەختـی هەڵکێشاوە ) یان لە دەوروبەرێکی دەروونیدا(کۆمەڵە کەسێکی خستۆتە بارێکی ناجێگیری دەروونیەوە ) ( لەدەوروبەرێکی ئەبستمیدا زانیاری هاوبەش لە نێوان قسەکەرو گوێگردا لە جۆری ئەو شتانەیە ، کە شیاوی هەڵکەندن و ریشە کێش کردنیان هەیە ) ....هتد

(مـن،ئێمـه ) دەتوانێـت لـە دەوروبەرەکـەدا هەڵبـسوڕێت و گەیانـدنی پراگمـاتیکی ڕستەکە دەستنیشانبکات .

ب . **گوێگر**: ئەو نیشانە کەسییە پراگماتیکییەیە ،کە قسەی بۆ دەکرێت و لە دوو باردا بەرجەستە دەبێت :

١. **گوێگری ڕاستەوخۆ** : ئەو کەسەیە ،کە کردەی گەیانـدنی پرسـیارەکەی ڕاسـتەوخۆ ڕووبەڕوو دەکرێتەوە و بە یەکێك لـە جێناوەکـانی ( تـۆ ، ئێـوە ) دەستنیـشان دەکرێـت وەك لە ڕستەی (٢٩)و ( ٣٠ ) دا ڕوونکراوەتەوە و دەتوانرێت لە بری جێناو ، ناویش لـە هەر یەکێکیاندا بەکاربهێنرێت بۆ نواندنی گوێگر .

٢. **گوێگری ناڕاسـتەوخۆ** : ئـەو گوێگرەیـە ، کـە لـە ڕسـتەی پرسـیاردا پرسـیارەکەی ڕاستەوخۆ ڕوبەڕووناکرێتەوە بەڵکو لە ڕێگەی کەسی بەرامبەر یان گوێگری ڕاسـتەوخۆوە پرسیارەکەی ئاڕاستە دەکرێت .

٣١ .ا . تۆش ساردیت بەر نەکەوتووە ؟

ب. . ئەی بۆ قسە ناکەیت ؟[٣٣]

لەکاتێکدا جێناوەکانی (تۆ ، ئێوە ) دەبنە گوێگر لە ڕسـتەی پرسـیاریدا جێناوەکـانی تریش دەتوانن ڕۆڵی گوێگری و دەتوانن سیمای ( A+ ) وەربگرن بەتایبەتی لـە کـاتی ئامادەبوونی دەوروبەری دەروونیدا و کەسێك لەبەرخۆیەوە قسەبکات(دەبێتـە قـسەکەر و گوێگرلە یەك کاتتدا )

٣٢ . دەجار لە خۆمم پرسیوە تۆ بڵێی من شتی وام لێبوەشێتەوە ؟

هەروەها ئەم جۆرە نیشانە کەسییە لە ( ٣٢ ) دا دەکرێت تەنها لـە شـێوەی جێنـاودا نەبێت بەڵکو ناویش لە شوێنی هەریەك لە جێناوەکان بەکاربهێنرێت .

پ . **قسە لێوەکراو** [٣٤]: لە کردەی گەیاندنی پراگماتیکی ڕستەی پرسیاریدا ئەم جۆرەی نیشانەی کەسیی بە جێناوەکانی ( ئەو ، ئەوان ) دەردەبڕرێن و هەردوو باری ڕاسـتەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان هەیە .

---

[33] هۆگر مەحموود فەرەج ( ٢٠٠٠: ٤٧ )

[34] سەرچـاوەی پێـشوو لا (٤٥ ) بـۆ ئـەو کەسـەی نـە قـسەکەرە نـە گـوێگرە چـەند زاراوەیـەکی بەکارهێناوە ،کە هەریەکـەیانی بـۆ مەبەسـتێك جیاکردۆتـەوە وەك ( قـسەلێکراو ، قـسەبەگوێدادراو ، قسەبە گوێدا دراوی ئاسایی ، قسە پێوتراو ) ، ، بـەڵام ئێمـە لێـرەدا زاراوەی قـسە لێوەکراومـان بـە پەسەند زانی بۆ ناونانی ئەو نیشانە کەسییەی ، کە لە ئاخاوتندا نە قسەکەر نە گوێگر .

**١. قسه لێوەكراوی ئامادە:** كردەی قسەكردنەكە ڕوبەڕووی قسەلێوەكراو دەكرێتەوە لە كاتێكدا خۆی لە شوێنەكەدا ئامادەدەبێت و لە ڕێگەی گوێگری ڕاستەوخۆوە .

٣٣. ئەمانە هەر نایەنە سەربار ؟

دەوربەری فیزیكی كاریگەری خۆی لەسەر ( ٣٣ ) دەرخستووە بەوەی قسەكەر نایەوێت ڕاستەوخۆ كردەی ئاخاوتنەكەی ئاڕاستەی ئەو كەسانە بكات ، كە لە شوێنی ئاخاوتنەكەدا بوونیان هەیە، بەڵكو لە ڕێی گوێگری ڕاستەوخۆوە پرسیارەكەی ،كە مەبەستیەتی– قسەكەر – ئاڕاستەی قسەلێوەكراوی دەكات .

**٢. قسە لێوەكراوی نائامادە**:كاتێك باس لە كەسێك بكرێت و لەدەوروبەرەكەدا تەنها قسەكەر و گوێگر هەبێت ئەوا ئەوەی لەنێوان قسەكەر و گوێگردا ئاماژەی پێدەدرێت قسە لێوەكراوی نائامادە دەبێت .

٣٤ . كچی پورەكەت ( ئەو ) بەكویا فریاكەوت قسەكە بگێڕێتەوە ؟

كەسی نادیار ( كچی پورەكەت ) بۆتە هۆی بەئەنجام گەیاندنی كردە پراگماتیكییەكە ئەمەش لەبەربوونی زانیاری هاوبەش لە نێوان قسەكەر و گوێگردا – هەردووكیان ( كچی پورت ) دەناسن – بەو واتایەی لە( ٣٤ ) دا ( كچی پورت ) ئامادەیی نییە وەك لایەنی فیزیكی لە دەوروبەركەدا ، بەڵام لەناو ئاخاوتنەكەدا بزوێنەری كەرەسە و مەبەستی كردنی ئاخاوتنەكەیە .

ئەوجفرانەی قسەكەر لە جۆرەكانی دەوروبەرەوە هەڵیدەهێنجێت لەگەڵ بەشداریكردنی زانیارییە هاوبەشەكانی نێوان خۆی و گوێگر و قسەلێوەكراو بۆ ڕستەی فەرمان لەگەڵ ئەومەبەستانەی دەستی دەكەوێت لەوەی وتراوە.

دەتوانین نیشانە كەسیەكانی ڕستەی فەرمان بەم چەشنە پۆلێن بكەین :

ا **.قسەكەر** : جێناوەكانی قسەكەر لە ڕستەی فەرمانیدا بەگشتی بریتین لە ( من، ئێمە) لە هەردو جۆرەكەی فەرماندان ( ڕاستەوخۆ ، ناڕاستەوخۆ )

٣٥. ئەو بەندەم بۆ بنوسەرەوە .[٣٥]

---

[35] دەشێت دەوروبەری ئەم ڕستەیە شاییەك یان هۆڵێكی ئاهەنگێران بێت و قسەكەر (من) بمەوێت گۆرانیبێژەكە هەندێك لەو گۆرانیانەی لەشێوەی بەند دان بینوسێتەوە و دەكرێت دەوروبەرەكە ئەبستمی بێت و لەنێوان دوو هاوڕێدا بێت یەكێكیان لە خوێندن دواكەوتبێت و داوای یارمەتی بۆ نوسینەوەی بابەتە لە كیس چووەكانی بكات

قسەكەر (من) ە لە (٣٥) دا و لە هەمان كاتیشدا فەرماندەرە .

ب. **گوێگر** : لەبەر بوونی دووجۆر لە رستەی فەرمانی ( ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ) نیشانەی كەسی پراگماتیكی قسە بۆ كراو لە فەرماندا بە پێی جۆرەكانی رستە فەرمانییەكە دابەش دەبێت.

١. **رستەی فەرمانی ڕاستەوخۆ (گوێگری ڕاستەوخۆ)** : ئەم جێناوە ڕاستەوخۆ پەیوەستەبە فەرمانەكەوە ،كە لەلایەن قسەكەرەوە گۆكراوە و بە هەردوو جێناوی ( تۆ، ئێوە) دەنوێنرێت .

٣٦ . تۆ ، تۆ هەستە وەرە ئێرە .

دووبارەكردنەوەی جێناوی ( تۆ ) لە ( ٣٦ ) دا مەبەست دیاریكردن و جەختكردنەوەیە لەسەر فەرمان پێكراو ، و دەتوانین جێناوەكە لە كەسی دووەمی تاكەوە بگۆڕین بە كەسی دووەمی كۆ بەبێ ئەوەی لە ڕاستەوخۆیەتی فەرمانەكە كەم بكەینەوە ، بەڵام لەم بەكارهێنانەدا رستەكە زیاتر ڕێزگرتنی پێوە دیاردەبێت چونكە قسەكەر ڕەنگە هەمان رستە بە شێوە كۆكەی بەرامبەر تەنها كەسێك بەكاربهێنێت ، بەڵام لە بەر شكۆداری گوێگر ناتوانێت فۆرمی تاك بەكاربهێنێت .

٢ . **رستەی فەرمانی ناڕاستەوخۆ**

١. **گوێگری ڕاستەوخۆ**: ئەم جۆرە رستەیە هەموو جێناوەكان تێیدا دەبنە فەرمان پێكراو ( من ، تۆ ، ئەو ، ئێمە ، ئێوە ، ئەوان ) جێناوەكانی ( تۆ ، ئێوە –لە هەندێك باریشدا– ئێمە وەك لە نموونەی ٣٩ دا دەردەكەوێت –) دەبنە گوێگر .

٣٧ . ا. بامن بێم لەگەڵ ئازاد.

ب. باتۆبێیت لەگەڵ ئازاد .

پ . با ئەو بێت لەگەڵ ئازاد .

ت . با ئێمە بێین لەگەڵ ئازاد .

ج .با ئێوە بێن لەگەڵ ئازاد .

ح . با ئەوان بێن لەگەڵ ئازاد .

لە رستەی ( ٣٧ .ا.ب.پ. ت.ج .ح)دا فەرمان پێكراو بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ لە ڕێی فەرمانێكی ڕاستەوخۆوە كردەكانی پێسپێردراوە و بەهۆی مۆرفێمی ( با )وە واتای ناڕاستەوخۆی وەرگرتووە هەرچەندە ( ٣٧ . ج ) دا رستەكە پێویستی بە تەواوكردنی واتایی هەیە لەلایەن رستەیەكی ترەوە ( با ئێوە بێن ،ئەوان نەیەن ) یان (با ئێوە بێن ئەو كات هەموو ڕووداوەكەتان بۆ باسدەكەم ) و لە هەموو رستەكانیشدا (تۆ یان ئێوە )

گوێگرن ، بـەڵام لـە( ٣٧.ب .ج ) دا هـەردوو جێنـاوی ( تـۆ، ئێـوە ) فـەرمانپێکراو و گوێگریشن.

**٢. گـوێگری ناڕاسـتەوخۆ :** لـەو ڕسـتانەدا ، کـە کـرداری نـاو رسـتەکە ناڕاسـتەوخۆ ئاڕاستەی گوێگر دەکرێت لەکاتێکدا گوێگر لە شوێنەکەدا بوونی هەیە ، بەڵام کردەی لێك گەیشتنەکە لە ڕێی کەسی گوێگری ڕاستەوخۆی رستە فـەرمان ناڕاسـتەوخۆکەوە دەبێـت بەو واتایەی دووجار لە ڕووبەڕووبوونەوە دووردەکەوێتەوە ( ١. کاتێك گوێگر رستەیەکی فەرمانی ناڕاستەوخۆ ئاڕاسـتەدەکرێت ٢. قـسەکەر لەبەرامبـەر گـوێگردا ناوەسـتێت بـۆ ڕاپەڕاندنی فەرمانەکەی )

٣٨ . با ئەو ، ئەو جلانە بشوات تا دێمەوە .

دەوروبەری فیزیکی رستەکە دەبەستێتەوە بەو بارەوە ،کە تێیدا قسەکەر لەشوێنێکدا قسە دەکات ،کە گوێگر ئامادەیی هەبێت ، بەڵام ئەم لەبەر هەر هۆکارێك بێت لەگەڵیدا قسەناکات یان لێی زوویرە .

**پ . قسەلێوەکراو :** ئەم جۆرە نیشانە کەسییە پراگماتیکییە لە رستەی فەرماندا بە دوو شێوە دێت :

**١. قـسەلێوەکراوی ئامـادە :** لـە هـەردوو جۆرەکـەی رسـتەی فەرمانیـدا نیـشانە کەسییەکانی دەردەکەوێت

٣٩ . أ. ئەمەم لای خۆت بۆ گلبدەرەوە . ب. با ئەمەم لای خـۆت بـۆ گلبدەیتـەوە .( ئەمە ) [٣٦] لە هەردوو رسـتەی( ٣٩ ، ا، ب ) دا ئامـادەیی هەیـە ، بـەڵام قـسەی لـەبارەوە کراوە و ئەو بەو شێوەیە نە قسەکەرە نە گوێگر

هاوبەشـی و نـاوکۆی لـە نێـوان رسـتەی پرسـیاری و فەرمانیـدا لـە نیـشانە کەسـییە پراگماتیکیەکاندا پەیوەسـتن بـە جـۆرو چەشـنی ئـەو پرسـیار و فەرمانانـە،کـە دەکـرێن هەروەها هەندێك پرسیار بەپێی ئەو مەبەستەی پرسیارەکەی بۆ کراوە لە دەوروبەرەکەدا جۆری نیشانە کەسیەکانیان جیاوازی تێدەکەوێت بۆ نموونـە جیـاوازی نیـشانەی رسـتەی پرسیار لە رستەی فەرمان لـە جـۆری گـوێگردا دەردەکـەوێت وەك لـە رسـتەی پرسـیاری

[36] ( ئەمە ) لە ( ٣٨ . ا ) دا ڕەنگـە منـداڵێك بێـت و دایکەکـەی بـەپێی دەوروبـەری فیزیکـی بیـەوێت لـەلای ماڵـە دراوسـێکەی دایبنـێ هـەتا لـە بـازار دێتـەوە لـە ( ٣٨ . ب ) دا رسـتەکە بـەدەر لـەوەی فەرمانێکی ناڕاستەوخۆیە شێوە گلەیی و گازندەیەکیشی پێوە دیارە بەهـەمان شـێوەی رسـتەکەی پێش خۆی لەو دەوروبەرەدا هەڵگری مەبەستی فەرمان دەبێت

زمانی کوردیدا ناتوانرێت ( من ، ئێمه ) وەك گوێگر بەکاربهێنرێت ، بەڵام لە رستەی فەرمانی ناڕاستەوخۆدا دەکرێت (ئێمە) لە هەمان کاتدا قسەکەریش بێت و گوێگریش( با ئێمەش بچین لەگەڵیان .)

**٢. قسە لێوەکراوی نائامادە :** لە رستەی فەرمانی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆدا بەهۆی جێناوی ( ئەو – ئەوان ) دەنوێنرێت ( ئەو ببە – با ئەوت ببردایە ).

## ✪ نیشانەی کات

( کاتی ئاخاوتن) لە دوو بەش پێکدێت ، کاتی وتن و ئەو ساتانەی قسەکەی تێدا دەکرێت (Coding Time- CT)لەگەڵ ئەو کاتەی قسەکە دەگاتە گوێگر (Receiving Time- RT)[٣٧] هەروەها هەندێك جار ( RT ) وەك پێناسەی ( CT ) لێدێت و بەم گریمانەیەش دەوترێت ( Deictic Simultaneity)[38] ، کە تێیدا کات بە کاتی ئاوەڵکردار و ئەسپێکتی کردارەکەوە بەستراوەتەوە ،( کاتی مەبەستی ناو ئاخاوتن)یش بە یاریدەی سیمانتیکی رستەکە و دەوروبەرەوە دەتوانێت جفرەو کۆدی هەمەچەشن بنێرێت بۆ گوێگر .

کات لە کاتێکدا دەبێت بە نیشانە ، ئەگەر هاتووچالاکانە لە دەوروبەردا بەکارهێنرا ((هەرچی گۆرانکارییەکی بنچینەیی ڕوودات لەشێوەو واتاو....مەبەستەکان هۆکارەکەی بۆ دەوروبەر دەگەرێتەوە، کە ئەمیش لە بنەچەی دەربڕینی نیشانە واتادارەکانەوە)٣٩

نیشانەی کات لە ڕێی بەرنامەکردن و گواستنەوەی زانیارییەوە لێکدانەوەکەشی وابەستەی چەشنی ئەو رستەیەیە ،کە تێیدا بەکاردەهێنرێت ، پەیوەست بەمەوە لەرستەی پرسیاردا نیشانەی کاتی ئاخاوتن لە ڕووی چالاکی بەکارهێنانەکەیەوە دابەش دەبێت بۆ ئەم پۆلێنە :

ا . نیشانەی کاتی وتن

ب. نیشانەی کاتی مەبەستی ناو ئاخاوتن

---

[37] هۆگر مەحموود فەرەج ( ٢٠٠٠: ٩٢ ) ئەم دوو جۆرە نیشانەی کاتییەی بە کاتی گەیاندن داناوەو نیشانە کاتیەکانی کردووە بە دوو جۆرەوە ( ١. کاتی وتن ، ٢. کاتی مەبەست )

[38] Stephen C. Levinson ( 1983 : 73 )

[39] صابر اسماعیل همزە ( ٢٠٠٢: ٢٦ )

ا. نیـشانەکانی کـاتی وتـن (لـە ڕووی تافـەوە):ئـەم نیـشانانە لـە ڕووی تـافی ڕستەکەوە دیاری دەکرێن

١. ڕابردوو : لە زمـانی کوردیـدا ڕێگـا دەدرێـت نیـشانەی کـاتی ڕابـردوو لـە دەربـڕینی جۆرەکانی ڕستەی پرسیاریدا بەرهەم بهێنرێت لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا :

٤٠ . کەی شەڕی بەردەرکی سەرا قەوما ؟

لە جفرەکردنـی زانیـاری ئەبـستمیکی لـە جـۆری ڕسـتەی ( ٤٠ ) دا دەبێـت گـوێگر بـە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاگاداری کاتی ڕوودانی ڕووداوەکە بێت ( بتوانێت شـەری گـەورەی بەردەرکی سەرا لە هەرشەرێکی تر جیابکاتەوە کە لەو ماوانـەدا ڕووی دابێـت ) هـەروەها گوێگر لە ڕێی سەلیقەی کۆمەلآیەتی و سیاسیەوە دەزانێت ، کە ئەو شـەڕە لـە ڕابـردوودا ڕویداوە .

٢ . ڕانەبردوو : کـاتی ڕانـەبردوو لـە ڕسـتەی پرسـیاردا دەکرێـت پرسـیاری لـەبارەوە بکرێت یان خودی پرسیارەکە لە ڕووی تافیشەوە ڕانەبردوو بێت .

٤١. کەی بێمە خزمەتت ؟

لە ( ٤١ ) دا تـافی کـرداری نـاو ڕسـتەکەدا ڕانـەبردووە هـەروەها ئـەو کردەیـەش ،کـە لێیدەکەوێتەوە بەهەمان شێوە ڕانەبردووە

لـە کاتێکـدا ئـەو مەبەسـتەی ڕسـتەکە دەیـدات بـە دەسـتەوە لـە ڕێـی دەوروبـەر و هەلومەرجی دەرەوەی ڕستەکە ئەوە دەگەیەنێت ،کە قسەکەر هێشتا ئەو داوایانەی ،کـە هەیەتی لەلای گوێگر جێبەجێنەبوون .

٣. داهـاتوو : هەرچـەندە ڕسـتەی کـوردی مـۆرفێمێکی کـاتی داهـاتوو نییـە٤٠ وەك نیشانەی مۆرفۆلۆژی ، ، بـەلآم توانیویـەتی ئـەم بـارە بـەهۆی ئاوەلکردارەکـانی کاتـەوە چارەسەر بکات و لەگەڵ کاتی ڕانەبردووی کردارەکەدا ئەم جۆرە نیشانە پراگماتیکیە لـە زمانەکـەدا چـالاك بکـەن ( ( ئـاوەلکرداری کـات پەنجـە بـۆ دەمـی بـەجێهێنانی کارێـك ڕادەکێـشێ و وەلآمـی پرسـیاری( کـەی ،کـەنگێ؟، کـەنکی ؟ . کـەنگێن ، کـەنگینێ ،

40 بێگومان ئەم نەبوونی مۆرفێمی داهاتووە لە زاری سلێمانیدا یە — مەودای لێکۆلینەوەکەی ئێمەش زاری سلێمانییە وەك لە پێشەکییدا ئاماژەمان پێداوە — ، بەلآم لە زارەکانی تری کوردیدا وەك زاری کرمانجی ژووروو مۆرفێمی ( دێ ) لە کردارەکەدا ئاماژەیە بۆ کاتی داهاتوو دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ د. فەرەیدوون عەبدوول بەرزنجی (٢٠٠٥)

کـەینێ)،( لەکەیـەوە ؟ )( تاکـەی ؟)،(چ کـاتێ ، چ وەختـێ ؟، چ چـاخێ )..... دەداتەوە ))[41] وەك لە ( ٤٢ ) دا ڕوونکراوەتەوە .

٤٢ . سێ سبەی بچم بۆ دوکان ؟

ب.کاتی مەبەستی ناو ئاخاوتن:بەپێی ئەو واتا و مەبەستەی بەرهەمی دەهێنێت دەکرێت بەچوار جۆرەوە

١. ئەو ڕووداوانەی لە کاتەکانیان ڕابردوون و دووبارە نابنەوە

٢. ئەو ڕووداوانەی کاتەکانیان ڕابردوون ، بەڵام دەشێت لە داهاتوودا ڕووبدەنەوە

٣.ئەوڕووداوانەی کاتەکانیان ڕوویان نەداوە ، بەڵام ڕوودەدەن .

٤. ئەو ڕووداوانەی کاتەکانیان ڕوویان نەداوە و ڕووشنادەن .

بۆ هەر جۆرێك لەم کاتانە دەوروبەر و پێڕەوی تایبەت هەیە ،کە سەلیقەی زمانەوانی قسەپێکەرانی زمانێك بەئاسانی بەکاریدەهێنن و دەیناسنەوە[42] بەم پێیەش ڕستەکانی(٤٣ ، ٤٤ ) دەبنە شیکەرەوە و پەسەنکەری ( ١، ٢ ) هەروەها (٤٥، ٤٦ ) ، ( ٣، ٤ ) لێکدەدەنەوە :

٤٣. تۆ ،جارێکی تر من ببینیتەوە ؟ ( لە ڕابردوودا بەسەرهاتێکم بەسەردا هێناویت و لەمەوپاش هەرگیز من نابینیتەوە. )

٤٤. کێن ئەوانەی خیانەتکارن ؟ ( لە ڕابردوودا خیانەتەکانیان کردووەو دەشێت لە داهاتوودا هەمان ڕەفتار دووبارەبکەنەوە .)

٤٥ . ئایا تۆ بەنیازیت بچیتەوە شارو مەملەکەتەکەی خۆت؟( هێشتا چوونەوەکە ڕووی نەداوە دەشێت لەداهاتوودا چوونەوەکەڕوووبدات .)

٤٦ . تۆیەکی ڕەشوڕووت دەتەوێت چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سەرۆك ئەنجام بدەیت ؟ (بۆت نییە نە لە ئیستا دا نە لە داهاتوودا هیچ جۆرە چاوپێکەوتنێك بکەیت .)

بۆ دەربڕینی ڕستەی فەرمان نیشانەکانی کات بە دوو شێوە دەردەکەون: ا. نیشانەی کاتی وتن ب. نیشانەی کاتی مەبەستی ناوئاخاوتن

---

[41] د. ئەورەحمانی حاجی مارف ( ١٩٩٨ : ١٤٦ )

[42] سەلیقەی قسەپێکەرانی زمانێك دیاردەکانی ( گریمانەی سەرەتایی و بە پەنامەکی و چەندین یاسای تر دەگرێتەوە ) ،کە قسەپێکەرانی زمانی دایك بەکاری دەهێنن بەبێ ئەوەی بزانن ئەو یاسایانە چۆن کاردەکەن .

ا . نیشانەی کاتی وتن   (لەڕووی تافەوە ) :

١. ڕابردوو : لە رستەی فەرماندا تافی رستەکان ڕێگایان پێنادرێت ،کە ڕابردوو بن چونکە ڕووداوی کردارەکان هێشتا جێبەجێ نەبووە بۆ قسەکەر هەروەها داڕشتەی کردارەکە ڕابردوو نییە .

٤٧. * ا.  تۆ خانووەکە بکڕیە .

ب.  تۆ خانووەکە بکڕە .

٢. ڕانەبردوو :    رستەی فەرمان داڕشتنی سەرەکی لە تافی ڕانەبردوودایە (لە نموونەکانی پێشووتردا ئەم داڕشتەیە بەتەواوەتی دەردەکەوێت ) .

٣. داهاتوو : رستەی فەرمانی ،گەر بەهۆی مەبەستەکەیەوە داهاتووی نەنوێنێت ئەوا ئاوەڵکردارەکانی کات بۆ داهاتوو مەبەستی داهاتووی لە ئاخاوتندا ڕادەپەڕێنن .

٤٨ . مانگی نەورۆز وەرە بۆ سەردانمان .

لە ( ٤٨ ) دا داهاتوو لە مەبەستەکە دا لێکدەدرێتەوە ،کە ئەو مانگە نییە قسەکەرو گوێگر تێیدان بەڵکو دوورترە ، هەروەها مانگی نەورۆزیش نیشانە پراگماتیکیەکەی لەوەدایە ،کە بۆ قسەکەرو گوێگر ئەو مانگە نییە ، کە لە ڕۆژژمێرەکەدا هەیە بەڵکو ئەو ڕێکەوتنێکی هاوبەشە لە نێوانیاندا .

ب .کاتی مەبەستی ناوئاخاوتن:

لە رستەی فەرماندا نیشانەی مەبەست بە کاتی ناو ئاخاوتنەکە وەك رستەی پرسیار بە سەر چوار جۆردا دابەشدەبێت  .

١. ئەو ڕووداوانەی  کاتەکانیان ڕابردوون و دووبارە نابنەوە

٢. ئەو ڕووداوانەی کاتەکانیان ڕابردوون ، بەڵام دەشێت لە داهاتوودا ڕووبدەنەوە

٣.ئەوڕووداوانەی کاتەکانیان  ڕوویان نەداوە ، بەڵام ڕوودەدەن .

٤. ئەو ڕووداوانەی کاتەکانیان  ڕوویان نەداوە و ڕووشنادەن .

٤٩ . جارێکی تر دەستدرێژنەکەیت .  ( کردەی دەستدرێژیکردنەکە لە ڕابردوودا بووە، بەڵام لە ڕێی فەرمانکردنەکەوە دووبارە نابێتەوە )

٥٠ . بۆ بێگانەجارێکی تر پشتی یەکتر بەرمەدەن .  ( بە هۆی گریمانەی پێشینەوە دەردەکەوێت لە ڕابردوودا پشتی یەکتریان بەرداوە و قسەکەر بەهۆی  فەرمانەکەوە دەیەوێت ببێتە ڕێگر بۆ ڕوونەدانەوەی ، بەڵام دەشێت هەمان ڕووداو ڕووبداتەوە)

٥١ . چۆن لەماڵی کاکە چاوم پێیبکەوێت ؟ ( چاوپێکەوتنەکە هێشتا بۆ قسەکەر و قسە لێوەکراو ڕووی نەداوە ، بەڵام  دەکرێت لە داهاتوودا ڕووبدات )

٥٢ . دەبێت بزانیت لە پەنجەرەوە نابێت بچیتە ماڵی هیچ کەسێك .( گەر ئەمە ئامۆژگاریەك بێت لە باوکێکەوە بۆ کوڕەکەی ئەوە ڕەنگە هێشتا کردەکە ڕووینە دابێت، ، بەڵام باوکەکە پێش وەخت ئاگاداری کوڕەکەی دەکاتەوە و ڕەنگە کردەکە هەر ڕووش نەدات ) هەروەها بارێکی تایبەتمان هەیە بۆ رستەی فەرمانی ،ئەگەر وەك گاڵتەجاری بەکاربهێنرێت .

٥٣ . دوێنێ وەرەوە بۆ وەلاْمەکەی .

ئەو رستە پرسیاریانەی بۆ مەبەستی ڕاپەڕاندنی کردەیەك بەکاردەهێنرێن (واتا بەشێوەیەك لە شێوەکان فەرمان دەگەیەنن لە کردەی گەیاندندا ) هەمان تاف و مەبەستی کاتی ئاخاوتنی رستەی فەرمانی بەسەردا جێ بەجێ دەبێت ، وەك لە ( ٥٤ ) دا ڕوونکراوەتەوە .

٥٤ . دەتوانیت یارمەتیەکم بدەیت ؟ ( یارمەتیم بدە ) .

## ✪ نیشانەکانی شوێن

نیشانەکانی شوێن بەهەمان شێوەی دیاکتیکتەکانی تر دەکرێنە کۆد لای و لەڕێگەی ئاخاوتنی نێوان قسەکەر و گوێگرەوە دەگوێزرێنەوە و پاشان لای گوێگر لێك دەدرێنەوە بەم چەشنە نیشانەکە دەبێتە پێگەیەك ، کە قسەکەر لەکاتی قسەکردندا ) CT Center time ( دەیبێت و پەیوەست بە ( کۆدکردن و لێکدانەوەی ) نیشانەی شوێنەوە چوار جۆر شوێنی بنچینەیمان هەیە بۆ جیاکردنەوە و ناسینەوە، کە بەرامبەر بە چوار ڕۆڵی بەشداربوونن :

١ . شوێنی نزیك لە قسەکەر ٢ . شوێنی نزیك لە گوێگر ٣. شوێنی نزیك لە جەماوەر ٤. شوێنی نزیك لە کەسێك ،کە نە جەماوەرە نەقسەکەرە هەروەها گوێگریش نییە .

(١ ) نیشانەیە بۆ نزیکی چەقی شوێن لە قسەکەرەوە لەناو ئاخاوتنەکەدا ، بەڵام (ب) دووری چەقی شوێن دیاریدەکات لە قسەکەرەوە بە پێچەوانەشەوە ئەم چەقە لە گوێگرەوە نزیکە وبە گواستنەوەی چەقی شوێن لە قسەکەرو گوێگرەوە نیشانەکە لە شوێنی جەماوەر نزیك دەبێتەوە ، بەڵام لە گروپی چوارەمدا نیشانەکە لە قسەکەر و گوێگر و جەماوەر دووردەکەوێتەوە لێرەشەوە چواردەربڕینمان دەست دەکەوێت بۆ شوێن دەستنیشان کردن بە پێیی یاسای ( بەرەو X بجوڵێ )

٥٥. یاسای بەرەو(X) بجولێ:

((ا . یەك فۆرمی كردار بەكارهاتبێت ، ئەگەر قسەكەر (S) لە (X) بێت و لە (CT) دا وترابێت بەمەرجێك (X شوێنی بنجی S) بێت ، ب .یەك كردار بەكارهاتبێت ،ئەگەر S لە X بێت بەمەرجێك (X لە بنچینەدا شوێنی S نەبێت ) ،پ . سێیەم بەكارهێنان، ئەگەر S لە X نەبێت بەمەرجێك (X لە بنچینەدا شوێنی S ) بێت ،ت . ئەگەر S لە X نەبێت و (X ش لە بنچینەدا شوێنی Sنەبێت )) ٤٣[43]

بەهۆی یاسای (٥٥)ەوە بۆ رستەی پرسیار چەند جۆرێك دابەشبوونمان هەیەوەك نموونەكانی :

٥٦ . من لەماڵی خۆمدا بكرێم بە دز ؟

٥٧. كێ لە ماڵی خۆتاندا كردیتی بە دز؟

٥٨. لەماڵی مندا دزیكراوە ؟

لە(٥٦) دا قسەكەر لەو شوێنەیە ،كە جێنشینە تێیدا واتا (X شوێنی بنجی S ) ە بە هەمان شێوەی بنەمای (ب) لە ( ٥٧ ) دا مەبەستی قسەكەر دەگەیەنێت لە رێی نیشانە شوێنییەكانەوە ، ( ٥٨) پرنسیپی (پ، ت ) جێ بەجێ دەكات .

لە رستەی فەرماندانددا شوێن و قسەكەر بە جۆرێك بەرهەم دەهێنرێت ، كە پەیوەستی تەواو وپڕاو پڕی لەگەڵ بنەماو پرنسیپەكانی (٥٥ ) چەقی شوێندا هەیە لە هەردوو جۆرەكەی فەرماندا: فەرمانی ڕاستەوخۆ و فەرمانی ناڕاستەوخۆش ئاماژە بە هەر چوار بنەماكەی ( ٥٥ ) دەدەن و لەسەر بنچینەی مەبەستی قسەكەر لە بەكارهێنانی نیشانە شوێنییەكاندا رێكدەكەون .

٥٩ . ا . هەستە ئاوێك بكە بەو پیاڵانەدا

ب. با هەستم ئاوێك بكەم بەو پیاڵانەدا .

٦٠. ا . تۆ هەستە بەلای ئیشەكانتەوە .

ب. با تۆش هەستیت بەلای ئیشەكانتەوە .

٦١. ا. مناڵەكانم بۆ بخەوێنە

ب. بامناڵەكانم بۆ بخەوێنیت .

٦٢. ا. باوەڕ بە جەنگاوەرانی میللەتەكەتان بكەن .

ب. با هەمیشە جەنگاوەرانی میللەتەكەتان جێگەی باوەڕتان بن .

---

[43] یاساو مەرجەكان لە Stephen C. Levinson ( 1983 :84 ) ەوە وەرگیراوە

بـه ڕیزبەنـدی گـرتن لـه بەرامبــەر بنــەمای ( ٥٥ ) هەریــەك لـه ( ٥٩ . ا،ب )، (٦٠.ا،ب)،( ٦١. ا، ب ) و ( ٦٢ .ا،ب ) دەشتنیشانکەری قسەکەرو شـوێنی جـوڵانی ( X) ن له هەر یەکێك لەو دەوروبەرو ڕستانەداو لەکاتێکدا ئەم یاساو پرنسیپانە بەتەنها لـەڕێی نیشانە تایبەتییە شوێنییەکانی زمانێك دیاری دەکـەن لـه ڕسـتەی پرسـیارو فەرمانـدا ، بەڵام ((هەندێك کارلێکردنمان هەیە لـه نێـوان زانیارییــه ئینـسکلوپیدیایەکان و زانیارییــه زمانەوانییەکان ، کە بەهەردووکیان شوێنی ڕاستەقینە لە پرسیاردا دەردەخەن ))٤٤ .

٦٣ . لەوێ شت چۆنە ؟

مەبەست تەنها دیاریکردنی شوێنی نزیك و دووری هەر یەکێك لـه نیـشانەکەسیەکان لـه سەرچاوەی ڕووداوەکەوە نییە بەڵکو پرسیارکردنیشە لە چۆنێتی نرخـی کاڵاکـان لە ( ئەو شوێن )ەی ، کە قسەکەر مەبەستییەتی.

هەروەها لە فەرمانکردنیشدا بەهەمان شێوەی پرسیار هەندێك جار ئەوەندەی چـۆنێتی شتەکە بەهۆی نیشانە شوێنیەکەوە دەردەکەوێت ، وەك لە ( ٦٤ ) دا دەرخراوە ، هێندە مەبەست دیارخستن و ڕوونکردنەوەی خودی شوێنەکە نییە بەلای قسەکەرەوە .

٦٤. لێرە شت گرانە مەیکڕە .

بنەمای ( ٥٥ ) بەسەر ڕستەی پرسیاری لە جۆری( هەڵبـژاردن ) دا جێبـەجێ نابێـت چونکە لە تەنها کردارێـك زیـاتری پێویـستە،وەك لـە(٦٥) دا ڕوونکراوەتـەوە وهەرچـەندە هەندێك جار بە هۆی کردەی کرتاندنەوە کرداری ڕستەکە دەرناکەوێت :

٦٥ . من لە ماڵی خۆتان تۆم کرد بە دز یان وتم کوا گوارەکانی پوورم ؟

لەم بارەدامەرجی بوونی یەك کردار بریندار دەبێت و دوو شوێن دەستنیشان دەکرێت ، کە یەکەم شوێن لە ڕستەی یەکەدایە و کرداری یەکەمی تێدایە ( من لە ماڵی خۆتان تـۆم کرد بە دز ) و دوهەم شوێنیش لـه ڕسـتەی دووەمـدا دەبینرێتـەوە ( وتم کـوا گوارەکـانی پوورم ) .ڕستەی یەکەمیان مەبەست پێی (٥٥، ت ) یەو ڕستەی دووەمیان (٥٥، ا ، ب ) تێدا جێبەجێکراوە و ئەم دروستە ڕێزمانییە – ڕستە ئاوێتەکە — مـەرجی بنـەماو یاسـای ( X ) بجوڵێنە بریندار دەکات .

هەروەها ئەو فەرمانانەش ،کە لە شێوەو فۆرمی ڕسـتەی ئاوێتـەدان ٤٥ ئـەم یاسـایەیان بەسەردا جێبەجێ نابێت.

---

[44] Stephen C. Levinson( 1983 : 80 )

[45] بۆ زانیاری زیاتردەربارەی ڕستەی ئاوێتە بڕوانە عرفان مستەفا حمە رحیم (٢٠٠٠ : ٥٠ )

## ✪ نیشانەکانی دەق

ئەو خاڵەیە قسەکەر بە تـەواوەتی گوتەکـەی تێدا بەرهـەم دەهێنێـت لـە نیـشانەکانی دەقدا هەردوو نیشانەی ( کات و شوێن ) کاردەکەن و نیشانە کۆمەڵایەتیـەکانیش بـەپێی مەبەست و کەس قسەبۆکراو بەکاردەهێنرێن .

کاتێـك نیـشانەی کـات لـە دەقێکـدا لـە ڕێـی کـردەی گەیانـدنی پراگماتیکیـەوە بـەکاردەهێنرێت لـە دەقـدا مەبەسـت لـە کاتەکـە پـەراگرافی پێـشوو / داهـاتووە یـاخود هەنـدێك جـار ئـەو کاتەیـە ،کـە قـسەکەر/نووسـەر دەیـەوێت لـە ئـاوەزی (گـوێگر یـان خوێنـەر)دا دروسـتی دەکـات ،مەبەسـتیش لـە کـۆدکردنی دەق بـە نیـشانە شـوێنییەکان ئاماژەکردنـە بـۆ نـاو خـودی دەق و بـە هـۆی دەوروبـەر یـان یـەکێك لـە پێکهاتـەکانی پراگماتیك – وەك بە پەنامەکی قسەکەر / نووسەر دەتوانێت (گوێگر یان خوێنـەر ) بـە ڕەهەندی نیشانە شوێنییەکانەوە بیبەستێتەوە لە دەرەوەی دەق– .

پەیوەست بە نیشانە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەندێ زمـان مـۆرفێمی تایبـەتیان هەیـە بـۆ جیاکردنەوەی لە مۆرفێم و نیشانەکانی تری ناو ڕستە بۆ نموونە لە زمانی یابانیدا تۆپیـك (TOPIC)بەکاردەهێنن بۆ کەسێك ،کە خاوەنی پلەو پایەو دەسەڵات بێـت وەك( سـەرۆك هۆز ، سەرۆك کۆمپانیا ......هتد )

66. ANA – HON –WA JHON – GAKAT -TA
THAT BOOK –TOPIC – JHON –SUB – BOUGHT

( WA ) نیـشانەی تۆپیکـە ، لـە زمـانی کوردیـدا نیـشانەی کۆمەڵایـەتی لـە شـێوەی دەرخەریدا دەردەکەوێت ( سەرۆکی فەرماندە ، بەڕێز .........) و لەم بارەدا تۆپیکمـان نییە چونکە لە زمانی کوردیدا (( هەندێك ئەلەمێنت لە ڕسـتەدا وەکـو تۆپیـك دەهێنرێتـە پێشەوە ، ئەم پرۆسەیەش بە خورتەکی نییە ، بـەڵکو بەسـتراوە بـە ویـست و ئـارەزووی قسەکەرەوە ، چ وەچە پێکهاتەیەك بە گرنگتر دابنرێت لە وەچـە پێکهاتەیـەکی تـر ، بـە مەبەستی سەرنج ڕاکێشانی گوێگر دەهێنرێتە پێشەوەی ڕسـتە ئـەو زمانانـەی ، کـە ئـەم دیاردەیـەیان تیابێـت پێیانـدەوترێت (TOPIC –PROMINENT)))[٤٦] لەبەرئـەوەش وەڵامی ڕستەی پرسیاری بە بەشێکی سروشتی دادەنرێت لە ڕستە پرسیاریەکەدا [٤٧] و لـە زمانی کوردیـدا ڕسـتەی پرسـیاری لـە (جـۆری هەڵبـژاردن)مـان هەیـە لەبەرئـەم هۆکـارە

---

[46] تارا موحسن قادر ( ٢٠٠٤ : ٦٧ )

[47] www.ux1.eiu.edu/~cfbxb/class/1900/prag/presupp1.htm

پرسیارەکەو وەلامەکەی دەتوانن پێکەوە بچنە ناو بەرهەمهێنانی دەقەوە و نیشانەکانیان لە دەقەکەدا دەربکەوێت هەروەها دەکرێت رستەیەکی پرسیار ببێتە تەوەرەی دەقێك و پەرەگرافی داهاتوو ببێتە وەلام .

٦٧ . ا .نانەکە دەخۆیت یان کولێرەکە ؟

ب. هیچیان ناخۆم ژەهر دەخۆم .

هەروەها ڕەفتار نواندن بەرامبەر فەرمانێك دەبێتە بەشێك لە رستەی فەرمانی [٤٨] بەمەش نیشانەکانی ( کەس ، کات ،شوێن و کۆمەلایەتی ) فەرمانکردن لە ناو نیشانەکانی دەقدا رەنگدەداتەوە :

٦٨ . ا . نانی بازاڕیی و کولێرە ببە .

ب . دەستخۆش ، هیچیان نابەم نانی تیریمان هەیە .

## ✪ نیشانە کۆمەلایەتییەکان

ئەو چەقانەن ،کە باری کۆمەلایەتی قسەکەر لە ئاخاوتنەکەدا دەنوێنن یان ((ئەسپێکتی کاردانەوە و جیاکردنەوەو ناسینەوەی رستەکانە و پەیوەستە بە بارێکی کۆمەلایەتییەوە لەو کاتەی کردە قسەییەکەی تێدا کراوە)) [٤٩] بە شێوەیەکی سەرەکی ئەم نیشانەیە لە سەر دوو خاڵ بەندە :

١. پەیوەندی کۆمەلایەتی ( نزیك یان دوور ) ی ئەو کەسانەی ، کە ڕۆڵی بەشداربوونیان هەیە لە قسەکردنەکەدا

٢ . چەشن و جۆری ئەو بابەتەی لە نێوان قسەکەر و گوێگردا باسدەکرێت .

دوو جۆر پەیوەندی بنجی هەیە لە نیشانە کۆمەلایەتییەکاندا :

(( ا. پەیوەندی پەیوەندیی Relational ب. پەیوەندی کاملیی Absolute ، بەلام (اله ب گرنگترو چالاکترە) و بەم چوار شێوەیە ڕێك دەخرێت :

- قسەکەر و ئاماژە بۆکراو ( بۆ نموونە ئاماژە بۆکراو فەخریی بێت )
- قسەکەر و گوێگر ( بۆ نموونە گوێگر فەخری بێت )
- قسەکەر و جەماوەر ( بوونموونە جەماوەر فەخری بێت )

---

[48] هەمان سەرچاوەی پێشوو .

[49] Stephen C. Levinson ( 1983 : 89 )

- قسەکەر و دانیشتوان ( بوونموونە ئاستێکی شێوازبەندی بەکار بهێنرێت ))[50]

لە پرسیارکردن و فەرمانکردندا ئەم نیشانە پراگماتیکیە بە شێوەیەکی بنجی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت ولە بەشی سێیەمدا بە هۆی پرنسیپەکانی ڕێزگرتنەوە بەوردی دەیخەینە ڕوو .

## سێیەم: کردە قسەییەکان [51]

((بۆ دیاریکردنی پێڕەوی لێگەیشتن لەزماندا پێویستە،کە لە بەکارهێنانی زمان بکۆڵینەوە وەك فۆرمێکی لێکنەترازاو))[52] بەمەش پراگماتیك لێکۆڵینەوە دەبێت لە چۆنێتی زۆرتر بەدەستهێنانی واتا لە کردەی گەیاندندا زیاتر لەوەی دەوترێت بۆ ئەم پێناسەیەش بول گرایس دەستەواژەی (( ئەوەی ئەوترێ و ئەوەی مەبەستە))[53] ی بەکارهێنا، کە ( ئەوەی دەوترێ ) ئەو واتایە لە دەربڕینە رووکەشەکانی ڕستەدا دەردەکەوێت ، بەڵام ( ئەوەی مەبەستە ) ئەو کاریگەری و ئەرك و واتایەیە ، کە قسەکەر دەیەوێت زیادی بکات لەسەر تێگەیشتنی گوێگر و لە هەمان کاتیشدا ئاراستەی ئەنجامدانی کارێکی دەکات بەهۆی ((کردەیەکی قسەیی speech act ، کردەیەکی فیزیکی physics act یان کردەیەکی ئاوەزییەوە mind act ))[54].

### ☼ کرداری ڕا پەڕاندن و کرداری نارا پەڕاندن

ڕستەکان لە ڕووی مەبەست و ئەو کردانەی ،کە لە خۆی دەگرن جۆرەکانی دەبێت بە سێ چەشنی سەرەکییەوە–( هەواڵدان ، پرسیارکردن ، فەرمانـدان ) – دواتر کردەی هەر یەکێك لەم چەشنانە دەخەینە ڕوو – لە لایەکی ترەوە بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی چۆنێتی کارکردنی ڕستەکان لە دەوروبەردا و گەیاندنی واتای زیاتر لەوەی لە فۆرمەکەیدا هەڵیگرتووە ، ئۆستن لە تیۆری کردە قسەییەکاندا دەڵێت (( دەمەوێت ڕاڤەی جۆرێك گوتە بکەم ، کە لە هەواڵدان دەچێت ، بەڵام هێشتا ڕاست و هەڵە نییە ......بۆ کەسی یەکەمی تاك چالاکیەك دەنوێنێت ... ئەگەر کەسێك گوتەیەکی گوت بەم شێوەیە ئێمە

---

[50] هەمان سەرچاوەی پێشوو

[51] Speech act

[52] Geoffrey Leech ( 1983 : v )

[53] www.aswat-elchamal.com/ar/index.php?p=4&a=245

[54] http://www.rit.edu/~sdfncr/Intro2001/Class%20notes/PRAGMATICS.html

دەڵـێن ئـەو شـتێکی کـردووە زیـاتر لـەوەی تـەنها شـتێکی وتبێـت ))[٥٥] ، دوو جـۆر کرداریـشی جیـاکردەوە،کـە ڕاپـەڕانـدن (Performative ) و ناڕاپـەڕانـدن ( Constance) ، کرداری ڕاپەڕاندن یەکێکە لـە چەشـنەکانی کـردای کـردە قـسەییەکان و لـە ڕێـی وتنـەوە دەبێتە هۆی کردنی کردەیەك " واتە گوتنەکە ڕاستەوخۆ کردنی کردەوەیەکە"[٥٦] :

٧٠ . من فەرمانت پێدەکەم دەرگاکان بشکێنیت.

٧١ بڕیار دەدەم جارێکی تر کاری لەو جۆرە نەکەم .

( فەرمانت پێدەکەم ) ، لە (٧٠ ) کـرداری ڕاپـەڕانـدنی ڕسـتەکەیە و لەڕسـتەی ( ٧١ ) کـرداری ( بڕیـاردەدەم ) ئـەرکی کردنـی مەبەسـتی گوتەکـەی بـە جێهێنـاوە ، ئوسـتن لەسەرەتادا چەند مەرجێکی دانا بۆ جێبەجێبوونی کـرداری ڕاپـەڕانـدن (( ا. بکـەر کەسـی یەکەم بێت ... ، ب. چەمکی کاتی کردارەکە ڕانـەبردوو بێـت .....، ج . دەبـێ کردارێکـی ڕاپەڕاندنیشی هەبێت .... ))[٥٧] ، بەڵام دواتر بینی ، کە تەنها کەسـی یەکـەم ئـەم کـردارە بەکارناهێنێت بەڵکو دەنگی تریش هەیە، بۆ نموونە :

٧٢ . ا. من پەیمانت پێدەدەم ،کە هەرگیز لەبیرت نەکەم .

ب. بەڕاست – پەیمان دەدەیت ؟

ا. بەڵێ .

کرداری ( پەیمان دەدەیت ) لە لایەن گـوێگرەوە بـەکارهێنراوە ،کـە کەسـی دووهـەمی تاکەلە ڕستەی ( ٧٢ .ب) دا بەمەش بەکارهێنانی کردارەکە( کرداری ڕاپەڕاندن ) تـەنها پەیوەست نابێت بە کەسی یەکەمەوە چونکە(( بۆ بەکارهێنانی ڕاپەڕاندن دەبێت کردەکـە حوکم بکەین لە ڕێگەی یاسا پراگماتیکیەکانەوە و ئەمەش بە بەشداریکردنی ئەو یاسایانە لە لایەن قسەکەر و گوێگرەوە پرۆسەی لێکگەیشتنەکە بەئەنجام دەگەیـەنرێت ))[٥٨] لـەو کاتەی کـرداری ڕاپـەڕانـدن لـە ڕسـتەیەکدا بـەکاردێت بـۆ کردنـی کارێـك دەتوانێـت چـەند مەبەستێك بنوێنێت[٥٩] وەك( پەیماندان ، هەڕەشەکردن ، ئاگادارکردنەوە، داخـوازیکردن ،

---

[55] Austin J . L (1961 : 220 )

[56] قیس کاکل ( ١٩٩٥ : ٤٥ )

[57] هەمان سەرچاوەی پێشوو

[58] Adrian Akmajian ) ( 1997 : 375

[59] لە زمانی ئینگلیزیدا زۆر کات بە ئـاوەڵکرداری ( hereby ) کرداری ڕاپەڕانـدن تاقیدەکرێتـەوە ، بەڵام ئەم بەکارهێنانە مەرجێك نییە ،کەبە تەواوەتی چەسـپابێت بـەواتا بـوونی ئـەم ئـاوەڵکردارە لـە هەر ڕستەیەکدا بەڵگە نییە بۆ ئەوەی کرداری ئەو ڕستەیە ڕاپەڕاندنە

1 . I hereby dub tree sir Galahad

فەرمانکردن ، پرسیارکردن ......هتد ) و ئۆستن بۆ جێبەجێ بونی کرداری ڕاپەڕاندن سێ مەرجی دانا و پێی دەوتن مەرجەکانی گونجان (Felicity condition)بۆ ئەمەش سێ کاتیگۆری جیاکردەوە :

ا . ١. دەبێت پابەندبوونی تقلیدی کاریگەری تقلیدی هەبێت .

٢. دەبێت بار و کەس بگونجێت بە تایبەتی لە کاتی گرتنەبەری ڕێوشوێنی قسەکردندا .

ب . ئەو ڕێو شوێنەی دەگیرێتە بەر دەبێت بە تەواوەتی و پڕاو پڕی( ١ ) ، ( ٢ ) جێبە جێبکات.

ج . هەمیشە دەبێت ( ١ ) کەسێك بێت بیرورا ، هەست و سەرنجی داخوازیکەرانەی هەبێت وەك ئەوەی لە ڕێوشوێنەکەدا هەیەتی ، ئەگەر ( ٢ )ش ئەنجامی ڕەفتارێکی دیاریکراو بوو ئەوا ئەو کاتە دەبێت پەیوەستبوونەکەی جیابکرێتەوە [٦٠].

٧٣ . شایی کێیە ؟ ( دەوروبەرێکی فیزیکی شوێنێك پڕبێت لە خەڵك )

بە پێی سێ کەتیگۆریەکەی ئۆستن کەسێك ، گەر پرسیارێك بکات دەبێت پرسیارەکەی ئەو کاریگەریەی دروستی بکات ،کە پابەندبێت بەو ڕێوشوێنەی پرسیارەکەی تێدا کراوە واتا هەڵگری وەڵامێك بێت ،کە پڕاوپڕی پرسیارەکە بێت وەك (٧٣) بۆخاڵی (ا. ٢) ی کەتیگۆری یەکەمیش ئەو پرسیارەی کراوە گونجاوە لەگەڵ کەس و باری وتنەکەدا و لە شوێنێکدا پرسیارەکە نەکراوە کە شوێنی شین بێت و کەسی پرسیارلێکراویش خاوەن شینەکە بێت هەروەها کاتیگۆری (٢) پابەندبوونی قسەکەر دەردەخات لە کاتی پەیوەندی کردنیدا لەگەڵ گوێگردا بە یاسا پراگماتیکیەکانەوە و جێبەجێکردنی پڕاوپڕی ( ا .١و ٢) ، کە لێرەدا قەسەکەر بۆ زانینی زانیارییەك ڕوو لە گوێگر دەکات ( ئەویش نەناسینی خاوەن شاییەکەیە) ، کاتیگۆری سێیەمیش لە (٧٣) دا پەیڕەوی کراوە بەوەی پرسیارکەر هەست و سەرنجێکی داخوازیکەرانەی هەیە و بەمەبەستی نواندنی ڕەفتارێکی تر پرسیارەکەی نەکردووە تاوەکو (ڕەفتارە دیاریکراو)ەکەی لە پەیوەستبوونی بە داواکردنی زانیارییەوە جیابکەینەوە بەشێوەیەك قسەکەر بیەوێت گاڵتەجاریەك بنوێنێ –( مەبەستی لەوە بێت کەسی بەرامبەری دەنگەدەنگ و ژاوەژاوی ناوەتەوە ) – لەبری وەڵامی پرسیارەکەی بەم شێوەیەو بەهۆی ئەم سێ کاتیگۆریەوە دەکرێت کردەیەکی قسەیی ، کە شیاوبێت لە شوێنێکدا بکرێت و

*2. yesterday I hereby dubbed tree Sire Galahad

[60] Stephen C. Levinson ( 1983 : 229 )

بناسرێتەوە پاشان لە کردە قسەییە نەشیاوەکانی تر ،کە پابەند نین بە ڕێوشوێنی گێراوەوە جیابکرێتەوە بە پێی ئوستن ڕاپەڕاندن لە دوو جۆر کرداری سەرەکی پێکدێت :

١. ڕاپەڕاندنی ئاشکرا ( Explicit performative ) : کرداری ڕاپەڕاندنیان تێدایە و کردارەکە هەلگری واتای سیمانتیکی و فیچەرە سینتاکسیەکانی خۆیەتی ، کە لە فەرهەنگەوە هێناویەتی .

٢. ڕاپەڕاندنی نائاشکرا ( Implicit performative )[61] کرداری ڕاپەڕاندنی تێدانییە و ((کردارەکە هەلگری واتای کردارێکی ترە ))[62] .

هەردوو جۆری کردارەکەش لە زمانی کوردیدا بە ڕوونی دەتوانرێت بخرێتە ڕوو پێڕەوی لێکگەیشتنی زمانەکە ڕێگە دەدات ،کردارێك کردەی گەیاندنەکەی بە پێی ئەو دەوروبەرەی تێیدەکەوێت ڕاپەڕاندنەکەی لە جۆری نائاشکرا بێت یاخود تەنها گەیاندنی واتا سیمانتیکیەکەی بێت .

٧٤ . برۆ دەرەوە .

٧٥ . ا. دەزانیت پێت ناوە بە پێمدا ؟

ب.پێت لابە

پ. دەزانیت شاری سلێمانی لە ١٧٨٧ دا دامەزراوە ؟

ت. شاری سلێمانی لە ١٧٨٧ دا دامەزراوە .

ج. تۆ دەزانی دەرمانخانەی ڕێزان دەکەوێتە کام شەقامەوە ؟

لە ( ٧٤ ) دا کرداری( بڕۆ )بە فیچەرە سینتاکسەکانیەوە لەڕستەکەدا کاردەکات(+بکەر،−بەرکار ) هەروەها فیچەرە سیمانتیکیەکەشی بەرەو ئاڕاستەکردنی شوێنێکە ، بەلام کرداری (دەزانیت) لە ڕستەی( ٧٥. ا ) دا هەلگری هەمان واتا نییە کە لە (٧٥. پ) دا هەیەتی بەلکو هەلگری واتای ( ٧٥.ب ) ( لایبە ) یە، کە فەرماندەرە ئەمەش ڕاپەڕاندنی نائاشکرایە ، هەمان کردار( دەزانیت ) لە (٧٥. پ) دا لەڕووی مەبەستی ڕستەکەوە هەوال دەگەیەنێت و تەنها هەلگری واتای سیمانتیکیەکەیەتی وەك لە (٧٥ . ت) دەرکەوتووە لە هەمان کاتدا بە ئاوازەی پرسیارکردن دەربڕاوە ( ئایا تۆ دەزانیت شاری سلێمانی لە ١٧٨٧ دا دامەزراوە ؟ )، بەلام لە(٧٥.ج) بۆ پرسیارکردن لە

---

[61] لێرەدا هەردو زاراوەی ( ئاشکراو ، نائاشکرا) ی قیس کاکل ( ١٩٩٥ : ٤٧ ) مان وەك خۆی بەکارهێناوەتەوە بۆ زیاتر چەسپاندنی زاراوەکە هەرچەندە زاراوەی( نائاشکراImplicit ) واتای هەردوو زاراوەی (بەخشکە )یان (لە هەناودا بوون) و ( پەنامەکی ) ی لەخۆگرتووە .

[62] Geoffrey Finch ( 2000 : 181 )

نەزانراوێك بەكارهاتووە كردارەكەی تر ، كە ئوستن باسی لێوەكردووە (ناڕاپەڕاندن Constance) ە ئـەمیش كـاری تـەنها گەیانـدنی زانیارییـە وەك لـە ( ٧٥ . ت) دا دەركەوتووە و دەكرێت تاقیكردنـەوەی (ڕاسـت و هەڵـە ) ی بۆبكرێـت واتـا دەتوانرێـت بڕیار بەسەر ڕستەكەدا بـدرێت لـە ڕووی لۆژیكییـەوە لـە كاتێكدا ئـەم بڕیاردانـە بەسـەر كرداری ڕاپەڕاندندا ناكرێت .

## ✡ جۆرەكانی كردە قسەییەكان

ئوسـتن لـە پۆلێنەكـەدا كـرداری كـردە قـسەییەكان دابەشـكردبوو بـۆ (( بڕیـاردان Verdictives ،داخـوازی Exerctives ، پەیوەسـت Commissives ، كردەكـانی ڕەفتار Behabitives، كردەكـانی گفتوگـۆ Expositive ))[٦٣] لـە دوای لێوردبوونەوەیـەكی زۆر دەركەوت ئەم دابەشكردنەی (ئۆسـتن) نـەیتوانی بـە شـێوەیەكی ورد پـۆلێنی هـەموو كردارەكان بكات ، لەبەر ئەم هۆكارە سـێرل پـولێنێكی تـری خـستە ڕوو و((پێـی وابـوو دەتوانرێت كردە قسەییەكان بكرێن بە گرووپەوە لە ناو كەتیگۆرییە گشتییەكانی خۆیاندا دابـەش بكـرێن و بنـچینەی دابـەش كردنەكەشـیان پەیوەسـت بێـت بـە پەیوەنـدی نێـوان (وشە) و ( دونیا )ەوە بەواتا لە هەر كاتیگۆرییەكدا یەك پێوانەی پەیوەندی نێوان ( وشـە) و(دونیا ) كۆیان بكاتـەوە))[٦٤] زیـاتر ئـەم پۆلێنـەی سـێرل بـۆ ئـەوەبوو ، كەلێكۆڵینـەوە پراگماتیكیەكان لە ڕستەی ئامادەكراو و دەوروبەری ئامادەكراو جیابكاتەوە لەبەرئـەوەی بەو ڕێبازی لێكۆڵینەوەیە نەدەتوانرا تیـۆری كـردە قـسەییەكان بەسـەر برگـەی درێـژتر و چەمكی كۆمەڵایەتی و لێڵی لە واتادا[٦٥] جێبەجێ بكرێت.

---

[63] قیس كاكل (١٩٩٥ : ٥٣ )

[64] Jean Stilwell Peccei ( 1999:51 )

[65] لە زمانی ئینگلیزیدا لێڵی لـە واتـادا یەكێكـە لـە دیـاردە زمانییـەكان و چـەند جۆرێـك لێڵـی واتـایی جیاكراوەتەوە بۆ نموونە.(لێڵی واتای لێكسیكی ، لێڵی ستراكچەری ) ( لێڵی لێكسیكی )ی هاوبێـژی و فرەواتای ..هتد دەگرێتەوە و ( لێڵی ستراكچەری ) یش دەبێت بە دووجۆرەوە ( لێڵـی ئـەركی و لێڵی گروپی ) هەندێك لە لێڵی گروپی یاساكانی گواستنەوە دەبنـە هـۆی دروسـتكردنی چـونكە لـە زمانی ئینگلیزیدا زۆربەی جووڵاندنەكان گواستنەوەن لەبەر نەبوونی كات و كەسی فەرهەنگی زەنگـین ، ، بـەڵام لـە زمـانی كوردیـدا ئـەم بـارە كـەمتر دەردەكـەوێت چـونكە بـەهۆی جێنـاوی لكـاوی فەرهەنگییەوە ( كات و كەسی فەرهەنگی INFL ) ئەم دیاردەیە كەمتر ڕوودەدات و (جووڵاندنـەكان ) ی زمـانی كـوردی زۆربـەیان جێگـۆركێن هەنـدێكیان نـەبێت بـۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانەمحمـەدی مەحوی(٢٠٠٤ : ٣٣٠)هەروەها پرۆفیسۆر وریـا عومـەر ئـەمین لـە وتارێكدا بـاس لـەم دیاردەیـە ◄◄

## خشتەی ژمارە ( ١ )

| کاتیگۆری کردە قسەییەکان | پەیوەندی نێوان ( وشە ) و ( جیهان ) | کێ بەرپرسیاری پەیوەندییەکەیە |
|---|---|---|
| **ڕاگەیاندن ( بڵاوکردنەوە )** Declaration | **(جیهان بەپێی وشەکان دەگۆڕێت )**/ئەو کردانەی ، کەئەم جۆرە پەیوەندییە لەخۆ دەگرن وشەکانی پێکیاندەهێنێت سەرجەمی ئەو بارە ڕاستەقینانە دەگۆڕن ،کە لە جیهانی دەرەودا هەن. ( بێبەری لە من هەتا ڕۆژی دوایی ) | قسەکەر |
| **نواندن** Representative قسەکەر پابەند دەکات بەو ڕاستیانەی لە دەربڕینەکەدا هەیە | **(وشەکان جیهان پێوانە دەکەن)**—لە ڕووی دەرەوە—/ لەم جۆرە کردانەدا وشەکان هیچ زیادەیەك یان کەمییەك لە ڕێی مەبەستەکانیانەوە ناخەنە سەر جیهان بەڵکو جیهان پێوانە دەکەن وەك ئەوەی هەیە ،کە لەو جیهانەدا تەنها ڕووی دەرەوە دەبینێت ( ئەمە مافی منە لەم وڵاتەدا ) | قسەکەر |
| **هەستدەربڕین** Expressive دەربڕینی حاڵێتێکی سایکۆلۆژیە | **(وشەکان جیهان پێوانە دەکەن)**—جیهانێکی دەروونیانە—/بەم پێیە سەرجەمی وشەکان لە ڕووی هەستەوە تێکەڵ بە جیهان دەبن و بە پێوەری هەستی تاك جیهان پێوانە دەکرێت نەك وەك ئەو بارە ڕاستەقینەیەی هەیە. (پیرۆزە خێزانت پێکەوە ناوە) | قسەکەر |
| **پرسیارکردن(بەدواداچوون)** [66]Rogatives | **(وشەکان جیهان پێوانە دەکەن)**/ بە گۆڕینەوەی ئەو زانیاریانەی لەباری ڕاستەقینەدا ئاڵوگۆڕ دەکرێن. ( کێ بەرپرسی ئەم خواردنگەیەیە ؟) | گوێگر |
| **پەیوەستبوون** Commissives قسەکەر پابەندە بە کردارێك لە داهاتوودا | **(جیهان لە داهاتوودا وشەکان پێوانە دەکات)**/ مەبەست لە داهاتوو لەم پەیوەندیەدا ئەوە دەگرێتەوە ،کە کردەکان خۆیان لە ڕێی وشەکانەوە لە داهاتوودا ڕوودەدەن ، بۆیە دواتر پێوانەی بارە ڕاستەقینەکان دەردەکەون(پەیمان دەدەم دڵسۆزی گەل بم ) | قسەکەر |
| فەرماندان (ڕێنماییکردن ) Directives ئەو هەوڵەیە ،کە قسەکەر دەیدات بۆ ئەوەی گوێگر شتێك ئەنجام بدات | (جیهان لە داهاتوودا وشەکان پێوانەدەکات)/ بەهەمان شێوەی پەیوەندی پەیوەستبوونە ، بەڵام خاڵی جیاکەرەوە لە نێوانیاندا بریتییە لە گۆڕینەوەی ڕۆڵی نیشانە کەسیە پراگماتیکیەکان ، کە لێرەدا لە دیدی گوێگرەوە جیهان بە وشەکان پێوانە دەکرێت.(جارێکی نەیەیتەوە بەم شوێنەدا ) | گوێگر |

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە کردەی کردارەکاندا ئەوەیە ،کە کرداری ڕاگەیاندن (ڕاگەیاندنی خەڵك ، بێبەری کردن ...هتد)دەگرێتەوە ،هەست دەربڕین (پیرۆزبایی لێ کردن ،و پۆزش هێنانەوە و پرسە...هتد) لەخۆدەگرێت ،نواندن بەزۆری (هەواڵگەیاندن و پات کردنەوە و داکۆکی کردن..هتد)ین هەروەها کردەکانی پەیوەسبوون (پەیماندان ، سوێندخواردن .... هەڕەشەکردن ، ...هتد) دەگرێتەوە [٦٧]

---

◄◄ دەکات لە زمانی کوردیدا ( ٢٠٠٤ :٢٩٣ ) هەروەها بۆ لێڵی لە زمانی ئینگلیزیدا بڕوانە
Grover Hudson ( 2000:313 )
Jean Stilwell Peccei (1999: 54 ) [66]

[67] بۆزانیاری زیاتر دەربارەی ئەم سێ کردەیە بڕوانە قیس کاکل ( ١٩٩٥ :٥٦ )

٧٦ . كاتێك تەقینەوەكە ڕوویدا ،شڵەژایت ؟

٧٧. شەقامەكە پاكبكەرەوە .

لە(٧٦)دا سێریل ئەم كردەیەیی بە بارێكی ناكۆتا داناوە چونكە ئەو بارانە دەگرێتەوە، كە قسەكەر تێیدابەدوای زانیاریدا دەگەڕێت و پرسیارەكانی ئاڕاستەی گوێگر دەكات بۆئەمەش چەندجۆرێك مەبەستی لێكداوەتەوەوەك (پرسیاركردن ، داواكردن ، بەدواداچوون ) و ڕستەی ( ٧٧ ) قسەكەر ڕاستەوخۆ گوێگر ئاڕاستەی تایبەتییەكی كردەیەك دەكات بە شێوەیەك ،كە مەبەستەكانی ( فەرمانكردن ، داواكردن ، هەڕەشەكردن ، پێشنیازكردن ) لە بەكارهێنانی كردەكاندا دەبینرێتەوە لە لایەكی ترەوە سێریل كاتیگۆری كردە قسەییەكانی بە جۆری دەربڕینەوە بەستەوە بۆ زیاتر گەیاندن و بەیەكەوە بەستنەوەی سیمای واتای كردارەكان لەگەڵ ئەو ڕاپەڕاندنانەی ، كە كردەی لێكگەیشتنەكە لەخۆی دەگرێت ، ئەمەش بە پیادەكردنی ئەو دەوروبەرەی كردەقسەییەكانی تێدا بەرهەمدەهێنرێت .

| كاتیگۆری كردە قسەییەكان | پەیوەندی نێوان ( وشە) و (جیهان ) | كێ بەرپرسیاری پەیوەندییەكەیە |
|---|---|---|
| **ڕاگەیاندن ( بلاّوكردنەوە )** Declaration | قسەكەر پێكهاتەكەی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە سینتاكسی ڕستەكەوە و بكەرە لەگەڵ كردارێكی جێبەجێ كەرانەدایە ، كە دەمەكەی ڕانەبردووە | ئێمە گیراوەكە بە تاوانبار دەزانین. من ئیمزای دەكەمەوە . |
| **نواندن** Representative | پێكهاتەكەی ڕاستەوخۆ ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە سینتاكسی ڕستەكەوە | دلان شلیك دەخوات |
| **هەستدەربڕین** Expressive | پێكهاتەی ڕاستەوخۆی وشەی هەستدەربڕی تێدایە | پێم ناخۆشبوو ،كە گوێم لێبوو |
| **فەرماندان** Directives | ڕستەی فەرمانییە | دابنیشە . |
| **پرسیاركردن(بەدواداچوون )** Rogatives | پێكهاتەی پرسیارییە | بۆ كوێ دەچیت ؟ |
| **پەیوەستبوون** Commissives | پێكهاتەی ڕاستەوخۆی بكەری هەیە و كردارەكەشی داهاتووە | ئەم شەو تەلەفونت بۆ دەكەم |

***خشتەی* ( ٢ )**[٦٨]

[68] خشتەكە لە Jean Stilwell Peccei (1999: 54 ) دوە وەرگیراوە

لە قۆناغی دواتردا ئوستن گەیشتە ئەوەی هەریەك لە كردەكانی ڕاپەڕاندن و ناڕاپەڕاندن ناتوانن مەبەستەكانی تری ئاخاوتن لێكبدەنەوە بۆ ئەمەش پەنای بردە بەر هێزەكان وسێ هێزی دیاریكرد بۆ دەرخستنی چۆنێتی گەیاندن لە كردەی ڕاپەڕاندندا هەروەها بە پێشكەوتنی تیۆی كردەقسەییەكان لەلای سیریل هێزەكان ژمارەیان گەیشتە چوارهێز .

٧٨ . دلان گیان هەرچەندە ماندوویت ، بەڵام ژوورەكە زۆر ساردە .

لە ڕستەی ( ٧٨ ) دا كردەیەكی ڕاپەڕاندنی تێدانییە و لە هەمان كاتیشدا گوێگر بە ڕوونی لە ناو دەوروبەرێكی فیزیكیدا دەتوانێت لە مەبەستی قسەكەر تێبگات ، كە ئەویش ( داگیرساندنی گەرمكەرەوەكەیە ) كردەی قسەكردن و كردەی ڕاپەڕاندنەكە و ئەو كاریگەریەكەی لەسەر بەرامبەردروستی دەكات بەرامبەر هەریەك لە هێزەكان دەوەستێتەوە بەم پێیە هێزەكان لە رستەی ( ٧٨ ) دا بەم شێوەیەیان لێدێت :

١. (ڕاپەڕاندن Performative) بۆ دەرخستنی پەیوەندی ڕستەكان بە هێزی واتای نافۆرمی (Illocutionary Act )ەوە ئەمیش ئەو كردانەیە ، كە قسەكەر بەهۆی دەربڕینێكەوە دەیكات وەك لە (٧٨ ) دا دەردەكەوێت فۆرمی ڕستەكە پرسیارەو فەرمانكردنی پێ مەبەستە هەروەها ئەم جۆرەهێزە كردەكانی ( فەرمانكردن ، پێشكەشكردن ، پەیماندان ، سوپاسكردن .... هتد ) [٦٩]یش دەگرێتەوە .

٢. ناڕاپەڕاندن ( Constantine) و كردەی واتای فۆرمی (Locution Act)ئەو پەیوەندیانەدەنوێنن،كە لە نێوان ستراكچەری ڕستەكەدا هەیە چونكە( Locution ) ئەو فۆرمانەن ، كە لە لایەن قسەكەرەوە بەكاردەهێنرێن بە واتا سیمانتیكیەكەی لێرەدا (دلان گیان) بكەری ڕێزمانی ڕستەكەیە و ڕستەكەش ڕستەیەكی لێكدراوە .

٣.ئەو كاریگەریەی (Effect) قسەكەر لەسەر گوێگر دروستی دەكات ئوستن لە تیۆریەكەیدا (Perlocution Act) ناوی دەبات وەك لە نموونەی (٧٥ ) دا دەركەوتووە (هەستانی دلانە بە داگیرساندنی گەرمكەرەوەكە ) .

٤. كردەیەكی تر لە تیۆری كردە قسەییەكاندا ، كە لە ( ٧٨ دا دەبینرێتەوە كردەی ئاماژە ( propositional Act [٧٠]) ە كە بریتیە لەو واتایەی كردەكان هەیانە بەهۆی ئاماژەكردن و گوزارشتكردنەوە، كە قسەكەر لە (٧٨ ) دا دەڵێت ( دلان گیان هەرچەندە ماندوویت ) ئەوا قسەكەر ئاماژەی بۆ ( دلان ) كردووە وەك ناوێك و بە گوزارشتی

69 Jean Stilwell Peccei (1999:44)
70 Adrian Akmajian ( 1997 : 375)

(ماندووە ) بەرجەستەی کردووە . هەروەها سـیریەل مـەرجی پێویـستی ( Essential Condition )[٧١] ی بەکارهێناوە بۆ جێبەجێبوون و هاتنـە کایـەی هێـزی واتـای نـافۆرمی : ( Illocution force ) :


ا. یاسا رێخـەرەکان ( Regulative Rules ) ئـەو جـۆرە یاسـایانەن ، کـە کـۆنترۆڵی بوونی چالاکییەکان دەکەن و (( لەلایەن ئەوانەی حوکم دەکەن لەگـەڵ یاسـا ناسـەکانەوە بەکاردەهێنرێت و راست و هەڵە بـوونی چـالاکییەکان رێك دەخـەن هـەروەها دیاردەکـەن چۆن و کەی یاساکان شکێنراون))[٧٢]

ب . یاسـا پێکهێنـەکان ( Constitutive Rules ) : ئـەو یاسـایانەن ،کـە چـلاکیەکە دەهێننە بوون و (( وەك یاسای یاریکردنی شەترنج وایە، کە چـالاکیەکی تایبـەت دەکـەن لە فۆرمێکی وەك {X وەك کردنی Y ی وایە} ))[٧٣] .

٧٩ . تکایە ئوتومبێل راگرتن لێرەدا قەدەغەیە .

لـە ( ٧٩ ) دا رسـتە گۆکراوەکـە بریتیـە لـە ( X ) ، کـە مەبەسـت پێـی رانـەگرتنی ئوتومبێلەکەیە لەو شـوێنە تایبەتـەی دیـاریکراوە کـە هـەموو کردەکـەش بەرامبـەر ( Y ) دەوەسـتێتەوە لـە رووی مـەرجی پێکهێنانـەوە و رسـتەکەش مـەرجی رێکخـستنی تێـدا جێبـەجێ بـووە بـە نـەرێکردنی کـردەی راگرتنەکـە بـەم شـێوەیە هێـزی واتـای نافۆرمی( Illocution force ) لە رستەی ( ٧٩ ) دا جێبەجێ دەبێت و کردەقسەییەکە لـە رێگەی گەیاندنی پراگماتیکیەوە گەیشتووە بە گوێگر یان خوێنەر .

دواتـر لـیچ ( ١٩٨٣ ) ئـەم هێزانـەی بـە هـۆی چـەند شـێوەیەکەوە شـیکردۆتەوە و پەیوەندی نێوان هێزەکانی رونکردۆتـەوە و رووی گرنگـی هـەر یـەك لـەم چالاکیانەی بـۆ تیۆریەکەی خۆی سەبارەت بە رێزگرتن دیاریکردووە بۆ نموونە دەتـوانین رسـتەی ( ٧٩ ) بەم شێوەی ( ١ ) شیبکەینەوە :




شێوەی ( ١ ) [٧٤]

[71]http://www.rit.edu/~sdfncr/Intro2001/Class%20notes/PRAGMATICS.html
[72] Ronald Wardhaugh ( 2000 : 279)
[73] سەرچاوەی پێشوو
[74] شێوەکە لە Geoffrey Leech( 1983 : 36 ) ەوە وەرگیراوە .


١= باری یەکەمیی ( قسەکەر ) ( زانینی تاکی بۆ قەدەغەیی ئەو شوێنە بۆ ڕاگرتنی ئوتومبیل )

٢=باری کۆتایی ( پێویست بوونی نەوەستان )

G = ئامانج لە باری کۆتایی (ڕۆیشتن )

a= کردە (ئوتومبیلەکە لاببە)

دەتوانین کارکردن و گەیاندنی هەریەك هێزە کردەییەکانیش بەم شێوەی لای خوارەوە ڕوونکەینەوە:




**شێوەی ( ٢ )**

وەك دەبینین پێکداچوونێکی زۆر هەیە لە نێوان هێزەکاندا بۆ دروستبوونی کردەیەکی قسەیی و گەیاندنی کردە و مەبەستێکی پراگماتیکی .

## ☼ مەرجەکانی گونجان (Felicity Condition)

مەرجەکانی گونجان بە پێی دابەشکردنی سیریل بۆ جێبەجێبوونی کردەی ڕاپەڕاندن لە تیۆری کردە قسەییەکاندا دەبنە چوار مەرج[٧٥] ، کە بە (FC) ئاماژەیان بۆ دەکەین :

١. مەرجە سەرەتاییەکان preparatory conditions : ئەمانە ئەو ئامادەکاریانەن ،کە پێش قسەکردن دەکرێن واتا کەسێك دەبێت بابەتی قسەکردنەکەی ئامادەکردبێت و گوێگریش بیناسێتەوە .

٢. مەرجە پێشنیازکراوەکان propositional conditions : ئەم مەرجە پابەندە بە سروشتی گوزارەکەوە ، کە لە ناو ئاخاوتنەکەدایە.( بۆ نموونە لە پیرۆزبایکردندا کردارەکە بۆ گوێگر لە ڕابردوودا ڕوویداوە، ، بەڵام لە پەشیمانبوونەوەدا کارەکە بۆ قسەکەر لە ڕابردوودا ڕوویداوە . ) .

٣. مەرجەکانی دڵسۆزی Sincerity condition: هەڵوێستی قسەکەرە بۆ ئەوەی لە هۆشیدا هەیە ، لەکاتی پەیماندانداا( قسەکەر دەبێت بیەوێت X بکات ).

٤.مەرجەکانی پێویستی Essential conditions[٧٦] : گوتەکە دەبێت بناسرێتەوە بە تایبەتی لە کاتی کردەی واتای نافۆرمیدا دەبێت لە کاتی داواکردندا گوێگر هێزی قسەکەر لە هێزی کردنی ئاخاوتنەکە جیابکاتەوە بۆ ئەوەی بزانرێت ،کە (قسەکەر دەیەوێت گوێگر Xبکات )[٧٧]

پرنسیپەکانی گونجان بۆ ڕستەی پرسیار و فەرمان بریتیە لەو بیرۆکەی سەرەکییەی، کە مەرجەکانیFC ڕێدەدەن بە بەکارهێنانێکی پرسیاریی یان فەرمانی بەو بارە شیاوەی ،کە دەبێت ڕستەیەك لە دەوروبەرێکدا ببینێت

---

[75] قیس کاکل ( ١٩٩٥ :٦٣ ) سێ مەجی داناوە بۆ کردەی ڕاپەڕاندن ( مەرجی پێشەکی ، مەرجی سەرکەوتن ، مەرجی ناوەرۆك ) و بەسەر هەموو کردەکاندا تاقیکردۆتەوە ،و هەریەك لەم مەرجانە بەریزبەندی بەرامبەر (مەرجە سەرەتاییەکان ، مەرجەکانی دڵسۆزی ، مەرجەکانی هاتنەدی ) دەوەستنەوە لەم لێکۆڵینەوەیەدا

[76] Stephen C. Levinson ( 1983 : 244 ) هەروەها Jean Stilwell Peccei (1999:56) ئەم مەرجەیانی بە General conditions ی ناوبردووە.

[77] http://www.rit.edu/~sdfncr/Intro2001/Class%20notes/PRAGMATICS.html

کاتێك S پرسیار له H دەکات دەربارەی هەندێك بابەتی P ئەوا :

- مەرجە سەرەتاییەکان :S ڕاستی دەربارەی P نازانێت.
- مەرجی دڵسۆزی : S دەیەوێت ڕاستی دەربارەی P بزانێت.
- مەرجە پێشنیازکراوەکان: بۆ S کرداری ڕستەکە هێشتا ڕووی نەداوە
- مەرجەکان پێویستی : S باوەڕی وایە H ڕەنگە ڕاستی دەربارەی p بزانێت

٧٧ . دلان چی له باڵندەکانی کرد؟

پەیوەست بە مەرجەکانی گونجان بۆ پرسیار قسەکەر پرسیارێك ئاڕاستەی گوێگر دەکات و دەزانێت ، کە گوێگر ڕاستی دەربارەی بکەری ڕێزمانی ڕستەکە دەزانێت وئامانجی ئاخاوتنەکەی لەڕێی مەرجەکانەوە دەپێکێت بەمەش مەرجەکانی گونجان بۆ پرسیارەکە بریتی دەبن لە :

١.ئەگەرS پرسیاری کرد ئەوا H گریمانەی ئەوە دەکات ،کە S وەڵامی پرسیارەکە نازانێت .

٢.کەسێك ، کە پرسیار دەکات ، لە ڕاستیدا وەڵامی ڕاست نازانێت.

٣.ئەگەر یەکێك پرسیاری کرد ،ڕەنگە وابزانیت لەلای گوێگر وەڵامەکەی دەستدەکەوێت . ((لە جێبەجێکردنی مەرجی گونجاندن دەبێت ڕەچاوی هەموو دەوروبەرەکانی پرسیارکردنی تێدا بکرێت لە پۆلدا بۆ نموونە پرسیاری مامۆستا –بۆ- قوتابی یەکەم مەرج هەڵدەوەشێنێتەوە چونکە بە زانیاری ئێمە دەربارەی کۆمەڵایەتی و فیزیای دەوروبەرەکە مامۆستا قوتابیەکەی تاقیدەکاتەوە دەربارەی بابەتی x و هەموو جۆرەکانی پرسیار بەکاردەهێنێت هەر جۆرێکیش لەم پرسیارانە مەرجی گونجان دەوەستێنێت .))٧٨

مەرجی گونجانی فەرمان

- S داوای کردارێك A دەکات لە H
- S باوەڕی وایە ، کە کردارێك A هەیە هێشتا نەکراوە .
- S باوەڕی وایە ،کە گوێگر دەتوانێ A بکات
- S باوەڕی وایە ،کە گوێگر ڕێگری نییە لە کردنی A بۆ S .
- S دەیەوێت A جێبەجێ بکرێت

---

[78] www.unc.edu/~gerfen/Ling30Sp2002/**pragmatic**s.htm - 32k

٧٨. ئەو كتێبانەم بۆ ڕێكبخە .

قسەكەر داواكاریەكی هەیە لە ڕێی فۆڕمی ڕستەیەكەوە ئاڕاستەی گوێگری دەكات ، كە باوەڕی وایە هێشتا كردەكە ( ڕێكخستنی كتێبەكان هێشتا نەكراوە ) و لەم داواكاریەشیدا باوەڕی وایە گوێگر توانای جێبەجێكردنی داواكاریەكەی هەیە ( كتێبەكانی بۆ ڕێك بخات ) لە هەمان كاتدا قسەكەر لە گوێگری دەیەوێت كردەكەی بۆ جێبەجێبكات .

٧٩ . ئەتوانیت بمگەیەنیتە خواردنگەكە؟[79]

لێرەدا (من ) مەرجی (١ ) ی ڕستەی پرسیاری بەزاندووە بەگریمانەی ئەوەی ، كە من دەزانم تۆ دەتوانیت بمگەیەنیت ، ئەگەر پرسیارەكەی من گونجاندنێكی تێدا بێت تەنها ئەو گونجانەیە ، كە تێی دەگەیەنین من داوای ئەوە دەكەم بمگەیەنیتە خواردنگەكە و پرسیار نییە لە توانای تۆ بۆ گەیاندنم بەڵكو داوایەكی قسەكەرە ئاڕاستەی گوێگری كردووە بە مەبەستی جێبەجێكردنی .

## ☼ كردەكانی ڕستەی پرسیار و فەرمان

بۆ دەستنیشانكردنی كردەكانی ڕستەی پرسیار و فەرمان پێویستە جۆری ئەو پەیوەندیانە بخرێنە ڕوو ،كە ئەم جۆرە ڕستانە لەگەڵ كردەی قسەیی ڕاستەوخۆ و كردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ دەبەستێتەوە چونكە لە كردەی قسەیی ناڕاستەوخۆدا قسەكەر گوێگر بە كۆمەڵێك زانیارییەوە دەبەستێتەوە و تەنها مەبەستی لە واتای ڕستەكە واتا لێكسیكییەكەی نییە بەڵكو (( لە كردەی ناڕاستەوخۆدا قسەكەر زانیارییەكی زیاتر دەدات بە گوێگر ))[80] لەكاتێكدا ناسینەوەی كردەی قسەیی ڕاستەوخۆ ئاسانترە بەهۆی پەیوەستبوونی بە واتای پیتی ڕستەكەوەو بەهۆی ڕكێفی كردەی قسەیی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەتوانین كردەكانی ڕستەی پرسیار و فەرمان دیاری بكەین .

### أ- كردەكانی ڕستەی پرسیار

بە پێی هێزی واتای نافۆڕمی Illocutionary Act دەكرێت لە زمانی كوردیدا پۆلێنبكرێن بۆ:

---

[79] سەرچاوەی پێشوو

[80] قیس كاكل ( ١٩٩٥ : ٧٥ )

**یەکەم: کردەی پرسیارکردن** :لێرەدا مەبەست لەوەیە ئەو ڕستانەی کە بە فۆرم پرسیارین لە هەمان کاتیشدا کردەی پرسیار دەگەیەنن و داوای وەڵامدانەوە لە گوێگر دەکەن بە وتن بێت یان بەڕەفتار بەو پێیەی واتای نافۆرمی Illocutionary Act و واتای فۆرمی locutionary Act یان بەرامبەر یەك بوەستێتەوە ، لەم بارەدا دەتوانین لە دوو چەشنی ڕستەی پرسیاری زمانی کوردی بخەینە ڕوو ، کە پەیوەست بەمانیشەوە کردەی پرسیارکردنە پراگماتیکییەکە ڕوون دەبێتەوە:

١. پارتیکڵی ( ئایا ) و ئاواز ٢. وشەی پرسیار

**١. پارتیکڵی ( ئایا ) و ئاوازە** : دەتوانین لێرەدا بانگەشەی ئەو گریمانەیە بکەین ،کە ئاواز لە ڕستەی پرسیاردا شوێنکەوتووی پارتیکڵی ( ئایا ) یە ، بۆ بەڵگە هێنانەوە بۆ ئەم گریمانەیە. وادادەنێن ، کە ڕستەکانی زمانی کوردی لەو شوێنەدا ،کە ئاوازی تێدا بەرەو سەرەوە دەڕوات و سترێس لەسەر وشەیەکی دیاریکراو دادەنێت لە ئەنجامی ئەوەوەیە ،کە پارتیکڵی ( ئایا ) **هەیە** .

٨٠ .ا. دلان باخچەکە دەکرێت ؟

ب. (ئایا) **دلان و نالان** باخچەکە دەکڕن ؟

پ . دلان و نالان ( ئایا) **باخچەکە** دەکڕن ؟

ت. دلان و نالان باخچەکە (ئایا) **دەکڕن** ؟

لە ڕستەی ( ٨٠ ا ) دا ، کە ئاوازە دیاری نەکراوە لەسەر کام ئیلمێنتەی ناو ڕستەکەیە و هێشتا گوێگر بۆی ڕوون نەبۆتەوە پرسیارەکە دەربارەی کام کەرەستەیەی ناو ڕستەکەیە ، بەڵام لە ( ٨٠ .ب.پ.ت) دا بە چونە پاڵی ( ئایا ) بۆ هەریەك لە کەرەستەکان بە شێوەیەکی دوایەك دەبینین گوێگر دەتوانێ لەکاتی وەڵامدانەوەی هەر یەکێکاندا بە شێوەیەك بێت ، کە کردەی گەیاندنەکەی دیاریکراو بێت بەرامبەر ئەو وشەیەی سترێسەکەی لەسەرە .بۆ نموونە لە(٨٠ . ب)دا گوێگر بە ئاسانی دەتوانێت وەڵامەکەی سنووردار بکات لە ناوهێنانی یەکێك یان هەردوو بکەری ڕستەکە و لە ( ٨٠ . پ ) دا گوێگر دەتوانێت بە نەخێر وەڵامی باخچەکە بداتەوە و لەبری کەرەستەیەکی تر دابنێت ، وەك ( نەخێر خانووەکە دەکڕن ) بەم شێوەیە گەڕان بەدوا و شکردنەوە و ئەزموونکردنی نموونەکان دەمانگەیەننە ئەوەی لەو شوێنەی ، کە پارتیکڵی ( ئایا ) ی تێدابێت لە ئاستی قوڵدا ( کە دەکرێت بوترێت یان نەوترێت ) ئاوازەکەی پێدەستنیشاندەکرێت ، بەڵام پارتیکڵی ( ئەرێ ) زیاتر بۆ سەرنج ڕاکێشانی گوێگرە لەلایەن قسەکەرەوە ( ئەرێ پێم ناڵێیت ئێستا تۆ چۆنیت ؟) بە مەبەستی ئەوەی ( من

دەمەوێت پرسیارێك بكەم) واتا بۆ دەستن یشانكردنی كەرەستەی پرسیارلێكراو نییە چونكە لە ئاستی قوڵی ڕستەكەدا پارتیكڵی ( ئایا) ڕۆڵی ڕێزمانی خۆی دەبینێت (ئەرێ پێم ناڵێیت ئایا ئێستا تۆ چۆنیت؟ ) هەرچەندە دەكرێت ڕستەكە بەشێوەیەكی تریش گۆ بكەین ( ئایا پێم ناڵێیت ئەرێ ئێستا تۆچۆنییت ؟ ) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دیاردەی جێگۆركێ لە زمانی كوردیدا .

**٢. وشەی پرسیار** : بوونی وشەی پرسیار لە زۆربەی ئەو ڕستە پرسیارانەی لە زمانی كوردیدا هەن كردەی دەست خستنی زانیارییەك پێ بەئەنجام دەگەیەنرێت .

٨١ . كێ میوانی بەڕێزیانە ؟

لە وەڵامی ( ٨١ ) دا گوێگر ناوێك یان نازناوێك دەهێنێت بۆ ئەوەی وەڵامی (پرسیار،استفسار،بە دواداچوون ) ی قسەكەر بداتەوە و كەلێنێك لە زانیاریەكانی پڕبكاتەوە .

هەموو جۆرەكانی تری ڕستەی پرسیاری لە زمانی كوردیدا لە پێكهاتەی ئەو دوو چەشنەی باسمانكردن بەرهەم دەهێنرێن لەهەمانكاتدا هەریەك لەم ڕستانە مەرجەكانی گونجانی ڕستەی پرسیاریان بەسەردا جێبەجێدەكرێت (( كەواتە بۆ جیاكردنەوەی جۆرەكانی ڕستە ناتوانین پشت بە ڕوخساری ڕستە ببەستین ، بەڵكو دەبێ بارو دۆخی قسەكەرو گوێگر لێك بدرێتەوە بە واتایەكی تر دەبێ كەڵك لە هۆ پراگماتییەكان وەربگرین بۆ لێكدانەوەو شیكردنەوەی جۆرەكانی ڕستە : ئەو پەرداخە بەتاڵە.... داخوازییەكی ناڕاستەوخۆیە ))[٨١] بەم پێیە كاتێك لە نموونەی ( ٨٢ ) دا قسەكەر S پرسیار لە گوێگر H دەكات دەربارەی هەندێك بابەتی زانیاری P


٨٢ . دلان بۆ كوێ دەچێت ؟

- مەرجە سەرەتاییەكان :قسەكەر S ڕاستی دەربارەی P نازانێت (نازانێت ، كە دلان بۆ كوێ دەچێت) .
- مەرجی دڵسۆزی:قسەكەر S دەیەوێت ڕاستی دەربارەی P بزانێت(دەیەوێت بزانێت دلان بۆ كوێ دەچێت )
- مەرجەپێشنیازكراوەكان: بۆ S كرداری ڕستەكە هێشتا ڕووی نەداوە . (بۆ قسەكەر هێشتا زانینەكە ڕووی نەداوە )

---

[81] ابوبكر عومەر قادر(١٩٩٣:١٢ )

- مەرجەکان پێویستی : S باوەڕی وایە H ڕەنگە ڕاستی دەربارەی p بزانێت (کاتێك قسەکەر پرسیارەکەی ڕووبەڕووی گوێگر دەکاتەوە پێی وایە ،کە گوێگر ڕاستی شوێن چوونەکەی دلان دەزانێت ) . دەتوانین ڕستەی ( ٨٢ ) بە هۆی شێوەی ( ٣ ) ەوە زیاتر بخەینە ڕوو :




شێوەی ( ٣ )


لە کاتێکدا ( ١,٢) هەردوو کردەی فۆرمی و کردەی قسەیین و پێکەوە پەیکاڵدەکرێن لەلایەن قسەکەرەوە و (٣) ئەو کاریگەریە کە قسەکەر بەجێی دەهێڵێت لەسەر گوێگر و ( ٤ ) یش ئەو ئاماژەیە کە کرداری( دەچێت ) دەیگەیەنێت بە ڕۆیشتن و دوور کەوتنەوەی قسەلێکراوە لە قسەکەر بۆ شوێنێك ،کە قسەکەر نایزانێت هەردوو ئەنجامی ( ٣,٤ ) کە بەزنجیرەی لە ( ٥,٦ ) دا خۆیان دەبیننەوە کاریگەرن لەگەیاندنی کردەی کۆتایی ڕستەی پرسیارکردنی قسەکەر لە ( ٧,٨ ) دا .

**٢. کردەی فەرمانکردن :** لێرەدا کردەی ڕاپەڕاندنەکە مەرجەکانی دڵسۆزی Sincerity condition لەدەستدەدات بەوەی (S نایەوێت ڕاستی دەربارەی P بزانێت) بەڵکو( S دەیەوێت A جێبەجێ بکرێت) بەمەش قسەکەر هیچ پەیوەستێتیەکی بەکردەی پرسیارکردنەکەوە نامێنێت، لەم لێکۆڵینەوەیەدا کردەکانی( داواکردن ، داخوازیکردن ، تکاکردن ، دوعاکردن ، دوعالێکردن ) دەخەینە ژێر خانەی فەرمانکردنەوە لەبەرئەوەی هەر یەکێکیان هەڵگری سیما جیاکەرەوەکانی فەرمانکردنن و تەنها پایەی گوێگرە دەبێتە

هۆی ناسینەوەی هەریەکێکیان — ئەم دیاردەیە لەبەشی سێیەمدا دەریدەخەین و هۆکاری بنەڕەتیی ئەم جیاکردنەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ڕێزگرتن و دەسەلآت — لەم کردەقسەییەی ڕستەی پرسیاریدا قسەکەر زۆرێک لە مەرجەکانی گونجاندن دەبەزێنێت و نایەوێت لە ئەنجامی کردنی پرسیارەکەیەوە وەڵامێکی دەست بکەوێت بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی زانیارییەکانی بەڵکو لەگەڵ مەرجی گونجاندنی ڕستەی فەرمانیدا هاوکاری دەکات و قسەکەر پێی وایە کارێک ماوە ئەنجام بدرێت و باوەڕی وایە گوێگر دەتوانێ هەستێت بە ئەنجامدانی کردارەکە.

٨٣ . ( ئایا ) دەتوانیت سبەینێ کتێبەکان بهێنیت ؟

قسەکەر لە( ٨٣) دا دەزانێت کارێك ماوە بکرێت و گوێگر ڕەنگە ڕێگری نەبێت لەوەی ئەو کردارە ئەنجام بدات .دەتوانین کردەی داواکردنەکە لە ڕستەی ( ٨٣ ) بە هۆی شێوەی ( ٤ ) ەوە زیاتر بخەینە ڕوو :





**شێوەی ( ٤ )**

لە شێوەی ( ٤ ) دا کردەی واتای نافۆرمی Illocutionary Act بە هۆی هێڵە چەماوەکەوە ئەوە دەگەیەنێت ، کە ڕستەی(٨٣) ڕەنگە لە مەبەستێك زیاتر بگەیەنێت و کرداری (بهێنێت)ش ئاماژەیە بۆ گۆڕینی چەقی گوێگر بە ئاڕاستەی قسەکەر .

۳. **کـردەی هەواڵـدان :** قـسەکەر کـردەی واتـای نـافۆرمی Illocutionary Act بەرامبەر Per locution Act دەوەستێتەوە و مەرجێکی گونجاندنی نابێت بۆ زانین یان کردنی کردەیەك بەڵکو لەژێر کاریگەری ئەو هەواڵەدایە کە دەیگەیەنێت بە گوێگر لە شێوەیەکی جەختکردندا بۆ ئـەو مەبەسـتەی هەیـەتی لـە ڕسـتە پرسـیارییەکەدا ، ئەم جۆرە پرسیارانە لە ناو زمانی کوردیدا بە ( ئایا دەزانیت ) ناودەهێنرێت .

٨٤. ئایا دەزانیت شاری سلێمانی لە ١٧٨٧ دا دامەزراوە ؟

قسەکەر مەبەستی نییـە لـەوەی کـەلێنێك لـە زانیـاری خـۆی پڕبکاتـەوە هێنـدەی دەیـەوێت زانیاریـەك ببەخـشێت بـە بـەڵکو جـەخت کردنێـك دروسـت دەکـات لەسـەر زانیاریـەکانی گـوێگر . دەتـوانین کـردەی داواکردنەکـە لـە ڕسـتەی ( ٨٤ ) بـە هـۆی شێوەی ( ٥ ) ەوە زیاتر بخەینە ڕوو :




**شێوەی** ( ٥ )

لە شێوەی (٥ ) دا کردەی واتـای نـافۆرمی Illocutionary Actی ڕسـتەی ( ٨٤) بە هـەمان شـێوەی ڕسـتەی ( ٨٣ ) جـۆرە کردەیـەك دەگەیـەنێت ،کـە جیـاوازە لـە فۆرمی ڕستەی پرسیارکردنەکە .

٤ . هەندێك كردەی تر بە ڕستەی پرسیاری ئەنجام دەردێت وەك ((پۆزش هێنانەوە ، گلەی كردن ، ناڕەزایی )) [82] هەرچەندە هەندێك لە نموونەكانی ،كە بۆ ئەم بابەتە هێنراونەتەوە بە وردی بارەكە ناخەنە ڕوو، وەك (( كردەی ناڕەزایی دەربڕین ...ئەریَ كارەبا هەر نەهاتەوە ؟ )) [83] ناڕاستی ئەو شیكردنەوەیەی ناڕەزایی دەربڕین لەم نموونەیەدا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە ، كە لە دەروبەرێكی فیزیكیدا هیچ كردەیەك لەلایەن گوێگرەوە ڕوونادات ، كردەی واتای نافۆرمی Illocutionary Act ی ( بەوەی گوێگر هەستێت بە داگیرسانەوەی كارەباكە) ، بەڵام لە دەوروبەرێكی ئەبستمكیدا ڕەنگە ئەم ڕستەیە واتا بەخشكەییەكەی implicative مەبەست بێت واتا(كەی كارەبا دێتەوە؟) كردەیەكی تر ،كە قیس كاكل ( ١٩٩٥ ) لێیكۆڵیوەتەوە ( گلەیی كردن ) ە ((خانووەكەت هەر نەكڕی ؟)) [84] لە ڕاستیدا ئەم ڕستەیە زۆر دوورە لە كردەیەك ،كە گوێگر هەستێت بە كردنی لە ئەنجامی دەربڕینێكی قسەكەردا چونكە خودی ڕستەكە هیچ جۆرە گلەییەكی پێوە دیار نییە ، بەڵام ، ئەگەر بوترایە (بێبەلاَ بیت خانوەكەت هەر بۆم نەكڕی ) ئەوا لەو كاتەدا ڕستەكە دەبووە كردەیەكی گلەیی كردن و لە ئەنجامدا گوێگر هەڵدەستا بە كردنی كارێك ( كڕینی خانووەكە ) یان پۆزشهێنانەوە بۆ ( دواكەوتنی كڕینی خانووەكە ) كردەیەكی تر لەو كردانەی كە قیس كاكل باسی لێوەكردوون بریتییە لە كردەی پۆزش هێنانەوە (( ئەزانیت نامەكەم بیرچووە )) جگە لەم كردانە چەند كردەیەكی تر بە هۆی مەبەستەكانی ڕستەی پرسیارەوە دەكرێن وەك (ئاژاوەنانەوە ، هەڵخەڵتاندن، موجامەلەكردن )

٨٥. دەزانیت دوێنیَ باجی نازدار خۆڵكەی كردەبەردەرگاكەتان ؟ (ئاژاوەنانەوە)

٨٦ . كیَ خۆی هەڵدەبژێرێت لە ئاستی جەنابتاندا بۆ ئەو پۆستە ؟ ( موجامەلە)

٨٧ . كام لەمانە ئەو كارەیان وەك تۆ پیَ ڕادەپەڕێنرێت ؟ ( هەڵخەڵەتاندن )

---


[82] قیس كاكل ( ١٩٩٥ : ٥٠ )

[83] سەرچاوەی پێشوو

[84] سەرچاوەی پێشوو

بەم پێیە کردەکانی گەیاندن لە ڕستەی پرسیاردا بوارە جیاجیاکان دەگرێتەوە ،کە لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕەفتارێك یان هەڵوێستێك لە وەرگردا بەرهەم دەهێنن،کە مەرج نییە تەنها بۆ پرسیار لێکردن بن[٨٥] .

**شێوەی ( ٦ )**




شێوەی ( ٦ ) دەرخستنی ئەو کردانەیە ،کە دەکرێت لە ڕێی مەبەستەکانی تری ڕستەی پرسیارییەوە بگەیەنرێت

[85] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە محمد معروف فتاح (١٩٩٠ ، ٣٢ )

ب .كردەكانى ڕستەى فەرمان

بە پێی کردەی واتـای نـافۆرمی Illocutionary Act دەکرێت لـە زمـانی کوردیـدا ڕستەی فەرمانی ( بەجۆرەکانیەوە) پۆلێن بکرێن ، وەك لە کردەی فەرمانکردنی ڕسـتەی پرسیارکردندا ڕوونمانکردەوە ،کە ( داواکـردن ، داخـوازیکردن ، تکـاکردن ، دوعـاکردن ، دوعالێکردن ، ئیزنخواستن) بە شێوەی ڕستەی فەرمانی دادەنێین چونکە ئەو هۆکارانەی ،کە قسەکەر پەیوەستدەکات لەکاتی قسەکردندا وەك( دەسەلاَت و ڕێزگرتن ) هـەروەها(( دەوروبەر گۆڕین وادەکات کـردەی ڕسـتەکان لـە شـێوەیەکە وە بـۆ شـێوەیەکی تـر و لـە جێبەجێکردنێکەوە بۆ جێبەجێکردنێکە تـر بگۆردرێـت))[٨٦] وادەکـەن ئـەم جـۆرە کردانـە بگەیەنن هەروەها لە جێبەجێکردنی ئەم کردانە زۆرێك لە فۆرمی ڕێزمانی ڕسـتەکانی( داوا کـردن ، داخـوازیکردن ، تکـاکردن ، دوعـاکردن ، دوعـالێکردن ) حوکمیـان دەکـەن — هەرچەندە هەندێکیان لە شێوەی کردەیی قـسەیی ناڕاستەوخۆشـدا دەردەکـەون ، بـەلاَم لەم بەلگە هێنانەوەیەدا مەبەستمان لەو ڕستانەیە ،کە لە فۆرمی ڕستەی فەرمانیدان و بـۆ یەکێك لەم کردانە بەکاردەهێنرێن —هەمان یاساو درووستەی ناوەوەی ڕستەی فـەرمانیان هەیە.

٨٨ . ببورە بەڕێز واژۆکەم بۆ بکە . ( داواکردن )

٨٩ . کتێبەکانم بۆ بەرەوە بۆ ماڵەوە . ( هاوڕێیەك بە هاوڕێکەی/ داخوازی )

٩٠. ئەرکەکانتان لە ماڵەوە بنوسنەوە .( مامۆستایەك بە قوتابیەکانی / فەرمانکردن )

٩١ . خوایە گیان بارانی بەڕەحمەت ببارێنی بەسەر ئەم میللەتەدا ( دوعاکردن )


٩٢ . خوایە بیبەیتەوە بۆ خەزێنەکەی خۆت .( دوعالێکردن )

٩٣ . تکات لێدەکەم بە گوێم بکە .( تکاکردن )

ئەو کردانەی هەریـەکێك لـە ڕسـتەکانی ( ٨٨ ، ٨٩ ، ٩٠ ، ٩١، ٩٢، ٩٣) گەیاندویانـە بەپێی دەوروبەرەکانی ،کە ڕستەکانی تێدا دەربـڕاوە جیـاوازن ، ، بـەلاَم هـەموویان لـە خاڵێکدا کۆدەبنەوە ئەویش بەستنەوەی قـسەکەر و گـوێگرە بـە مەرجـەکانی گونجانـدنی ڕستەی فەرمانی ( قسەکەر داوای کردارێك $A$ دەکات لـە گـوێگر و بـاوەڕی وایـە ، کـە کردارێك $A$ هەیە هێشتا نەکراوە .هەروەها باوەڕی وایە ،کە گوێگر دەتوانێ $A$ بکـات لـە کۆتاییدا قسەکەر دەیەوێت $A$ جێبەجێ بکرێت ) ، بـەلاَم ئـەوەی مەبەسـتەکان لـە یـەك جیادەکاتەوە بریتییە لەو دەسەلاَت و هێزەی ، کە قسەکەر هەیەتی لەبەرامبەر گوێگردا .

---

[86] Stephen C. Levinson( 1983: 277 )




شێوەی ( ٧ )

لێرەدا کردەی کاریگەری perlocutionary ەکان هەموویان هەمان کاریگەریان دەبێت (جێبەجیّ کردنی فەرمانەکەیە ) ، بەڵام لە هەریەکێك لە کردەکاندا (داواکاری ، فەرمان ، داخوازی، تکاکردن ،دوعاکردن ،دوعالێکردن ) گوێگر دەتوانێت ئەو کردەیەی پێی وتراوە ڕەتیبکاتەوە بە پێی جۆری ئەو دەوروبەرەی ،کە تێیدایەتی یان هەر هۆیەکی تر بێت.

لەلایەکیترەوە(( لابۆڤ و فانشیل (١٩٧٧) گریمانەی ئەوەیانکرد هەندێك ڕستەی فەرمانیمان هەیە لە پێشیەوە ڕستەیەکی پرسیاری هەیە))[٨٧] و واتا ئەو کردەیەی ڕستە فەرمانییەکە دەیگەیەنێت کردەیەکی پرسیارییە

---

[87] سەرچاوەی پێشوو ( 274 )

٩٤ . تكات لێدەکەم هەندێك پارەم بدەرێ .

٩٥. من پێم وایە بەهیچ جۆرێك تۆ پارەم نادەیتێ ،وانییە ؟

ئەوەی ئەوان دیارییان کردووە ئەوەیە کە ڕستەی ( ٩٥ ) لە هەناوی ڕستەی ( ٩٤ ) دایە هەروەها بە هۆی پرنسیپی هاوبەشیکردنەکەی گرایسەوە دەتوانرێت ئەم حاڵەتە شیبکرێتەوە بەوەی بنەمای ( پەیوەست بوونی) بەزاندووە هەروەها لادانی کردووە لە بنەمای ( چەندێتی ) ، بەڵام لیڤنسن پێی وایە ئەم حاڵەتە بە تەواوەتی شینەکراوەتەوەو پاشان پەسەندیش نەکراوە لەبەر هەندێك هۆی ڕێزمانی و جۆرەکانی ڕستە لە سینتاکسدا، کە (( لە ئاخاوتنی زمانی ئینگلیزیدا فەرمانکردن بەکاردەهێنرێت بۆ فەرمان و و داخوازی ،کە لە پێکهاتەکانیاندا پێشکەشکردن (ساردیەك ناخۆیت )، بەخێرهاتن( فەرموو وەرە ژوورەوە) ، هیواخواستن ( بە هیوای کاتێکی خۆش بەریتە سەر ) هەڕشە کردن ( دەمت داخە ) دەگرنە خۆ ))[88] لە زمانی کوردیشدا ئەم حاڵەتە بە پێی گریمانەکەی لابۆڤ و فانشیل(١٩٧٧ ) زیاتر لە بیرۆکەی کردەیی قسەیی لاماندەدات بەوەی هەندێك ڕستەی پرسیاری لە فۆرمدا فەرمانین (بەتایبەتی لە جۆری فەرمانی ناراستەوخۆدا) ، بەڵام ئاوازەی ڕستەی پرسیاریان هەیە و هەمان کردەی پرسیار دەگەیەنن .

٩٦ . ئایا من بڕۆم بۆ بازار هەندێك کەلوپەلی ناوماڵ بکڕم ؟

هەریەك لە کرداری ( بڕۆم ) و ( بکڕم ) دروستەیەکی فەرمانیان هەیە ، بەڵام سەرجەمی ڕستەکە ئاوازێکی پرسیاری هەیە و لە دواتریشدا کردەیەکی پرسیاری دەگەیەنێت .

### ☼ گریمانەکاری ڕاپەڕاندن

بۆ جێبەجێبوونی کرداری ڕاپەڕاندنی نائاشکرا بە پێی ئەم گریمانەکارییە ، زوربەی ڕستەکان ڕستیلەیەکی بەرزیان هەیە لە ئاستی قوڵدا ، کە کردارێکی ڕاپەڕاندنی ئاشکرای تێدایە و بەهۆیەوە کردارە نائاشکراکە لە ئاستی ڕووکەشدا کردەکەی بەجێ دەهێنێت . ئەم کردەیەش بە دوو ڕێگا بەرهەم دەهێنرێت (( بەستنەوەی بەکارهێنانەکە بەهۆی پرۆسەیەکی ئەنافۆرییەوە بەهۆی ئەم هێڵە گشتیەوە هەندێك شێوەی { $X$ لە ڕستیلەی خوارووەدا تەنها لەو کاتەدا پەسەند دەبێت ،کە شێوەیەکی $Y$ لە ڕستیلە بەرزەکەدا

---

[88] Stephen C. Levinson( 1983: 275 )

هـەبێت ئەمـە لـە کاتێکـدا ڕەنگـە کردەکـانی ڕاپەڕانـدنی نائاشـکرا بـەبێ X و Y دەرنەکەون لە ڕستیلە خوارووەکاندا: لەکاتێکدا X ڕستیلەی خـوارووە و Y ڕسـتیلەی بـــەرزە } و{هەنـــدێك Y لـــە ڕســـتەی ســـەرەکییەکەدا پابەنـــد نـــابن بـــەXەوەلـــە ڕستیلەسـەرووەکانیاندا بـە شـێوەیەکی گشتی ئێمـە دەربـارەی X پـشتدەبەستین بـە Y}لە X (واتە ڕستیلە خوارووەکە )یان هەڵەیەکمان دەبێت یان ڕاستیەکی شـاراوەمان دەبێـت یـان ڕاسـتیەکی ئاشـکرا ،کـە کرتێنـراوە بەمـە Yداواکـراو دەبێـت لـە ڕسـتە سەرەکییەکەدا بۆ دیاریکردنی کردەی ڕستەکە } ))[89]

٩٧ . ا . دلان لە پێشبڕکێکەدا سەردەکەوێت .( ئاستی ڕووکەش S.S )

ب. من گرەوت لەگەڵ دەکەم ،کە دلان لە پێشبڕکێکەدا سـەردەکەوێت .( ئاسـتی قووڵ D.S)

بە پێی ئەم گریمانەکاریە ڤاریابڵی ( Xو Y ) لە ڕسـتەی ( ٩٧ . ب ) دا بـە ئاشـکرا دەردەکەوێت ( من گرەوت لەگەڵ دەکەم ) ڕستیلەی بەرزە واتە ئـەو ڕسـتیلەیەیە کـە لـە ئاسـتی قوڵـدا بـوونی هەیـە و بەرامبـەر ڤـارێبلی ( Y ) دەوەسـتێتەوە و ڤـارێبلی ( X ) بەرامبەر ڕستیلەی خواروو(دلان لەپێشبڕکێکەدا سەردەکەوێت)ە و ئەمیش بە شـێوەیەکی گشتی پشت بە ڕستیلە بەرزە سەرەکیەکە دەبەستێت لـە ئاسـتی قووڵـدا بـەهۆی بـوونی کردارێکی ڕاپەڕاندن لە ڕسـتیلە بەرزەکـەدا پرۆسـەی کـردەی ڕاپەڕانـدنی نائاشـکرای نـاو ڕسـتیلە خوارووەکەجێبـەجێ دەبێـت لـە هـەمان کاتـدا ( دلان ) بـەهۆی پرۆسـەیەکی ئەنافەریەوە بە پێشخۆیەوە ( بە ڕستیلە بـەرز)ەکـەوە دەبەسـترێتەوە ، بـەوەی ناسـینی (دلان ) هاوبەشە لە نێوان قسەکەر و گوێگردا .

سادۆك دەڵێت (( کردەی واتای نافۆڕمی ئەو بەشەیە لە واتای ڕستە ، کـە ئـاڵوگۆڕ دەکات لەگەڵ ڕستیلە بەرزەکەدا – شا ڕستە – لە داڕشتە سیمانتیکیەکەیدا ))[90]

بەم پێیە دەتوانین گریمانەکارییەکـە بـە شـێوەیەکی سـادەتر بخەینـەڕوو ((١. هـەموو ڕستەیەك کردارێکـی ڕاپەڕانـدنی هەیـە لـە ئاسـتی قوڵـدا ٢ . بکـەری شاڕسـتەکە کەسـی یەکەمی تاکە و بەرکارەکەشی کەسی دووەمـی تاکـە و کردارەکـەش ڕانـەبردووە سـادەیە ٣. ئەم ڕستیلەیە هەمیشە ڕستیلەیەکی سەرەکییە لە بوونیادی ژێـرەوە یـان لـە شـێوەی دەرخەریدا دەبێت لە ستراکچەرەکەدا ٤. هـەر ڕسـتیلەیەك بەرامبـەر ڕسـتەیەك دێـت ٥. بەلابردنی ئەم ڕستیلەیە هیچ لە واتای ڕستەکە ناگۆڕێت ٦. کـردەی واتـای نافۆڕمییـەکان

---

[89] Stephen C. Levinson( 1983: 275 )
[90] Geoffrey Leech ( 1996 :192 )

له سيمانتيكدا بەهۆی (مەرجی ڕاستی ) بەتەواوەتی دیاری دەکرێن و ئەمەش لە ڕێی واتای ڕستیلە ڕاپەڕاندنەکە خۆیەوە ))[٩١] قیس کاکل (١٩٩٥) گرنگی بەم تیۆرییەداوە هەندێك لە کردە گەیەنراوە فەرمانییەکانی بەهۆی ئەم گریمانەکارییەوە لێکداوەتەوە و کرداری ڕاپەڕاندنەکەی گەڕاندۆتەوە بۆ ئاستی قووڵ [٩٢] وەك لە کردەکانی هەواڵگەیاندندا (( گاکە لەناو کێڵگەکەدایە( ڕۆنانی دەرەوە ) ............... وریا بە (کە) گاکە لەناو کێڵگەکەدایە ( ڕۆنانی ژێرەوە ) ))[٩٣] دەتوانین گرفتی ئەم گریمانەکارییە لە زمانی کوردیدا بگەڕێنینەوە بۆ ڕێکەوتنی نێوان کەرەستەکانی ڕستە لە ئاستی سیمانتیکی و سینتاکسی دا.

### أ. گرفتی سیمانتیکی :

ا. لەم ئاستەدا گرفتەکە پەیوەستە بە چەند دیاردەیەکەوە لەوانە ( مەرجی ڕاستی)یە ،کە ڕەنگە هەندێك کات مەرجی ڕاستی بەشی یەکەمی ڕستەکە هەمان مەرجی ڕاستی بەشی دووەمی ڕستەکە نەیەتەوە بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەك :

٩٨ . داوای لێبوردن دەکەم بە ژێرم زانیت [٩٤].

لەم ڕستەیەدا ( داوای لێبوردن دەکەم ) بە بەشی یەکەمی ڕستەکە دادەنرێت و مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیکی خۆی هەیە و ( بە ژێرم زانیت) یش بەشی دووهەمی ڕستەکەیەو مەرجی ڕاستی سیمانتیکی جیاکەرەوەی هەیە لە بەشی یەکەم چونکە ئەم بەپێی لۆژیك قسەکەر ژێری گوێگری بەلاوە جەختلێکراو نەبووە دەتوانین ئەم خاڵە لە نموونەیەکی تردا بەئاسانتر شیبکەینەوە .

٩٩. داوات لێدەکەم تاوانەکە بخەرە سەر پیاوە بێتاوانەکە .

وایدادەنێن ( تاوانەکە بخەرە سەر ئەو پیاوە)ناگونجێت بەهۆی نەگونجاندنی واتای نێوان بەرکار و کردار بەشێوەیەك ،کە پەیوەندی نێوانیان ناتوانێت ڕۆڵی لەگەڵ مەرجی

---

[91] Stephen C. Levinson( 1983: 274 )

[92] لەکاتێکدا ( لیچ ١٩٧٦، گازدار ١٩٧٩ ا ،فەریزر١٩٧٤، اندرسون ١٩٧١) دا بۆیان دەردەکەوێت ئەم گریمانەکارییە گرفتی هەیەو تەواو و پڕاوپڕ نییە هەروەها (ئۆستن)یش بۆ جارێکی تر بە سەر گریمانەکارییەکەدا دەچێتەوە و لەهەندێك واتای ڕستەی تر دەکۆڵێتەوە گرفتەکانی گریمانەکارییەکەی بۆڕوون دەبێتەوەو لە ڕووی سیمانتیکی و سینتاکسیەوە گریمانەکارییەکە هەرەس دەهێنێت.

[93] قیس کاکل ( ١٩٩٥ : ٨٧ )

[94] قیس کاکل ( ١٩٩٥ : ١٠٠ )

ڕاستی دا ئاڵوگۆڕ بکات لە هەمان کاتدا بەکارهێنانی کرداری ڕاپەڕاندنی (داوات لێدەکەم) مەرجی ڕاستی جیاوازی هەیە لە بەکارهێنانی ڕاپەڕاندنێکی وەك ( ۹۹) لە هەمان کاتدا لە کردەی ڕاپەڕاندنی فەرمانیدا [٩٥]( مەرجی ڕاستی ) لە داهاتوودا نادروست دەبێت، بەمەش فەرمانکردنەکە لەگەڵ مەرجی ڕاستی (تاواندانە پاڵەکەدا) نایەتەوەو ئاڵۆزییەك لە ئاستە سیمانتیکییەکەدا دروستدەکات ئەویش ناڕاست بوونی (تاوانبارکردنی پیاوێکی بێتاوانە) هەروەها ئەم بارە نادروستە لە کاتی کردنی ڕستەکە بە ڕابردوو بە تەواوەتی دەردەکەوێت (من داوام لێکردبوو ،کە تاوانەکەبخاتە سەر پیاوە بێتاوانەکە).، کە لێرەدا گرفتەکە لەوەدایە دروستەی ڕستیلە خوارووەکە ( تاوانەکە بخاتە سەرپیاوە بێتاوانەکە ) مەرجێکی ڕاستی بەرجەستەکراوی ڕاستەقینەی نییە ، کە کەرەستەکانی لەم ڕووەوە وابەستەی یەك بکات بەمەش کراوەییەك لە نێوان لێکدانەوەی ڕاپەڕاندنی ئاشکرای پراگماتیکی و جۆرەکانی ڕستە لە پەیوەندی ڕێزمانییەوە دەمێنێتەوە ئەمەش لە خۆیدا ئاڵۆزی و گرانییەك دەخاتە ڕوو بۆ نموونە کردەی ڕاپەڕاندنی ئاشکرا لە ڕستەی (۹۷، ۹۹) دا پەیوەست دەبێت بە جۆر و پۆلێنی ئەوڕستانە لە پەیوەندییە ڕێزمانیەکاندا بۆ گەیاندنی ئەو کردەیەی ڕستەکانیان بۆ دەربڕاوە .

ب . هەندێك لە بەڵگەکانی تر بەهۆی ئاوەڵکردارەکانەوە دێت بۆ نموونە ( بەڕاستی) دەبێتە دەرخەری کرداری ڕاپەڕاندنەکە لەکاتێکدا واتای ئاوەڵکردارەکە بە شێوەیەکی بەرجەستە کراو تەریب نییە بە واتای کردارەکە لە ڕووی سیمانتیکییەوە و تایبەت بە زمانی کوردییەوە ئاوەڵکرداری زمانی کوردی ڕکێفی ڕێزمانی خۆی هەیە [٩٦].

۱۰۰. ، دلان بەڕاستی بووە بە بەراز ؟ ( بوون بە بەراز / بەڕاستی)

۱۰۱ .تۆ تەنها وەك بەراز مامەڵەیان لەگەڵدا بکە .

لە هەریەك لە نموونەکانی ( ۱۰۰، ۱۰۱ ) دا ئاوەڵکرداری ( بەڕاستی و تەنها ) لە ڕووە سیمانتیکییەکەیەوە لەگەڵ کرداری ڕاپەڕاندنی هەردوو ڕستەکە ( بوونی مرۆڤ بە بەراز )

[95] لەڕاستیدا ئوستن پێی وابوو ئەم حاڵەتە تەنها ڕستە هەواڵیەکان دەگرێتەوە( من بانگهێشتی ئەوەدەکەم بەفر سەوزە ) ، بەڵام دواتر بینرا ،کە کردە ڕاپەڕاندنەکانی تریش گرفتی لەو شێوەیەیان هەیە بۆ یە ( سادوك ) ویستی ڕاپەڕاندن لە فەوتاندن ڕزگاربکات بۆ ئەمە دوو جۆر مەرجی ڕاستی دانا یەکێکیانی ناونا مەرجی ڕاستی سیمانتیکی و بە ( T 1 ) ئاماژەی بۆ دەکرد و ئەویی تری ناونا مەرجی ڕاستی پراگماتیکی و بە ( T2 ) ئاماژەی بۆ دەکرد

[96] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە محەمەد مەحویی (۲۰۰٤ : ٤١ )

و(مامەڵـەکردنی مـرۆڤ وەك بـەراز ) تـەریب نەهاتۆتـەوە و لـە لایـەکی تـرەوە ڕکێفـی ئاوەڵکردارەکە پەیوەستە بە کرداری ڕستەکەوە

١٠٢ بەدڵنیاییەوە ببە بە دوژمنی میللەت .

لێرەدا ئاوەڵکردارەکە ( بەدڵنیاییەوە ) لـە ( ١٠٢) دا لەگـەڵ واتـای فرێـزی کردارەکـە نەهاتۆتەوە (بوون بە دوژمنی میللەتە) .

**ب. گرفتی سینتاکسی** :

دەتوانین گرفتی سینتاکسی لە چەند خاڵێکدا دەستنیشان بکەین :

١. کردەی ڕاپەڕاندنی نائاشکرا ئامـاژە بـە قـسەکەر ناکـات وەك بکـەرێکی لـۆژیکی لـە ڕستەکەدا بەڵکو بکەرێکی ڕێزمانی دادەنێت لە ڕستەکەدا ،کە نیشانەی کەسی قـسەکەری تێدا دەرناکەوێت لە ڕووی سینتاکسییەوە .

١٠٣. کۆمپانیاکە دەبێت هەستێت بـەلابردنی هـەموو پاشماوەکـان بـەبێ ئـەوەی پێـی بوترێت .

لێرەدا ( قسەکەر ) وەك ڕەگەزێکی سینتاکسی بەرجەستە نییـە چـونکە نـازانین کێیـە ئەو کەسەی ،کە هەستاوە بە وتن و ئاڕاستەکردنی ئەم کردە فەرمانییە .

٢ . هەندێك ڕسـتەمان هەیـە لـە کـردەی واتـای نـافۆرمی زیـاتری تێـدا دەبینرێتـەوە و دەبێت مامەڵەیەکی

پراگماتیکیان لەگەڵدا بکرێت :

١٠٤ .دلان هەرگیز توانای وەرزشی نـەبوو، بەڕاسـتی ئێـستا دەیـەوێت لـە ئۆلۆمپیاتـدا بەشداریبکات ؟

(دلان هەرگیز توانای وەرزشی نەبوو) کردەکەی هەواڵییە واتە هەواڵێك ڕادەگەیـەنێت ، ( بە ڕاسـتی ئێـستا دەیـەوێت لـە ئۆلۆمپیاتـدا بەشـداریبکات ؟ ) کـردەی ئـەم بەشـەی ڕستەکە کردەیەکی پرسـیارییە بـەم شـێوەیە دوو جـۆر کـردەی قـسەی لـە یـەك ڕسـتەدا کۆدەبێتەوە و هەندێك جار کردەکان لە دوو کردە زیاترن .

١٠٤ .ا. [بۆچی نابیت بە بازرگان ؟]

ب.[من پرسیارت لێدەکەم بۆچی نابیت بە بازرگان؟][و من پێشنیازی ئەوە دەکەم ، کە ببیت ٢ ][١

کردەی هەواڵدان　　کردەی پرسیارکردن　　کردەی پێشنیازکردن ( فەرمانکردن )

٣. کرداره ڕاپەڕاندنە ئاشکراکانی ڕستیلە بەرزەکانی ( ١٠٤ .ب )هەندێك جار زۆر ئالۆزن کرتاندن بەو شێوە گشتییە ناتوانرێت تیایاندا جێبەجێ بکرێت(( ئەوکەرەستانەی دەکرتێنرێن ..١. کار هەرگیز لە کوردیدا بە تەنیا خۆی ناکرتێنرێ و هەمیشە بکەرەکەشی لەگەڵدا دەڕوات.٢. بکەر ئەوەی گرنگە ئەوەیە ، کە بکەرەکە بەتەنیا ناکرتێنرێ هەر کاتێ بکەر دووبارە نەکرێتەوە ئەوا(کار)ی ڕستەکەش لەگەڵیدا فرێ دەدرێت

١. دوێنێ بەرخەکەم سەربڕی و ئەمڕۆ مریشکەکە Ø Ø. ٣. بەرکار : بەرکاریش بە تەنها ناکرێ بەڵکو هەمیشە دەبێ لەگەڵ ( کار ) دا پێکەوە بکرتێنرێت وەك٢.تۆ کۆترەکەت کڕی یان نەوزاد Ø Ø))[97]

وەك لە نموونەی ( ١٠٤ . ب ) دا دەردەکەوێت، کە دەبێت هەردوو ڕستەی(من پرسیارت لێدەکەم ) و ( من پێشنیازی ئەوە دەکەم ،کە ببیت ) بەیەکەوە و بە هۆی پرۆسەیەکەوە کرتێنرابێتن ئەمەش بەپێی یاسا سینتاکسیەکان شیناکرێتەوە و کارێکی ئالۆزە[٩٨]چونکە هیچ کەرەسەیەکی دووبارەمان نییە لە ڕستەکاندا بەتایبەتی لە زمانی کوردیدا ،کە هەندێك تایبەتمەندێتی خۆی هەیە (( دەبێت لە هەر ڕستەیەکی ئالۆزدا ( ڕستەی شکاوە ، ڕستەی ئالۆز ، ڕستەی تەواوکەر ، ڕستەی شوێنکەوتوو) ڕۆڵی بابەتانە لە ئاستی قووڵ و دۆخی ڕێزمانیی لە ئاستی ڕووکەشدا بە ئارگۆمێنتەکان بدرێن . ئەم تایبەتمەندییەی ڕێزمانەکە دەبێتە هۆی ئەوەی ´N ەکانی وەك یەکن لە ڕستەدا نەقرتێنرێن و لانەبرێن بەڵکو وەك خۆیان بمێننەوە یان بکرێن بە جێناوی لکاوی بەرکاری و لەناو کرداره ئالۆزەکەدا دەربکەونەوە ))[٩٩] .

---

[97] بەکر عومەر عەلی ( ١٩٩٢ : ٥٥ )

[98] مەرجی قرتاندن و لابردن : ا. تەنها ئەو وەچە پێکهاتانەی ڕستەو دەق دەتوانرێن بقرتێنرێن و لابرێن ،کە لەگەڵ وەچە پێکهاتەی دیکەدا وەك یەکن ب. بەپێی ڕێسای سەرکۆتایی ، تەنها دەرخەرەکانی ناوەوە دەشێت بقرتێنرێن و لابرێن .بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە محەمەدی مەحوی ( ٢٠٠٤ : ٤٠ )

[99] محەمەد مەحویی ( ٢٠٠٤ : ٤٠ )

# بەشی دووەم

# بەخشکەیی دەربڕین و گریمانەی پێشینە
# لە رستەی پرسیار و فەرماندا

## یەکەم

## بنەماکانی پەنامەکیی[١] رستەی پرسیار و فەرمان

لێکدانەوەی پراگماتیکی بۆ کردەکانی گەیاندن لە رێی ئەو دیاردانەوە دەبێت( نیشانە کەسییەکان ، کردە قسەییەکان ) ، کە لە ئاخاوتندا دەنوێنرێن پەیوەست بەم بارەوە بە پەنامەکی دەرکەوتەیەکی پراگماتیکییەو لە پرۆسەی دەرخستنی واتای شاراوەدا بەکاردێت .

١. دلان : چەندی مانگە ؟

ئاران : وابزانم چوار شەممە رۆژی جیهانی ژنان بوو ؟

بەخشکە دەربڕین لە رستەی ( ١ ) دا بڕێکی زۆر زانیاری گۆڕینەوە لە نێوان قسەکەرو گوێگردا دەردەخات( دلان ) ئەوە دەخاتە روو کە { ئایا توانستی ئەوەت هەیە پێم بڵێیت .کە ئێستا لە چەندەم رۆژی مانگداین ،ئەگەر پێتخۆشەو بۆت دەگونجێت بەسەیرکردنی رۆژژمێرەکەت وەلأم بدەرەوە } هەروەها شیکردنەوەی زانیاری لە لایەن گوێگرەوە دەبێت بە { نەخێر ، من لە ئیستادا بەروارەکە بە وردی نازانم و رۆژژمێریشم پێ نییە ، بەڵام دەتوانم هەندێك زانیاریت بدەمێ ، کە بتوانیت بە نزیکی بەرواری ئەمڕۆی پێبدۆزیتەوە ئەویش بریتییە لەوەی چوارشەممە یان ئەو دوو رۆژەی لە پێش و دوایین رۆژی جیهانی ژنان بوو ، کە ٨ شوباتە }[٢] .

[١] لە نامەی دکتورای عبدوالواحید موشیر دزەیی ( ٢٠٠٤) زاراوەکەی بە ( دەرکەوتەکان ) وەرگێڕاوەو بەکاری هێناوە لە ڕاستیدا زاراوەی ( بەخشکەیی دەربڕین و بەپەنهانی دەربڕین )زیاتر شیاوە و ئێمەزاراوەی ( پەنامەکیی) مان بە پەسەند زانی چونکە دەرکەوتەکان حاڵەتێکی بچوکن لە (پەنامەکیی) داImplication.

[٢] شێوەی شیکردنەوەی رستەکە لە Stephen C. Levinson ( 1983 : 101 ) ەوە وەرگیراوە

بەم پێیە چەند زانیارییەك لەناو رستەی پرسیار و وەلاّمەكەیدا كراوە بەژێرەوە و پەنامەكیی واتایەك دەربڕاوە ،كە قسەكەر دەتوانێت لە ڕێی جفرە لێكدانەوە و پەیوەست بوون بە پرنسیپی هاوبەشی گرایسەوە بە ئاسانی شیبكاتەوە.

## ☐ . **پرنسیپەكانی هاوبەشیكردن** Cooperative Principles

مەبەست لەم پرنسیپانە هاوكاریكردنی نێوان قسەكەر و گوێگرە لە پرۆسەكانی گفتوگۆكردندا بۆ گەیشتن بە واتای ڕوون و ئاشكرا لە كردەی گەیاندنەكەدا (( با بەشداری كردنت بە پێی پێویست بێت بۆ ئەو قۆناغەی ڕووداوەكانی تێدا ڕوودەدات ئەمەش بەهۆی پەسەند كردنی بابەتەكان ، یان ڕاستەوخۆی قسەكردنەكانەوە دەبێت ))[٣] و كارلێكردن و گۆڕینەوەی واتاش بە بەكارهێنانی بنەماكانی گرایس زیاتر گەیەنراو دەبن و خێرای گەیاندنی زانیاریەكانیش زیاد دەبن بۆ ئەمەش گرایس چوار ماكزیمی داناوە (( ١. ماكزیمی چۆنێتی ٢ . ماكزیمی چەندێتی ٣. ماكزیمی پەیوەست بوون ٤. ماكزیمی شێواز ))[٤]

### أ. **ماكزیمی[٥]چۆنێتی** Quality maxim

لە ماكزیمی چۆنێتی دا گرایس ئەوە ڕوون دەكاتەوە ، كە دەبێت قسەكردنەكان و ئاخاوتنەكان لەسەر بنەمایەكی ڕاست و دروست بن (( تەنها ئەوە بڵێ ،كە ڕاستەو بەڵگەت هەیە بۆی ، شتێك مەڵێ ، كە گومانت لێی هەیە و خۆی بۆ ناگیرێت و دەكەوێت لەبەردەم بەڵگەكاندا ))[٦] بەم پێیە لە خودی رستەی پرسیار و فەرماندا ئەم جۆرە ماگزیمە هەمیشە ئامادەیە چونكە پرسا ، یان فەرماندەر ئەو رستەیەی دەریدەبڕن باوەڕیان بە دروستیەكەی هەیە بۆیە گوێ دەكەن بە پێچەوانەی رستەی هەواڵدانەوە ،كە دەتوانێت ئەم ماگزیمە بشكێنێت و پێچەوانەی برگەی ((شتێك مەڵێ ،كە باوەڕت

---

[٣] Stephen C. Levinson ( 1983 : 244 )

[٤] سەرچاوەی پێشوو

[٥] ماگزیم ( Maxim) بە باشمان زانی زاراوەكە وەك خۆی بەكاربهێنینەوە و زاراوەیەكی كوردیمان بۆی بە پەسەند نەزانی هەرچەندە تاڕادەیەكی زۆر زاراوەی ( شا مەرج ) دەشێت بۆ ئەم زاراوەیە بەكاربهێنین .

[٦] Jean Stilwell Peccei ( 1999 : 27 )

پێی نییه و پێت وایه هەڵەیه ))[٧] هەندێك جار دەجولێتەوه له لایەکی ترەوه هەریەك لەم ڕستانه ناتوانرێت ڕاستی و ناڕاستیان تاقیبکرێتەوه ، بەڵام ئـەم ماگزیمـه لـه وەڵامـی هەریەك لەو دوو رستەیەدا دەکرێت ئارگۆمێنتیان لەسەر بکرێت بۆ جێبـەجێبوونی یـاخود تێپەڕاندنی لەبەرئەوەی هەریەك لەم وەڵامانه به بەشـێکی سروشـتی دروسـتەی رسـتەی پرسیار و فەرمان دادەنرێن .

٢. باوك : دایکت له کوێیه ؟

منداڵ : له ناو باخچەکەیه و خەریکی ئاودانی گوڵەکانه .

لـه رسـتەی(٢)دا وەڵامـی( منـداڵ )ەکـه پەیوەسـته بـه مـاکزیمی چـۆنێتییەوه بـه دڵنیاییـــەوه شـــوێنی(دایـــك) دیـــاری دەکـــات وبەڵگـــەش بـــۆ ڕاســـتی قـــسەکەی دەهێنێتەوه(خەریکی ئاودانی گوڵەکانه)

٣. دایك : وانەکانت بخوێنه .

منداڵ : هەموویانم خوێندووەو ڕاهێنانەکانیشم تەواوکردووه .

لەم رستەیەدا وەڵامدەر دوو بەڵگەی بەکارهێناوه بۆ پاڵپشتی ڕاستی قسەکانی ئەویش به بەکارهێنانی (هەموویانم)،( ڕاپۆرتەکەشم ئامـادەکردووه) وەك بەڵگەیـەك بـۆ دروسـتی قسەکانی و یەك لایی کردنەوەی گومانی ( دایك ) و سەلماندنی ڕاستی ئـەوەی گوتویـەتی .

### ب. ماکزیمی چەندێتی Quantity Maxim

قسەکەر و گوێگر ئەم پرنسیپه جێبـەجێ دەکـەن لـه ئاخاوتنـدا لـەڕێی پابەنـدبوونیان بەوتنی زانیاری پێویست لەکاتی پەیوەندیکردنیان بۆ له یەکگەیشتن بەم جـۆره ڕێـچکەی ئاخاوتنەکه دەبێت لەشێوەی ((پەیوەندیەکەت با به جۆرێك بێت زیاد له پێویست کردەی جێبـەجێکردنی نـەوێت))[٨] بێـت بـەم پێیـه دەبێـت ئاخـاوتن و ڕووداوی رسـتەکان بـەپێی پێویستی گوێگر یان قسەکەر بەزانیاری کـۆدکرابن و لـه هـەمان کاتـدا دوورکەوتنـەوه لـه هەموو درێژکردنەوەیەك ، که کردەی زیـاتر دەهێنێتـه نـاوەوه و گرانـی لەسـەر پرۆسـەی لێکگەیشتنەکه گران و ئاڵۆزدەکات .

---

[٧] www.universalteacher.org.uk/lang/**pragmatics**.htm

[٨] Jean Stilwell Peccei ( 1999: 27 )

له رستەی پرسیار و فەرماندا ئەم ماگزیمە لە خودی رستەکان و وەلأمەکانیاندا دەبینرێتەوە بەو واتایەی ئەم ماگزیمە پەیرەوی لێدەکرێت یان دەبەزێنرێت بە پێی ویستی پرساو فەرماندەر یان وەلأمدەر .

٤. دلان : چاکەتە قاوەییەکەم لە کوێیە ؟

ئاران : لە سەر کورسیەکەی باوکمە .

( دلان ) لە رستە پرسیارییەکەیدا ئەو زانیاریانە تەنها دەخاتە روو ،کە ( ئاران ) پێویستێتی بۆ ناسینەوەی ( چاکەتەکەی دلان ) بەمەش رستەی ( ٤ ) پابەندە بە ماکزیمی چەندێتییەوە هەروەها ( ئاران ) یش بە هەمان شێوە رەچاوی ئەوبنەما هاوبەشەی کردووە ، کە درێژکردنەوە نەکات لە وەلأمدانەوەدا و پەیوەست بێت بە ماکزیمی چەندێتییەوە .

٥. دلان : کتێبی زمانەوانییەکەی دیڤد کریستەڵم بۆ بهێنە .

ئاران : نالان بردویەتی .

لە رستەی ( ٥ ) دا( دلان) و ( ئاران ) پابەندن بە ماکزیمی چەندێتییەوە و دلان بە دەستنیشانکردنی ( دیڤد کریستەڵ )تەواوی ئەو زانیاریانەی داوە ،کە پێویستە بۆ ئەوەی کردەی گەیاندنەکەی بەرامبەر ( ئاران ) سەرکەوتوو بێت بە هەمان شێوە (ئاران ) بە ناوهێنانی ( نالان ) مەبەستی ئاخاوتنەکەی گەیاندووە بەبێ لێڵکردن و ئاڵۆزکردنی کردەکە .

## پ. ماکزیمی پەیوەستبوون Relevance Maxim

بۆ ئەوەی قسەکەر و گوێگر هاوکاربن لەکردەی گەیاندنی پراگماتیکیدا دەبێت پەیوەستبن بەو بابەتەوە ، کە کردەی ئاخاوتن و پەیوەندی لێك گەیشتنەکەیان بۆ سازداوە (( مەهێڵە ئەو بەشداربوونانەی سەرکەوتوو نابن لەبری هاوبەشییە ئاساییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان جێگە بگرن ))[٩] .

ئەم ماگزیمە گرنگیەکی زۆری هەیە لە پرۆسەی ئاخاوتن و تێگەیشتندا چونکە قسەکەر و گوێگر بە رووداوی تایبەتییەوە دەبەستێتەوە لە هەمان کاتدا هەردووکیان بۆ ئەو مەبەستە کردەی گەیاندنەکەیان بۆ ئەنجام داوە .

---

[٩] www.universalteacher.org.uk/lang/pragmatics.htm

له رسته‌ی پرسیارو فه‌رماندا به‌شێکی زۆری جێبه‌جێکردنی ڕکێفی ئه‌م ماگزیمه‌ ده‌که‌وێته‌ سه‌ر گوێگر و رسته‌ی وه‌لأمده‌ره‌وه‌ و به‌شێکی که‌متری ده‌که‌وێته‌ سه‌ر جۆر و شێوازی ئه‌و پرسیار و فه‌رمانه‌ی قسه‌که‌ر ئاڕاسته‌ی گوێگری ده‌کات ، واته‌ هه‌لأوێرکردنی بابه‌تی پرسیارو فه‌رمانه‌که‌ ده‌که‌وێته‌سه‌ر پرسا و فه‌رمانده‌ر ،چۆنێتی داڕشتنی پرسیارو فه‌رمانه‌که‌ له‌لایه‌ن قسه‌که‌ره‌وه‌ دیاریده‌كات گوێگر تاچه‌ند پابه‌ند ده‌بێت به‌ په‌یوه‌ست بوونه‌که‌وه‌ .

٦. دلان : بۆچی ناڕۆیت بۆ زانكۆ ؟

ئاران : زۆر نه‌خۆشم .

له‌ ( ٦ ) دا ( ئاران ) په‌یوه‌سته‌ به‌و بابه‌ته‌وه‌ ، که‌ ( دلان ) خستویه‌تیه‌ ڕوو و پرسیاری له‌سه‌ر ده‌كات ، به‌مه‌ش پابه‌ندبووه‌ به‌ ماكزیمی ( په‌یوه‌ستبوون ) ه‌وه‌.

٧. دلان : دانیشه‌ نانمان له‌گه‌لٚ بخۆ .

ئاران : زۆر سوپاس نانم خواردووه‌ .

بابه‌تی باسكراو له‌ ( ٧ ) دا بریتییه‌ له‌ ( نانخواردن ) و له‌ هه‌ردوو رسته‌كه‌دا ( رسته‌ی فه‌رمان و رسته‌ وه‌لأمده‌ره‌وه‌كه‌ی ) فه‌رمانده‌ر و فه‌رمان پێكراو په‌یوه‌ستن به‌ چه‌قی ئه‌و بابه‌ته‌ی كرده‌ی لێك گه‌یشتنه‌كه‌ی بۆ سازدراوه‌

له‌ گفتوگۆكردنێكی ته‌له‌فونیدا هه‌ر یه‌ك له‌ رسته‌كان به‌ شێوه‌ی ( ٨ ) هه‌ولٚده‌درێت بناسیرێته‌وه‌و په‌یوه‌ستبوونیان به‌یه‌كه‌وه‌ بخرێته‌ ڕوو :

٨. له‌ ده‌وروبه‌رێكی فیزیكیدا ( C ) ته‌له‌فونی كردووه‌ بۆ R و جه‌ره‌س لێده‌دات .

R : هه‌له‌و ؟ ( چۆنی ؟ ) { وه‌لأم + هه‌ولٚدان بۆ ناسینه‌وه‌

C: چۆنی ؟ { چۆنی و چاكی كردن + ( R ← C )ده‌ناسێت

{ C هه‌ولٚده‌دات R بیناسێته‌وه‌ }

R: ئا چۆنی ؟ { چۆنی وچاكی كردن }

{ گه‌یشتن به‌ ناسینه‌وه‌ی R بۆ C }[10]

---

[10] Jacques Moeschler ( 2005 : 4 ) ئه‌وه‌ی جێی سه‌رنجه‌ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ Jacques Moeschler دووگرفت ده‌رده‌خات له‌ قسه‌كردندا په‌یوه‌ست به‌ تیۆری په‌یوه‌ست بوونه‌وه‌ ١. گرفتی ڕووداوه‌ دوا به‌دوایه‌كه‌كان : Sequencing Rules ٢..گرفتی لێكدانه‌وه‌ Interpretive Principles

### ت. ماكزيمی شێواز Manner Maxim

گرایس له ناساندن و دەستنیشان كردنی ئەركی ئەم ماگزیمـه لـه رسـته و كـردەدا چوار خاڵی دیاری كردووه :

- دووركەوەرەوە لە شاردنەوە
- دووركەوەرەوە لە لێڵی
- ئازا و چاونەترس بە
- ڕێكخراو بە[11]

ماكزیمی شێواز گرنگی دەدات بەو ڕێگەیەی ،كە دەربڕینەكەی پێدەربڕاوه ، بەڵام سێ ماگزیمەكەی تر گرنگی دەدەن بە ناوەڕۆكی ئاخاوتنەكه و بـڕی ئـەو هاوبەشـیانەی تێیـدا كراوه .

٩ .دلان : دوێنێ كارەكانی منت تەواو كرد؟

ئاران : نەخێر كارەبا كوژایەوه .

لـه رسـتەی پرسـیاری (٩ ) دا پرسـا بـه ڕوونـی و بـێ لێڵـی پرسـیارەكەی ئاڕاسـتەی پرسیارلێكراو كردووه و ماكزیمی شێوازی جێبەجێكردووه هـەروەها پرسـیارلێكراویش بـه هەمان شێوه به ئاشكرایی و بێشاردنەوه توانیویەتی رستەكەی گۆبكات و پەیوەست بێت به ماگزیمەكەوه و ئەم ماگزیمه له رستەی پرسیار و وەڵامەكەیدا جێبەجێ دەكرێت .

له رستەی فەرمانیدا ماكزیمی شێواز دەتوانرێت جێبەجێ بكرێت له رستەی فەرمانەكـه خۆی و كاردانەوەكەشیدا وەك له رستەی (١٠ ) دا دیاره :

١٠. دلان :بابچین بۆ مۆزەخانه .

ئاران : ببوره ئمڕۆ ناتوانم ، زۆر ماندووم

[11] Stephen C. Levinson ( 1983 : 101 )

## بەزاندن و لادان لە ماگزیمەکان لە رستەی پرسیاری و فەرماندا

گرایس ئەوەی دیاریکردووە ،کە هەر چوار ماگزیمەکە پێکەوە لە رستەیەکدا نایەن و بە لادان و بەزاندنی ئەو ماگزیمەی لە رستەکەدا ئامادەبوونی دەبێت پەنامەکی و بەپەنهانی دەربڕین لە رستەکەدا درووست دەبێت چونکە بە تێپەڕاندنی هەریەك لە ماگزیمەکان بڕی ئەو زانیاری و کردانەی ،کە دەگوێزرێنەوە لە کردەی لێکگەیشتنەکەدا دەئاخنرێنە ناو واتای پراگماتیکی رستەکەوە و هەندێك جار قسەکەر ڕەنگە (( پاشەکشێبکات لە پێشبینی ماگزیمەکان بۆ بەرپرسیارنەبوون لە وەڵامی پرسیارێك .... هەر بەزاندنێکی ماگزیمەکان سروشتیانە بەرەو بیرێکی شاراوە و پەنامەکیی دەمانبات لە ئاخاوتندا ))[١٢].پەیوەست بە بەزاندنی هەریەك لەم ماگزیمانەوە قسەکەر دەزانێت ،کە کام لە ماگزیمەکان تێپەڕاندووە ، بەڵام گوێگر بڕیاردەدات لەسەر ئەوەی تێپەڕاندن بووە یان نەبووە و بەزاندنەکانیش دەناسێتەوە و بەو پێیەش وەڵامەکانی ڕێك دەخات گرایس چوار زاراوەی بۆ لادان لە ماگزیمەکان بەکارهێناوە :

١. بەزاندن **Violating** : کەسی لادەر لە ماگزیمەکان بەلایە ئەو لادانەی دەیکات زۆر سەرنج ڕاکێش نییە .

٢. پاشەکشێکردن **Opt out** : ئەم ڕێگایە بۆ ڕون کردنەوەی تەرزی(pattern)بەخشکەیی دەربڕینەکەیە و ئەوە دەردەخات ،کە لەوەو دوا قسەکەر پابەند نییە بە ماگزیمەکانەوە .

٣. پێکدادان **Clash** :لەم بارەدا دەبێت ئاگاداری ئەوە بین ،کە پابەست بووین بە ماگزیمێکەوە لە ماگزیمێکی تر لانەدەین چونکە هەر لادانێك لە ماگزیمێك دەبێتە هۆی دروستبوونی پەنامەکیی واتایی کاتێك ڕەچاوی پابەندبوون دەکەین بە ماکزیمی چەندێتییەوە نابێت بەزاندن بکەین لە ماکزیمی چۆنێتی .

٤. **Flout** : لادانە لە ماگزیمەکان و بەتەواوەتی بە پەنامەکیەکەی تێدا دەبینرێتەوە.

لە پەنامەکیدا دەبێت هەریەك لەم شێوانە ڕەچاوبکرێت چونکە بەهۆی هەریەك لەم دیاردانە هەنگاوەکانی بە پەنامەکیی دیاریدەکرێت و دەتوانین لادانەکانیش بەم شێوانەی خوارەوە ببینینەوە .

---

[١٢] George Yule ( 1996 :38 )

### أ. لادان له ماكزيمی چۆنێتی Flouting Quality Maxim

له رستەی پرسیاریدا رستەی وەڵام دەتوانێت ئـەم ماگزیمـە ببـەزێنێت وەك لـە ( ١١ ) دا دەردەکـەوێت چـونكە لـە رسـتەی پرسـیاردا ناتوانرێـت ڕاسـتی یـان ناڕاسـتی دیاریبكرێت .

١١ . باوك : دایكت له كوێیه ؟

منداڵ : وابزانم یان لەبەردەرگایه یان له ماڵی خاڵمه .

١٢. خاوەن ماڵ : مریشك بخۆ.

میوان : ئەترسم ئەنفلوەنزای باڵندەی پێوە بێت .

به هەمان شـێوەی رستەی پرسـیار ، رسـتەی فـەرمانیش لـە وەڵام و كاردانەوەكەیدا بەزاندنەكە دەردەكەوێت وەك له وەڵامی (میـوان)ەكـە بـۆ ( خـاوەن مـاڵ ) ،كـە شـتێكی دەربڕیوە ڕەنگه ڕاست نەبێت و لێی دڵنیانییه له هەمان كاتدا بەڵگەی ڕاستێتی قسەكانی پێنییه .

### ب. لادان له ماكزیمی چەندێتی Flouting Quantity Maxim

هەندێك رسته لـە زمـانی كوردیـدا بـەهیچ جۆرێـك هـەڵگری مـاكزیمی چـەندێتی نییـە و هەڵگری واتای پیتی نییه وەك ( رستەی تۆتۆڵـۆجی .كـوڕ هـەركوڕە .....درۆ هـەر درۆیـە .....هتـد ) ، بـەڵام لـە رسـتەی پرسـیاردا ، رسـتە پرسـەكە و رسـتە وەڵامدەرەكەشـی بەزاندنیان تێدا ڕوو دەدات به پێی ویستی قسەكەر و پرسیارلێكراو .

١٣ .دلان : دوێنێ بـە كراسـی قـاوەیی و پـانتۆڵی ڕەشـەوە لای مـاڵی پورمـەوە چـیت دەكرد ؟

ئـاران : چـووم بـۆ مـاڵی خـاڵی دایكـم ئـەوەی ماڵیـان لـە تـوویی مەلیكـە بەرامبـەر ئامادەیی هەوار .

ئەوەی لەم گفتوگۆیەدا بەپەنهانی دەردەكەوێت ئەوەیە مەبەستێك له پـشت قـسەكانی قـسەكەرو گوێگرەوەیـە ( ئـەویش ئەوەیـە چـونی (ئـاران ) بـۆ ئـەو ناوچـەیە شـتێكی لـە پشتەوەیە ،كە( دلان) ی لێی بەگومان كردووە هەروەها وەڵامی ( ئاران)یـش بـۆ ( دلان ) بەهەمان شێوە هەڵگری واتای پەنامەكی ( ئەوەی تۆ بۆی چویت هەڵەیە و وانییە من بـۆ ئەو شوێنە نەچووم ،كە تۆ لە خەیاڵتدایە )

١٤ . ا.بـاوك : فەرشـە سـورەكەی مـاڵی نازدارخـانی دراوسـێمان ،كـە بـۆ كـچە تاقانەكەی كڕیبوو دواتر دای بە ئێمە بهێنە بۆم.

ب. كچ : دوێنێ بە ١٠٠ دۆلار فرۆشتمان .

پ.كچ : ئەو فەرشەی مۆرانە لاكانی داڕزاندبوو و كۆنەی هەزار ساڵ لەمەوپێش بـوو لە رستە فەرمانیدا دەكرێت وەڵامدانەوەكـە لەشـێوەی قـسەكردندا بێـت یـان لـە شـێوەی ڕەفتار و ئاماژە ،كە دەكرێت لە هەریەكێكیاندا پەیوەست بێت بە ماكزیمی چـەندێتییەوە یان بیبەزێنێت ، هەروەها رستەی فەرمانەكەدا پەیوەست بـوون و بەزاندنەكـە بـە ڕوونـی دەردەكەوێت و فەرماندەر هەندێك جـار لەسـەروو واتـای فەرمانكردنەكەیـەوە پەنامـەكیی رستەكەی بـە واتایـەكی تـر دەئـاخنێ وەك لـە ( ١٤ .ا) دا دەركـەوتووە، كـە ( بـاوك ) { فەرمان + سووككردن }ی بەكارهێناوە لە كاتێكدا لە ( ١٤ . ب ) دا ( كچ ) جـارێكی تـر پەیوەست دەبێتەوە بە ماگزیمەكەوەو بە ( بە ١٠٠ دۆلار ) كاریگەری ( سـووككردن )ەكـە ڕادەگرێـت و لــە ( ١٤ . پ ) دا فــەرمانپێكراو لادەداتــەوە لــە مــاكزیمی چــەندێتی و ( سووككردن )ەكە زیاتر دەردەخات .

## پ. لادان لە ماكزیمی پەیوەستبوون Flouting Relevance Maxim

بەزاندنی ئەم ماگزیمە لە سێ ماگزیمەكەی تر گرانترە چونكە وەڵامـدەرەوەی رسـتەی پرسـیار و فـەرمان دەبێـت بـە شـێوەیەك خـۆ دزرەوە بێـت لـە پرسـا و فەرمانـدەر ،كـە ڕەچـاوی پەیوەنـدی نێـوان قـسەكەر و ئـەو بابەتـەی باسـكراوە بكـات لەگـەڵ پلـەی كۆمەڵایەتی فەرماندەر و پرسـا چونكە قـسەكەر پێـشنیازی ئـەوە دەكـات ، كـە گـوێگر هاوبەشـی بكـات و لـە هـەمان كاتـدا كـردەی گەیانـدنی شـتێكی هەیـە ، بـەڵام بـەهۆی تێپەڕاندنی ماگزیمەكەوە گوێگر دەبێتـە هـۆی بـچڕاندنی ئـەو هاوبەشـیكردنەی لـە نێـوان قسەكەر و گوێگردا هەیـە و لـە رسـتەی پرسـیاردا گـوێگر بەچـەند شـێوەیەك دەتوانێـت ماگزیمەكە ببەزێنێت وەك لە نموونەی ( ١٥) دا ڕوونكراوەتەوە.

١٥ .ا . دلان : ڕات چۆن بوو دەربارەی كۆڕەكەی دوێنێ؟

ب. ئاران : شانۆگەریەكەی ئەمشەوت بینی ؟ (بە پرسیار )

پ .ئاران : با بچینە ژوورەوە. (بە فەرمانكردن )

ت . ئـاران:بێـدەنگی— گـۆرانی وتـن لەبـەر خـۆوە— خۆمەشـغوڵكردن...(خۆكـەڕكردن و وەڵامنەدانەوە)

١٦ . ا . دلان : شەممە دەفتەری ماتماتیكەكەتم بۆ بهێنە .

ب. ئاران : مامۆستا ئەنجامی تاقیکردنەوەی زیندەورزانی بۆ خوێندینەوە .

پ .ئاران : بێدەنگی– گۆرانی وتن لەبەر خۆوە– خۆمەشغولکردن...(خۆکەرکردن و وەلامنەدانەوە)

ت . ئاران : کەی بچین بۆ سەیرانەکە؟ (بە پرسیار )

ج . ئاران : بابرۆین بۆ ماڵی نالان . (بە فەرمانکردن )

وەك لە نموونەی (١٦) دا دەردەکەوێت چەندەها رێگە هەیە بۆ بازدان بەسەر ماکزیمی پەیوەستبووندا ، بەڵام هەریەك لە نموونەکانی ( ١٥ ، ١٦ ) پلەی کۆمەلایەتی نێوان قسەکەر و گوێگر نزیکە ، بەڵام لە کاتیکدا پلەکان بگۆرێن بۆ بەرز و پلەی نزم ئەو کاتە شیوازی لادانەکە بە ئاسانی نابێت بۆ نموونە کاتێك سەرۆك کۆمارێك پرسیارێك یان فەرمانێك دەکات دەبێت گوێگر بە لێهاتووییەوەو لادانەکەی جێبەجێ بکات بەبێ بریندارکردنی پلە کۆمەلایەتییەکە .[١٣]

### ت. لادان لە ماکزیمی شێواز Flouting Manner Maxim

بەزاندنی ئەم ماگزیمە لە رێی ئەو شێوازەی دەربرینی ئاخاوتنی قسەکەرو گوێگرەوەیە بە دوورکەوتنەوە لە روونی زانیاری گۆرینەوە و ئاشکرانەکردنی کردە قسەییەکان و هەندێك جار گۆرینەوەی زانیاری بە شێوەیەکی هەرەمەکی لە پرۆسەی لێکگەیشتنەکەدا بەمەش پەنامەکیی پەیوەست بەو لێڵی و نەخستنەرووییەوە دەردەکەوێت.

١٧ . دلان : نامەکانی منت پێگەیشت ؟

ئاران : دوو پۆستم بەدەست گەیشتووە لەگەڵ کارتۆنێکی رەشدا .

لە ( ١٧ ) ، ( ئاران ) ئاشکرا نەیخستۆتە روو ،کە (نامەکانی ئاران ) ی پێگەیشتووە بەڵکو بە نادیاری ( دوو پۆست و کارتۆن) ێك دەهێنێت ناوەوە ، کە رەنگە نامەکانی ( دلان ) بن یان نەبن

١٨ .دلان : نامەکانم بەرە بۆ لای بەرێوەبەر

ئاران : نامەی ژوورەکەتانم هەمووی بەیەکەوە برد .

---

[١٣] لەبەشی سێیەمدا ماگزیمەکانی رێزگرتن دەخەینە روو ،کە تایبەتن بە پلەی رێزگرتن و پلە کۆمەلایەتییەکان

له رستەی فەرمانی ( ١٨ ) دا ( ئاران ) بە شاراوەی و ناڕێکخراوی ( نامـە ) ەکـان دەناسێنێت ، کە ڕەنگە (نامە)ەکەی ( دلان )لە ناو نامەکاندا نەبێت .

فیـنچ بەزانـدن و لادان (Flouting , Violating ) جیادەکاتـەوە بـەپێی ئـەو کەرەسـتانەی لــە نــاو ئاخاوتنــدا هەیــە مــاگزیم دەبــەزێنرێت (Violating ) واتــا پێکەوەبەستنەوەی کەرەستەکانی ناو رستە بـەم هۆیـەوە نـاوکۆی و پێکـەوەبوونیان بـۆ ئـەو واتایـەی کـردەی لێکگەیاندنەکـە هێنـاونی دەسـت نـادەن و لـە پـشت مەبەسـتێکی دیاریکراوەوە خۆیان دەشارنەوەو بەمەش ڕاستەوخۆ هاوبەشیکردنەکە لە نێوان قـسەکەر و گوێگردا باری سروشتی خۆیان دەگۆڕێت بۆ قوڵبوونەوە لـە مەبەسـتی ئـەوەی وتـراوە وەك لە ( ١٩ )دا ڕوونکراوەتەوە .

١٩ . دلان : هێشتا نەچوویتەتەوە ماڵەوە ؟

ئاران : ئئئئئممم ،کتێبی چاکە .

لەلایـەکی تـرەوە لادان ( Flouting ) بـە هێواشـی لـە مـاگزیم لادەدات بـەهۆی ئەمەشەوە گوێگر بە هێواشی دەگاتە ئەو شاراوەییەی لە ناو رستەدا هەیـە و هەریـەك لـە ماگزیمەکان ئەم حاڵەتەیان تێدا ڕوودەدا ، بەڵام بـۆ بەزانـدن زیـاتر تێپەڕانـدنی مـاکزیمی پەیوەست بوون دەیگرێتەوە وەك لە نموونەی ( ١٩ ) دەرکەوتووە وهەندێك جار ماکزیمی شێوازیش دۆخی بەزاندنی تێدا ڕوودەدات وەك لە نموونەی ( ٢٠ ) دەیخەینە ڕوو .

٢٠ .دلان : با شتێك بۆ خواردن بکڕین .

ئاران : من دەڵێم با ئا .ی .س . ك . ر . ی. م بکڕین

لێـرەدا دەبیـنین هەرچـوار مەرجەکـەی پەیوەسـت بـوون بـە مـاکزیمی شـێوازەوە بەزێندراوە بەمەش رستەکە لە باری بەزاندندایە و ( ئاران ) بەتەواوەتی لێڵی و شـاراوەیی بە قسەکانی داوە بۆ ئەوەی ئەو کەسەی کە لە نێوان ( دلان ) و ( ئاران ) دایە– کـە بـە پۆسـەیەکی ئـەنافۆری بەسـتراوەتەوە لـە نێوانیانـدا – مەبەسـتی قـسەکردنەکانیان نەناسـێتەوە و دەتـوانین تێپەڕانـدن و بەزانـدن بـەم شـێوەیە پێناسـە بکـەین :(قـسەکەر بـەهۆی لادان و بەزاندنەکانـەوە دەیـەوێت شـتێك بگەیـەنێت بـەهۆی X ەوە ،کـە ئـەو مەبەستە لە خودی X دا ناتوانرێت بووترێت. )بەزاندنی هەریـەك لـەم ماگزیمانـە دەبێتـە هۆی دروستبوونی بە پەنامەکی هەروەها بە پەنامەکی سەرباری تێپەڕانـدنی ماگزیمـەکان لە کارلێکی سێ هۆکاری تریشەوە پەیدادەبێت

(( ١ . پێشنیازکراوەکە بەپەنهانی دەربکەوێت لە گوتەدا

٢. هەندێك لە سیماکانی دەوروبەر لە گوتەکاندا دەرکەوێت

٣. بەگریمانـە دانـانی ئەومەبەسـتەی ،کـە قـسەکەر پابەنـدی دەبێـت لـە یاسـا ئاخاوتنیەکانـدا)) [١٤]. ( بـاوك : کـوا سـاردەمەنیەکان ؟ / دایـك : بـالبراد دیـارە لـەم نموونەیەدا دایك پەنایبردۆتە بەر شـێوازیکی جیـاواز لـەوەی ( منالّـەکان ) پێـی ئاشـنان ئەمەش بەمەبەستی ئـەوەی(منداڵـەکان) لەئاخاوتنەکـەی باوکیـان ودایکیـان تێنەگـەن [١٥] و بەشاراوەی پەنامەکییەك بهێننە ناوەوە ).

٢١.وتت چۆن ئەو هەموو ملیۆنە دۆلارەت دەستکەوت؟ ( p واتای رستەکەیە لـەرووی سیمانتیکییەوە)

<+مـن بـاوەرِم بەورێگایـە نییـە ، کـە تۆدەڵێـت ئـەو پارەیـەم پـێ بەدەسـتهێناوە.

( $q$ واتا پەنامەکییەکەیە ، یان ئەنجامی بەدەستهاتووە )

بەم پێیە لە(٢١) دا قسەکەری زمانی کوردییش دەتوانێت لـەرێی دەربرینـی (p) ەوە بە پەنامـەکی ($q$) دەربـبرێـت هـەروەها پەیوەسـت بـەو بنەمایانـەی گـرایس دایرشـتووە زمانەکە رێگە دەدات هاوبەشی کردن لە نێوان قسەکەر و گوێگردا هەبێت بـۆ دەرخـستنی بە پەنامەکی ($q$) ئەمەش لە رێی سێ مەرجەوە دەبێت ،کەبۆ قسەکەر دیاریدەکرێت .

٢٢ . مەرجەکانی پابەند بوونی قسەکەر بە دروستبوونی بەخشکەییەوە :

أ– گومـانی ئـەوە دەکرێـت قـسەکەر بەشـداری ماگزیمـەکانی نـەکردووە یـان بەلایـەنی کەمەوە بەشداری پرنسیپەکانی هاوبەشیکردنی نـەکردووە وەك لـە نموونـەکانی لادان لـە ماگزیمەکاندا خستمانە روو .

ب– لە کاتێکدا گومانی (١) رێکدەخرێت دەبێت پێشنیازی ئەوە بکرێـت ،کـە قـسەکەر بیر لە ($q$) دەکاتەوە لەکاتی گفتوگۆکردن و دەربرینی (p) دا .

پ – قـسەکەر بـە شـێوەیەك بیردەکاتـەوە ، کـە خـۆی و گـوێگر بـە باکگراونـدێکی فراوانەوە دەزانن باس لەو گومانە دەکرێت ،کە لە ( ١ ) دا هاتووە و پێشیان وایە ، کـە( $q$) لە راستیدا پێویستییەکە دەبێت لە کردەی لێکگەیشتنەکەدا هەبێت چونکە بە گومان دانەنانی پرۆسەکە هەڵدەوەشێنێتەوە و بە پەنامەکیەکە نایەتە دی[١٦].

---

[١٤] www.universalteacher.org.uk/lang/pragmatics.htm

[١٥] زۆرجار دایکو باوك پەنا دەبەنە بەر زمانێکی جیاواز بۆ ئەوەی ،کە کەلێنێك لە تێگەیشتنی منداڵەکانیاندا درووست بکەن

[١٦] بۆ زانیاری زیاتر بروانە Stephen C. Levinson ( 1983 : 101 ) و Daniel R. Boisvert (1999:38 )

بۆ رستەی پرسیار و فەرمانیش قسەکەر بە هەر سێ خاڵەکەوە بەستراوە بۆ بەدیهێنان و دەرکەوتنی واتای شاراوە و حەشاردراو لای گوێگر وەك لە نموونەی ( ٢١ ) دا دەرکەوتووە و دەتوانین لەم نموونانەی تردا ڕوونتر ئەو کارکردنە بخەینە ڕوو :

(لە دەوروبەرێکی ئەبستیمکی و فیزیکیدا دوو کەس ، کە لەوەو پێش یەکتریان ناسیوە بۆماوەیەکی دوور یەکتریان نەبینیوە و هەواڵی یەکتر نازانن بەم شێوەیە ئاخاوتنی نێوانیان ڕوودەدات :

٢٣ . چییە کوڕی باش لێمان ناپرسیتەوە؟ (p )

<+ شتێك هەیە لە ئێمە گرنگترە یان بێ ڕەحمیتە وات لێدەکات لێمان نەپرسیتەوە . ( $q$)

لە دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی و فیزیکیدا کەسێك لە فەرمانگەیەکە و پلەی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتەکەی وای لێدەکات بتوانێت هەندێك تێبینی بدات

٢٤ . بۆ کاغەزەکانیش لووشنایەیت ؟ لە دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی و فیزیکیدا

<+ کۆمەڵە شتێکی تریش هەبووە پێش ئێستا تۆ بردوونت یان دزیونت . ( $q$)

لە دەوروبەرێکی دەروونی و فیزیکیدا دەتوانرێت فەرمانێکی لە شێوەی ( ٢٤ ) بکرێت

٢٥ . هەرئەوەم مابوو ئەویش بەرە . (p )

<+ هەمووشتەکانی تریشم تۆ لێتزەوتکردووم ومن ناڕازیم لەوەی تۆ بەرامبەرم دەیکەیت.( $q$)[١٧]

وەك لە نموونەی ( ٢١ ) و نموونەکانی تردا ڕوونمان کردەوە بەپێویستێتی پابەندبوونی قسەکەر بە مەرجەکانەوە لەبەرامبەر ئەمەشدا گوێگریش پێویستی بە چەند هەنگاوێك هەیە بۆ پابەندبوون بەو واتایەی ( بۆ ئەوەی گوێگر توانای هەبێت بە پەنامەکی ( $q$) لە دەربڕاوی (p ) لێکبداتەوە ئەوا دەبێت گوێگر بزانێت یان باوەڕی هەبێت بەوەی مەرجەکانی پابەندبوونی قسەکەر دەزانێت) [١٨] هەروەها لە چەند خاڵێکدا دەبێت بەشداریبکات لەگەڵ قسەکەردا:

٢٦ .مەرجەکانی پابەند بوونی گوێگر بە پەنامەکییەوە :

أ- ناوەرۆکی باو ( تەقلیدی ) بزانێت ،کە لە رستەکانی (p ) دا گۆکراوە .

---

[١٧] دەکرێت رستەکان ( ٢٢ ،٢٣,٢٤ ) لە دەوروبەرە جیاجیاکاندا واتاو مەبەستی تر لە خۆ بگرن .

[١٨] بڕوانە ( یاسای ٢٢ )

ب-	بنەماكانی هاوبەشیكردن و ماگزیمەكانی بزانێت .

پ - دەبێت (p ) پەیوەست بێت بە دەوروبەرەوە

ت-	زانیاری و باكگراوندی هەبێت

ج- ( ١ ) و ( ٤ ) زانیارییەكی فراوانە ، كە قسەكەر و گوێگر تێیدا بەشدارن .٠

بەم پێیە تەرزی گشتی ( Pattern ) بۆ بەرهەمهێنانی بە پەنامەكی بریتیی دەبێت لە:

٢٧ . ا . قسەكەر (p ) وتووە .

ب . هیچ هۆكارێك نییە وامان لێبكات لەو باوەڕەدابین ،كە قسەكەر هاوبەشی لەماگزیمەكاندا كردووە هیچ نەبێت بەشداری لە پرنسیپەكانی هاوبەشیكردندا كردووە .

پ . دەبێت قسەكەر بیر لە ( $q$) بكاتەوە .

ت .قسەكەر دەبێت بزانێت كە پێشنیازی ( $q$) یەكی فرە زانیاری دەكات و ئەمەش وای لێدەكات هاوبەشی بەو فرە زانیارییە بكات .

ج . قسەكەر هیچ شتێكی نەكردووە بۆ ئەوەی گوێگر بوەستێنێتەوە لەوەی بیر لە( $q$) بكاتەوە ( واتا دەرینەخستووە ،كە ئەو نایەوێت گوێگر بیر لەو واتا شاراوەیە بكاتەوە .)

ح .لەگەڵ ئەوەشدا قسەكەر هانی گوێگری داوە بۆ ئەوەی بیر لە($q$)بكاتەوە بەوەی پێیدەڵێت " (p ) بە پەنامەكی و پەنهانی ( $q$) دەردەبڕێت"[١٩]

بەم پێیە لە زمانی كوردیشدا بەهەمان شێوە هەریەك لە پرنسیپەكانی بە پەنامەكی كاردەكات بە تایبەتی لە رستەی پرسیارو فەرماندا وەك لە نموونەكانی پێشوودا روون مانكردەوە.

[١٩] ئەم یاسایانە لە تیۆرییەكان گرایسەوە دەرهێنراون و Stephen C. Levinson لە شێوەی یاسادا داڕشتوونەتەوە .

## پەرژینەکان[20] لە رستەی پرسیار و فەرماندا

لـە شـیکردنەوەی پەنامەکیـدا دیاردەیـەکی تـری پراگمـاتیکی دەردەکـەوێت ، کـە بـە پەرژینــەکان ناودەبرێــت و بــاری پەشــیمان بوونــەوەو پاشــگەز بوونــە بــۆ پەنامــەکی و پەنهانییەکە دەرەخسێنێت ((بە لۆژیك کردنی وشەکانە بۆ ئەوەی قسەکەر ئاشکرابێت لـە ڕاکانی یان خۆدزەرەوە بێت لێیان))[21] .

٢٨. دلان : دلان شووی کردوە ؟

ئاران : ڕەنگە هەڵە بم ، بەڵام وابزانم ئەڵقەی دەزگیرانیم لە دەستیدا بینی .

لە رستەی ( ٢٨ ) دا ( ئاران ) بە پەنهانی و پەنامەکی کـەلێنێکی بـۆ پاشـگەزبوونەوە لە ناو قسەکانیدا هێشتوێتەوە بـە بـەکارهێنانی ( ڕەنگـە مـن هەڵـە بم ) بـۆ ئـەوەی خـۆی بپارێزێـت لـەوەی بۆچـوونەکەی ڕاسـت نـەبێت بەمـەش پـەرژینێکی بـۆ ئاخاوتنەکـەی بـەکارهێناوە ، کـە لـە کـاتی ڕاسـت نـەبوونی دەربڕینەکانیـدا لێـی پەشـیمان ببێتـەوە و قسەکانی زیاد لە پێویست بە کۆمەڵ واتایەك بارنەکرێن لێرەدا پەرژینەکان ڕێگرن لەوەی واتای دیکە سەرباری واتا سـەرەکییەکە بکـەن و ئـەو وشـانەش ،کـە بـۆچ ئـەم دیاردەیـە بـەکاردەهێنرێن وەك پـەرژینێك ڕۆڵ دەبیـنن بـۆ سـنووردارکردنی واتـای مەبەسـتی نـاو ئاخاوتنەکە .

٢٩. داوای لێبوردن دەکەم بابەتەکە دەگۆڕم ، بەڵام وا بزانم کاتی نوێژە. قسەکەر لـە رستەی ( ٢٩ ) دا داخوازی ئەوە دەکات ، کە بڕۆن بـۆ نوێـژکردن لێـرەدا ئامادەبووەکـان دەتـوانن قـسەکەر بـە ئاگابهێننـەوە لـەوەی کاتەکـەی لـێ هەڵـە بـووە و هێـشتا کـاتی

---

[20] زاراوەی (پەرژین ) بەرامبەر زاراوە ئینگلیزیەکە داماننناوە لەبەرئەوەی لە زمانی کوردیدا زۆرجار دەستەواژەی ( پەرژینێکی قایمبێت لە ڕووت ) بەکاردەهێنرێت بەمەبەست ئەوەی قسەکەر پەشیمان ببێتەوە لەو مەبەستەی ، کە لە ناو دەربڕینەکەدایە یان خۆی بەدوور بگرێت لە لایەنە نێگتیڤییەکانی ئەو قسەیەی کردوویەتی و سەرجەمی ئەو کەسانەی لە دەوروبەری قسەکەرن بەهۆی ئەو دەستەواژەیەوە دەپارێزرێن لە مەبەستە خراپەکانی ئەوەی قسەکەر وتویەتی و هەرکاتێك ڕووبەڕووی ئەم لایەنەخراپە کرایەوە دەتوانێت بەهۆی ئەو دەرکردنەی گوێبیستان لە ناو گفتوگۆکەدا قسەکەر خۆ دزەرەوە بێت لە دادکردنی لە هەمان کاتدا قسەکەر ئەوەش بە گوێگر دەڵێت ، کە ئەم قسەیەی من دەیکەم خراپەیەکی تێدایە ئاگاداربە و بزانە سنوری پەرژینی ئەم ئاخاوتنەی من تۆ دەگرێتەوە و تۆ لەو جۆرە ، کەسانە نییت .

[21] George Yule (2000: 38 )

نوێژکردن نەهاتووە ، بۆ ئەمەشە قسەکەر پەرژینێکی بۆ قسەکانی کێشاوە بەهۆی (وابزانم )ەوە ، کە نیشانی دەدات زۆر بێگومان نییە ، کە کاتی نوێژەکە .

لە زمانی کوردیدا رستەی پرسیار لە زۆربەی دەوروبەرەکاندا ئەم دیاردەیەی تێدا دەبینرێتەوە بەتایبەتی لەو کاتانەدا ،کە پرسا ڕێگەی پێنەدراوە پرسیار لە بابەتێکی دیاریکراو بکات بە هەمان شێوە رستەی وەڵامدەریش دەتوانێت ئەم دیاردەیەی تێدا دەشتنیشان بکرێت ، هەروەها دەکرێت ئەم دیاردەیە لە هەمان کاتدا لە رستەی پرسیار و وەڵامەکەشیدا هەبێت وەك لە نموونەی (٣٠ ) دا دەردەکەوێت .

٣٠ . دلان : تۆبڵێی فایلەکان چییان لێهاتبێت ؟

ئاران : نازانم، ئەگەر ئەوە ڕاست بێت ، کە ئازاد دزیوونی .

لە نموونەی ( ٣٠ ) دا دەرکەوت ،کە پەرژین لە رستەی پرسیاریدا زیاتر لە رستەی وەڵامدەری پرسیارکەدا دەردەکەوێت .لەلایەکی دیکەوە لە رستەی فەرمانیدا هەمان باری رستەی پرسیاری بەسەردا جێبەجێ دەبێت ، ئەگەر فەرمانەکە ڕاستەوخۆ بوو ، بەڵام بۆ فەرمانی نا ڕاستەوخۆ دەکرێت رستەی فەرمان و وەڵامەکەشی ئەم دیاردەیە لە خۆبگرن.

نموونەکانی پەرژین ئەوە دەردەخەن ، کە قسەکەر و گوێگر هوشیاری و زانینیان هەیە دەربارەی ماگزیمەکان و لە هەمانکاتیشدا خزمەتی دەکەن و هەندێك جاریش ئەم بەشداریکردنە (( وا دەکات قسەکەر هەست بەوە بکات گوێگر دادگای دەکات بۆ ئەوەی هاوبەشی بکات لە ئاخاوتندا ، بەڵام هەندێك بارودۆخ وا دەکات قسەکەر نەتوانێت بە دوای پێشبینیەکانی پرنسیپە هاوبەشەکاندا بڕوات ))[٢٢] و هەندێك جار لەکاتی ئاخاوتندا قسەکەر ڕەنگە پاشەکشێ بکات لە پێشبینی ماگزیمەکان بەهۆی هەندێك دەستەواژەی ئامادەکراوەوە ( نامەوێت قسەی لەسەربکەم ، نازانم چۆن ، ڕەنگە هەڵەبم ، بم بەخشە ، پێم وایە ، بەهەر حاڵ ........ هتد ) .

[٢٢] George Yule (2000: 39 )

## تایبەتییەکانی پەنامەکی لەرستەی پرسیار و فەرماندا .

بە پێی گریمانەکاری پەنامەکی لەپراگماتیکدا چەند تایبەتییەك هەیە ، کە لە دیاردەکانی تری وەك ( گریمانەی پێشینەو ئینتەیڵمێنت ) جیای دەکاتەوە و ئەم تایبەتیانە دەبنە سیمای جیاکەرەوە ، کە لە ناو رستەکانی پرسیار و فەرمانیشدا دەناسرێنەوە و بۆ هاتنەدی بەخشکەییەك تیایاندا دەبێت جێبەجێ بکرێت ،سیما جیاکەرەوەکانی بە پەنامەکی بە پێی دەوروبەر جیاوازەکان دەگۆڕێن ، هەروەك چۆن مەبەستەکان تیایاندا دەگۆڕێن و لە رێی زانیاری هاوبەشی نێوان گوێگر و قسەکەرەوە لێتێگەیشتنەکانیان بە ئەنجام دەگەن

١. **پەنامەکییەکان بەرجەستەنین** [٢٣] : بەشێوەیەك نادیارن لە ناو رستەکاندا ، کە ناتوانرێت شێوەکانیان دیاری بکرێت واتا فۆرمێکی ئاشکرایان نییە لە ناو رستەدا و لەشێوەی رستیلەیە یان وشەی دیاریکراو دەرناکەون تا لەو رێیەوە بناسرێنە ودەست نیشان بکرێن بەڵکو لە رێی دەوروبەر و ئاماژە کارییەکانەوە لێکگەیشتنەکە روودەدات و کردەی گەیاندنەکە سەرکەوتوو دەبێت و جۆری پەنامەکییەکەش دیاری دەکرێت بە جۆرێك ، کە (( بە پەنامەکی کاتێك دیارنامێنێت ،کە بە تەواوەتی لە دەوروبەر دابڕێت و بەبێ تێهەڵکێش بوونی ئاماژەکان لێکگەیشتنەکە بەتەواوەتی ناگات ))[٢٤] و لە هەردوو رستەی پرسیار و فەرماندا سیمای جیاکەرەوەی (هەڵوەشاندنەوەو نابەرجەستەبوون ) لە پرۆسەیەکی تەواوکاریدان واتا لە کاتێکدا پەنامەکیی نابەرجەستەیە توانای هەڵوەشاندنەوە و پەشیمان بوونەوەشی هەیە .

٣١ . ئاران :مامت مەڕ و ماڵاتەکەی کوتاوە ؟

+> مامت مەڕ و ماڵاتەکەی نەخۆشە .

دلان : بەڵێ سێ مەڕیشی چاکبۆتەوە .

+> مامم لە سێ مەڕ زیاتری هەیە .

لە رستەی ( ٣١ ) دا وەڵامی پرسیاری ( ئاران ) دراوەتەوە ، بەڵام لە هەمان کاتدا بەخشکەی خۆی لە پرسیاری ( ئەی چەند مەڕی هەیە و چەندیان چاکبوونەتەوە ؟) دەربازکردووە بەوەی (دلان ) ژمارەی مەڕەکانیشی دیاریکردووە–بەبێ پرسیارکردن

---

[٢٣] زاراوەکە لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی Cancellable و زاراوەی Defeasible بۆ بەکارهاتووە وەك پرۆسەیەکی تەواوکاری لە نابەرجەستەبوونەوە بۆ هەڵوەشانەوە .

[٢٤] Stephen C. Levinson ( 1983 : 114)

لێیــان– لــە وەڵامــی پرســیارەکەی(ئــاران) دا و ئەمــەش ئــەو دیارنــەبوون و نابەرجەستەییەی بە پەنامەکی دەخاتە ڕوو هەروەك لە بە پەنامەکی‌ەکەی ( ئاران ) یشدا دەردەکـەوێت ،کـە لـە شـێوەی فـۆرمێکی زمانیـدا لـە رسـتەکەدا نییـە و بـە پێـی ئـەو باکگراوندە ئەبستمکیەی لـە نێوان قسەکەر و گوێگردا هەیـە مەبەسـتەکان لـە کـردەی لێکگەیـشتنەکەدا دەردەکـەوێت ، هـەروەها (( تایبـەتی دیارنـەمان و نابەرجەسـتەی بـە پەنامەکی دەتوانرێت لێی پەشیمان بیتـەوە بـەبێ خـۆ بەدژایـەتی خـستنەوە ))[25] بـەو واتایەی ئەم دیارنەبوونەی وای لێدەکات بـوار بـۆ پەشـیمانبوونەوە بڕەخـسێنێت وەك لـە نموونەی ( ٣٢ ) دا دیارە .

٣٢ . ئاران : نالان بە پارە دلان بسازێنە .

<+ دلان کچێکی پارەپەرستە

<+ کچێکی باشە و شایستەی هەموو شتێکی باشە .

نالان :ئایا مەبەستت ئەوەیە دلان کچێکی پارەپەرستە ؟

ئاران : مەبەستم لەوە نەبوو بەڵکو پێم وایە هەموو شتێکی باش دەهێنێت .

سیمای نابەرجەستەی و نادیاری لە ناو فۆرمی رستەی پرسیار و فەرمانـدا بەڵگـە نییـە بـۆ نـەبوونی پەنامـەکی بـەڵکو دەرخـستنی کـارلێکردنی زانیارییـەکان لـە پرۆسـە پراگماتیکییەکاندا و ئەمەش بەڵگەیە بۆ بوونی تایبەتێتی بەرجەستەنەبوون .

٣٣ . ئاران : نالان چوارکتێبی بیرکاری بکڕە .

<+ دلان دەبێت چوار کتێب بکرێت نە زیاتر نە کەمتر

پەیوەست بەم تایبەتییەوە مەبەستی پەنامەکییـەکان بـەپێی دەورووبـەرە جیاوازەکـان دەگۆڕێت و لەناو جۆرەکانی دەورووبەردا واتـا و مەبەسـتەکان بـۆ رسـتەیەکی دیـاریکراوی پرسیار یان فەرمان چەندەها مەبەستی جیاجیا لە خۆدەگرێت و ئینتـەیلمێنت[25] لـە ڕێـی نابەرجەسـتەبوونەوە لـە بـە پەنامـەکی جیادەکرێتـەوە چـونکە (( ئامـاژە لۆجیکیـەکانی ئینتەیلمێنت نابەرجەستە نین ))[26] .

---

[25] Semantics and pragmatics

[26] لە پاری داهاتوودا لەگەڵ گریمانەی پێشینەدا دەیانخەینە ڕوو

[27] Daniel R. Boisvert (1999:38)

**٢ . پەنامەکییەکان لەیەك جیاکراوەن** [٢٨]: ئەم سیمایە بەتایبەت لە لادان لە ماکزیمی شێوازدا دەردەکەوێت ،کە (( مەبەست لەوەیە واتای سیمانتیکی بەستراوە بەواتای ئەوەی وتراوە نەك بە فۆرمە زمانییەکەوە ))[٢٩] لێرەوە پەنامەکی نەبەستراوە بە فۆرمی دەربڕینەکانەوە و بە ئاسانی وشەکانی ناو رستەکان دەگۆڕێن لەناو دەربڕینە هاوواتاکاندا و بەمەش ئەو وشانەی – کە لە رستەکانی پرسیار و فەرماندا بەکاردەهێنرێن –سینۆنیمەکانیان دەبنە هۆی دەرخستنی هەمان ئەو بەخشکەییەی ، کە لە رستە گۆکراوە بنەڕەتییەکەدا هەیە بۆ نموونە لەرستەی ( ٢٠ ) دا (دلان : با خواردنێك بکڕین ئاران: من دەڵێم با ئا.ی .س.ك .ر . ی. م بکڕین)لێرەدا گۆڕینی وشەی ( ئایسکرێم ) بە ( ساردەمەنی ) بەپەنهانی و پەنامەکییەکی تر درووست ناکات لەبەرئەوەی خودی پەنامەکیەکە نەبەستراوە بەفۆرم و شێوە زمانییەکەی رستەکەوە لە کاتێکدا ئەم بەستنەوەیە بە فۆرمە زمانەوانییەکانەوە ڕەنگە جۆرێکی تر لە بەخشکەیی بەرهەم بهێنێت جیاواز لەوەی لادان لە شێواز بەرهەمی دەهێنێت .

٣٤ . ئاران : ئەوە دلان بۆ کوێ دەبەیت ؟

نالان : بۆ لای د .ا .ن .ساز

بە هەمان شێوە گۆڕینی فۆرمی( دانسان) بۆ (پزیشك) پەنامەکییەکە پابەند ناکات بەو گۆڕانەی ، کە لە فۆرمەکەدا ڕوویداوە بەمەش ((پەنامەکییەکە دانەبڕاو دەبێت لە هەموو ئەو دەرکەوتنە ڕەزامەندبووانەی ماکزیمی شێواز بەتایبەتی ئەوانەی لکاون بە فۆرمی گوتنەکەوە و ئەم بارەش دەبێتە هۆی ئەوەی پەنامەکی لە گریمانەی پێشینە و پەنامەکیی باوی جیابکاتەوە ))[٣٠]

رستەی پرسیارو فەرمان لە زمانی کوردیدا زیاتر لە رستەی هەواڵی ئەم سیمایەی تێدا دەردەکەوێت –ئەمەش پەیوەستە بە فۆرم و ئەو شێوازە جیاجیایانەی، کە لە داڕشتە زمانییەکەیاندا بەرجەستە دەبێت– دەشتوانین گریمانەی ئەوە بکەین ، کە (B دەبێتە بە پەنامەکەی A کاتێك B ئەنجامی لادان لە شێواز بێت و لە A ی جیانەکرێتەوە تەنانەت لەو کاتەی سینۆنیمەکانی B بەکاربهێنین )

---

[٢٨] Non detachability
[٢٩] Stephen C. Levinson ( 1983 : 114)
[٣٠] Daniel R. Boisvert (1999:38)

۳ . **پەنامەکییەکان ئەژماردەکرێت** [31]: دەتوانین ڕیزێك هۆکاردابنێین بۆ گەیشتن بە خشکەیی دەربڕین و دیاریکردنی ئەو خاڵانەی گومانەکان هەڵدەگرن لە خۆیاندا بەتایبەتی ئەوانەی ،کە قسەکەر پابەندبووە پێوەی و لە (۲۲ ) دا خستمانە ڕوو .

پەیوەندی نێوان مەبەستەکانیناو ڕستە بەپێی ئەم سیمایە (( پەیوەندییەکە لەنێوان واتای پیتی ڕستەکە لەگەڵ پرنسیپی هاوبەشیکردن و ماگزیمەکاندایە))[32] بەم پێیە لە ڕستەی پرسیارو فەرماندا گوێگر حاڵەتێك لە ئاماژە لە پرسیارەکە یان فەرمانەکەدا لای دروست دەبێت ، کە گومان کردنە لە هاوبەشیکردنی قسەکەرەکە لە ماگزیمەکاندا ، بەپێی ئەم سیمایە جۆرێکی جیاواز لە بە پەنامەکی دیاری دەکات ،کە جیاوازە لەو بەخشکەییەی سیمای لەیەکترجیاکردنەوەی تێدا بەدی دەکرێت .

۳۵ . دلان : ئاران بۆ چاوپێکەوتنەکە ئامادە دەبێت ؟

نالان : ئۆتۆمبیلەکەی پەکی کەوتووە .

+< ئاران نایەت بۆ چاوپێکەوتنەکە .

۱. ( دلان ) گریمانەی ئەوە دەکات ،کە ( نالان ) یاساکانی پەیوەستبوونی بەکارهێناوە .

۲ . ئەو یاسای پەیوەستبوونە ،کە بەکارهێنراوە نابێتە پەیوەستبوونی ( دلان ) و (دلان )

لە کردەی لێك گەیشتنەکەدا ئەگەر هاتوو ڕاستیی پەك کەوتنی ئوتومبیلەکە پەیوەست

نەبێت بە ئاووهەواوە یان بە هاتنی ئەوەوە بۆ چاوپێکەوتنەکە .

۳ . من دەزانم ئەو کەسانەی ، کە ئوتومبیلەکانیان پەکی دەکەوێت ناتوانن بچنە سەر کارەکانیان یان لە کاتی دیاریکراودا ناگەن .

٤ . ئەگەر(ئاران) نەیەت بۆ کارەکەی و دوا بکەوێت ئەوا چاوپێکەوتنەکەشی لەدەست دەچێت.

٥. ڕەنگە وای بۆ دەچم ( دلان ) دەیەوێت نیگەرانی دەربڕێت لەوەی ،کە ( ئاران ) ناتوانێت

بۆ چاوپێکەوتنەکە بێت .

---

[31] Calculability
[32] Daniel R. Boisvert (1999:38)

لە رستەی ( ٣٥ ) دا زنجیرەیەکی یەك لە دوا یەکی هۆکارو لێکدانەوە بەرهەم هێنرا ،کە بە پەنامەکیەکەیان پەیوەست کردوە بە واتایی پیتی رستەکە و ماگزیمەکانەوە .

٣٦. ئاران :دەکرێت فۆرمی داواکاریەکەم بدەیتە دەست بەرێوەبەرەکەتان ؟

دلان: بەرێوەبەرەکەمان چووە بۆ فرەنسا .

+< ناتوانم فۆرمەکەت ببەم .

١. ( ئاران) کریمانەی ئەوە دەکات ،کە ( دلان ) یاساکانی پەیوەستبوونی بەکارهێناوە .

٢ . ئەو یاسای پەیوەستبوونە ،کە بەکارهێنراوە نابێتە پەیوەستبوونی (ئاران ) و (دلان) لەکردەی لێك گەیشتنەکەدا ئەگەر هاتوو ڕاستی لەویێ نەبوونی بەرێوەبەرەکە پەیوەست نەبێت بە بارودۆخێکی ناو بەرێوەبەرایەتییەکە، یان بارێکی کەسیی .

٣ . من دەزانم ئەو کەسانەی ، کە چووبێتن بۆ هەندەران تا کاتی گەڕاندنەوەیان کارەکانیان دوا دەخرێت یان ڕادەگیرێت

٤ . ئەگەر(بەرێوەبەر ) نەیەت بۆ کارەکەی ئەوا کاروباری خەڵکی و سەیرکردنی فۆرمەکان دوا دەکەوێت.

٥. ڕەنگە(ئاران) وای بۆ بچێت (دلان) دەیەوێت خۆی بدزێتەوە لەوەی کارەکەی، کە داوای لێکدووە جێبەجێ بکات.

لە رستەی ( ٣٦ ) دابە هەمان شێوەی رستەی ( ٣٥ ) زنجیرەیەکی یەك لە دوا یەکی هۆکارو بەرەنجام بەرهەم هێنراوە ،کە بە پەنامەکیەکەیان پەیوەست دەکردەوە بە واتایی پیتی رستەکە و ماگزیمەکانەوە .

**٤ . پەنامەکییەکان ناباون**[٣٣] : لەسەر پەنامەکییەکان ڕێك نەکەوتووین بۆیە بەشێوەیەکی ناباوی هەن و بە پێی دەوروبەر و زانیاری وباری دەروونی و پلەی نزیکی کۆمەڵایەتی قسەکەر و گوێگر دەگۆڕێت بە شێوەیەکی تر پابەستە بە سیماو تایبەتییەکانی دیکەی پەنامەکی( لەیەك جیاکاری، نابەرجەستەی ، ئەژماردەکراوی ) .

٣٧ . دلان :. ئاران دلانی کوشت ؟


نالان : ئاران لە دلانی دا .

+< لێدانەکەی ئاران نەبۆتە هۆی کوشتنی دلان .

[٣٣]Conventional Non-

بــه پێــی رســتەی ( ٣٧ ) واتــای ســیمانتیکی لێــدان ڕەچــاوکراوە پاشــان ئــەو پەنامەکییــەی ، کــە لــە نــاو رســتەکەدا دەرخــراوە ئەمــەش پەیوەســت بــەوەی رســتەیەك چەندەها بە پەنامەکیی هەیە لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا.

گرایس بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم جۆرە سیمایە دوو جۆر پەنامەکیی دیـاریکردووە، کە نەخشەی ( ٢) دا دەردەکەوێت .




ئــەم ســیمایانە لــە زمــانی کوردیــدا دەتوانرێــت وەك تاقیکردنــەوە بــەکاربهێنرێت بــۆ ناسینەوەی پەنامەکی لە دیاردەکانی تری پراگماتیـك لـە نـاو رسـتەی پرسـیارو فەرمانـدا وەك لە واتا و مەبەستە ناباوەکانی نموونەکانی ( ٣٥ ، ٣٦ ) دا خراوەتە ڕوو

[34] مەبەستمان لە واتای باو ئەو واتایەیە ، کە قسەپێکەرانی زمانەکە لەسەری ڕێکەوتوون و بۆتە بەشێك لە میراتی زمانی ئەو میللەتە ، بەڵام لە ناباودا مەبەستمان لەو واتایانەیە ،کە گوێگر و قسەکەر خۆیان مەبەست و واتایەکی تر بۆ دەربڕاوەکەیان دادەنێن بەپێی ئەو باکگراوندە ئبستمیکیەی هەیانە .

## جۆرەکانی پەنامەکی دەربڕین لە ڕستەی پرسیار و فەرماندا

پەیوەست بەو خستنەڕووە گریمانەکاریانەی لەم پارەدا خستمانە ڕوو ، بە پەنامەکی تایبەتمەندێتی خۆی هەیە ،کە لە دیاردە پراگماتیکییەکانی تر جیای دەکاتەوە و بەهۆی ئەو سیما جیاکەرەوانەی ،کە هەیەتی ستانداردێکی هەیە بۆ خستنە ڕووی ئەو تێپەڕاندن ، بازدان و لادانانەی ڕوودەدەن لە ئاخاوتندا و بە پێی ئەم بنەمایانەش ئەرکەکانی خۆی دەنوێنێت ، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت ئەوە ڕەچاو بکرێت ، کە سەرباری ئەو سیماو تایبەتیانە بە پەنامەکی خاوەنی پۆل و جۆرە ( پەنامەکیی تایبەتی ، پەنامەکیی گشتوەگیری ) .

٣٨ . دلان : نان و پەنیرەکەت کڕیوە ؟

ئاران : پەنیرم کڕیوە .

+> نانم نەکڕیوە . ( p&q )

٣٩ . دلان : کێ هەموو نانەکەی خواردووە ؟

ئاران : من هەندێکیم خواردووە .

+> من هەموویم نەخواردووە و ڕەنگە هەمووشیم خواردبێت ( p&q )

پەنامەکی لە ( ٣٨ ) دا تایبەتێتی نابەرجەستەیی هەیە ، بەڵام لە هەمان کاتدا جۆرەکەی جیاوازە لەو پەنامەکی دەربڕینەی ،کە لە ( ٣٩ ) دا دەربڕاوە بە پەنامەکیی دەربڕینی ( ٣٨ ) لە جۆری تایبەتییە و پەنامەکیی دەربڕینی ( ٣٩ ) لە جۆری گشتوەگیرییە .

((پەنامەکیی دەربڕین بەشێکە لە کردەی گەیاندن نەك ئەوەی وتراوە و قسەکەر هەمیشە دەتوانێت نکوڵی بکات لەوەی ئاماژەی بۆ کردووە لەکردەی گەیاندنەکەیدا . و دەتوانێت بە جۆرەها شێوە نکوڵیەکە بکات وەك دانانی وتەیەکی تر لەبری وتە وتراوەکە)) [٣٥]

[35] George Yule ( 1996 :38 )

گرایس دوو جۆری سەرەکی پەنامەکیی دەرخستووە ، کە هەردووکیان لە زمانی کوردیشدا دەبینرێنەوەو لەگەڵ سیستەمی پراگماتیکی رستەی پرسیاری و فەرمانیدا دەڕوات و بەشێوەیەکی پڕاو پڕی دیاردەکان هەردوو جۆری رستەکە پەسەند دەکات . .

١. پەنامەکیی دەربرینی تایبەتی ٢. پەنامەکیی دەربرینی گشتوەگیری

أ . **پەنامەکیی دەربڕین تایبەتیی (Particularization conversation implicature)**

بە پێی ئەو نموونانەی ،کە پێشتر باسمانکرد ئەم جۆرە پەنامەکییە پابەستبوونە بە زانیاری و دەوروبەری تایبەت پەیوەست بەوەی زۆربەی ئاخاوتنەکانمان لە دۆخ و هەلومەرجی تایبەتیدا گۆدەکرێن (( ئەم جۆرە پەنامەکیی دەربرینە پشت دەبەستێت بە فیچەری تایبەتییەوە لە ناو دەوروبەردا هەروەك چۆن گوتەکان خۆیان پشتی پێدەبەستن))[٣٦]

٤٠ . ئاران : هاوسەرەکەت لە کوێیە ؟

دلان : یان لە ژووی میوانە یان لە ژووری نوستنە .[٣٧]

+> دلان نازانێت هاوسەرەکەی لە چ ژوورێکە . ( p&q )

لە نموونەی ( ٤٠ ) دا بەستنەوەی پەنامەکیی دەربرینەکە بەهۆی تایبەتییەکانی دەوروبەرەکەی ، کە تێیدا وتراوە دەمانگەیەنێتە ئەوەی ئایا دلان بەڕاستی نازانێت مێردەکەی لە چ ژوورێکە یان بەهۆی ئەوەوەیە ،کە دەیەوێت بەلایەکی لێدووربخاتەوە بەوەی کاتێکی زیادەی بداتێ بۆخۆ قوتارکردن و سەرقاڵ کردنی پرسیارکەر بە دوودڵ کردنی لە دیاریکردنی ئەو ژوورەی ، کە هاوسەرەکەی لێیە .

٤١ . دلان : پارەی پسوڵەکانت دا .

ئاران : ئەڵێن ئمڕۆ ڕۆژەکەی خۆش دەبێت .

+> دلان بەنیازی شەڕکردنە و ئاران بەمەبەستەوە دەڵێت ئمڕۆ ڕۆژەکەی خۆشە واتە پێچەوانەکەیەتی ( p&q ).

+>ئاران مەبەستێتیئەو بابەتە لەگەڵ دلان نەکاتەوە لەبەرئەوەی نەچووە پارەی پسوڵەکان بدات( p&q ) .

[٣٦] www.sfsu.edu/~kbach/semprag.html
. [٣٧] Adrian Akmajian (1997 : 382 )

لادانـی ( ئـاران) لـه مـاكزیمی پەیوەسـتبوون دەمانگەیەنێتـە كۆمـەڵێك ئـەنجامی جیاجیا ،كە هەریەكەیان بە هۆی دەوروبەرێكەوە مەبەست و پەنهانییـەك و پەنامەكییـەك دەردەبڕن .

ئەم پەنامەكیی دەربرینە لە رستەكانی پرسیارو لـە لادانـەكان لـە مـاكزیمی پەیوەسـت بوون كەوتونەتەوە

٤٢ . دلان : ئۆی ، ئەو بەڕێوەبەرەتان شێتە ؟

ئاران : بابچین هەندێك قاوە بهێنین [٣٨] .

<+ نامەوێت لێرەدا باسی بەڕێوەبەرەكەم بكەم ( p&q ) .

٤٣ . ئاران : خانووەكەمم لێبكرە.

دلان : مووچەكەم نامگەیەنێتە سەری مانگ .

<+ ناتوانم و پارەی كڕینی خانووم نییە ( p&q ).

وەك لــە رســتەی ( ٤٢ و ٤٣ ) دا دیــارە پەنامــەكیی دەربرینــەكان پەیوەســتن بــە دەوروبەرو ئەو سیمایانەو واتایانەی دەوروبەرەكە بـە رسـتەكەی دەبەخـشن هـەروەها لـە رستەی ( ٤٣ ) دا دەكرا گوێگر بە ( ئا / نە) وەڵامی قسەكەر بداتەوە ، بەڵام لەم جۆرەی پەنامەكییدا نە قسەكەر لە رستەی پرسیاریدا و نـە گـوێگر بـەو شـێوەیە وەڵام نادەنـەوە بەڵكو لەڕێی بازدانێكەوە مەبەستەكە لـە كـردەی لێـك گەیـشتنەكەدا جێبـەجێ دەكـەن و دەیگەیەنن .، بەڵام ئەم بارە لە زمانی كوردیدا بۆ رسـتەی فـەرمانی دەسـت نـادات واتـە وەڵامدانەوە بە ( ئا /نە ) بەڵكو دەبێـت بـەهۆی رسـتەیەكی دیـاریكراو لـە دەوروبـەرێكی تایبەتدا وەڵام بدرێتەوە لە هەمان كاتدا زمانی كوردی هـەڵگری خاسـیەتێكی تایبەتییـە ، كە بەشێوەیەك كاردەكات، رستە سادەكانیشی لـە ڕێـی دەوروبـەری تایبەتـەوە هـەڵگری مەبەستی تابۆبن [٣٩] .

[٣٨] George Yule ( 1996:43 )

[٣٩] بەتایبەتی بۆ ئەم حاڵەتە دەستەواژەی ( قسەی كوردی هەمووی مەعنایە ) بەكاردەهێنرێت .

### ب. پەنامەکیی دەربرینی گشتوەگیری[1] Generalization Conversation Implicature

ئەم جۆرەی پەنامەکی دەربرین بەوە جیادەبێتەوە لە پەنامەکیی دەربرینی تایبەتی ، کە ئەم پشت نابەستێت بە دەوروبەر(( پشت نابەستێت بە فیچەرە تایبەتییەکانی دەوروبەر ، بەڵام بەچەشنێك لە چەشنەکان بە دەربڕاوەکەوە دەبەسترێتەوە ))[2] ئەم جۆرەی پەنامەکی پەیوەستە بە ئەو وشە و مۆرفیمانەی لە رستەکەدا بەکاردەهێنرێن واتا ئەو کردەی مەبەست گەیاندنەی ،کە جێبەجێی دەکات لە رێگای ئەو مەبەست و واتا سنووردارییەوەیە ،کە خودی مۆرفێم و وشەو فرێزی ناو رستەکە لە خۆی دەگرێت و ئاماژەونیشانەکان لەوشوێنەی بەکارهێنراون پرۆسەی لێك گەیشتنەکە بەرهەمدارتر دەکەن لەلایەکی ترەوە پرۆسەکانی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس لەگەڵ فلتەرەکانیان کاریگەری خۆیان هەیە لەسەر بەرهەمهێنانی ئەم پەنامەکیە، کە جۆرەکەی جیاوازە لەو کاریگەرییەی لەسەر پرۆسەی بەرهەم هێنانی سیمانتیکی هەیەتی ئەمەش وادەکات گرایس دوو جۆر پەنامەکی جیابکاتەوە (باو ، ناباو )[3] ئەوەی رێگە پێدراوە لە پراگماتیکدا پەنامەکیی دەربرینی ناباوە ، بەڵام جۆری باو لەرێگەی فلتەرە پراگماتیکیەکانەوە رێگە پێدراو نابێت وەك دیاردەیەکی پراگماتیکی.

٤٤ . دلان : ئاران چوار قەڵەمم بۆ بکڕە .

+> لە چوار قەڵەم زیاتریان کەمترم بوونەکڕیت ( p&q )

لە ( ٤٤ ) دا فرێزی ( چوارقەڵەم ) دیارکەریی ژمارەی ئەو قەڵەمانەیە ،کە دەبێت ئاران بیکڕێت و دیاریکردنی ژمارە لە رستە فەرمانییەکەدا بۆتە دەرکەوتنی مەبەستێکی شاراوە، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە رستەیەکی فەرمانی نەرێکراودا مەبەستەکەی گەیاندووە و لادان لە ماکزیمی شێواز دەبێتە هۆی دروستبوونی پەنامەکیی دەربرینی گشتوەگیری وەك لە نموونەی ( ٤٥ ) دا دەردەکەوێت .

٤٥ .دلان : لە هەموو بوونەکاندا پشووی فەرمیتان هەیە ؟

ئاران : لە هەندێکیاندا .

---

[1] پەنامەکیی دەربرینی گشتوەگیری پەیوەستە بە ( ماتە پەنامەکیی دەربرین و پەنامەکیی ڕاستەقینەوە ) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (Stephen C. Levinson ( 1983 : 134

[2] www.universalteacher.org.uk/lang/pragmatics.htm

[3] لە لا( ٨٧ ) ئەم پارەدا ئەم دوو جۆرەی پەنامەکیی دەربرینمان لە رێی سیما جیاکەرەوەکانی بە پەنامەکی خۆیەوە روونکردۆتەوە .

گرایس دووجۆر پەنامەکیی لە جۆری گشتوەگیری دەستنیشانکردووە ((١. پەنامەکیی دەربرینی پێوانەیی ٢ . پەنامەکیی دەربرینی ڕستیلەیی ))[٤].

**١. پەنامەکیی دەربرینی پێوانەیی** Scalar Implicature

ئەم پەنامەکییە ((بەهۆی دەربڕینی زمانەوانییەوە یان گوزارەی پێوانەییەوە ڕێکدەخرێن < en...,e3, e2 , e1 یەکیان تێهەڵکێشی ئەوی تریان دەبێت لە ڕستەکەدا واتا ڕستەی ( Ae1) دەبێتە تێهەڵکێشی ( Ae2 ) .....هتد بۆ نموونە ڕادەی ئینگلیزی (all) و (some) دوو فۆرمی بە پەنامەکیی پێوانەی < some ،all > ن.))[٥]

٤٦ .ا .ئایا تۆ چەند کۆرسێکی زانستی زمانت تەواو کردووە و دەتەوێت ببیتە مامۆستا ؟ ( Ae1)

ب ٠ <+ تۆ هەموو کۆرسەکانی زمانت تەواونەکردووە . ( Ae2 )

بەم پێیە ( Ae2 )پەنامەکیی دەربرینی ڕستەی ( ٤٦ )،کە لە شێوەی ڕستەی هەواڵیدایە تێهەڵکێش کراوە لە ڕستەپرسیاریەکە ( Ae1) بەشێوەیەك واتاو مەبەستی ( Ae1)زیاتر کراوە وبارکراوە بە مەبەستێکی شاراوە لە ڕێی ( Ae2 )ەوە، لە پەنامەکیی دەربرینی پێوانەیدا (( فیچەری یەك فۆرمی زمانی دەبێتە جێیی تێبینی و قسەکەر دەتوانێت خۆی بەتەواوەتی لە درێژکردنەوەو تێهەڵکێش کردنی زۆر لابدات .......و لە ڕووی چەشنەوە یەکێك لە پەنامەکیی دەربرینەکان دەکرتێنرێت ))[٦] وەك لە ڕستەی ( ٤٦ .ا ) دا دەبینرێت ،ئەگەر پەیوەست بین بە تێهەڵکێشانەکانی تر ئەوا چەند پەنامەکییەکی تریشمان دەبێت جگە لە (٤٦ . ب ) بوونموونە ( > + کۆرسەکانی زانستی زمان ،کە تەواوتکردوون نەزانراون چ جۆرە کۆرسێکن ) لە ڕێی ( ێك ) ی ئامرازی نەناسیاوییەوە ئەم بەپەنهانی دەرکەوتنە دەتوانین دەریبخەین ، بەڵام لە ڕێی دەرخستنی فیچەرەکانی ( چەند ) ەوە بەخشکەیی ٠( ٤٦ .ب ) دەرخستووەو ب پەنامەکیی دەربرینەکانی ترمان کرتاندووە و ئەم دۆخەش پەیوەستە بە ویستی قسەکەرو گوێگرەوە دەرخستنی کام لە پەنامەکیی دەربرینەکان مەبەستی هەریەك لەنیشانە کەسییە پراگماتیکیەکانە ، ((پەنامەکی پەیوەستە بە وشەی تایبەت و ئەنجامی واتای ئاخاوتنی زیادکراو لەکاتی بەکارهێناندا ))[٧] ئامرازی پەیوەندی ( و ) چەندین

---

[4] Stephen C. Levinson ( 1983 : 132)

[5] سەرچاوەی پێشوو (لا ١٣٣ )

[6] George Yule ( 1996:43 )

[7] سەرچاوەی پێشوو

مەبەست و واتا لە کاتی بەکارهێناندا لەخۆدەگرێت ،کە بەپێی دەوروبەری بەکارهاتوو مەبەستەکان و کارپێکردنەکانی دەگۆڕێت دەبێت پەنامەکیی دەربرینی پێوانەیی لە فۆرمێکی گشتیدا بخرێتە ڕوو وەك(٤٧)دا دەردەکەوێت :

٤٧ . پەنامەکیی دەربرینی پێوانەیی:پێوانەی هەرفۆرمێك بدە< e1 , e2 , e3....en>ئەگەر قسەکەر A(e2) دەربڕی ئەوا بەپەنهانی نەگەتیڤی~A(e1) ی‌دەربڕیوە ئەگەر A (e3) ی دەربڕی دواتر نەگەتیڤی~ ( A(e2 دەربڕی لەگەڵ نەگەتیڤی ~ A(e1) و بەگشتی ئەگەر ( A(en ی دەربڕی ئەوا بەپەنهانی نەگەتیڤی~ ((A(en-1) , ~(A(en-2) ی دەربڕیوە بەم شێوەیە تا دەگاتە(( A(e1[8]

٤٨ .ا . جگەرە تەرك بدە. ( Ae1)

ب . <+تەرکم داوە – هەرچەندە جگەرەناکێشم. ( Ae2 )

لێرەدا قسەکەر ئەو پەنامەکییەی دەریبڕیوە بە هۆی رستەی (٤٨ .ا) و لەشێوەی A(e2) گەیەنراوەو نەسراوەتەوە وەك لە ( ٤٨ .ب ) دا دیارە ئەوا Ae2 ) (یەکساندەبێت بەنێگێتڤی رستەی ( ٤٨ .ا ) واتا =~ A(e1) بە پێی یاسای (٤٧) ئەم پارە . یاسای ( ٤٧ ) بەسەر رستەی فەرمانی زمانی کوردیشدا جێبەجێ دەبێت و قسەپێکەرانی زمانەکە لە پرۆسەکانی پەیوەندیکردندا بەکاریان دەهێنێنن .

٤٩ . دلان : چی ڕوویداوە ؟

ئاران : پشیلەکەی نالان گوڵدانەکەی شکاندووە .– لەڕاستیدا نالان پشیلەی نییە بەهەمان شیکاری نموونەی( ٤٨) رستەی( ٤٩)ش شیدەکرێتەوە ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم فۆرمەی پەنامەکیی دەربرینی پێوانەی لەلایەن گوێگرەوە پەنهانییەکەی دیاریدەکرێت و نەرێکردنەکە لە ڕێگەی ئەو رستە گۆکراوەوە دەبێت ، کە گوێگر دەری دەبڕێت . ئەو وشانەی بەخشکەیی پێوانەی لەخۆ دەگرن :

١. < هەمووی ، زۆربەی ، زیاتر ، هەندێك ، کەمێك >

٢. < لەگەڵ ، یان >

٣. < ١، ٢، ٣، ......هتد >

٤. ( زۆرباش ، باش >

٥. ( گەرم ،فێنك، شلەتێن ، سارد >

٥٠ . شیرێکی گەرم ناخۆیت ؟p

---

[8] Stephen C. Levinson ( 1983 : 133)

<+  نەسارد نە شلەتێن بەڵکو شیرێکی گەرم .q

٥١. پێویستە بچیت بەدەم کارەکانتەوە .p

<+نە( ڕەنگەیە ) ونە( پێتوایە )یـە بـەڵکو پێویـستە و بـێ دواخـستن بـچیت بـەدەم کارەکانتەوە.q

دەتوانین بڵێین لە هەردوو ڕستەی ( ٥٠ ) و ( ٥١) دا قسەکەر هەستاوە بە دەربڕینـی p و ئـەم دەربڕینـەی p جۆرێـك لـە q ی تێـدابووە ،کـە زیـاتر زانیـاری گەیەنـەرە لـەp و پێوانەکەیـەتی و ڕەنگـە هەرلـە ڕێگـەی qەوە بەتـەواوەتی مەبەسـتی p بگۆردرێـت و بناسرێتەوە .

٢. پەنامەکیی دەربرینی ڕستیلەیی[٩] Clausal implicature

لیڤنسن لە لێکۆلینەوە لە پەنامەکیی دەربرینـی ڕسـتیلەییدا(( دەری دەخـات ، ئەگـەر قسەکەر هەستا بە دەربڕینێکی ئالۆزی p ،کە ١. ڕستەیەکی هەڵبـژاردنی تێـدابێت وەك q ٢. p نەتێهەڵکێشراوی q بێت نە گریمانەی پێشینە ٣. r دەربڕینێکی لەبریی بێت بەمە r ببێتـە تێهەڵکێـشراو یـان گریمانـەی پێـشینەی p بەمـەش لـە ڕێـی دەربڕینـی زیـاتر لـەr پەنامەکییەکانی قسەکەر ،کە خۆیی نەیزانیوە qەکان ڕاست یـان هەڵـە دەبـن بـۆ نموونـە قسەکەر بە پەنامەکی Pq& P ~q دەردەبڕێت .))[١٠]

٥٢ .دلان :ئمڕۆ ئاووهەوا چۆنە ؟

ئاران: ئاووهەوا ئمڕۆ <u>فێنکە</u> ، <u>لە ڕاستیدا ساردە</u>

r q

<+  ئەمڕۆ هەرچەند فێنکە ، بەڵام ڕەگەزێکی ساردیی تێدایە .

لـەم پەنامەکییـەدا قـسەکەر دەتوانێـت لـە ڕێـی ڕسـتیلەی (لـە ڕاسـتیدا سـاردە)ەوە پەشـــیمان ببێتەوەلـــە(ئـــەمڕۆ فێنکـــە)چـــونکە هـــەر دوو ســـیمای نابەرجەســـتەیی و هەڵوەشاندنەوەی تێدایە

---

9 پەنامەکیی دەربرینی ڕستیلەی دوو جۆری هەیە بەهێز و بێهێز ئەویش دەکەوێتە سەر جۆری هێزی ئەو ڕستیلانەی پەنامەکییەکە بەرهەم دەهێنن هەروەها ئەو پەیوەندیەی p و q کۆدەکاتەوە بۆ نموونە پەنامەکییەکی کە لە ( p و q ) دەکەوێتەوە فۆرمێکی بەهێزی دەبێت و پەیوەندیەکی وەك ( p یان q ) پەنامەکییەکی لاوازی لێدەکەوێتەوە بۆ نموونە ((میوە یان سەوزە بکڕە، یان دێن یان نایەن)) .جۆری پەیوەندییەکەی ( p یان q ) ەو لاوازە ، بەڵام (( میوە و سەوزە بکڕە میوانەکانمان دێن و ئمشەویش لێرە دەمێننەوە )) لە جۆری پەیوەندی ( p و q ) ەوە بەهێزە .

10 Stephen C. Levinson ( 1983 : 136 )

٥٣ .ئاوی ناو پەرداخەکە گەرم بکە ، لە ڕاستیدا با شلەتێن بێت . (p)

<+ ئاوی ناو پەرداخەکە شلەتێنە .دەبێت شلەتێن بێت و سیماکانی شلەتێن لە گەرمەوە نزیکە نەك لە ساردەوە . ( q )

٥٤ . ئەگەر ئاران کرێ خانووەکەی دواخستبێت ،دەردەکرێت ؟

<+ قسەکەر نازانێت ئایا ئاران کرێ خانووەکەی دوا خستووە، یان نا، یان ئایا دەردەکرێت یاخود دەرناکرێت .

٥٥. میوە بخۆ ڕەنگە بۆ نەخۆشیەکەت باش بێت .

<+ قسەکەر نازانێت ، ئایا میوە بۆ ئەو نەخۆشیەی گوێگر باشە ، یان نا

لە هەریەك لە رستەکانی سەرەوەدا ڕستیلەیەکی تێدایە،کە لە شێوەی ( X زۆر Y نییە )یە بۆ نموونە لە رستەی ( ٥٣ ) دا مەبەستی پەنامەکیی ڕستیلەی بریتییە لە ( ئاوی ناوپەرداخەکە زۆر گەرم نەبێت ) ە و لە شێوەی ڕستیلەیەکی تێهەڵکێشراودا گەیەنراوە ،کە ( لە ڕاستیدا باشلەتێن بێت ) نواندویەتی .

لە رستەی پرسیارو فەرمانیدا پەنامەکیی ڕستیلەیی زیاتر ڕووبەڕووی هەڵوەشاندنەوە دەبێت لەبەرئەوەی خودی رستەکە لەسەر زانیارییەکی چەسپاو دانەمەزراوە و ڕاستێتی و هەڵەبوونێکی تێدا دەرناکەوێت لە کاتێکدا پەشیمانبوونەوە لە رستەی هەواڵیدا تا ڕادەیەك گرانترە لەبەر ئەوەی سیمای ڕاست بوون و هەڵە بوونی تێدایە و لە رستەی پرسیارو فەرماندا دەتوانرێت بە ئاوازەی رستەکە یان لە ڕێی کۆمەڵێك رستەی ڕوونکەرەوەوە پەشیمان ببێتەوە و پەنامەکییەکەی هەڵبوەشێنێتەوە .

## دووەم

# گریمانەی پێشینەی رستەی پرسیاروفەرمان[11]

گریمانـەی پێـشینە لـە پەیوەندیـدا بـە کـردەی لێـك گەیـشتنی پراگماتیکـەوە زیـاتر پەیوەستە بە واتای پیتیەوە لە بابەتە پراگماتیکییەکانی تر (جگە لە کردە قسەییەکان) و واتای وشە و فرێزەکان کاریگەری خۆیان هەیە لـە دیـاریکردنی گریمانـە پێـشینەکەدا و بەهۆی کەرەستەکانی ناو رستەو دیـاریکردنی گریمانـەوە دەتوانرێـت ئـەرکی رسـتەکە لـە بەکارهێناندا دیاری بکرێت و مەبەستی نیشانکراوی ناو رستەکەش لە لایـەن قـسەکەرەوە بۆ گوێگر بخرێتەروو .

لە ناو رستەدا سـێ چەشـن گریمانـەی پێـشینەمان هەیـە ،کـە بەیەکـەوە یـان جیاجیـا کاردەکەن و دەبنە کرۆکی پرۆسەی لێك گەیشتنەکە لە نێوان قسەکەر و گوێگردا .

١. گریمانەی پێشینەی سیمانتیکی Semantics presupposition

٢. گریمانەی پێشینەی دەروونی Psycho presupposition

٣ . گریمانەی پێشینەی پراگماتیکی Pragmatics presupposition

### ○ گریمانەی پێشینەی سیمانتیکی Semantics presupposition[12]

ئەم چەشنەلە گریمانە لە ئاستی واتای رستەکاندا کاردەکات و یەکێکە لـە پەیوەندیـە سیمانتیکیەکان بە شێوەیەك ،کە پەیوەندییـەکی تـەنگاو تـەنگی لەگـەڵ فرێزەکـانی نـاو رستەدا هەیە ( فرێزی نـاوی ، فرێـزی کـرداری ) لـە هەمانکاتـدا هاوبەشـی و جیاوازیـشی هەیە لەگەڵ پەیوەندیـە سـیمانتیکیەکانی تـردا وەك(ئینتـەیلمێنت[13] و پێـشنیازکردن)بـە شێوەیەك، کە دەتوانین لەرێی فۆرمە لۆژیکیەکانیانەوە خـاڵی نـاوکۆی و جیاوازیـەکانیان بزانین :

---

[11] Presupposition of question and command Sentences

[12] بۆ زانیاری زیاتر بروانە (Geoffrey Leech(1974: 40

[13] مەبەست لەئینتـەیلمێنت درێـژکراوە یـان تێهەڵکێـشراوی واتاییـە لـە نـاو رسـتە سـەرەکیەکەدا و لێرەدا بـە پەسـندمان زانـی زاراوەکەلـە کوردیـدا وەك ئینگلیزیەکـە بەکاربهێنینـەوە(( ئینتـەیلمێنتی سیمانتیکی A بە سـیمانتیکی B ئینتـەیڵ دەکـات B -// A ئەگـەر هـەموو بارەکـان ،بـە کـە A ڕاست دەکەن Bش ڕاست بکەن بروانە ( Stephen C .Levinson ( 1983 : 175 .

**٥٦ . ئێنتەیڵی X ئەوە دەگەیەنێت كە : (( ئەگەر X ڕاست بێت ئەوا Y ڕاست دەبێت ،بەڵام ئەگەر X ڕاست نەبێت ئەوا Y پێویستەڕاست نەبێت))**[14].

**٥٧.( گریمانەی پێشینەیX ، Y دەگەیەنێت، ئەگەر X ڕاستبێت ئەوا Y ڕاستە هەروەها،ئەگەر X ڕاست نەبێت ئەوا Yڕاست دەبێت ))**[15] بۆ زیاتر ڕوونكردنەوەی ئەم دوو فۆرمە دەتوانین لە ڕێی نموونەكانی( ٥٨ ، ٥٩ ) ەوە شیانبكەینەوە .

٥٨ . ا. منداڵەكە سێ مریشكی دزی .

–// ب . منداڵەكە دوو مریشكی دزی.

–// پ . منداڵەكە سێ مریشكی برد .

ت. منداڵەكە سێ مریشكی نەدزی .

*–// ج . منداڵەكە دوو مریشكی دزی .

هەر یەك لەرستەكانی ( ٥٨ . ب ) و ( ٥٨ . پ ) بوونەتە ئینتەیڵی(درێژكراوەی)رستەی(٥٨ . ا ) و لایەنێك لە لایەنەكانی رستەكە ڕووندەكەنەوە لە ( ٥٨ . ب) دا ،گەر (منداڵەكە سێ مریشكی دزیبێت ) ئەوا لە ڕووی لۆژیكیەوە (دوانیشی دزیوە ) هەروەها لە ( ٥٨ . پ ) دا كرداری ( برد ) هەمان ئەركی ئینتەیڵ دەبینێت بۆ كرداری ( دزی ) هەروەها لە ( ٥٨ .ت ) دا ئینتەیڵمێنتەكە نەماوە واتە (ئەگەر X ڕاست نەبێت ئەوا Y پێویستەڕاست نەبێت) و رستەكە پەنامەكیی جۆری پێوانەی لە خۆ دەگرێت چونكە ( ٥٨ . ج ) ناتوانێت دیاری بكات( مریشكە دزراوەكان )چەندن یان ژمارەیان لە سێ زیاترە یاخود كەمترە لەبەر ئەوە ئینتەیڵمێنتەكە خۆی ناگرێت لەبەردەم نەرێكردندا بە پێچەوانەی گریمانەی پێشینەوە و ئەم بارەش پێی دەوترێت ( تاقیكردنەوەی نەرێ ( Constance under negation ) ئەم تاقیكردنەوەیەش بۆ ناسینەوەی گریمانە پێشینەیە لە ئینتەیڵمێنت .

٥٩ . ا. بە شێوەیەكی نهێنی پارەكە بدەرە ئاران .

<< ب. پارەكە بدەرە ئاران .

پ . بەشێوەیەكی نهێنی پارەكە مەدە بە ئاران .

<< ت . پارەكە بدەرە ئاران

---

[14] Geoffrey Leech(1974: 293 )
[15] Stephen C .Levinson ( 1983 : 175)


گریمانەی پێشینە لە ( ٥٩ . ب ) دا لە شێوەی X دایە و بە ڕاست بوونی ( ٥٩. ا ) هەروەك خۆی بە Y ی دەمێنێتەوە لـە هـەمان کاتـدا بـە نـەرێ کردنـی لـە ( ٥٩ . پ ) دا گریمانەی پێشینەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە و هەڵناوەشێتەوە .

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت (( گریمانـەی پێـشینەو ئینتـەیلمێنت لـە فـۆرمی لوژیکیـدا هاوبەشی و ناوکۆییان هەیەو جیاوازیشیان هەیە بۆ نموونە، کە لەکاتێکدا ئینتەیلمێنت بـۆ ڕستەی هەواڵییە ، بەڵام گریمانەی پێشینە پێویستی بە جۆری تـری گوزارشـتە دەکرێـت تەنها هەواڵی نەبێت ، بەڵکو پرسیارکردن و فەرماندان و سەرسوڕمانیش بێت هەروەها لـە پەیوەندییـە سیمانتیکیەکانیـشدا پێـشبینی کـردن لـە هـەر دوو پەیوەنـدی گریمانـە و ئینتــەیلمێنت لاوازتــرە ))[١٦] هــەروەها گریمانــەی پێــشینەی ســیمانتیکی فیــچەرە سیمانتیکیەکانیش دەری دەخەن ((ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەر فیچەرێك بـە شـاراوەی (بە ماتە هەڵگرتن) گریمانەیەکی پێشینەی هەیە))

-ا- ( **پیاو** )

+ **مرۆڤ**
+ **هەراش**
- **نێر**

ئەمانە دەگۆڕێن بەهۆی یاساکانی سیماوە بۆ سێ داڕشتەی یەکسانی جیاواز




[16] Geoffrey Leech(1974: 53 )

دەتوانین بڵێین دەربرینێك چەند گریمانەیەكی پێشینەی هەیە و بەهۆی چەند کاریگەرییەکەوە هەندێك لە گریمانەی پێشینەکان کەمتر دەردەکەون .[17]

## گریمانەی پێشینەی دەروونی Psycho presupposition

قسەکەر و گوێگر لەکاتی کردەی لێك گەیشتنیاندا هەندێك ئامادەکاری دەروونی لە یەکتریدا دروست دەکەن بۆ گەیشتن بەو ئەنجام و پەیوەندیەی مەبەستیانە و ئەم سازدانە دەروونیەش لە ڕێی گریمانە دەروونیەکانەوە دەبێت ((گریمانەی پێشینەی سایکۆلۆژی کردەیەکە بۆبەکارهێنانی رستە، بەمەبەستی قسە لەسەر کردنی هەندێك زانیاری ،کە گومانیان لێدەکرێت بەش کراوبن لەنێوان قسەکەرو گوێگردا))[18]٠ئەم گریمانەی پێشینەیە بەئاسانی دەتوانرێت بەهۆی ئاستی روکەشی رستەوە بگەیەنرێت ٠

٦٠. گوتی کەس لەگەڵ خۆم ناهێنم ؟[19]

٦١ . پێت گوت کەس لەگەڵ خۆی نەهێنێت ؟

لە (٦٠ ، ٦١ ) دا گریمانە دەروونیەکە بریتییەلە ( دەبێت کەس لەگەڵ خۆی نەهێنێت)، بەڵام ئەو زانیاریەی ،کە لە ڕێگای تۆنی رستەکەوە گەیەنراوە بریتییە لەوەی (وادەردەکەوێت هاوڕێی سێیەم کەسێکی لەگەڵ خۆی هێنابێت) بەمەش گریمانەی پێشینە دەروونیەکە لە نێوان قسەکەر و گوێگردا دەگوێزرێتەوە لە ڕێی تۆنی رستەکە و هەروەها بەبێ تۆنەکەش گریمانەکە شوێنی خۆی دەگرێت چونکە بەدرێژای گۆڕینەوەی زانیارییەکان قسەکەر وادادەنێت، کەکردەکە هاوبەشە لە نێوان خۆی و گوێگردا ئەمەش وادەکات چەمکەکە پەیوەست بێت بە بارە دەروونیەکەوە زیاتر لە فۆرمە زمانییەکەی ، هەروەها ئەم گریمانەیە تەنها لای گەورە وەك دیاردەیەك دەرناکەوێت ، بەڵکو لە زمان پڕاندنی منداڵیشدا هەیە((گریمانەی دەروونی منداڵ لە تەمەنێکی زوودا دەتوانێت

[17] هێڵکارییەکان لە سەرچاوەی پێشوەوە وەرگیراوە .

[18] Elizabeth Bates ( 1996 : 25 )

[19] لە دەوروبەرێکی دەروونیدا ،کە قسەکەر هاوڕێی ( ١ ) ەوگوێگر هاوڕێی ( ٢ ) ەو ئامادەکاریان لە سەر کۆمەڵێك ڕێو شوێن کردووە بەوەی ،بە هاوەڵەکەیان گوتووە کارێکیان پێی هەیە ،کە نابێت کەس لەگەڵ خۆی بهێنێت ، بەڵام دواترلە دوورەوە هاوڕێی ( ٣) دەردەکەوێت و وا دیارە کەسێکی لەگەڵ خۆیدا هێناوە .

دەریببڕێت ، بەڵام مەرج نییە بیناسێتەوە ))[20]. منداڵێك شیرینی دەخوات وکاتێك سەیری كاغەزی شیرینیەكە دەكات دەبینێت تەواوبووەو دەڵێت

٦٢ . هەیوو .

لێرەدا كەسێكی وا تێدەگات، كە منداڵەكە داوای شتێك دەكات ، كە هەرچی شتێكی پێدەدرێت دەڵێت ( نا ) بەمە گریمانەی پێشینەی منداڵەكە ئەوەیە ،كە گوێگر ئەو زانیاریەی پێی گەیشتووە دەبێت و گریمانەیەكی بۆ دروست بووبێت لەوەی ،كە منداڵەكە شیرینی تری دەوێت . لە گریمانەی پێشینەی دەروونیدا رستە پەیوەستە بە دەوروبەرەوە بەهۆی پابەندبوونێكی بابەتیانەوە بەو واتایەی جەختی دەوروبەر بۆ رستەكە لەسەر كام بابەتە بێت ئەوا گریمانەكە ئەو حاڵەتە دەردەبڕێت هەروەها ئەم جۆرە لە گریمانە هەردوو پێناسەی گریمانەی پێشینەی سیمانتیكی و پراگماتیكی لەخۆدەگرێت و گرنگیەكی زیاتر دەدات بە گۆڕینەوەی ئاماژەو كۆد و زانیارییەكان لە نێوان قسەكەر و گوێگردا بەتایبەتی ئەم جۆرە لە پابەند بوون لەسەر رستەی پرسیارو فەرمان زیاتر ڕووندەبێتەوە بەوەی قسەكەر دەبێت دەوروبەرەكە لە ڕووی دەروونییەوە بە شێوەیەك بسازێنێت ،كە ئەوەی مەبەستێتی بە بێ پەرچەكردار لە گوێگری وەربگرێت

. ٦٣ . تۆ بڵێیت ئێستا ئاران لە لێدانی ژنەكەی كەوتبێت؟

<< ئاران لە ژنەكەی دەدات .

٦٤ . دەكرێت بە هۆی خێزانت و بنەماڵەكەیانەوە كچی دراوسێكەتانم بۆ بخوازیت ؟

<< كچی دراوسێكەتانم بۆ بخوازە .

لە رستەی ( ٦٣ ) و ( ٦٤ ) دا قسەكەر دەوروبەرێكی گونجاندووە بۆ وتنی ئەو مەبەستەی ،كە هەیەتی هەروەها ئەو وشە و فرێزانەی ،كە لە رستە پرسیاری و فەرمانیەكەیدا بەكاری هێناوە جگە لەوەی كرداری ڕاپەڕاندنن بێلایەنیشن لە ڕووی دەروونیەوە و هەلومەرجێك دەرەخسێنن ،كە تێیدا گوێگر ،ئەگەر ڕازیش نەبێت بە وەڵامدانەوە یان كردنی ئەركەكە بە جۆرێك وەڵام ناداتەوە ،كە ئازاردانی قسەكەری تێدا بێت .

---

[20] لەبەرئەوەی لێرەدا مەبەستی لێكۆڵینەوەكە گریمانەی پێشینەی پراگماتیكیە نەمانتوانیوە بە پێی پێویست لەسەر دوو جۆرەكەی تری گریمانەی پێشینە بدوێین و جۆرەكانیان و شێوەی كاركردنەكانیان بخەینە ڕوو .

## O گریمانەی پێشینەی پراگماتیکی Pragmatics Presupposition

لە پراگماتیکدا گریمانەی پێشینە رستەکان بە شێوەیەکی توند پەیوەستن بە دەوروبەرەوە و پشت نابەستێت بەمەرجی راستی Truth condition[21] ئەمەش خاڵی جیاکەرەوەیەتی لە گریمانەی پێشینەی سیمانتیکی((پراگماتیك = واتا — مەرجی راستی))[22] لە رستەی پرسیاری و فەرمانیدا رستەکان پابەندی تاقیکردنەوەی راست و هەڵەیی نین چونکە پێکهاتەی ئەم دوو جۆرە رستەیە نە راستن نە هەڵە بەو واتایەی قسەکەر راستی و ناراستی زانیاریەکان نازانێت و دوا لە گوێگر دەکات ئەم بارەی بۆ روون بکاتەوە، پەیوەست بەمەشەوە بۆ ئەم دوو جۆرەی رستە، رستە وەڵامیەکانیان دەبنە بەشێك لە پرۆسەی پراگماتیکی رستەکان و مەبەستەکان لەرێیانەوە دەگەیەنرێت ، واتە بە هەردوو رستەکە (پرسیار/وەڵام )،(فەرمان/وەڵامدەر)یەکانیان کردەی لێك گەیشتنەکە بە ئەنجام دەگەیەنن هەرچەندە هەندێك رستەی پرسیاری و فەرمانی لە توانایدا هەیە ئەم کردەیە بەتەنها بگەیەنێت وەك لە گریمانەی پێشینەی ( ٦٥ ، ٦٦ ) دا دەردەکەوێت .

٦٥ . ئاران : دلان نامەکانی منت بە کێدا نارد بۆ دلان ؟

دلان : نامەکانتم بە نالاندا نارد .<< من نامەم ناردووە .

٦٦ . ئاران : نامەکانم بنێرە بۆ دلان .

دلان : هەر ئێستا دەیاننێرم .<< من نامە دەنێرم.

٦٧ . بەم پێیە رستەیەك گریمانەی پێشینەی دەبێت : **ئەگەر ( P ) گریمانەی پێشینەی رستە بێت (S) ئەوا (p) زیاتر رستەیە لە (S )ەکانی تر (p) پەسەندکراوە لەوکاتەی (S) کراوە (واتەpهەموو کات پەسەندکراوە ئەگەر S یش پەسەند نەکرابێت): لە کاتێکدا (S) رستە دەربڕاوەکەیەو ( P ) رستەی گریمانە پێشینەکەیە ،کە لە (S) هەڵگوێزراوە**[٢٣] .

٦٨ . ا. بۆچی ئاران دەستی کرد بە ئاگرکردنەوە ؟ (S)

ب. چونکە دەیویست خۆی گەرم بکاتەوە .

---

[21] مەرجی راستی دەکرێت پێناسە بکرێت بەوەی ، کە رووداوەدات لەناو زماندا بەدەر لەوەی ،کە لە جیهاندا روودەدات .بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( Kate Kearns ( 2000 :18 و Jean Stilwell P eccei ( 1999 : 17 )

[22] Stephen C .Levinson ( 1983 : 175)

[23] www.ux1.eiu.edu/~cfbxb/class/1900/prag/presupp1 .htm

پ . چونکە نەیدەویست خۆی گەرم بکاتەوە .

<< ئاران ئاگری کردەوە . ( P )

ڕستەی ( بۆچی ئاران ئاگری کردەوە) ڕستە پرسیارییەکەیە ،کە گریمانەی پێشینەی(P)لەخۆدا هەڵگرتووە و مەرجی ڕاست یان هەڵە بوونی ڕستەی (P ) لە ڕستەی پرسیارەکە یان لە ڕستەی وەڵامەکەدایە لەبەرئەوەی خودی ڕستەی پرسیار چەمکی ڕاستی یان هەڵەبوون هەڵناگرێت .

١.٦٩ .ئاران بولبولەکان بە دلان بفرۆشە .

ب. سبەینێ دەیانبەم بۆی .

پ . بە دلانیان نافرۆشم

<< ئاران بولبولەکانی دەفرۆشێت .

هەروەها ڕستەی پرسیار و فەرمان بە پێی جۆری ئەو ڕستانەی تێیدا دەنوێنرێن تایبەتی ئەو جۆرە ڕستانە وەردەگرن بوونموونە :

| ژ. | جۆری ڕستە | ڕستەی پرسیار | ڕستەی فەرمان |
|---|---|---|---|
| ١ | ڕستەی سەرجێناوی [٢٤] | ئەوە کێ بوو پاسکیلەکەی چاککرد ؟ <<کەسێك پاسکیلەکەی چاککرد. | ئەو پاسکیلە بۆ خۆت چاك بکە. << کەسێك پاسکیل چاك دەکات |
| ٢ | ڕستەی شێوە جێناو | ئەوەی ئاران چاکی کردبوو چی بوو << ئاران شتێکی چاك کردووە . | تۆ بچۆ پاسکیلەکەت چاکبکە. << تۆ شتێك چاك دەکەیت |
| ٣ | ناسراوکردنی وەسفکراو | کێبەلێهاتویانە پاسکیلەکەچاك دەکات لە گوزەرەکەتان؟ << کەسێکی لێهاتوو هەیە لە گوزەرەکەتان | بە کارامانە پاسکیلەکەم لە گوزەرەکەتان بۆ چاك بکە . << کەسێکی کارامە هەیە لە گوزەرەکەتان . |
| ٤ | فیچەرەکانی چاوەڕوانکردن | ئاران پاسکیلی چاك دەکرد ؟ << ئاران پاسکیلی لە تێڕوانینێکی زانستیانەوە چاك نەدەکرد. | ئاران واز لەچاك کردنی پاسکیل بهێنە . << ئاران لە تێڕوانینێکی لوژیکیانەوە پاسکیل چاك ناکات . |
| | ڕستەی ڕوونکردنەوە | ئاران چی کرد بۆ ئەوەی جەماوەر سەرسام بکات ؟ << ئاران شتێکی کرد. | شتێك بکە بۆ ئەوەی ناوبانگ پەیدا بکەیت . << شتێك دەکەیت . |

[24] بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٢٦٥ )

## ○ جۆرەکانی گریمانەی پێشینە لە رستەی پرسیار و فەرماندا

قسەکەر لە کاتی ئاخاوتندا هەڵدەستێت بە دانانی گریمانە پێشینەکانی و رێژەیەکی گەورەی ئەم دانانەی پەیوەستە بە وشە و فرێزەکانەوە، کە لە کاتی ئاخاوتندا بەکاریان دەهێنێت بەمەش شیکردنەوەکان لەسەر گریمانەی پێشینە لە رێی پرۆسەی دابەشبوون و دانانی گریمانەکان لە رووی ئەرکە واتاییەکانیانەوە و لێرەشەوە چەند چەشنێك لە گریمانەی پێشینە جیاکراوەتەوە، کە لە رستەی پرسیارو فەرمانیشدا بە شێوەیەکی جیاجیا دەبینرێتەوە هەروەها (( ئەو گریمانە پێشینەی لە رستەیەکدا بە هۆی وشەیەکی تایبەتیەوە دەستنیشان دەکرێت ، کە پێی دەوترێت گریمانەی پێشینەی دەستپێکردن Trigger Presupposition ))[25] ئەم گریمانەیە لە لە شێوەی کەرەستەکانی ناو رستەدایە، کە وەك سەرەتایەك وایە بۆ ناسینەوە و هێمادان بە بوونی گریمانە بۆ نموونە کرداری (مردن ) لە رستەی پرسیاریدا دەرخەری ئەم جۆرە گریمانەیەیە چونکە فیچەرەکانی لە بەکارهێناندا وایلێدەکات قسەکەر بە ئاسانی مامەڵەی لەگەڵدا بکات و گریمانەی پێبخاتە روو .

٧٠ . چۆن ئەو پیاوەی دوێنێ لە نەخۆشخانە بوو مرد؟

<< پیاوەکە مرد

هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی ( مرد ) لە رستەکەدا دەرخەری گریمانەی پێشیەنەی دەستپێکردنە.

کارتونین سێویەك جۆر لەم کەرەستانەی دیاری کردووە [26] جۆرێکی تایبەت کردووە بە رستەی پرسیارییەوە و بە جۆرەکانی رستەی پرسیاریشەوە ( پرسیاری ئا / نە ، پرسیاری هەڵبژاردن ، پرسیاربە وشەی پرسیار ) بڕوانە نموونەکانی ( ٧١ ، ٧٢) .

٧١ . هێلکە لە مریشکە یان لە کەڵەشێر ؟

لە ئاوەزی گوێگردا (هێلکە لە مریشکە و هێلکە لە کەڵشێریشە) .

<<هێلکە لە مریشکە .

٧٢. کێ مامۆستای میللەتە ؟

<< کەسێك هەیە مامۆستای میللەتە .

---

Stephen C .Levinson ( 1983 : 179 ) [25]

[26] سەرچاوەی پێشوو ( ١٨٣ )

### أ- گریمانەی پێشینەی متبوو [27] Potential Presupposition

پابەندبوونەکانی ئـەم چەشـنە لـە گریمانـە زیـاتر بـە دەوروبەرەوەیـە ، کـە تێیـدا قسەکەر زیاتر جەخت لەسەر دەوروبـەر دەکـات و لـە نـاو رسـتەکاندا زیـاتر مەبەسـتێکی دیاریکراوی هەیە و تیشکۆی دەخاتە سەر بە مەبەستی ناسینەوەی لە لایەن گوێگرەوە و شیکردنەوەی بەو پێیەی ئەو دەیەوێت رستەکە گەیەنراو بێت .

لە دەوروبەرێکی فیزیکیدا ،کە هەندێك دەنگی تفەنگ بیسترابێت لە نزیك قسەکەرەوە

٧٣ . ا. ڕەنگت زەرد هەڵگەڕاوە چی بووە ؟

ب. قڵیشایەوە

<< شتێکی خراپ ڕووی داوە .

لـە ( ٧٣ ) دا بەسـتنەوەی (ڕەنگـت زەردبـووە) بـە ( دەنگـی دەوروبـەر) ەوە جێـی سەرنجی قسەکەرەوە دەیەوێت گوێگر بەپێی ئەو تیشکۆیەی ئەو وەڵامەکەی ڕێکبخـات و بیگەیەنێتـەوە قـسەکەرو گـوێگر بـەپێی ئـەم بـارە بـە وشـەی ( قڵیـشایەوە ) گریمانـەی پێـشینەی رسـتەی پرسـیار و وەڵامەکـەی کـردووە بەیـەك و لـەو ڕێیـەوە وەڵامـی خـۆی داوەتەوە ولە زمانی کوردیدا بەهۆی هەڵبژاردنی وشـەی پرسـیارەوە قـسەکەر دەتوانرێـت جەختکردن و تیـشکۆ خـۆی بـۆ تۆپیـك و باسـی پرسـیارەکەی دیـاری بکـات بـۆ نموونـە لە(١.٣) دا بەبەکارهێنانی وشە پرسەکانی وەك ( چۆن ، کەی .. ) دەتوانرا لـە رسـتەکەدا بەکاربهێنرێت، بەڵام هەمان گریمانەی پێشینەی نەدەبوو بەڵکو ئەو کاتە لەڕێی دەوروبەرە جیا جیاکانەوە گریمانەی تری بۆ دەکرا ،کە تێیدا ( ڕوودانەکە) مەبەست نەدەبوو تیایاندا وەك ( چۆن ڕەنگت زەرد هەڵگەڕا ) ، ( کەی ڕەنگت زەرد هەڵگەڕا ) .

لە رستەی فەرمانیشدا بەهەمان شـێوەی رسـتەی پرسـیار قـسەکەر بـە پێـی ویـست و داواکانی خۆی گریمانە پێشینەکان ڕێك دەخات و کەرەستەی تایبەتی لە نـاو رسـتەدا بـۆ بەکاردەهێنێت.

٧٤ . ا. کەم بخۆ بازیاتر قەڵەو نەبیت .

<< تۆ قەڵەویت .

وشەی (قەڵەو ) وروژێنەرە و لەو ڕێگایەوە قسەکەر دەیەوێت گریمانەی پێشەکی خـۆی بگەیەنێتە گوێگر و لەهەمان کاتدا کردەیەکی ڕاپەڕاندنی پێ جێبەجێبکات .

---

[27] گریمانەی پێشینەی متبوو مەبەست لێی بریتییە لەو گریمانەیەی ،کە نادیاریی و لە شێوەی دیاردەیەکی پەنهان و متدراودا لە رستەکەدا هەیەو لە ڕێی دەوروبەرەکەیەوە دەگەیەنرێت

**ب- گریمانەی پێشینەی بوون** Existential Presupposition

ئەو کەرەستانەی لە ناو رستەکەدان لەم چەشنە گریمانـەی پێـشەکییەدا گرنگیـان پێدەدرێت و دەبنە تەوەرەی گەیاندنی مەبەست لـە قـسەکەرەوە بـۆ گـوێگر ، بـەم پێیـە گریمانەکە پشت دەبەستێت بە جۆرەکانی فرێز بەتایبەتی فرێزی دیارخەری وەك لە (٧٢) دا دەردەکەوێت :

٧٥ . پشیلەکەتت بۆ کوێ برد ؟

<< تۆ پشیلەت هەیە

٧٦. چیەکەت فرێدا ؟

<< تۆشتێکت هەبووە.

لە رستەی ( ٧٦ ) فرێزی دیارخەریی لە وشەیەکی پرسیارو ئامرازی ناساندنی ( ەکە ) پێکهاتووە بەمەش خودی وشەی پرسەکە مەبەسـتە لـە رسـتەکەدا ، بـەڵام لـە ( ٧٥ ) دا فرێـزی دیارخــەری ( پـشیلەکەت ) ئـەو گریمانەیەیـە ،کـە قـسەکەر رێکـی خـستووە و رووبەرووی گوێگری دەکاتەوە .

٧٧ . پارەی وردەم مەدەرێ .

<< پارەی وردەت هەیە .

لـە رسـتەی فـەرمانی ( ٧٧ ) دا قـسەکەر فرێـزی دیارخـەری ( پـارەیوردە ) دیـاری دەکات بۆ ئەوەی گریمانەکەی پێ بەرهـەم بهێنێـت لێـرەدا خـاوەنێتی بەگشتی و فرێـزی دیارخەری ئەرك دەبینێت لەم چەشنەی گریمانەی پێشینەدا .

زمانی کوردی دوو جۆر کرداری ( بوون ) لێك جیادەکاتـەوە ، و بوونێـك بـە مەبەسـتی (کینونـە) بـەکاردەهێنێت ئـەمیش جۆرێـك لـە گریمانـەی پێـشینەی بـوونی تێدایـە لـەو رستانەی ،کە کردارەکەیان لەم جۆرە کردارەی تێدایە .

٧٨ . برنجی کوردیت هەیە ؟

<< برنجت هەیە

لـە رسـتەی(٧٨) دا خـودی کـرداری ( هەیـە ) بووەتـە هـەڵگری گریمانـەی پێـشینەی بوونەکە و گوێگر ئاڕاستەی ئەو بۆچوونە دەکات ، کە قسەکەر لـە رسـتەکەیدا کردارێکـی بەکارهێناوە ،کە لەیەك کاتدا گریمانەیەکی پێشینەی دەستپێکردنە بـۆ هـاتنی گریمانـەی پێشینەی بوونەکە لە رستەکەیدا

**پ- گریمانەی پێشینەی ڕاستەقینە** Factive Presupposition

(( چەند چەشنێك گریمانەی پێشینە هەیە كرداری ( دەزانی ) تێدایە وەك رووداو ،كە لە پێكهاتن و واتادا دەبێتە ( هەموو كەسێك q دەزانێت ) ))[28] كرداری ( دەزانی ) دەبێتە هۆی دروستبوون و پێكهاتنی گریمانەی هەبوون چونكە كردارەكە لە فیچەرە واتاییەكانیدا هەڵگری گریمانەی پێشینەیە لە چەشنی (بوون ) لەبەرئەوەی بە بەكارهێنانی قسەكەر ئەركی بوونی ئەو گریمانە پێشینەی پێداوە وەك لە رستەی (٧٩، ٨٠) دا دەردەكەوێت .

٧٩ . دەزانیت خانووەكەیان رووخاوە ؟

<< خانووەكە رووخاوە .

٨٠ . دەزانیت دەبێ ئێستا بچیت خانووەكەیان لەگەڵ چاكبكەیت .

<< دەبێت خانووەكە چاكبكەیت .

پەیوەست بە كرداری ( دەزانی ) یەوە چەند كردارێكی تریش هەن ،كە ئەركەكانیان وەك كرداری ( دەزانی ) یە (( كردارە ڕاستەقینەكان بە نەرێ كردن یان ئەرێ بوونیان هەمان گریمانەی پێشینەی ڕاستەقینە دەنوێنن وەك كردارەكانی داوای لێبووردن دەكەم،خۆشحاڵم ، پەشیمانم ))[29].

٨١ . ا .پەشیمانیت لەوەی دلانت ڕەنجاند ؟

<< دلانت ڕەنجاند .

ب. پەشیمان نیت لەوەی دلانت ڕەنجاند ؟

<< دلانت ڕەنجاند .

ئەوەی لە رستەی ( ٨١ ، ا و ب ) دەركەوتووە ئەوەیە كرداری ڕاستەقینە ،كە هۆكاری دروستبوونی گریمانەی ڕاستەقینەیە لە دەوروبەر و زمانەكەدا ڕوویان داوە وەك ڕاستیەك ،كە ناكرێت ڕەتبكرێتەوە بەمەش گریمانەكەی لە هەردوو باری ( نەرێ و ئەرێ) دا وەك خۆی دەمێنێتەوە ئەم بارە بۆ رستەی فەرمانیش درووستەو گونجاوە وەك لە (٨٢ )دا دەردەكەوێت.

٨٢ . داوای لێبووردن بكە لەوەی كردووتە .

<< كارێكت كردووە

---

[28] George Yule(1996 : 26 )

[29] http://www.sil.org/linguistics/GlossaryOflinguisticTerms/WhatIsAPresuppositionTrigger.htm

### ت- گریمانەی پێشینەی لێکسیکی Lexicon Presupposition

لە گریمانەی پێشینەی دەستپێکردندا جۆرێك کردار جیادەبێتەوە ،کە دەکرێت مامەڵەی لێکسیکیان لەگەڵدابکرێت و ئەم گریمانەیە(( لە ڕێی رستەی هەواڵییەوە دەردەکەوێت وەك کرداری وازمهێنا ، دەستت پێکرد ،سەر لەنوێ بوویتەوە))[30] هەروەها کرداری (بڕیەوە ، کۆتایی– پێهێنا ، گەڕانەوە ... هتد) لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرە گریمانەی پێشینە بەرهەمدەهێنن و تەنها لە رستەی هەواڵیدا ئەرکەکانیان بەجێناهێنن بەڵکو پەیوەست بەو دەوروبەرەی تێیدا بەکاردەهێنرێن گریمانە پێشەکیە لێکسیکیەکانیان لەرستەی پرسیار و فەرمانیشدا ئەرك وکردەی لێك گەیشتنەکانیان خۆیان بەئەنجام دەگەیەنن . فیچەرە لێکسیکیەکان و پێناسەی واتایی و فەرهەنگیی دیارخەری ئەو گریمانەیەن ،کە کردارەکە بە ماتی لەخۆیدا هەڵیگرتوون بڕوانە لێکدانەوەی کردارەکانی ( بڕیەوە،گەڕایەوە).

بڕیەوە: کەسێك لەوەو پێش بەردەوام بووە لەسەر شتێك و چەندبارەی کردۆتەوە و لەخاڵێکی دیاریکراودا وبەشێوەیەکی توند جارێکی تر نەچێتەوە سەری و باسی ناکاتەوە.

گەڕایەوە : کەسێك لەوەو پێش بەردەوام بووە لەسەر شتێك و چەندبارەی کردۆتەوە و لەخاڵێکی دیاریکراودا وازی لێهێناوە ، بەڵام بۆ جارێکی تر چۆتەوە سەری ، یان باسی کردۆتەوە.

| بڕییەوە | گەڕایەوە |
| --- | --- |
| – چوونەوەسەر | +چوونەوەسەر |
| – بەردەوامبوون | + بەردەوامبوونەوە |
| +وەستان لەکارێك | – وەستانەوە |
| –دەستپێکردنەوە | + دەستپێکردنەوە |

هەر یەك لەو فیچەرانەی لە ڕوونکردنەوەی سیما فەرهەنگییەکانی کردارەکانی (بڕیەوە و گەڕایەوە) دا دەردەکەون دەبنە دروستکردنی پێناسەی لێکسیکی کردارەکە و پاشان دەبنە گریمانەی پێشینەی فەرهەنگی رستەکە ( ئەم قسانە بڕەرەوە) و

[30] George Yule(1996 : 27 )

(بگەڕێرەوە سەرکارەکەت ) دیاریکردنی گریمانەکەیان لە ڕێی پێناسەی فەرهەنگی هەردوو کرداری (ببڕەرەوە،بگەڕێرەوە)ەوە دەبێت

٨٣ .ا. ئاران وازیهێناوە لە هاتوچۆکردنتان ؟

<< ڕاهاتبوو لەسەر هاتوچۆکردنتان .

ب. ئاران وازینەهێناوە لە هاتوچۆکردنتان ؟

<< ڕاهاتبوو لەسەر هاتوچۆکردنتان

ڕستەی پرسیاری ( ٨٣. ا و ب ) دا کرداری ( وازیهێناوە ، وازینەهێناوە ) وەك لێکسێم لە ڕستەکەدا بەکارهاتوون و جەختیش نەکراوە لە سەر ڕاستەقینەی بوونیان ئەمەش ئەو خاڵەیە ،کە لە گریمانەی ڕاستەقینەی جیا دەکاتەوە .

٨٤ . ا دەستبکەرەوە بە کارەکانت .

<< لەوەو پێش کارت کردووە .

ب . دەست مەکەرەوە بەکارەکانت .

<< لەوەو پێش کارت کردووە .

ڕستەی فەرمانی ( ٨٤ . ا ، ب ) ئەرکی لێکسمی بە کرداری ( دەستبکەرەوە و دەستمەکەرەوە ) ڕاپەڕاندووە بەمەش گریمانە پێشینەکەی لە چەشنی گریمانەی پێشینەی فەرهەنگیدایە .

**ج – گریمانەی پێشینەی ناڕاستەقینە** Non- Factive Presupposition

ئەو ڕستانەی ئەم جۆرە کردارانەی تێدایە ئەوە دەردەخەن ،کە ئەو گریمانەیەی لەلایەن قسەکەرەوە دانراوەو ڕستەکەی بۆ دەربڕاوە گریمانەی ناو ڕستەکە لەگەڵ لوژیکدا یەکناگرێتەوەو ناگونجێت بەپێی پێوانەکانی ڕاستی (( وەك کردارەکانی خەوم بینی ، وێنام کرد ، نیشانی دا ))[٣١]

٨٥ .ا لە خەوتدا دەوڵەمەند بووبوویت ؟

<< دەوڵەمەند نیت .

ب. لە خەوتدا دەوڵەمەند نەبووبوویت ؟

پ . لە خەویشتدا دەوڵەمەند نەبوویت ؟

<< دەوڵەمەند نیت .

---

[31] سەرچاوەی پێشوو ( ٢٩ )

رستەی ( ٨٥ ) گریمانەی ناڕاستەقینەکە شوێنی خۆی گرتووە ، بەڵام لە رستەی ( ٨٥ .ب ) هەرچەند بە هەمان واتای گریمانەی پێشینەی ناڕاستەقینەی ( ٨٥ .ا ) دێت ) ، بەڵام قسەپێکەرانی زمانی کوردی رستەی ( ٨٥ . پ ) زیاتر بە هەڵگری مەبەستی گریمانەکەی دادەنێن ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی ئاوەڵکرداری ( یش ) ەوەیە ،کە رستەکە ڕاستەوخۆ بە دەوروبەرەکەیەوە دەبەستێتەوە .

٨٦ . خۆت وانیشان بدە نەخۆشیت .

<< نەخۆش نیت .

رستەی ( ٨٦ ) ئەوە دەردەخات ، کە رستەی فەرمانیش ئەم دیاردەیەی تێدا دەبینرێتەوە و گریمانەکەش لە رستەکەدا پەیوەستە بەو کردارەی تێیدا بەکارهێنراوە هەروەها ئەو کەرەستانەی ،کە بۆ رستەکە بەکاردەهێنرێن بەو واتایەی دەبێت ،کەرەستەکان لە کاتی بەکارهێنانیشیاندا هەروەك ئاستی سینتاکسیان لەگەڵ یەکدا بگونجێن و داوای یەکتر بکەن ، بۆ نموونە رستەی ( ٨٦ ) کردارەکە بە نەرێ لەگەڵ کەرەستەی ( نەخۆشیت ) ناگونجێت و بەمەش ئەرکی رستەکە وەك گریمانەی پێشینەی نا ڕاستەقینە جێبەجێ نابێت .

### ح- گریمانەی پێشینەی درۆینە Counterfactual Presupposition

رستەی مەرجی و گومان ئەم چەشنەی گریمانەی پێشینە درووست دەکەن و لێرەدا ئەم گریمانەیە نەك تەنها هەڵەیە ، بەڵکو دژ بە ڕاستیشە بەو واتایەی لە پلەی نا لۆژیك بوونەکەیدا لە گریمانەی پێشینەی ناڕاستەقینە زیاترە و سنووری بەستنەوەی قسەکەر بە دەوروبەرو دونیاوە پچڕاوە ، و بەشێوەیەك هیچ مەودایەکی بۆ هاتنەدی نەهێشتۆتەوە لە دەوروبەرێکدا ،کە دوو کەس شەڕدەکەن :

٨٧ . ئەگەر نەخۆش نەدەبوویت چیت ئەکرد ؟ دەتکوشتم .

<< هیچت پێناکرێت .

لە ( ٨٧ ) دا کەمکردنەوەی پایەی گوێگر لە لایەن قسەکەرەوە هۆکاری دروست بوونی گریمانەی پێشینەی درۆینەیە لە ڕووی دەوروبەری کۆمەڵایەتییەوە و پەیوەست بە لایەنی پراگماتیکی زمانەوانی ناو رستەکەش قسەکەر لە ڕێی بەکارهێنانی رستەیەکی ئاڵۆزەوە کردەی لێکگەیشتنەکەی ئەنجام داوە ،کە خۆی لە خۆیدا گرفتێك بۆ پرۆژەی گریمانەی پێشینەکەش درووست دەکات .

٨٨ . ئەگەر کارێکت نەکردووە تائێستا ، لەمەودواش هەرهیچ مەکە.

<< ئیشی پێناکرێت .

بە هەمان شێوەی رستەی ( ٨٧ ) رستەکە بە پێچەوانەی ڕاستیەوەیە بەڵکو دژیشی دەوەستێتەوە چونکە ڕەنگە کەسێك لە ماوەیەکی تەمەندا ئیشی نەکردبێت لە قۆناغەکانی تری تەمەنیدا کارێك بکات ، بەڵام قسەکەر لێرەدا هەموو ڕێگاکانی لە گوێگر گرتووە و لە چێوەی گریمانەیەکی پێشینەی ناڕاستدا دەیەوێت بیهێڵێتەوە .

ئەم چەشنە گریمانەی پێشینە گرفت درووست دەکات وەك لە ( ٨٧ ) دەرکەوتووە ،کە بە شێوەیەکی میتافۆری گریمانەکە دەرکەوتووە ئەویش لەبەر پێکدادانی دوو گریمانە لە دوو رستەئالۆزەکەدا ، هەروەها ( ٨٨ ) یش بەهەمان شێوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێکچڕژانەی گریمانەکان لەو جۆرە ڕستانەدا هەیانە.

### خ- گریمانەی پێشینەی دروستەیی Structural Presupposition

دروستەی رستە لەم گریمانەیەدا ئەرکی جیاکردنەوەیی دەبینێت لە گریمانەکانی تر ((هەندێك گریمانە بەهۆی دروستەوە دروست دەبن و بەمەش رستەکان دەتوانرێن شیبکرێنەوە بە جۆرێك لە قسەکەردندا دەتوانین گریمانەکانیان ڕێکبخەین چونکە دروستەکانیان وەك گریمانەی ڕاست وایە ))[٣٢] وئەم چەشنە بۆ ئەو گریمانەیە بەکاردەهێنرێت، کە لە رستەی پرسیاردا هەیە– بەتایبەتی رستەی پرسیار ،کە لە وشەی پرس پێکهاتبێت– و زانیاری دوای وشەی پرسەکە وەك گریمانەیەکی ڕاستەقینە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت .

دروستەی ڕووکەشی رستەی پرسیار لە زمانی کوردیدا تا ڕادەیەك وەك دروستەی قوڵیەتی (( رستەی پرسیاری ڕێزمانی کوردیی یاسای گواستنەوەی " $\alpha$ بجووڵێنە" نیشان نادات و نییەتی .بەم شێوەیە، رستەی پرسیار دروستەی قووڵی رستەی زمانی کوردیی دەگرێتەوە و وەك یەکن))[٣٣] پەیوەست بەمەشەوە زمانی کوردی لە زمانی ئینگلیزی جیادەبێتەوە لە ڕووی جیاکردنەوەی گریمانەی پێشینەی دروستەییەوە چونکە جوڵاندنەکانی وشەی پرس لە زمانی ئینگلیزیدا گواستنەوەن( Wh -movement) بەمەش گریمانە پێشینە دروستەکانی هەمان گریمانەی پێشینەی دروستەی قووڵ نابن بەڵکو

---

[32] George Yule(1996 : 28 )

[33] محەمەدی مەحویی ( ٢٠٠١ : ١٩٧ )

گریمانەی پێشینەی دروستەی ڕووکەش دەبن ئەو ڕستانەش ،کە لە ڕێی ئاوازەوە پرسیارەکانیان دەردەبڕن لە ئاستی فونەتیکی دان و گریمانەی پێشینەکەیان دەکەوێتە دوای ئاوازەی رستەکەوە و بەتایبەت ئەو شوێنەی،کە پارتیکڵی (ئایا) ی تێدایەبڕوانە نموونەکانی ( ٨٠.ا، ب ، پ، ت ) بەشی یەکەم .

89 . [ S' C[ S your father [ i will ] put [ NP Which car ] in the garage]][34]

I movement

Wh –movement

٩٠ . لە کوێ پاسکیلی کڕی؟

<< ئەو پاسکیلی کڕی .

٩١ . چۆن پارەکەت دایە دەستی ؟

<< پارەت داوەتێ .

لە رستەی ( ٩١ ،٩٠ )دا گریمانە پێشینەکان لەو شوێنەوە دەست پێدەکات ،کە لە دوای وشە پرسەکەوەیە و بەهۆی دروستەی رستە پرسیارەکەوە گریمانە پێشینەکە بەئاسانی دەناسرێتەوە و قسەکەر بە ئاسانی گریمانەکەی بۆ ڕێك دەخرێت.

لەدروستەی رستەی فەرمانیشدا بەهۆی کردارەکەیەوە گریمانەکەی دەستنیشان دەکرێت واتا ئەو کەرەستانەی لە پێش کردارەکەوەن دەبنە گریمانە پێشینەکە بۆ نموونە بڕوانە (٩٢ ،٩٣) .

٩٢ .بە ئۆتۆمبێلەکەت ڕووداو نەخولقێنیت .<< تۆ خێرا لێدەخوڕیت.

٩٣ . خانوویەکمان لەلای خۆتانەوە بۆ بگرە .<< ڕەنگە تۆ خانوومان بۆ بگریت .

رستەکانی ( ٩٢ ، ٩٣ ) ئەوە دەردەخەن ، کە کردارەکە لە ڕووی هێزەوە ( تێپەڕ بێت یان تێنەپەڕ ) دەری دەخات ،کە رستەکە لە گریمانە پێشینەکەیدا بە چ جۆرێك ڕێك دەخرێت واتا ئەگەر تێپەڕ بوو ئەوا دەبێت بکەر و بەرکاریش لەگەڵ کردارەکەدا بن بۆ گریمانە پێشینەکە ، بەڵام لە رستەیەکدا ،ئەگەر گردارەکە تێنەپەڕ بوو ئەوا یەکێك لە ئاوەڵکردارەکان لەگەڵ کردارەکەدا دەبنە گریمانەی پێشینە ((وشەکانی پرس گریمانەی پێشینە دروست دەکەن لەڕێگای گۆڕانیان بۆ گۆڕاوێك (کێ– کەسێك)، لەکوێ– لە

[34] Andrew Radford ( 1988 : 465 ) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی گواستنەوەکانی زمانی ئینگلیزی بڕوانە هەمان سەرچاوە .

شوێنیكدا، چۆن – بەهۆی شتێكەوە ))[٣٥] ئەو گۆڕاوەی لەبری وشەی پرسـیارەكە لـە رستە پرسـیاریەكەدا دادەنرێـت دەبێتـە دیـاریكردنی ئـەو گریمانـە پێـشینەیەی رسـتەكە دەیگەیـەنێت بەتایبــەتی ، ئەگــەر لــە رســتەی وەلاًمەكــەدا بــەڕوونی نــەخرابووە ڕوو ، بەشێوەیەك پێكهاتەی رستەی پرسیارەكە دەتوانێت گریمانەكە بخاتـەڕوو ،ئەگـەر لـەڕێی رستەی وەلاًمەكەشەوە نەبێت .

٩٤ . ا.كێ لە زانكۆی كامبردج لە زماندا پرۆفیسۆرە ؟

<< كەسێك لە زانكۆی كامبردج لە زماندا پرۆفیسۆرە .

ب .لیڤنسن لە زانكۆی كامبردج لە زماندا پرۆفیسۆرە.

بەكارهێنانی وشەی > كەس < لە جێی وشەی پرسیی > كـێ < نیـشانكەری گریمانـە پێشینەكەی رستەكەیە ، كە لە ڕێـی دروسـتەكەیەوە دیـاریكراوە هـەروەك چـۆن لـە ڕێـی وەلاًمـی رسـتە پرسیاریەكەشـەوە دەبینرێتـەوە هـەروەها لـە ( ٩٤ . ب) دا دەركـەوتووە .دەركەوتنی هەریەك لە چەشنەكانی گریمانەی پێشینە لە رستەكاندا جیاجیـا نـین بـەڵكو لە رستەیەكدا دەكرێت دوو چەشن یان زیاتر لە گریمانەیەكی پێشینە هەبێت ((كـێ هـاری بینـی؟ : گریمانەی پێشینەی بوون و ڕاستەقینەی تێدای ، كەی هاری لـە لێـدانی ژنەكـەی وەستا ؟: گریمانەی پێشینەی بوون و ڕاستەقینەی تێدایە))[٣٦]

## ○ ناجێگیری گریمانەی پێشینە لە رستەی پرسیارو فەرمان دا

لە گریمانەی پێشینەی پراگماتیكیدا چەند گرفتێك ڕووبەڕووی دیاردەكە دەبێتەوە، كە پێی دەوترێت گرفتـی گریمانـەی پێـشینە و هۆكـاری ئـەم گرفتـە دەگەڕێتـەوە بـۆ چـەند هۆكارێك لەوانە( نابەرجەستە بـوونی لـە رسـتەدا و ئـەو ڕەفتارانـەی هەیـەتی لـە رسـتەی ئـاڵۆزدا و بـوونی ئینتـەیلمێنت یـان هەنـدێك دیـاردەی تـری پراگمـاتیكی وەك گریمانـەی پێشینە ) قسەكەر لەم بارانەدا بەشێوەیەك مامەڵە لەگەڵ گریمانەكاندا دەكـات ،كـەگوێگر ناتوانێت بە ئاسانی لە كردەی لێك گەیشتنەكە بگات لە هەمان كاتـدا قـسەكەر دەتوانێـت لێیـان پەشـیمان ببێتـەوە و ئاڵۆزیـەك دروسـتبكات لـە نـاو رسـتەكەدا ، كـە مەبەسـتە شاراوەكانی خۆی لەگەڵ واتای پیتی رستەكەدا لەیەك دووربخاتەوە .

---

35 بڕوانە Stephen C .Levinson ( 1983 : 184 ) هەروەها بڕوانە
http://www.sfu.ca/linguistics/wccfl24/Abstracts/Fitzpatrick.pdf

٧٥ سەرچاوەی پێشوو

سـيمايەكی گریمانــەی پێـشینە نابەرجەسـتەبوونێتی و وەك تایبەتییــەك لــە زۆر دەوروبەردا دیارنامێنێت تەنانەت لە دەوروبەری زمانەوانیشدا بۆ نموونـە كـرداری ( دركـی كردووە ) بۆ كەسی یەكەم لە ئەو گریمانـە پێـشینەیەی لەدەسـت دەدات ،كـە بـۆ كەسـی سێیەمی تاك ، هەیەتی بڕوانە ( ٩٥ ) .

٩٥ . ا . **ئەو** دركی بەوەنەكردووە دزی بازاڕەكەی گیراوە ؟

ب . دزی بازاڕەكە نەگیراوە .

پ . **من** دركم بەوەنەكردووە دزی بازاڕەكە گیراوە ؟

ت . دزی بازاڕەكە گیراوە

گریمانەی پێشینەی رستەی ( ٩٥ . ا ) بریتییە لە رستەی ( ٩٥ . ب ) ، بـەڵام لـەكاتی گـۆڕانی بكـەری رسـتەكەدا لـە ( ٩٥. پ ) دا نەبوێتـە گریمانـەی پێـشینە و دیارنـەماوە و بەرجەستەنەبووە لە هەمان كاتدا گۆڕاوە بۆ ( ٩٥ . ت ) ،كە ئەم گریمانەیە جیاوازە لـە ( ٩٥ . ب ) .

٩٦ . ا . با تۆ پەشیمان بیتەوە لە قسەكانت .

ب. پەشیمانییە لە قسەكان .

پ .با من پەشیمان ببمەوە لە قسەكانم .

ج. پەشیمانم لە قسەكان .

لە رستەی پرسیاریدا ئەم گرفتە بەتایبەتی لەفەرمانی ناڕاستەوخۆدا دەردەكەوێت چـونكە لـەم جـۆرە فەرمانـەدا بكـەرەكان توانـای گۆڕانیـان هەیـە ، بـەڵام لـە فـەرمانی ڕاسـتەوخۆدا بكـەر [± تـاك]ی كەسـی دووەمــە و جۆرەكـانی تـری كەسـەكانی تێـدا دەرناكەوێت . لە رستەی ئاڵۆزدا بـە پێـی ئـەو تایبەتیانـەی گریمانـەمان پـێ شـیكردەوە دەبێـت گریمانـەی رسـتە گەورەكـە ( رسـتە ئاڵۆزەكـە ) پێكهاتبێـت لـە كـۆی گریمانـەی ڕستیلە پێكهێنەكانی (( $S^o = S1 + S2 + S3......S_n$ ))[٣٧] ، بەڵام ئـەو گرفتـەی لـە پـرۆژەی گریمانـەی پێـشینەدا سـەرهەڵدەدات ئەوەیـە گریمانـەی پێـشەكی یـەكێك لەڕستیلە پاشكۆكان[٣٨] نابێتە بەشێك لە گریمانەی پێشینەی رستە سـەرەكییە ئاڵۆزەكـە ئەویش هەندێك جار دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئینتەیلمێنت .

---

[37] سەرچاوەی پێشوو( ١٩٠ )

[38] رستە ئاڵۆزەكان دارشتەكانیان لە پراگماتیكدا بەپێی مەبەست گەیاندنی ئامرازە لێكدەرەكانیان پـۆلێن دەكرێـت لـە گرفتـی پرۆژەكەشـدا كاریگـەری زۆریـان هەیـە لـە نـا بەرجەسـتەبوون و◄◄

٩٧. ا وامانده‌زانی ئاران نه‌خۆشه و كه‌چی نه‌خۆشیش نه‌بوو ؟
ب. ئاران نه‌خۆشه ، ئاران نه‌خۆش نییه .

رسته‌ی ( ٩٧ . ا ) دروسته‌ی رسته‌یه‌كی ئالۆزه و ڕستیله‌ی پاشكۆی (كه‌چی نه‌خۆشیش نه‌بوو ) نابێته به‌شێك له گریمانه‌ی پێشینه‌ی ڕستیله‌ی سه‌ره‌كی ( كه‌س ده‌یزانی ئاران نه‌خۆشه ) به‌مه‌ش له ( ٩٧ . ب ) دا پێكدادانێك له نێوان ئینته‌یلمێنت و گریمانه‌ی پێشینه‌دا ڕووده‌دات به‌شێوه‌یه‌ك ، كه ئینته‌یلمێنته‌كه نابێته به‌شێك له گریمانه‌ی پێشینه‌ی رسته سه‌ره‌كییه‌كه و به‌مه‌ش گرفت توشی پرۆژه‌كه ده‌بێت

٩٨. ا .ئه‌و كتێبانه‌م بۆ گه‌یه‌نه‌ره كتێبخانه‌ی گشتی ، به‌ڵام قه‌یناكه خۆم ده‌یانبه‌م .
ب.تۆ كتێبه‌كان ده‌گه‌یه‌نیته كتێبخانه‌ی گشتی ، من كتێبه‌كان ده‌گه‌یه‌نمه كتێبخانه‌ی گشتی .

له رسته‌ی ( ٩٨ . ا ) دا ده‌وروبه‌ری ده‌روونی كاریگه‌ری خۆی هه‌بووه له‌سه‌ر پێكبه‌ستنه‌وه‌ی رسته ئالۆزه‌كه به‌هۆی ئامرازی لێكدانی ( ، به‌ڵام ) ه‌وه ، كه ئه‌میش له خۆیدا هه‌ڵگری گریمانه‌ی پێشینه‌ی جیاجیایه و( كارتونین ) له گریمانه‌ی پێشینه‌ی ده‌ستپێكردندا لێیكۆڵیونه‌ته‌وه .

٩٩ . ا .ده‌با بڕۆین بۆ لای ئارانه نه‌خۆش هه‌رچه‌نده له منیش ساغتره . (p)
ب. ده‌با بڕۆین بۆ لای ئارانه نه‌خۆش .
>> ئاران نه‌خۆشه ( q)

---

◄◄ هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی گریمانه‌ی پێشینه‌ی رسته‌كان ( نه‌رێ Nagation (N1)دلان نه‌بوو گولاَنه‌كه‌ی شكاندبوو (N2) سه‌رۆك كۆماری ئیسپانیا جه‌ماوه‌ریی نییه) ،( لێكدان Conjunction ( A1 ) ئه‌وه دلان بوو گوڵدانه‌كه‌ی شكاندبوو و ئارانیش بوو ئاوێنه‌كه‌ی شكاندبوو) (لیكدراوی پێچه‌وانه Disjunction یان ئه‌وه‌تا ئاران بوو بانكه‌كه‌ی بڕیبوو، یان به‌ناهه‌ق خرایه زیندانه‌وه ) .

( ئاماژه‌ی مه‌رجی Indicative Conditionals ( كاتێك ڕوداوه‌كه ئه‌گه‌ری هه‌ڵه بوونی لێناكرێتC1 ئه‌گه‌ر ئاران پاساوی دیارنه‌بوونی هه‌بێت كه‌واته ئه‌وكات نالان ئه‌وكه‌سه‌یه بانكه‌كه‌ی بڕیوه ).

(مۆدالی ئه‌بستمی Epistemic Modal مامه‌ڵه ده‌كات له‌گه‌ڵ زانیاره‌كاندا E 1 ڕه‌نگه ئاران ئه‌وكه‌سه بێت ، كه‌بانكه‌كه‌ی بڕیوه E2 له‌وانه‌یه ئاران بوبێت ئه‌وكه‌سه‌ی بانكه‌كه‌ی بڕیوه ) هه‌ریه‌ك له‌م دروستانه رسته‌ی پرسیاری و فه‌رمانیشی هه‌یه و ئه‌و هۆكاره‌ی وا ده‌كات له‌م لێكۆڵینه‌وه‌یه‌دا باسیان نه‌كه‌ین ئه‌وه‌یه ، كه لێكۆڵینه‌وه‌كه تایبه‌ت نییه به گرفتی پرۆژه‌كه بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه . Kate Kearns ( 2000 :53 )

ج . هەرچەندە لە منیش ساغترە .

<< ئاران نەخۆش نییە . ( r )

r >> not q

لە رستەی (٩٩ . ب) دا گریمانەی پێشینەکە (q)ەو لە ( ٩٩ .ج ) دا (r)ە ،کە هەردووکیان ڕستیلەی پێکهێنەری رستەی سەرەکی ( ٩٩ . ا ) ن و هەریەك لە گریمانەی پێشینەکانیان پێچەوانەی یەکترین و گرفتی پرۆژەکە دەردەخەن لە رستەی فەرماندا .

بۆ چارەسەرکردنی ئەم ڕەفتارەی گریمانەی پێشینە لە رستەدا زمانەوان( کارتونین ) مەرجی فلتەریی داناوە ( Filter Condition) بۆ دەرخستنی و جیاکردنەوەی گریمانەی پێشینە لە دیاردە سیمانتیکی و پراگماتیکیەکانی تر بەپێی ئامرازە لێکدەرەکان :

١٠٠ . لە رستەی فۆرمی ***ئەگەری*** دا p پاشان q ( هەروەها فرێز لە رستەی فۆرمی p و q ) گریمانەی پێشینەی پارچەکان بۆ ماوەیی دەبێت بۆ هەموو رستەکە هەتا q گریمانەی r دەکات و p دەبێتە ئینتەیڵی r .

١٠١ . لە رستەی فۆرمی ***ئەگەری***p یان q دا ، گریمانەی پێشینەی بۆماوەیی دەبێت بۆ هەموو رستەکە هەتا q گریمانەی پێشینەی r دەکات و ( p~ ) ئینتەیڵی r دەکات [٣٩].

ئەم دوو یاسایە مەرجی فلتەری گریمانەی پێشینەن بەو واتایەی ئەو رستەیەی ئینتەیڵی هەبێت گریمانەی پێشینەی تێدا نابێت .

١٠٢.ا.تۆ هاوڕێی ڕاستەقینەی منیت و کەچی بەو شێوە ناشرینە مامەڵەم لەگەڵ دەکەیت ؟ (p)

ب. تۆ هاوڕێی ڕاستەقینەی منیت .(S1)

<<تۆ هاوڕێی منیت. (q)

ج . کەچی بەو شێوە ناشرینە مامەڵەم لەگەڵ دەکەیت ؟(S2)

<< تۆ هاوڕێی من نییت. ( r )

r >> not q ⟶ r >> ~ q

بۆ جێبەجێبوونی مەرجی فلتەری لە رستەی (١٠٢.ا)دا دەبوایە گریمانەی پێشینەی هەموو رستەکە (p ) لەکۆی گریمانەی پێشینەی ڕستیلەی (S1)،کە بریتییە لە (q)و لە گریمانەی پێشینەی ڕستیلەی( S2) بریتییە لە(r) پێکبهاتایە بەپێی یاسای( ١٠٠) بۆ ئەوەی گریمانەی پێشینەی رستەکە (p) کردەی گەیاندنەکەی بە پێی ئەو مەبەست

---

[39] یاساکان لە( Stephen C .Levinson ( 1983 : 197 وە وەرگیراوە .

دانانەی وکە قسەکەر لە بەکارهێنانی گریمانەی پێشیندا دایدەنێت بەمەش سەرجەمی رستە ئاڵۆزەکە دەبێتە ئینتەیڵمێنتی ( S2 ) .

١٠٣ .ا. چۆن پارەکانم بەفیڕۆ نەداون ؟ ( بەهۆی ئاوازەوە ) وپەشیمانم لەوەی بەفیڕۆم نەداون. (p )

ب . پارەکانم بەفیڕۆ نەداون ؟(S1)

<< پارەکانم بەفیڕۆداوە . (q)

ج . پەشیمانم لەوەی بەفیڕۆم نەداون. (S2)

<< پارەکانم بەفیڕۆداوە . ( r )

بۆ جێبەجێبوونی مەرجی دووەمی فلتەری گریمانەی پێشینە (q) ، کە گریمانەی پێشینەی (S1) دەبێت گریمانەی (r)بکات،کە ئەمیش لەخۆیدا گریمانەی پێشینەی (S2)ەبەپێی یاسای (١٠١ ) و لە(١٠٣ . ا ) گریمانەی پێشینەی رستەکە بەئەنجام نەگەیشتووە چونکە گریمانەی پێشینە (q) نەبۆتە تەواوکاری گریمانەی (r) و ئەمەش بۆتە رێگر لەبەردەم جێبەجێبوونی مەرجەکە و بەمەش ( p~ ) ئینتەیڵی r ناکات کەواتە بەم پێیە گریمانەی رستەکە هەڵدەوەشێتەوە .

لە رستەی فەرمانیشدا بەهەمان شێوەی رستەی پرسیاری بەجێبەجێکردنی یاسای (١٠١ ) گریمانەی رستەی پرسیارییەکە سەرکەوتوو دەبێت لەکاتێکدا جێبەجێنەکرێت مەرجی فلتەری گریمانەی پێشینە ڕێ بە بەکارهێنانی گریمانەکە نادات لەو رستەیەدا و لە بریی گریمانەکە هەردیاردەیەکی تری سیمانتیکی یان پراگماتیکی جێی دەگرێتەوە .

١٠٤.ا. با ئەرکەکان وەك خۆی بەجێبهێنم و خەریکم ئەرکەکان وەك خۆی بەجێناهێنم (p) .

ب . با ئەرکەکان وەك خۆی بە جێبهێنم .(S1)

<< ئەرکەکان وەك خۆی بەجێدەهێنم .(q)

ج . خەریکە ئەرکەکان وەك خۆی بەجێناهێنم .(S2)

<< ئەرکەکان وەك خۆی بەجێناهێنم. (r)

لە رستەی ( ١٠٤. ا) یاسای ( ١٠٠) برینداركراوە لە ئەنجامی بۆماوەیی نەبوونی گریمانەی پێشینەی پارچەکانی رستە ئاڵۆزەکە بۆ هەموو رستەکەو بەو شێوەیە q گریمانەی r ناکات و p نەبۆتە ئینتەیڵی r .

١٠٥ . له كۆتايدا ئاران نابێته كەسێكی زانا له زمانەوانیدا و كەسێكی نەزانی لێدەردەچێت لەو بوارەدا .

یاسای( ١٠١) له رستەی (١٠٥) دا جێبەجێنابێت و رستەكەش گریمانەكەی نابەرجەسته دەبێت و

هەڵدەوەشێتەوە .

چۆنێتی كردنی رستەكان به باكگراوندێكی ئاخاوتن لەكاتێكدا كەسێك هەڵدەستێت به دەربرین و پەسەندكردنیان توانست و توانایەكی دیاریكراوی دەوێت چونكه تێیدا چەندین نامه message تێدەگەین و شیدەكەینەوه به بێ ئەوەی به وشه وترابن ، وەك لێمانكۆڵییەوه گریمانەی پێشینه رێگەیەك بوو له كردەی پەیوەندیكردن، هەروەها گرفتی پرۆژەكەش بۆ رستەی پرسیار و فەرمان گرانتره لەبەرئەوەی هەندێك لەیاساكان بەشێوەیەكی روون ناكرێت بەسەریاندا جێبەجێ بكرێت ئەمەش لەبەر ئەوەی رستەی پرسیاری و فەرمانی هەڵگری (راست بوون و هەڵه بوون ) نین ، كه دەرخەری مەرجی راستین ، بەڵام ئەم بارەی هەردوو جۆری رستەكه دەكرێت لەرێی رستەی وەڵامەكانیانەوه لێكبدرێتەوه ((پرسیاركردن رستەی هەواڵی نین ، بەڵام هەموو پرسیارێك بەسروشتی رستەیەكی هەواڵی تێدایه ،كه له ناو وەڵامه راستەوخۆكەیدا هەیه . وەڵامه راستەوخۆكەش بەهۆی ( بەڵێ و نەخێر) ەوه دەبێت ))[٤٠] هەندێكی تر له پرسیارەكان دەشێت چەند وەڵامێكی راستەوخۆ یان هەبێت بەپێی ئەو دەوروبەرەی پرسیارەكەی بۆ بەكاردەهێنرێت وەك ئەو رسته پرسیاریانەی وشەی پرسی (بۆچی) یان تێدایه .

١٠٦ .بۆچی ئاران رایكرد ؟ دەكرێت چەند وەڵامێكی هەبێت .

– رایكرد بۆ ئەوەی ببێته جێگەی سەرنج

– رایكرد بۆ ئەوەی گەرمی لەشی بپارێزێت .

– رایكرد بۆ ئەوەی فریای ئوتومبیلەكه بكەوێت .

كۆی وەڵامەكان یەك گریمانەیان هەیه ئەویش ( ئاران رایكردووه) یه كه بنەمای وەڵامدانەوەكه و خودی پرسیارەكەشه ،ئەگەر p گریمانەی پێشینەی هەموو وەڵامێكی راستەوخۆ بێت بۆ پرسیاری Q ، كەواته p گریمانەی پێشینەی Q دەبێت .

---

40 www.ux1.eiu.edu/~cfbxb/class/1900/prag/presupp1.htm

بەم پێیە ئەو حاڵەتەی بەکارهێنرا بۆ پرسیار دەتوانرێت بۆ گریمانەی پێشینەی فەرمانیش بەکاربهێنرێت ((پرسیار لە وەلامەکەیدا هەواڵی تێدایە و فەرمانیش لەجێبەجێکردن و راپەراندنیدا و هەندێك جاریش لەشێوەی رەفتاردا دەبێت و هەندێك جاری تریش بەهۆی وەلام بۆ فەرمانەکە و پێی دەوترێت Compliance sentence))[41]

گریمانەی پێشینەی فەرمان ئەگەر(p) گریمانەی پێشینەی بێت بۆ هەموو شێوە رستەیەکی وەلامدانەوەی فەرمان Compliance sentences، C ئەوا p گریمانەی پێشینەی C دەبێت.

گەر لەسەر یەکێك لە هێماکانی هاتووچۆکردن نووسرابێت ( ٤٠ کم )– خودی رستەی فەرمانەکەیە– ئەوا شێوە رستەکەی دەبێتە ( ١٠٧ .ا )

١٠٧. ا. لەخواروو خێرای دیاریکراوەوە لێبخوورە .C1

دوو رستەی وەلام یان رەفتارەکە وەك لێپرسراوێتی دەبێت .

ب . من لە خواروو خێرای دیاریکراوەوە لێدەخورم .

پ . من لە خواروو خێرای دیاریکراوەوە لێناخورم[٤٢]

گریمانەی پێشینە لە ( ١٠٧ . ب ) و ( ١٠٧ . پ ) دا دیاری کردنی هەمان گریمانەی پێشینەیە ،کە لە ١٠٧ . ا ) دا هاتووە ( من ئامێرێك لێدەخورم ) .

رستەی وەلام لە پرسیاردا و شێوە رستە لە فەرماندا دروستەی رستەی هەواڵین پەیوەست بەمەشەوە هەلگری راستبوون یان هەڵەبوون و شیکارکردن و لێکۆڵینەوەش لە گرفتی پرۆژەکە بۆ هەردوو جۆری رستەکە لەم رێگایەوە دەبێت .

### ○ گریمانەی پێشینە لەرستەی پرسیار و فەرمانی دادگا و خوێندنگاکاندا

گریمانەی پێشینە پەیوەست بەو راستی و هەڵەبوونانەی دەربارەی شتەکان ،کە دەینوێنێت لە دادگاو خوێندنگاکاندا بەشێوەیەکی پراکتیکی بەکاردەهێنرێت بەتایبەتی گریمانەی پێشینەی پرسیارو فەرمان چونکە گریمانەی پێشینە رێ لە بوونی کردە قسەییەکان ناگرێت ،کە قسەکەر لە رێی ئاخاوتنەکانیەوە ئاراستەی گوێگری دەکات .

---

41 سەرچاوەی پێشوو

42 www.ux1.eiu.edu/~cfbxb/class/1900/prag/presupp2.htm

١٠٨. دادوەر : ماڵەکەتان چەند دوورە لە ڕووداوەکەوە ؟

هـ . ك : دووسێ ماڵمان لە نێواندایە...نزیکەی ( ٢٠ ) مەتر .[٤٣]

<< ماڵەکەیان نزیکی ڕووداوەکەیە .

کردەی قسەیی رستەی ( ١٠٨ ) تەنها بۆ پڕکردنەوەی زانیارییـە ، بـەڵام مەبەسـت لـە زانیارییەکان دەرخستنی ئەو ڕاستییەیە ، کە شـاهێدەکە بینیوویـەتی ئـەویش بـە دانـانی گریمانەی پێشینە لە رستەی دادوەردا بەوەی گریمانەی ئەوە دەکات ئـەم دەبێـت نزیکـی ماڵەکە بووبێت تاوەکو توانیبێتی ڕاسـتی ڕووداوەکـە ببینێـت ، لەلایـەکی تـرەوە ( هـ.ك ) گریمانـەی پێـشینەی نـاو رسـتە پرسـیارەکەی ڕەتنەکردۆتـەوە بـەڵکو لەسـەر بنـەما و پرنسیپی گریمانەی پێشینەی رستەی دادوەر هەڵدەستێت بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکە .

١٠٩. مامۆستا : کەی گەردیلە دەبێت بە ئایۆن ؟[٤٤]

ن . ع : کاتی فڕێدانی ئەلەکترۆن .

<< گەردیلە دەبێت بە ئایۆن .

لە رستەی ( ١٠٩ ) دا مامۆستا وەك کردەیەکی قسەیی هیچ زانیارییەکی وەرنەگرتووە یاخود کردەیەکی ڕەفتاری لە خوێندکارەکەدا دروست نەکردووە بەڵکو لـە ڕێـی گریمانـە پێشینەکەوە بڕی ئەو زانیاریانەی ، کە لای خوێندکارەکە دەستدەکەوێت تاقیکردۆتەوە .

بەهەمان پرۆسەکانی پێشەوە ،کە بۆ رستەی پرسیار بەکاردێت بۆ رسـتەی فـەرمانیش دەستدەدات ، بەڵام هەندێك جار لە دادگاکاندا جگـە لـەوەی بـەهۆی رسـتە فەرمانییەکـە گریمانە پێشینەکان دەکرێن لە هەندێك باری تردا گریمانەی رستەیەکی پرسـیاری بـەهۆی رسـتەیەکی هـەواڵی دەچەسـپێنرێت یـاخود ڕتدەکرێتـەوە ، بـەڵام لـە پێکهاتـەی رسـتە هەواڵیەکەدا رستەیەکی فەرمانی هەیە ، کە بەشـێوەیەکی تایبـەتی سـەرجەمی قەزییەکـە لەسەری بەندە .

١١٠. دادوەر: کێ ( ك )ی کوشت ؟

ئ. ب : گوێم لێبوو پێیووت : ( ف) پێوەینێ .[٤٥]

<< کەسێك ( ك ) ی کوشتووە .

---

43 قەزیەی یەکەم

44 وانەی کیمیا

45 قەزیەی یەکەم

لەم قەزییـەدا زۆربـەی شـاهێدەکان هـەمان رسـتەیان دووبـارە دەکـردەوە {( ف) پێوەینیَ } و مەبەستی رستەکە تاوانبارکردنی تاوانبار( ف ) ە چونکە بە پێی گریمانـەی پێشینەی رستەی پرسیاری دادوەر ( کەسێك ( ك ) ی کوشتووە) یان دەبێت یەکێك بێـت لـەو تاوانبارانـەی گـیراون یـان تاوانبارێکـە ، کـە هێـشتا دەسـتگیر نـەکراوە ، بـەلاَم بـە شــاهێدی دانەکــەی ( ئ. ب) دا دەردەکــەوێت شــاهێد لەتــەك پرنــسیپ و گریمانــە پێشینەکانی دادوەردا دەڕوات و دەتوانێت جەخت لەسەر گریمانە پێشینەکەش بکـات و ( کەســێك ) یــش ڕوون بکاتــەوە لــە گریمانــەی دادوەردا و بــەهۆی پێــدانی ناوێکــەوە گریمانەکەش بچەسپێنێت .

لەلایـەکی تـرەوە گریمانـەی پێـشینەی فـەرمان لـە قوتابخانەکانـدا بـەهۆی کـردەی ڕاپەڕاندنی رستەی پرسیاری و فەرمانییەوە دەکرێت .

١١١ . مامۆستا : کێ دەتوانێت جۆرەکانی ڕووەکی سروشتی دیاری بکات ؟

ك .ص : مامۆستا ڕووەکـە سروشـتیەکان لـە ڕووی جـۆرەوە دەکـرێن بـە چـەند هەرێمێکەوە .

<< ڕووەکی سروشتی جۆری هەیە .

١١٢ . مامۆستا : ( ن ) هەستە سەر تەختە ڕەشـەکەو شـێوەی گەردیلـەی ئەلـەمنیۆم دروست بکە .

( ن ) هەڵدەستێت و لەسەر تەختەکە شێوەی گەردیلەی ئەلەمنیۆم دروستدەکات

<< گەردیلەی ئەلەمنیۆم شێوەی هەیە .[٤٦] .

رسـتەی (١١١) لـە ڕێـی رسـتەیەکی پرسـیارییەوە ،کـە کـردەی ڕاپەڕانـدنی فـەرمانی لەخۆگرتووە و دەیگەیەنێت گریمانەی پێشینەی ( ڕووەکـی سروشـتی جـۆری هەیـە ) ی بەرهـەم هێنـاوە بەمـەش وەلاَمـی خوێندکارەکـە بـۆ مامۆسـتاکەی چەسـپاندنی گریمانـە پێشینەکەیە ،کەلەسەرەتاوە لەناو رستە پرسیارییەکەدا هەیە ، بە هەمان شێوە رسـتەی ( ١١٢ ) ش ، بـەلاَم دروسـتەی ئـەمیان فەرمانییـەو وەلاَمدانەوەکەشـی لـە ڕێـی ڕەفتـارو جووڵەیەکەوەیە و کردنی ئەم ڕەفتارەش جێبەجێکردن و ڕەتنەدانەوەی مامۆستایە ، کـە ( بەڵێ گەردیلەی ئەلەمنیۆم شێوەی هەیە ) .

46 وانەی جوگرافیا و کیمیا

گریمانەی پێشینە –وەك لە نموونـەكانی پێـشەوە ئاماژەمـان پێكـرد – جێبـەجێ دەكرێت و پشت ڕاست دەكرێتـەوە لـە رسـتەی پرسـیارو فەرمانـدا زۆرجـاریش لـە چـەند جۆرێك دەوروبەردا هەڵدەوەشێنرێتەوە ، كە ئەم ڕەتكردنەوەیـەش پەیوەسـتە بـە چـەند بارێكەوە لەوانە :

١ . كاتێك زانیاریی گشتی (common knowledge) لـە نـاو رسـتەكەدا بـوونی هـەبێت قسەكەر گومانی ڕاستی گریمانەی پێشینەكە یان هەڵە بوونی ناكات بەڵكو پابەندیش نییە پێیانەوە [٤٧] .

٢. كاتێـك ئـەوەی دەوترێـت ببەسـترێتەوە لەگـەڵ باكگراونـدا (background) بەمـەش گریمانــەی پێـشینەكەی هەڵدەوەشــێتەوە و گومــان ئەوەشــی لێـدەكرێت ،كــە هــەر هەڵنەگیرێت لەلایەن قسەكەرەوە چونكە باكگراونـد بەشـێوەی گومانـە ،كـە هەیـە یـاخود نییە ، بەڵام گریمانەی پێشینە یان ڕاست دەبێت یان هەڵە .

٣. لە چەندین جۆری دەوروبەری دەقـدا (contextual) گریمانـە هەڵدەوەشـێتەوە وەك كاتی گفتوگۆكردن یان هێنانەوە وپێشكەشكردنی بەڵگەكان لە بەرامبـەر گومانلێكراوێكـدا

٤. ڕەتكردنەوەی گریمانـەی پێـشینە لەكاتێكدا دەبێـت ، كـە گریمانەكـە ( پرسـیار یـان فەرمان ) نەرێ بكرێت لە لایـەن گـوێگرەوەو كاتێـك ، كـە ببێتـەوە قـسەكەر پەیوەسـت نەبێت بە دەوروبەری ئاخاوتنەكەوە و نەچێتە ژێر باری ڕاستی و ناڕاستی رستەكەوە [٤٨] .

٥. گریمانەی پێشینە بـە جۆرێـك لـە پەنامـەكیی دەربڕینـی بـاو دادەنرێـت بەتایبـەتی كاتێك بەهۆی زەمینەی گشتییەوە ( Common ground ) دەچەسپێن و ڕەت ناكرێنەوە و ئەو چەمكەی ، كە قسەكەر گریمانەی پێشینەكەی لە رستەكەدا بۆ دادەنێت لەلایەن هـەر

---

[47] عبدولواحید موشیر دزەی ( ٢٠٠٥ : ١٧٧ ) دەڵێت : ( نێرەر بە پێی بۆچوون و لێكدانەوەی خۆی قسەدەكات ، كە چۆن و چەندی لێ گەیشتووە و ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر زانیاریی گشتییەكەی و خۆی و شارەزابوونی لە مەسەلەكە و هەستی بەرامبەر دەوروبەر ) بەپێی خاڵی ( ١ ) ئەم پێناسەیە بەكارهێنانی زاراوەی ( زانیاری گشتی) هەڵدەوەشێتەوە لەبەر ئەوەی قسەكەر پشت نابەستێت بەو زانیارییە گشتییەی ، كە لە نێوان خۆی و گوێگردا هەیە بەڵكو پەیوەستە بە جۆری ئەو دەوروبەرەی تێیدایەتی لەگەڵ زانیارییە هاوبەشەكانی نێوان خۆی و گوێگر نەك زانیاری گشتی كە هەموو كەسێك لێی ئاگاداربێت .

[48] خاڵەكانی ( ١,٢,٣ ) لە ( Stephen C .Levinson ( 1983 : 197 وە وەرگیراوە و گرنگی زۆریش نادەین بە خاڵی (٣ ) لەبەرئەوەی پەیوەستەبە دەقەوە و ئێمە لێرەدا جەختكردنەكانمان لەسەر دەوروبەرو رستەكانە .

دەوروبەرێکەوە ئینتەیلّ دەکرێت و زانیاریی ( زەمینەی گشتیی)ەکەش هاوبەشی پێدەکرێت لە نێوان قسەکەرو گوێگردا ( ئەویش لە ئاهەنگەکە بوو ؟ ئەو لە ئاهەنگەکە بوو / یەکێکی تریش لە ئاهەنگەکە بووە ) .

١١٣. دادوەر : سەنەوییە تەزویرەکاننت پێبووە و بە ( ح.م ) ت فرۆشتۆتەوە ؟

ع. م: سەنەوییەکان لە ناو ئوتۆمبیلەکەدا بوون و ( ح.م ) وتی بیدە بەمن .[٤٩]

لەم رستەی (١١٣) دا گوێگر پابەندی (١) ،( ٢) و ( ٤ ) بووە واتا لە رێی بوونی ( سەنەوی تەزویر)ەوە زەمینەی هاوبەش [٥٠] دروستکردووە لە کردەی لێکگەیشتەکەدا لەگەلّ قسەکەردا هەروەها لە گوێگر بە وتنی ( سەنەویەکان لە ناو ئۆتۆمبیلەکەدابوون ) گومانی ڕاستی گریمانەی پێشینەی قسەکەر یان هەلّە بوونی ناکات بەلّکو پابەندیش نییە پێیانەوە هەروەها لە مەرجی سێیەمیشدا گوێگر گریمانەی بەکارهێنانی ( سەنەوی تەزویر ) لەلایەن دادوەرەوە ڕەت دەکاتەوە ئەم ڕەتکردنەوەیە کاتێك دەبێت ،کە گریمانەی پێشینەی پرسیارەکە رەت دەکرێتەوە چونکە بە ڕەت نەکردنەوەی گریمانە پێشینەکەی رستە پرسیاریەکە بە شێوەیەکی خودی ( فرۆشتنی سەنەوییە تەزویرەکان ) پەسەند دەکەین لە ئاخاوتنەکەدا .

لە دەوروبەرێکی فیزیکیدا ناو فرۆشگایەك لە منداڵێك دەپرسێت

١١٤. ا. ئەو کێکەی دزیوتە داینێرەوە .

ب .من لە مالّەوە بووم ئێستا هاتوومەتە دەرەوە .

لە نموونەی (١١٤ ) دا بە پێی خالّی ( ٤ ) گوێگر ئەو گریمانە پێشینەی ،کە لە رستە فەرمانییەکەیدا دایناوە لەلایەن گوێگرەوە هەلّدەوەشێنرێتەوە چونکە گوێگر نەچوّتە ژێر باری ڕاستی و ناڕاستی گریمانەی پێشینی ( ١١٤.ا ) ەوە

---

[49] قەزییەی ٢

[50] مەبەست لە (بناغەی هاوبەش ) ەکان لەم پارەدا بریتییە لە ( Common ground ) ,و ئەو زانیاریانە دەگەیەنێت ،کە لە نێوان قسەکەر و گوێگر یا گروپێکی دیاریکراودا هەیە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە

www.semanticsarchive.net/Archive/GFiMGNjN/Presupp%20projection%2090.pdf

لە شیکردنەوەی رستەدا دەوروبەر دەبێتە دەرخەربۆ تێگەیشتنمان لە گریمانەی پێشینە بەم پێیەش پێنج جۆر گریمانەی پێشینە جیادەکەینەوە بەپێی ئەو ئەرکەی ،کە دەیگەیەنێت :

١.قسەکەر بەتەواوەتی باوەڕی بە (ڕاستی و ناڕاستی)هەیە،لەڕاستیدا قسەکەر گریمانەی پێشینەی هەیە .

٢. گوێگر بەتەواوەتی باوەڕی (ڕاستی و ناڕاستی)هەیە،لەڕاستیدا گوێگر گریمانەی پێشینەی هەیە.

٣. دەرخستنی مەبەستی ڕێکەوتوو و باوی گریمانەی پێشینە .

٤. دەرخستنی پەیوەندیەکانی گریمانەی پێشینە .

٥. دەرخستنی سروشتی مامەڵە لەگەڵ کراوی گریمانەی پێشینە [51].

١١٥ .دادوەر: چیت بینی ؟

<< شاهێد شتێکی بینیوە( لەکاتی ڕووداوەکەو دوای ڕووداوەکە) .

ژ. ع : من ، کە هاتمەوە هەمووماڵەکە بەنزین بوو .

<< ڕووداوەکەم بەچاوی خۆم نەبینیوە.[52]

بە پێی جۆرەکانی گریمانەی پێشینە رستەکە قسەکەر باوەڕی بە ڕاستی ئەوە هەیە ،کە گوێگر شتێکی بینیوە مەرج نییە لەکاتی ڕووداوەکەدا بێت ڕەنگە لە دوای ڕووداوەکەدا بێت هەروەها گوێگر گریمانەی پێشینەی خۆی هەیە سەبارەت ئەو گریمانەیەی قسەکەر دەریخستووە و ئەو مەبەستەش ،کە لە نێوان دادوەر و شاهێددا ئاڵوگۆڕکراوە واتایەکی باوە و هەردووکیان بەپێی کۆمەڵێك پرنسیپ لەسەری ڕێك کەوتون هەروەها گریمانەی رستەی پرسیارو وەڵامەکە لە پەیوەندیەکی توندان و تەواوکاری یەکترن هەروەها سروشتی مامەڵەکردنەکەش لەنێوان گریمانەکاندا بە شێوەیەکی تەواو و پڕاوپڕییە .

بە پێی ئەم خستنە ڕووانەی لە نموونەکانی پێشوودا کردمان گریمانەی پێشینە ڕۆڵی دەرخستنی ڕاستیەکان دەبینێت لەناو دادگادا و لە ناو خوێندنگاکانیشدا گریمانەی پێشینە و کردە قسەییەکان هەڵسەنگاندنی خوێندکارەکانی پێدەکرێت .

---

[51] http://www.ling.gu.se/~jens/publications/docs001-050/006.pdf

[52] قەزیەی ٣

# بەشی سێیەم

# ڕێزگرتن لە ڕستەی پرسیارو فەرماندا

# یەکەم

## پرنسیپەکانی ڕێزگرتن لە ڕستەی پرسیار و فەرماندا [٥٣]

ڕێزگـرتن لـە ڕسـتەی پرسـیارو فەرمانـدا لـە زمـانی کوردیـدا پەیوەسـتە بـە کـردە ناڕاستەوخۆکانی قسەکردنەوە لەگەڵ هەندێك زاراوە و وشەی تایبەت ،کە بۆ ڕێزگـرتن لـە زمانەکەدا بەکاردێت [٥٤] .

پەیوەندی نێوان ڕێزگرتن وکردە ناڕاستەوخۆکان ئێجگـار ئـاڵۆزە، تـا ڕادەی شـاراوەی کردەناڕاستەوخۆکە زیاتر بێت پلەی ڕێزگرتنەکە زیـاتر دەبێـت هـەروەها ئـەمیش دەبێتـە هـۆی دیـاری کردنـی نزیکـی و دووری ئـەو پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەی ،کـە لـە نێـوان قسەکەرو گوێگردا هەیە بۆ دەرخستنی چۆنێتی ڕێزە لە گفتوگۆکردندا (لیڤنسن و براون ) دوو جۆر ڕوو( Face)یان جیاکردۆتەوە یەکەمیان ڕووی پۆزەتیڤانەیە Positive Face[55] ) ( و ئامـاژەیـە ( بـۆ ڕوویـەکی ویـستراو و خۆشەویـست لای هـەموو کـەس هـەروەها ئـەو پێویستییەیە ، کە پێیەوە هەستبکەین گروپە کۆمەڵایەتیەکەمان تا چ ڕادەیـەك بەشـداری نیشانە و ئامانجە گشتیەکانمان دەکات ) [٥٦] پێناسەکردنی ئەم جۆرە ڕووە بۆ وێنـاکردنی خودە بەشـێوە باشـەکەی و بـەهۆی حوکمـدانی قـسەکەر بەسـەر گـوێگردا دەردەکـەوێت

---

[53] Politeness Principle in question and command sentences

[54] قسەکەری زمانی کوردی بەشێوەیەکی زیاتر ناڕاستەوخۆ مەبەستەکانیان دەگەیەنن بۆ ئەو کەسەش ، کە بەشـێوەیەکی ئاشـکرا مەبەسـتەکانی دەردەخـات جۆرەهـا ناولێنـان هەیـە لەوانـە ( بێـڕوو ،ڕوو هەڵماڵراو ، دەم درێژ، دەم ڕووت ، دەم هەراش ، بێـچاوڕوو......هتـد ) پلـەی بـەکارهێنانی هەریـەك لەم ناونانانە دەگەڕێتەوە بۆ ڕادەی ئەو ئاشـکرایی و بێپەرژینیـەی قـسەکەر پێـی دەدوێـت هـەروەها شـێوەی ئـەو ئامـاژانـەی لـە قـسەکردنەکەیدا بـەکاری دەهێنێـت و ڕادەی ئـەو کەمایـەتی کـردن و بێڕێزکردنەیە ،کە لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا دەینوێت

[55] بەواتای ( ڕوونی) بەکارهێنراوە و بەباشمان زانی ،کە زاراوەکە بە ئینگلیزیەکەی وەك خۆی بهێڵینەوە

[56] P eccei Jean Stilwell ( 1999: 64 )

چونکە ( ئارەزوویەکە بۆ درك پێکردن بەبەهاداربوونی خود لەلایەن خەڵکی دیکەوە و ئارەزوویەکیشە بۆ چاکەلەگەڵکردن )[٥٧] .

رووی دووەمیان بریتیە لە رووی نێگەتیڤی ( Negative Face )[٥٨] ئـەم جـۆرە گرنگـی دەدات بـە مـاف و ئـازادی و ئۆتۆنـۆمی کەسـەکان لەهەڵبـژاردنی کارەکانیـان بەمـەش ئارەزوویەکە بۆ دەستنەهێنانە رێگەی ئەوی دی .

لەم دوو جۆرە رووەوە دوو جۆر رێزگرتن دەردەکەوێت (رێزگرتنی پۆزەتیڤی Positive Politeness) و (رێزگرتنـی نێگـەتیڤی Negative Politeness) ،رێزگرتنـی پـۆزەتیڤی دەرکەوتنی رووی داکۆکیکردنە لە چاکەکانی خەڵکی و دەرخستنی سیما باشـەکانیانە لـە رێی ئەو کردە ناراستەوخۆیانەی ،کـە قسەکەر دەریدەبڕێت بەمـەش قسەکەر پرۆسـەی رێزگرتنەکـە[٥٩] لـە رسـتەی پرسـیارو فەرمانـدا بەشـێوەیەك رادەگرێـت ، کـە کـردەی لێـك گەیشتنەکە لە خزمەتی ٧گوێگردابێت ، بەڵام رێزگرتنی نێگەتیڤی دووریەکی کۆمەڵایـەتی لە نێوان قسـەکەر و گـوێگردا دەخاتـەروو لەگەڵیـدا ( نازنـاو ، شـێوازی رەسمـی ، زیـاتر ناراسـتەوخۆبوون بـەکاردەهێنرێت ....هـەروەها بـەکارهێنانی شـێوازی هێورکردنـەوەو بەنەرمی جولآنـەوە Mitigating devices وەك لـە وشـەکانی( رەنگـە ، دەکرێـت ، داوای لێبوردن دەکەم دا هەیە ).

---

57 http://www.stanford.edu/~coppock/face.pdf

58 لێـرەدا زاراوەی Negative بـەواتای نـەرێکردن بەکانـەهێنراوە بـەڵکو بـە واتـای پێـچەوانە و دژ هاتووەلـە هەڵبژاردنەکانـدا ، کـە قـسەکەر سـەربەخۆی دەداتـە گـوێگر بـۆ هەڵبـژاردن و رەنگـە هەڵبژاردنەکـە پێـچەوانەی خواسـتی قـسەکەر بێـت و پرۆسـەی ئـەم جـۆرە رووە پێـچەوانەی رووی پۆزەتیڤانەیە .

59 دوو چەشـن رێزگرتنـی دیاریکردووە ،کـە لـە لێکۆڵینەوەکانیـدا بـەکاری هێنـاون رێزگرتنـی رەهـا (Absolute politeness) ئـەم چەشـنەیان هـەموو ئـەو لێهاتوویانەیـە ،کـە مـرۆڤ بەکاریـدەهێنێت لـەکاتی لێکگەیـشتندا دووەمیـشیان رێزگرتنـی رێژەییـە ( Relative Politeness) ئـەو رەفتـارە رێزگرتنـە تایبەتیانـە دەگرێتـەوە ،کـە تایبەتمەنـدن بـە هەنـدێك هەڵوێـستی دیـاریکراوەوە یـان لـە رەوشـێکی دیـاریکراودا روودەدەن لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا پـشتمان بەسـتووە بەهـەردوو چەشـنی رێزگرتنەکـە بـۆ زیـاتر دەرخـستن و روونکردنـەوەی ئـەو دەوروبەرانـەش، کـە جۆرەکـانی رێزگـرتن لەخۆدەگرن بروانە Geoffrey Leech (1983: 90)

١. قەڵەمەكەم دەدەیتێ لەبەرئەوەی تۆ بەخشندەیت ؟

٢. دەتوانی قەڵەمەكەی خۆتم بدەیتێ ؟

رستەی ( ١) هەڵگری رێزە لە جۆری رێزگرتنی پۆزەتیڤی چونكە قسەكەر گوێگری پابەند كردووە بە جێبەجێكردنی داواكاریەكەیەوە و دەرخەری لایەنی چاكەی گوێگرە ،كە دەتوانێت و لاری نییە لە كردنی كارەكە بۆ قسەكەر ، بەڵام رستەی ( ٢ ) لەبەر ناڕاستەوخۆیی ئەو كردە قسەییەی ، كە ئاڕاستەی گوێگر كراوە جۆری رێزگرتنەكەی رێزگرتنی نێگەتیڤییە چونكە لە هەمان كاتدا گوێگر بۆی هەیە سەرپشك بێت لە ڕەتدانەوەی داواكردنەكەی قسەكەر .

٣. بەسەرپەیژەكەدا سەربكەوە چونكە بەهێزیت.

٤. ا . ئەگەر دەتوانیت بەسەر پەیژەكەدا سەربكەوە .

ب. داوای لێبوردن دەكەم ، بەڵام دەبێت بەسەر پەیژەكەدا سەربكەویت .

رێزگرتنی پۆزەتیڤی لە رستەی ( ٣ ) بە ئاشكرای دەركەوتووە چونكە قسەكەر حوكمی بەسەر گوێگردا سەپاندووە ، كە دەبێت ( سەربكەوێت) و پاساوی باشیی گوێگریش لە ( بەهێزیت ) دا خۆی دەبینێتەوە ،كە قسەكەر هیچ بوارێكی نەهێشتووەتەوە بۆ ئەوەی گوێگر دیدی خۆی بۆ فەرمانەكە دەرنەخستووە ، رستەی (٤) هەریەك لە وشەكانی ( ئەگەر دەتوانیت ، داوای لێبوردن دەكەم ) بەكارهێنانی شێوازی بەنەرمی جوڵانەوەیە لەلایەن قسەكەرەوە بۆ گوێگر ،كە گوێگر سەربەستی خۆی دیاری دەكات بەو وەڵام و ڕەفتارەی دەینوێنێت بەمەش رێزگرتنی هەریەك لە ( ٤. ا )،( ٤.ب) رێزگرتنەكەیان لە جۆری نێگەتیڤە ، بەڵام پلەی رێزگرتنەكە ( ٤. ا) دا زیاترە چونكە هەڵبژاردنەكە زیاتر لەدەستی گوێگردایە ، بەڵام رستەی ( ٤. ب) رێزگرتنە نێگەتیڤیەكەی كەمترە بەهۆی بوونی ئامرازی لێكدەری (بەڵام ) و كرداری ( دەبێت)ەوە .

٥. ڕۆژی چەند جگەرە دەكێشیت ؟

٦. ا. دەكرێت ڕۆژی چەند جگەرە بكێشیت ؟

٦. ب . داوای لێبوردن دەكەم ئەو پرسیارە دەكەم ، ڕۆژی چەند جگەرە دەكێشیت ؟

رستەی ( ٥ ) و رستەی ( ٦ .ا ) كردە قسەییەكانیان لە جۆری پرسیاركردنە بۆ پڕكردنەوەی زانیاریی و دیاردەی رێزگرتنیان تێدا دەردەكەوێت بەتایبەتی رستەی (٦. ب)– هەرچەندە لە ڕووی كردەی قسەییەوە فەرماندانە – ،ئەگەر بخرێتەوە ناو دەوروبەرە گونجاوەكەی خۆی ( وەك ئەوەی كەسێك لەناو ئۆتۆمبیلێكدا بێزار بووبێت بە جگەرە كێشانی یەكێك لە نەفەرەكان و بیەوێت پێی بڵێت جگەرەكەت بكوژێنەرەوە ) بە

تونـدی بەسـتراو دەبێـت پەنامەکییـەوە ( Implication ) چـونکە بـە پێـی لـیچ ((بەپەنامەکی دەبەسترێتەوە بە پێناسەی ڕێزگرتنەوە))[٦٠] .

بۆپابەندبوون بە دیاردەی ڕێزگرتنەوە و دەرخستنی گرنگی کەسی بەرامبەر ، لاکـۆف، سێ یاسای دیاری کردووە ، کەلە نموونەکانی ( ١ ) و ( ٨ ) دا دەردەکەوێت :

١. خۆ سەپێنەر مەبە .

٢. هەڵبژاردنەکان بدەرە دەست بەرامبەر .

٣. کارێك بکە کەسی گوێگر هەست بە خۆشی بکات ( با مامەڵەت هاوڕێیانە بێت )[٦١] .

دواتر سەر لە نوێ هەرسێ یاساکەی داڕشتەوە و کردی بە :

١. ڕێوشوێن : ڕێوشوێنی بگرەبەر .

٢. گرنگیدان : بوار بدە بەوانی دی

٣. شێوە نیشاندان : هاوخەمی لەگەڵ ئەوانی دی دەربڕە .[٦٢]

(لـیچ) کۆمـەڵێك پرنـسیپی دیـاریکردووە بـۆ پەسـەندکردن و دیـاریکردنی جۆرەکـانی ڕێزگرتن بەپرنسیپەکانی ڕێزگرتن(POLITENESS PRINCIPLE) دەناسرێن و جێبەجێکردنی پرنسیپەکانی( لیچ ) بەهۆی حەوت ماگزیمەوە دەبن[٦٣] ، کە ئەوانیش بریتین لە :

١. ماکزیمی بەوێڵی ( Tact Maxim)

٢. ماگزیم بەخشندەیی ( Generosity Maxim)

٣. ماکزیمی بەباشزانین(Approbation Maxim)

٤ . ماکزیمی خاکیبوون (Modesty Maxim)

٥.ماکزیمی ڕەزامەندی( Agreement maxim)

٦. ماکزیمی هاوخەمیبوون (Sympathy Maxim)

٧. ماکزیمی بەسەروزمان بوون ( Phatic Maxim )

---

60 Leech (1983: 90) Geoffrey

61 Maria Sifianou ( 1992 : 20 )

62 سەرچاوەی پێشوو ( ٢١ )

63 لێرەدا بەتایبەت لە ئەو پرنسیپانەمان کۆڵیوەتەوە ،کە تایبەتن بە رستە و پرنسیپی ترمان هەیە ، کە پەیوەستن بە دەقەوە وەك (١. پرنسیپی توانای کردن the processibility principle ٢ . پرنسیپی ڕوونی the clarity principle ٣. پرنسیپی ئابووریکردن the economy principle ٤ . پرنسیپی دەربڕین the expressivity principle ) بڕوانە Leech (1983: Geoffrey 68 )

## ☒ پرنسیپەکانی ڕێزگرتن POLITENESS PRINCIPLES

ڕێزگرتن بەشێوەیەکی سەرەکی بەجۆری کردەقسەییەکان و ئەو شوێن و دەوروبەرەی تێیدەکەون جیاوازە هەر لەسەر ئەم بنەمایەش پرنسیپەکانی ئاخاوتنەکان پۆلێن دەکەن لە ڕووی پلەی ڕێزگرتن و هەر ئەمانیشن دەبنە دیاریکەری نزیکی و دووری قسەکەر و گوێگر ((بەشێوەیەك ،کە چۆن ئەمانە پەیوەست دەبن بە ئامانجە کۆمەڵایەتیەکانیانەوە))[٦٤] و بەشێوەیەکی گشتی ڕاپەڕاندنی ئەرکی ڕێزگرتن ، ڕاستەوخۆ بەستراوە بەواتای نافۆرمی و ئامانجە کۆمەڵایەتیەکەیەوە و بۆ ئەمەش چوار چەشن پۆلێنکردنی جیاکراوەتەوە :

١. کێبڕکێ Competitive : ئامانجی واتا نافۆرمیەکان پێشبڕکێ دەکەن لەگەڵ ئامانجە کۆمەڵایەتیەکان وەك لە (فەرمانکردن ، پرسیارکردن ، داوای یارمەتیکردن، سواڵکردن ) دا هەیە.

٢. پێکەوە گونجان Convivial : ئامانجی واتا نافۆرمیەکان لەگەڵ ئامانجە کۆمەڵایەتیەکاندا دێن وەك ( پێشکەشکردن ، داوەتکردن ، پیرۆزبایکردن ، سوپاسکردن)

٣. کۆمەکی کردن Collaborative : ئامانجی واتای نافۆرمی ناچونیەکە و گوێنادات بە ئامانجی کۆمەڵایەتی ، وەك ( ڕاپورت نووسین و جەختکردنەوە )

٤. بەگژداچوونەوە Conflictive : ئامانجی واتای نافۆرمی بەگژ ئامانجی کۆمەڵایەتیدا دەچێتەوە و پێکدادێن، وەك ( هەڕەشەکردن ، نەفرەتکردن ، جنێودان )[٦٥]

٧. کێ گوڵدانەکە شکاندبوو ؟

٨. گوڵدانەکەم بۆ دەهێنیت ؟

٩. بڕۆ باخەکەم بۆ بکێڵە .

لە ڕستەی ( ٧ و ٨ ) دا فۆرمی ڕستەکان پرسیارین و لە ( ٧ ) دا واتای فۆرمیش کردەیەکی وەڵامدانەوەی زانیاری دەوێت ، بەڵام لە ( ٨ ) واتا نافۆرمیەکە داواکردنێکە و کردەیەکی جێبەجێکردنی پێویستە لە هەمان کاتدا هەریەك لە پرسیارکردن و داواکردنەکە لەگەڵ ئامانجە کۆمەڵایەتیەکەدا لە کێبڕکیدایە ، کە بە زیادبوونی ئامانجی کۆمەڵایەتی– بەپێی دەوروبەرەکە– دەردەکەوێت پلەی ڕێزگرتنەکە زیاتر دەبێت و لە ڕستەی ( ٩ ) دا بەڕوونی باڵابوونی واتای نافۆرمی دەرکەوتووە و بەسەر ئامانجی

---

64 سەرچاوەی پێشوو (١٠٥ )

65 سەرچاوەی پێشوو

کۆمەڵایەتیدا زاڵبووە و فەرمانکردنەکە شێوە ڕاستەخۆییەکی تـەواوی پێـوە دیـارە و کەمتر پلەی ڕێزگرتنی تێدایە .

**أ- ماکزیمی بەوێڵی** Tact Maxim

پلەی ڕێزگرتن لەرستەی فەرماندا بەتایبەتی پەیوەستە بـەم ماگزیمـەوە و ئـەو رسـتە پرسیاریانەش، کـە واتاکانیـان نـافۆرمین و ( فـەرمان ، داواکـردن ، داخـوازی ، ....هتـد) دەردەبـڕن چـونکە بـەپێی لـیچ ((مـاکزیمی بـەوێڵی لـە رسـتەکانی پەیوەسـتبوون Commissives و فەرماندان–ڕێنماییکردن – Directives کاردەکات ))[٦٦]

ماکزیمی بەوێڵی لەسەر دوو بنەما کاردەکات ((ا . کەمترین تێچوون cost بـۆ ئـەوانی دیکـە ب . بـەرزترین قـازانج بـۆ ئـەوانی دیکـە )) [٦٧] بـەم پێیـە هـەموو کردەیـەك یـان واتایەکی نافۆرمی لەبەرژەوەندی گوێگردایە چونکە هەموو زۆرتێچوونێك بۆ گوێگر دەبێتە لادان لە ماگزیمەکـە و بـڕی ڕێزگرتنەکـە کـەم دەبێتـەوە، بـەڵام هـەموو تێـچوونێك لەبـەر گوێگر پابەندبوونە بە ماگزیمەکە و پلـەی ڕێزگرتنەکـەی بەرزدەبێتـەوە، کـە خـودی ئـەم تێچوونەش لەبەر گوێگر دەکاتە قازانج بۆ گوێگر .

١٠ . ئەو میوەیە بشۆرەوە .　　　　ڕێـزی کـەمتر　　تێـچوون

بۆ گوێگر

١١ . ئەو ڕۆژنامەیەم بدەرێ .

١٢ . ئەگەر بەئەرکی نازانیت ، دەتوانیت ئەو میوەیە بشۆیتەوە ؟

١٣. بەیارمەتیت دەستت دەگاتە ئەو ڕۆژنامەیە ؟

ڕێزی زیاتر　　قازانج بۆگوێگر

بـەپێی رسـتەکانی (١٠ ) و ( ١١) قـسەکەر کـەمترین تێـچونی بـۆ خـۆی بـەکارهێناوە بەمـەش کـەمترین قـازانجی بـۆ گـوێگر خـستۆتە ڕوو لـە ئـەنجامی ئەمەشـەوە پلـەی ڕێزگرتنەکـە لـە قسەکەرەوە بـۆ گـوێگر کەمـە ، بـەڵام ئەگـەر پلـەی نزیکایـەتی نێـوان قسەکەر و گوێگر زۆر بێت وەك نێوان دوو هاوڕێ یان کوڕو باوکێك بێـت ئـەوا تاڕادەیـەك

[66] سەرچاوەی پێشوو ( ١١٠)

[67] http://www.usq.edu.au/opacs/sllt/4/Pohl04.html

پلـەی ڕێزگرتنەکـە شـلوق نابێـت و بـارێکی ئاسـای دیـاری دەکـات لەلایـەکی تـرەوە ڕستەکانی ( ١٢و ١٣ ) ناڕاستەوخۆ بوونێك لە کـردە و واتـا نافۆرمیەکـەدا پیـشان دەدات ،کە تێیدا گوێگر زیاترین ڕێزگرتنی بەرامبەر کراوە لەئەنجامی  ئەوەی قـسەکەر زۆرتـرین تێچوونی بۆخـۆی بـەکارهێناوە لـەپێناوی گەیانـدنی مەبەسـتەکەیدا و بـەرزترین قـازانجی بەکارهێناوە بۆ ئەوانی دیکە ، هەروەهالە ڕێی بـەکارهێنانی ڕسـتیلەی ( ئەگـەر بەئـەرکی نازانیـت ) لـەبری دەربڕینێکـی ناڕاسـتەوخۆ  لـە ڕسـتەی ( ١٢) دا قـسەکەر پلـەی ڕێزگرتنەکـەی بەرامبـەر گـوێگر بەرزکردووەتـەوە و زیـاتر پەیوەسـت بوونیخـۆی دەرخستووە بە ماگزیمەکەوە هەرچەندە توندی پەیوەست بوون بە بەکارهێنانی ماکزیمی بەوێڵییـەوە بـە پلـەی سـەرەکی دەگەڕێتـەوە بـۆ بـەکارهێنانی ئاخـاوتنی ناڕاسـتەوخۆ (کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ ) .

کردەی قسەی ڕاستەوخۆ

١٤.ا.بڕۆرەوە بۆ قوتابخانە .

ب. با بڕۆینەوە بۆ قوتابخانە


پ .هەموو کەس دەچێتەوە بۆ قوتابخانە .

ت . دلان و ئاران دەیانەوێت بچنەوە بۆ قوتابخانە .


ج.من دەنگ دەدەم بەوەی ، کە هەریەك لە ئێمە بچێتەوە بۆ قوتابخانە.

کردەی قسەی ناڕاستەوخۆ

لە ڕستەی ( ١٤ . ا ) دا کەمترین پابەندبوون هەیە بەرامبـەر مـاکزیمی بـەوێڵی ، بـەڵام تابـەرەو ڕسـتەکانی (١٤ . ب) و (١٤ . پ) بـڕۆین ڕادەی ڕێزگـرتن و ناڕاسـتەوخۆی بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ بەرزدەبێتـەوە لـە ڕسـتەی ( ١٤ .ت ) دا بەتـەواوەتی کـردەی قـسەکردنەکە دەبێتـە ناڕاسـتەوخۆ و قـسەکەر پابەنـدبوونی خـۆی دەردەخـات بـە ماگزیمەکـەوەو لـە ( ١٤ . ج ) دا ڕسـتەکە بەتـەواوەتی لـە هـەر واتایـەکی ڕاسـتەوخۆ دەبـچڕێت و بـەهۆی دەوروبـەرەوە دەناسـرێتەوە ، کـە هانـدانی کۆمـەڵێك کەسـە بـۆ دەسـتکردنەوە بەخوێندنـە و بەمـەش قـسەکەر زیـاترین قـازانجی پێـشکەشی گـوێگر کردووە،لەلایەکی ترەوە بەکارهێنانی ئاوازە (Tone) ڕێگەیەکی ترەو بۆ دەرخستنی ڕێز و پابەندبوون بە ماکزیمی بەوێڵییـەوە ئەمـەش ئـەو بـەرزکردن و نزمکردنـەوەی تۆنـەکان دەگرێتەوە لە زمانی کوردیـدا سـترێس خـستنەسەر کـرداری ڕسـتەی فـەرمان و ئـاوازەی کۆتای ڕستە دەبێتە هۆی دەربڕینی جێبەجێ نەکردنی یان کـەمترین بـەکارهێنانی قـازانج لە ڕووی گوێگردا وەك لە نموونەی  ( ١.١٥ ) دا دەردەکەوێت  .



١٥. ا   ئەو نووسراوانە تەواوبكە .



١٥. ب ئەو  نووسراوانە تەواوبكە

هەروەها جەختكردنی ئاوازە لەسەر (بكەر یان بەركار ) بەقورسی بە هەمان شێوە دەبێتە هۆی زۆر تێچوون بۆ گوێگر ، بەڵام ئەوەی دەبێتە كەمكردنەوەی تێچوون بۆ گوێگر بەكارهێنانی یەك ریتمی ئاوازیە یان بەكارهێنانی ئاوازی پرسیاركردن لە رستەی فەرمانیدا وەك لە رستەی ( ١٥.ب  ) داخراوەتە روو .

## ب- ماكزیمی بەباشزانین Approbation Maxim

(( هەندێك جار بەم ماگزیمە دەوترێت  Flattery Maxim بەواتای پیاهەڵدان و مەرایی كردن، هەرچەندە ئەم واتایە بەدیوە سلبیەكەیدا ماگزیمەكە دەردەخات ، بەڵام خودی ماگزیمەكە دەڵێت: هەوڵبدە شتێكی ناخۆش بە خەڵكی نەڵێیت بەتایبەتی دەربارەی گوێگر ))[٦٨] .

لادان لە گوتنی خراپە و دەرخستنی ناشرینیەكانی بەرامبەر ناوەرۆكی ئەم ماگزیمەیە ،كە قسەكەر دەبێت زۆرترین باشبوونی هەبێت بۆ بەرامبەرەكەی بەتایبەتی بۆ ئەو گوێگرەی راستەوخۆ كردەی لێك گەیشتنەكەی لەگەڵدا ئەنجام دەدات و دەقی ماگزیمەكەش بریتیە لە (( ا . كەمترین دابەزاندنی نرخی ئەوانی دیكە  ب. بەرزترین نرخی ئەوانی دیكە  ))[٦٩] بەم پێیە قسەكەر( هەروەها كاتێك گوێگر ،كە دەبێتەوە بە قسەكەر ) لە نرخداناندا هەموو پێوانەیەك بۆ ئەوانی دی دادەنێت بەڵكو (ئەوانی دیكە ) لە یەكەمینی كارە سەرەكیەكەیدایە و ئەم جۆرەش لە ماگزیم لە رستەی پرسیار و فەرمانیدا هەیە هەروەك لە وەڵامدانەوەكەشیاندا لە هەندێك كاتدا زیاتر دەردەكەوێت .

١٦ . دلان : جلەكانم جوانە ؟

ئاران : زۆر جوانە و لێتهاتووە .

١٧ . ئاران : چێشتێكی خۆشمان لە چێشتەكانی خۆت بۆ لێنانێت ؟

دلان : بەسەرچاو .

١٨ . دلان : ژوورێكی میوانی وەك ئەوەی خۆتمان بۆ درووستبكە .

---

[68] Leech (1983: 135) Geoffrey

69 http://www.usq.edu.au/opacs/sllt/4/Pohl04.html

ئاران : لەوە دەچێت زۆر بەدڵت بووبێت ؟

دلان : زۆر

هەریەك لەرستەكانی (١٦ ، ١٧ ، ١٨) رستەی پرسیار و فەرمانن و پابەندی ماكزیمی بەباشزانینن، لەڕێی مەبەستی خودی رستەكەوە بێت یان رستەی وەڵامەكەوە بێت .

لەزمانی كوردیدا هەندێك وشە هەن ،كە دەبنە لادان لە ماكزیمی بەباش زانین یان كاڵبوونەوەیەك لە بەرزڕگرتنی ئەوی دیكەدا دەخرێتەڕوو و بەباشییەكانی نازانرێت وەك لەنموونەی(١٩) دا دەردەكەوێت :

١٩. دلان : ترشیاتەكەی بۆم ناردیت خۆشبوو؟

ئاران : (باش بوو ، خراپ نەبوو ، دەستت خۆشبێت ، ...هتد )

وشەكانی ( باش ، خراپ ..هتد ) لە رستەی (١٩ ) دا بەرزترین نرخی ئەوانی دیكە دەرناخات بەڵكو كەمبوونەوەیەك لەو بەرزڕاگرتنە دەخاتە ڕوو بەواتایەكی تر شێوەیەك لە دابەزینی ئەوانی تری پێوە دیارە .

٢٠ . ئاران : تۆ حەزت لەم شوێنەیە ؟

دلان : شوێنی خۆ شترم لەمە بینیوە .

٢١. دلان : دەتوانیت زیاتر وریابیت لە لێخوریندا ؟

ئاران : وەك بڵێیت خۆت زۆر لێزانبیت .

٢٢. ئاران : نالان ئەمڕۆ وانەیەك بۆ قوتابیەكان بڵێرەوە .

دلان : ئەوەی باشە هیچ كام لە قوتابیەكان پارێزەر نین .

لەم ڕستانەدا بەزاندن و لادانی تەواو دیارە بۆ ماكزیمی بەباش زانین لەرستەی ( ٢٠ ) دا (دلان ) بە ئاشكرای لادەدات و بە نەرێكردنەوەی رستەی پرسیارەكە ڕووی نێگەتیڤی خۆی دەردەخات ،كە پێچەوانەی ڕای پرسایە ، و لەرستەی (٢١) دا هەردوو رستەی پرسیاری و وەڵامدانەوەكەی بەزاندنیان تێدایە ،كە تێیدا هیچ یەكێك لە قسەكەر و گوێگر بەتەنگ چاكە وتنی یەكترییەوە نین و لایەنە خراپەكانی یەكدی دەخەنە ڕوو و لە رستەی (٢٢) دا رستەی وەڵامدەر لادەدات لە بەرز ڕاگرتنی نرخی ئەوانی دیكە و بەخشكەیی ئەوە دەردەبڕێت ، كە وانە وتنەوەكەی ( نالان ) هێندە خراپە،گەر قوتابیەكانی پارێزەر بوونایە ئەوا دەعوایان لەسەر بەرزدەكردەوە ئەم ماگزیمە لەبەرز ڕاگرتنی ئەوانی دیكەدا و نەوتنی شتە خراپەكانی ئەوانی تر لەماكزیمی خاكیبوون نزیك دەبێتەوە.

لە زمانی كوردیدا بەمەبەستی زیارتر پابەند بوون بەم ماگزیمەوە لە ڕیزكردنی كەرەستەكانی رستەی پرسیار یان فەرماندا وشە باش و چاكەكان دەخرێنە پێشەوە

بەنیازی دڵڕازیکردنی بەرامبەر لەپاشدا ئەو مەبەستەی هەیە بەشاراوەی دەئاخنرێتە کۆتای رستەکەوە و هەندێك جار بەبەکارهێنانی کۆنجەنەکشنی(هەرچەندە)ەوە لادانەکە دەردەخرێت و لەهەندێك رستەدا کۆنجەنەکشنی(، بەڵام)یش هێزی کەمکردنەوەی چاکەی بەرامبەر و ئەوی دیکەی زیاترە وەك نموونەکانی ( ٢٣ و ٢٤ ).

٢٣ . ئیشەکانت زۆر جوانن ، بەڵام هەندێك باشتری بکە .

٢٤ . ئیشەکانت زۆر جوانن ، هەرچەندە دەکرێت باشتریش بێت .

## پ- ماکزیمی خاکیبوون Modesty Maxim

ئەم ماگزیمە گرنگی دەدات بە بڕ و توانای بەخشینی خود بۆ بەرامبەرەکەی ((ا.کەمترین نرخیخود ب . بەرزترین دابەزینی خود ))[٧٠] بەم پێیە خود لە داواکاری و پێویستیەکانی بەرامبەردا هەموو ویستێکی خۆی وندەکات و چاکە و باشەکانی بەرامبەر هێندە دەردەخات ،کە خۆی لەبەردەمیاندا وەك پاشکۆیەك دەبینێت و بنەمای گەورەکردن و بەباش زانینی بەرامبەر نزیکی دەخاتەوە لە ماکزیمی بەباشزانین ، بەڵام خاڵی جیابوونەوە لە نێوانیاندا ئەوەیە ،کە لە ماکزیمی بەباشزانیندا قسەکەر خۆی بە بچووك و کەمتر لە بەرامبەر دانانێ لەکاتێکدا لەم ماگزیمەدا قسەکەر پانتاییەکی گەورە لە بەباشزانین دەدات بە گوێگر و هیچ گرنگیەك بۆخۆی دانانێت لە بوونی ئەودا .

٢٥ .تکایە ئەو دیارییە بچوکەم لێوەربگرە .

٢٦.ئەو دیارییە هەرچەندە شایەنی جەنابیشتان نییە، بەڵام هیوادارم ڕووم نەشکێنن و لێموەربگرن.

٢٧ . کێیە ئەوەی نارازییە لە حوکمێك ، کە بەڕێزتان دابێتی ؟

٢٨ . بچووکتان دەڵێت : دەشێت بەڕێزتان ئاورێکمان لێبدەنەوە ؟

لە هەریەك لە رستە فەرمانیەکانی ( ٢٥، ٢٦ ) و رستە پرسیاریەکانی ( ٢٧ ، ٢٨ ) دا قسەکەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی فرێزەکانی(دیارییە بچوکەم ،شایەنی جەنابیشتان نییە، کێیە ئەوەی ، بچووکتان ) پەیوەست بووە بە بەکارهێنانی ماکزیمی خاکیبوونەوە و لەڕێی تۆنی رستەکەشەوە قسەکەر زیاتر دەتوانێت خاکیبوونی خۆی دەربخات و گوێگر لە پلە و زەنگینیدا بەرزبکاتەوە .

---

[70] سەرچاوەی پێشوو

پابەند بوون و بەکارهێنانی ماگزیمەکە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ گۆمەڵگایەکی دیکە دەگۆڕێت و تەنانەت لە ناو ڕەگەزەکانی کۆمەڵگایەکیشدا جیاوازی هەیە بۆ نموونە لە کۆمەڵگای ئێرانیدا بەرزڕاگرتنی بەرامبەر زۆرە و لەبەرامبەریشدا خود کەمترین نرخ بۆخۆی دادەنێت وزۆرلەخۆکردن و فشارخستنەسەر خودی بە ڕادەیەك تێدا دەبینرێتەوە ،کە گوێگر یان بەرامبەر لەبەکارهێنانی ئەو جۆرە ڕێزگرتنەدا هەست بە بالآیی خۆی و بەرزترین دابەزینی نرخی قسەکەر دەکات هەروەها لە کۆمەڵگای یابانیدا ڕادەی نرخی خود لە کۆمەڵگای ئێرانی کەمترە و بەجۆرێك قسەکەر کارەکانی خۆی لەبەردەم گوێگردا هەڵدەسەنگێنێت ، کە هەندێك جار شەرم لە کارەکانی خۆی دەکات و بە کەموکوڕیان دەزانێت لەبەردەم بەڕێزی بەرامبەرەکەیدا و چەندین مۆرفێمیان هەیە بۆ دیاریکردنی ئەم ماگزیمە و کۆمەڵگای کوردی ئەم جۆرە لە خاکیبوونی تێدایە ، بەڵام بەڕادەی دووکۆمەڵگای (یابانی و ئێرانی ) نییە بڕوانە نموونەکانی ( ٢٩ ، ٣٠ ،٣١ ).

٢٩ . دلان : این باغ خیلی قشنگه

ئاران : این باغه مثل باغی شما قشنگ نیست

30 .iie, nan desu ka , chitto moterire ga yukitodokimasen mono degozaimasu kara mo ,nakanaka itsumo kirei ni shite oku wake ni wa mairimasen no de gozaimasu yo. (Japanese)

Oh no , not at all ,we don't take care of it at all any more , so it simply doesn't always look nice as we would like it to .(translation to English )[71]

٣١ .ا . دلان : هەرچەندە خواردنەکەمان هیچی وا نییە ، بەڵام فەرموون .

ب . ئاران : هەرچیەك بێت خوا نەیبڕێت .

پ. ئاران : دەستت خۆشبێت ئەوەش زۆری زیادە .

ئافرەتان لە زۆربەی زمانەکاندا و لە زمانی کوردیشدا زیاتر پابەندن بەم ماگزیمەوە و جەختی لەسەر دەکەنەوە و هەندێك جار زیادە ڕۆیشی تێدا بەدی دەکرێت و کۆمەڵێك دەستەواژەی ئامادەش هەیە ،کە لە کاتی گفتوگۆکردن و ئاخاوتنی ڕۆژانەدا

---

[71] Geoffrey Leech (1983: 137) ئەم نموونەیە گفتوگۆی نێوان دوو ئافرەتە ،کە یەکەمیان دەپرسێت دەربارەی جوانی باخی دووەم و دووەمیش بە پێچەوانەوە ئەوە دەردەخات ،کە باخەکەی ئەمان بەهیچ شێوەیەك جوان نییەو خەریکی نین و هیچ گرنگیەکی پێنادەن ئەمەش بۆ ڕێزگرتنە لە بەرامبەر ،کە شتەکانی ئەمانی زیاتر لە نرخی خۆیان داونەتێ و ئەوە ڕێزی ئەوە باخەکەی ئەمان بەجوان دەزانێت

بـەكاردەهێنرێت وەك ( حـەددی نـەبێت لـە ڕووی خۆتانـدا ، سـەد حـەددت هەیـە ، لەدایكم فەرزتری ، ......هتد ) .

٣٢ . تۆ دڵت زیز نەبێت ، هەرسێكیان دەكەم بە قوربانت .

٣٣.كامیان دڵیان زیز كردوویت ؟ با بیكەم بە نۆكەرت بە دایكیشیانەوە [٧٢].

لـە ڕسـتەی ( ٣٢ ) دا بەشـێوەی كردەیـەكی ناڕاسـتەوخۆ قـسەكەر داوای لێبـوردن دەكات و بـۆ پاڵپـشتی داوای لێبوردنەكـەی كـەمترین قـازانج بۆخـۆی دادەنێـت و ئاسـتی گوێگر( كەسی زویركراو ) بەرزدەكاتەوە ، لە ڕستەی ( ٣٣ ) دا بەرزترین تێچوون بۆ خود دەردەكەوێت ،كە خۆی و منداڵەكانی دەكاتە(قوربانی) گوێگر لـەپێناوی ئاشـتكردنەوەیدا لەبەرئەوەی خودی ئەم كەمترە لـە كەسـی بەرامبـەر لـە ڕووی ڕێزگرتنـەوە بۆیـە دەبێـت زۆرترین داشكاندن لەبەرامبەر خۆیدا بكات .

**ت- ماكزیمی ڕێككەوتن** Agreement Maxim

ئـەم ماگزیمـە كاردەكـات لەسـەر ڕادەی سـەركەوتنی كـردەی ئاخاوتنەكـە لەگـەڵ بـەردەوامی كـردەی لێكگەیـشتنەكە لـە نێـوان قـسەكەر و گـوێگردا (( ا. كـەمترین ڕێكنەكەوتن لە نێوان خود و ئـەوانی دیكـەدا ب. بـەرزترین ڕێكـەوتن لـە نێـوان خـود و ئەوانی دیكەدا )) [٧٣] ئەم ماگزیمە لە ڕستەی پرسیاردا لەجۆری ( ئا/ نە ) دا دەردەكەوێت و بەتایبەتی لە شێوازی وەڵامدانەوەكەدا .

٣٤.ا. دلان : نانێكی خۆش بوو ، وانییە ؟

ب. ئاران : ئەوەی دوێنێ خۆشتربوو .

پ. ئاران : هیچ خۆش نەبوو

ت. ئاران : نەء.

ج. ئاران : نەخێر وتم با نەیەین بۆ ئێرە بۆ نانخواردن

ح. ئاران : ( تەنها ئاماژەیەكی نازمانی وەك جوڵاندنی دەم بە شێوەی ناڕەزای )

خ. ئاران : زۆر خۆش بوو.

د. ئاران : با / ئا

ز. ئاران : خۆشبوو ، بەڵام خواردنی چێشتخانەكەی تر خۆشترنەبوو.

---

[72] كاتێك خودی قسەكەر دایكیان بێ واتە دایكەكەش خۆی بكات بە نۆكەری كەسی زویركراو .

[73] http://www.usq.edu.au/opacs/sllt/4/Pohl04.html

ر. ئاران :( ئاماژەیەکی نازمانی وەك جولاندنی سەر بە شێوەی ڕەزامەندبوون )

وەلامــی رســتەی پرســیاری ( ٣٤ . ا ) لــە ( ٣٤ . ب ) ەوە بــۆ ( ٣٤ . ح ) بــەرەو نارەزامەندی و ڕێکنەکەوتنێکی زیاتر دەڕوات بەمەش ماکزیمی ڕێکەوتن دەبەزێنێت ولە (٣٤ ج ) دا نارەزامەندییەکە بەهۆی بەڵگە وپێشنیازی لەوەوپێش پشتڕاست دەکرێتەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دەرخستنی ئەوەی ،کە قسەکەر و گوێگر پێش پرۆسەی ئاخاوتنەکەش ڕێکنەکەوتوون و گرژییەك لەنێوانیاندا هەبووە لەسەرهەڵبژاردنی ( چێشتخانەکە ) و دەربڕینی هەریەك لە وشەکانی ( نەخێر ، نەء ) ئاماژەن بۆ کەمی ئەو ڕێزگرتنەش ،کە لە نێوان قسەکەر و گوێگردا هەیە یان نزیکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەردوو کەسەکە چونکە لە باری رستەی ( ٣٤ .ت ) دا پاسەوانێك ناتوانێت لەگەڵ سەرۆکەکەی بەم شێوەیەگفتوگۆبکات ، بەڵام لە رستەکانی ( ٣٤ ،خ ) تا( ٣٤ .ر ) دا ڕێککەوتن لە نێوان خود و ئەوانی دیکەدا هەیە هەرچەندە جۆری وەڵامدانەوەکان بەهۆی پلە کۆمەڵایەتییەکانەوە جیاوازن ، بەڵام لە هەریەکێکیاندا بەڕادەی جیاواز پەیوەست بوون بە ماگزیمەکەوە خراوەتە ڕوو لەلایەکی ترەوە جۆرەکانی تری رستەی پرسیار پابەندن بەم ماگزیمەوە هەر بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکە بە (ئەرێ یان نەرێ) بێت بڕوانە نموونەی( ٣٥) دا .

٣٥ . ئاران :کاژێر چەندە ؟

دلان : ٣:٣٠

دلان : نازانم ، کاتژمێرم پێنییە [٧٤]

هەروەها لە رستەی فەرمانیشدا بەتایبەت فەرمانی ڕاستەوخۆ پابەند بوون یان نەبوون بەم ماگزیمەوە دەردەکەوێت وەك لە نموونەی ( ٣٦ ) دەردەکەوێت، لە هەمانکاتدا لە فەرمانی ناڕاستەوخۆشدا ئەم لانەدانە یاخود لادانە هەیە ، بەڵام بەکۆمەڵێك تایبەتمەندییەوە ، کە لە فەرمانکردنی ڕاستەوخۆ جیای دەکاتەوە .

٣٦.ا. دلان : زوو وەرەوە لە شاییەکە .

ب .ئاران : باشە.

---

[74] ئەم رستەیە ئەو بارە ناگرێتەو ،کە بەڕاستی قسەکەر نەیەوێت بە پرسا بڵێت کاژێر چەندە چونکە ئەم بارە پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگرەوە سەبارەت بە کۆمەڵێك شتی دیکە ،کە دەشێت پرسیارکردن لەسەر کاژێرەکە هیچ پەیوەندییەکی نەبێت بەو کرژی و ئاڵۆزیەی نێوان قسەکەر و گوێگرەوە یان وەك وەڵامنەدانەوەی هەندێك پرسیاری دادوەرێك لەلایەن تاوانبارەوە .

پ .ئاران : کەی تەواو بوو دێمەوە .

٣٧. ا.دلان : با نەرۆین بۆ ماڵی پورت .

ب. ئاران : تۆ مەیە خۆمان دەچین .

پ. ئاران : چۆن دەبێت نەچین .

ت. ئاران : حەزدەکەیت دەیخەینە ڕۆژێکی تر .

ئەوەی لە رستەی ( ٣٧) دا هەڵدەگوێزرێت دەتوانین لە چەند خاڵێکدا بیخەینە ڕوو :

ا.قسەکەر هەلومەرجی ڕەتکردنەوەی دەربرینەکەی کەمدەکاتەوە بەهۆی شێوازی ناڕاستەوخۆی رستەکەوە ئەم بارەش دەگونجێت بۆ پرسیارێك،کە کردەیەکی نافۆرمی فەرمانی دەگەیەنێت .

ب. لە ڕێی بەکارهێنانی داڕشتەیەکی(کۆ)وە بە پەنامەکی مەبەستی نەچوونی خۆی بەتەنها جیادەکاتەوە ،گەر ڕێکەوتن لەسەر نەڕۆیشتنی( هەموو) ش سەرنەگرێت.

پ . لەڕێی تۆنی رستەکەوە دەریدەخات ڕێکەوتنی ئەم لەسەر(چوون)ەکەیە یان لەسەر(ماڵی پورت)ە چونکە لەباری یەکەمدا قسەکەر هێڵێك بۆ پاشەکشێکردن دادەنێت لەکاتی هەڵچوونی گوێگردا.

### ج- ماکزیمی بەخشندەیی Generosity Maxim

کاریگەری ئەم ماگزیمە بە شێوەیەکی ئاشکراترە لە ماگزیمەکانی تر و تەنانەت لە شێوەی سیفەتی کەسیدا دەردەکەوێت و دەبێتە سیمایەك بۆ ناسینەوەی کەسێك یان دەرخستنی لایەنی خراپی کەسەکە((ا. کەمترین قازانج بۆ خود ب.بەرزترین تێچوون بۆ خود))[٧٥] کردەکانی رستەی پرسیار ئەم ماگزیمەیان بەشێوەیەکی سەرەکی تێدا دەردەکەوێت بەتایبەت ئەو کردانەی ، کە تایبەتن بە (پێشکەشکردن ، داواکردن ،...هتد) لەزمانی کوردیدا رستەکانی پرسیارو فەرمان بۆ ئەم ماگزیمە و پابەند بوون بە ڕێزگرتنی بەرامبەرەوە زۆر بەکاردەهێنرێت بەمەرجێك زۆرکردنی تێدا نەبێت و گوێگر سەربەستی هەڵبژاردنی بکەوێتە دەست،کە ئەم بارە لەهەواڵگەیاندندا تاڕادەیەك سەپێنراوتر دەبێت بەسەر گوێگردا .

٣٨. ئاساییە من بتگەیەنم؟

٣٩ .حەزت لەو پێنووسە ڕەنگاوڕەنگانە هەیە ؟( بەمەبەستی ئەوەی بۆی بکرێت )

---

[75] Leech (1983: 132) Geoffrey

٤٠ . دەتوانم ئۆتۆمبیلە نوێیەکەمت بدەمێ ؟

رستەی(٣٨)داواکردنێك هەیە بۆخزمەتکردنی گوێگر،کە کەمترین قازانجی تێدایە بۆخود (بەمەرجێك لەدەوروبەرێکدا بێت ، کە تێیدا قسەکەر سوودمەند نەبێت لەو گەیاندنە بەڵکو ماندووبوونی خۆی و قازانجی گوێگری لێبکەوێتەوە)هەروەها لەرستەی(٣٩) دا خودی پێشکەشکردنەکە جێی پرسیارکردن نییە بەڵکو بەخشندەییەکە لەپلەیەکی بەرزتردایە، کە گوێگر دەتوانێت توانای هەڵبژاردنی بابەتی پێشکەشکردنەکەشی هەبێت( ڕەنگە حەزی بە پێنووسە ڕەنگاو ڕەنگەکە نەبێت و لەبری ئارەزووی شتێکی دی بکات و دەربڕینی گوێگر بۆ بابەتی پێشکەشکردنەکە بەڵگەی ئەوە دەدات بە قسەکەر ، کە گوێگر لەسەر پرۆسەی پێشکەشکردنەکە ڕەزامەندی هەیە)هەروەها لە رستەی(٤٠)دا پێشکەشکردنەکە لەبەرامبەر ڕازیبوون و ڕازینەبوونی گوێگردا دەمێنێتەوە و قسەکەر توانای بەخشین و پەیوەست بوونی بەماکزیمی بەخشینی لەڕێی (ئۆتۆمبیلە نوێیەکەمت)ەوە دەرخستووە ولە رستەی فەرمانیدا ڕاستەوخۆتر ئەم ماگزیمە دەردەکەوێت چونکە بابەتی پێشکەشکردنەکە جێی لێکدانەوەو هەڵبژاردن نییە بەڵکو ڕاستەوخۆ قسەکەر توانا و توانستەکانی خۆی دەخاتە خزمەتی گوێگرەوە وەك لە نموونەی ( ٤١ ) دا دەردەکەوێت لە هەمان کاتدا رستەی پرسیاری ناڕاستەوخۆ خۆدزینەوەیەکی تێدا دەردەکەوێت و پلەی پابەند بوونی بە ماکزیمی بەخشندەیی کەمترە لە فەرمانی ڕاستەوخۆ وەك لە نموونەی ( ٤٢ ) دا خراوەتەڕوو.

٤١. ئۆتۆمبیلەکەی من ببە

٤٢ . با من بتانگەیەنم .

## ح- **ماکزیمی هاوخەمی بوون** Sympathy Maxim

(( ا. کەمترین بێزاربوون لە نێوان خود و ئەوانی دیکەدا ب. بەرزترین هاوخەمی بوون لە نێوان خود و ئەوانی دیکەدا ))[٧٦] ئەم ماگزیمە لەبوونە و ڕووداوەکاندا بەتایبەت بەکاردەهێنرێت و لادان لێی دەبێتە دروستبوونی شێوازی نابەجێ و دەرخستنی ناڕێزی و بەتایبەتی لە رستەی هەواڵداندا دەردەکەوێت ، بەڵام بە هۆی ئەوەی وەڵامی رستەی پرسارو فەرمانیش بەشێکن لە پێکهاتەی رستە پرسیاری و فەرمانییەکە دەکرێت ،کە ئەم

[76] http://www.usq.edu.au/opacs/sllt/4/Pohl04.html

ماگزیمه له پرسیارو فەرمانیشدا بەکاربهێنرێت و دەربڕینی ماگزیمەکەش لەڕێگەی هەندێك وشەی پرسیاری وەك(چۆن) و تۆنی بەزەیی پێداهاتنەوە .

٤٣. چۆن مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا دەکەیت دوای ئەو تێکچوونە لاشەییەی توشت هاتووە ؟

٤٤. هاوخەمی جەنابتانین و خوای گەورە سەبوریتان بدات .

رستەی ( ٤٣ ) لەڕێی ئاوازە و تۆنی رستەکەوە قسەکەر هاوخەمی بوونی خۆی نیشاندەدات هەرچەندە وشەکانی ( هاوخەمی ، جێی داخە ، بەزەیمان هەیە ...هتد) بەکارنەهێنراوە ، بەڵام خودی پرسیارەکە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕادە و چەشنی هاوخەمیبوون و هاوسۆز بوونەکەیە لەگەڵ گوێگردا و لەرستەی ( ٤٤ ) دا داواکاری (پاڕانەوە) بۆ کەسی گوێگرە لە هێزێکەوەیە ،کەسەروو دەسەلأتی قسەکەرو گوێگرە بۆیە قسەکەر ناتوانێت لەشێوەی فەرماندا رستەکە دەرببڕێت بەهۆی بنەمای بەرزترین هاوخەمیبوون لە نێوان خود و ئەوانی دیکەدا قسەکەر ناتوانێت لە رستەی سادەی فەرمانی بڕیاردەریدا هاوخەمبوون دەربڕێت چونکە رستەی فەرمانی ئەرکێك ئاڕاستەی گوێگر دەکات لەبری کەمکردنەوەی ئەرکێك یان شتێك لەسەر گوێگر ، بەڵام،ئەگەر رستەی فەرمانی بەهۆی کردەیەکی قسەییەوە لە رستەیەکی ئاڵۆز و مەرجیدا دەربڕابێت ئەوا بنەمای دووەمی بەسەردا جێبەجێ دەبێت .

٤٥ . ئەگەر بەگوێی من بکەیت پشت بەخوا چاك دەبیت .( بەگوێی من بکە)

رستەی پرسیار و فەرمان لە بنەمای یەکەمی ماگزیمەکەدا بەئاسانی دەتوانن پابەندبن یان لادەربن.

٤٦. چەندی ترت دەوێت لەخزمەتتدام .

٤٧. پێم ناخۆشبوو ،چەندی ترت زیانکرد؟

٤٨ . داوای قەرز لەمن مەکە چونکە تۆ درۆزنیت.

٤٩ . درۆ بۆ کێ دەکەیت ؟

رستەکانی ( ٤٦ ، ٤٧ ) رستەی پرسیار و فەرمانەکە بە ئاسانی پابەندی بنەمای یەکەمی ماگزیمەکە بوون ، بەڵام لە رستەکانی ( ٤٨ ، ٤٩ ) دا هەردوو رستەکە زیاترین لادانیان کردووە لە بنەمای یەکەم و زۆرترین بێزاربوون لە نێوان خود و ئەوانی دیکەدا هەیە .

## خ- ماکزیمی بەسەروزمانبوون Phatic Maxim [٧٧]

ئەم ماگزیمە بە دوو بنەما پێناسە دەکرێت (( ا. خۆت لابدە لە بێدەنگی avoid silence – لە بارە نەگێتیڤەکەیدا– ب. بەردەوام بە لە قسەکردن keep talking–لە بارە پۆزەتیڤەکەیدا– ))[٧٨] هەرسێ جۆرەکەی رستە(هەواڵی،پرسیار،فەرمان)لەم ماگزیمەدا کاردەکەن ، بەڵام بە پلەی سەرەکی رستەی پرسیار هەمیشە بەردەوامبوون بە گفتوگۆو قسەکردن دەدات ، تەنانەت،ئەگەر دوو کەسی قسەکەر گوێگریش یەکتر نەناسن چونکە لەرێی پرسیارکردنەوە پەیوەندییەکی نەبراوە بۆ وەڵامدانەوە دروست دەبێت بەتایبەتی لەکاتی بێدەنگبوونی هەردوو کەسی پەیوەندیکەردا ، بەڵام رستەی فەرمان لە زمانی کوردیدا کۆتایی گفتوگۆکە بەردەوامدەکات و لەسەرەتاوە رستەی پرسیار دەبێتە هۆی بەردەوامبوونی قسەکردن بەتایبەتی کۆمەڵێك دەستەواژە و رستە لەوانە(چۆنی ،باشیت، ماڵەوە چۆنن،..هتد ) بروانە نموونەکانی(٥٠، ٥١، ٥٢)

٥٠. چۆنیت ؟ باشیت

٥١ . چوویت بۆ لای پزیشك ؟ ..چییان پێوتیت ؟

٥٢ . هەواڵی هەموو لایەك بپرسە .

یەکێك لەو بنەمایانەی ماکزیمی بەسەروزمانبوون کاری پێدەکات زەمینەی گشتییە ،کە کەسی قسەکەر وگوێگر بەشداری تێدادەکەن و دەتوانن تارادەیەکی زۆر بەردەوامبن لە قسەکردنەکانیان و بێدەنگبوونی هەریەکەیان بۆ ماوەیەکی زۆر بەڵگەی نەویستراوی ئەوی دیکەیان دەکات لەسەر بابەتێکی دیاریکراو وەك لە نموونەی ( ٥١ ) دا دەردەکەوێت ،کە قسەکەر دەزانێت گوێگر نەخۆشییەکی هەیە و بێدەنگبوون لە هەواڵ پرسینی بەڵگەیە لەسەر گرنگی پێنەدان و رێز نەگرتنی گوێگر لادان لەهەر یەك لە ماگزیمەکانی رێزگرتن دەبێتە هۆی دروستبوونی رێزنەگرتن بەخشکەیی ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی قسەکەر ببێتە روویەکی نەویستراو و لە زمانی کوردیدا ماگزیمەکانی رێزگرتن بەسەر هەردوو جۆرەکەی رستەدا جێبەجێ دەبێت ئەمەش لادانە لەو پۆلێنەی (لیچ ) بۆ کردە قسەییەکان کردوویەتی ،کە کردە قسەییەکانی لە پۆلێنێکدا بەرامبەر جێبەجێکردنی پرنسیپەکانی رێزگرتن داناوە .[٧٩]

---

[77] لەزمانی کوردیدا ئەم زاراوەیە بۆ کەسێك بەکاردەهێنرێت ،کە توانای هەڵکردن و دانبەخۆداگرتن و پێبەپێ رۆشتنی هەبێت لەکاتی قسەکردن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا ،هەروەها دەوترێت ( فلان کەس بە دەمولەبزە) واتا قسەکانی خۆشە و زۆر بەتەنگ کەسی بەرامبەریەوە دێت لەکاتی قسەکردندا .

[78] Geoffrey Leech (1983: 144)

[79] سەرچاوەی پێشوو ( ١٣٢ )

## دووەم

# پەیوەندی دیاردەی ڕێزگرتن بە دیاردەكانی تری پراگماتیكەوە

دیاردەی ڕێزگرتن پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بەهەموو دیاردە پراگماتیكیەكانی ترەوە و لە ڕێی ئەوانەوە هێز و ڕادەی ڕێزگرتنەكە یان چۆنێتی بەرهەمهێنان و بەكارهێنانی ڕێزگرتنەكە دەردەكەوێت پەیوەست بەم ئەنجامەوە– هەریەك لە دیاردە پراگماتیكیەكانی،كە لەبەشی یەكەم و دووەمدا لێمان كۆڵیونەتەوە دەهێنین – كاریگەری و پەیوەندییەكانی ڕێزگرتن دەخەینە ڕوو.

### أ- پەیوەندی دیاردەی ڕێزگرتن بە ئاماژەو نیشانە پراگماتیكیەكانەوە

وەك لە (١. ٢) دا خستمانە ڕوو نیشانەكان پێنج جۆری سەرەكی بوون ( كەسی، شوێن، كات، دەق، كۆمەڵایەتی) بەم پێیە هەریەك لەم نیشانانە پەیوەندی تایبەتی خۆی هەیە لە ناو دەوروبەرە جیاوازەكاندا لەگەڵ دیاردەی ڕێزگرتندا .

لە زمانی كوردیدا بۆ ڕێزگرتن لە كەسەكان لە زۆربەی دەوروبەرەكاندا جێناوی كۆی (ئێوە ) بەكاردەهێنرێت و ئاماژەی وەك گوێگرێكی ڕاستەوخۆ بۆ دەكرێت بەمەبەستی ئەوەی كەسێكە شایەنی ئەوەیە قسەی بۆ بكرێت وەك لە نموونەی ( ٥٣ ) دا ڕوونكراوەتەوە .

٥٣. ئێوە ( بەڕێزتان )، ئەگەر بفەرموون سەردانێكمان بكەن .

لەلایەكی دیكەوە هەڵبژاردنی ڕستە و دەستەواژەی گونجاو بۆ ڕێزگرتن بەپێی نیشانەكانی ( كات، شوێن ) دەبن چونكە پرنسیپەكانی ڕێزگرتن قسەكەر پەیوەست دەكەن بە شوێن و كاتی قسەكردنەوە و بەپێی ماگزیمەكان جەخت لەسەر گوتنی دەربڕینێك دەكرێت ،كە بۆ ئەو كات و شوێن و دەوروبەرە ببێت ، كە كردەی پەیوەندیكردنەكەی لە نێوان قسەكەر و گوێگردا بۆ ئەنجامدراوە .

دەوروبەرێكی فیزیكی: لە پرسەیەك كەسێك چووە بۆ سەرەخۆشی كردن

٥٤ . كێ مردووە ؟.

له رسته‌ی ( ٥٤ ) دا نیشانه‌ی کات و شوێنی رسته‌كه تەریب نییه به ڕووداني ڕووداوه‌كه چونکه ، گەر کەسێك چووبێت بۆ سه‌ره‌خۆشی ئه‌وا ناڵێت (کێ مردووه) [٨٠] بەڵکو پەیوەست دەبێت به یاسا و پرنسیپه‌کانی ڕێزگرتنه‌وه .

له‌لایه‌کی تره‌وه بۆ به‌کارهێنانی نیشانه شوێنییه‌كان ( ئێره ، لێره ، ئه‌وێ ) له چێوه‌ی ڕێزدا ده‌بێت له پێشیان یان له دواوه‌یان فۆرمی کۆمه‌لایه‌تی ڕێزگرتنیان له‌گه‌ڵدا به‌کاربهێنرێت :

٥٥ . بەڕێز ئێره جێگه‌ی وه‌ستان نییه .

٥٦ . جه‌نابیان ئێره به باش ده‌زانن .

٥٧. تۆ ئێره به‌باش ده‌زانیت ؟

٥٨ . لێره دانیشن .

٥٩ . بەڕێزتان لێره دانیشن .

له‌هه‌ریه‌ك له رسته‌کانی ( ٥٥ ، ٥٦ ، ٥٩ ) دا پرنسیپه‌کانی ڕێزگرتن به‌کارهاتووه له‌گه‌ڵ نیشانه شوێنییه‌كاندا و پرۆسه‌ی ڕێزگرتنه‌که سه‌رکه‌وتوو بووه ، به‌ڵام له رسته‌کانی ( ٥٧ ، ٥٨ ) دا به‌به‌کارنه‌هێنانی یه‌کێك له فۆرمه کۆمه‌لایه‌تییه‌کان [٨١] پرۆسه‌ی ڕێزگرتنه‌که ناسه‌رکه‌وتوو بووه و بۆ سه‌رخستنی پرۆسه‌که ده‌کرێت به‌بێ به‌کارهێنانی فۆرمه کۆمه‌لایه‌تییه‌کان ئاماژه شوێنییه‌كان بکه‌ین به ناوی شوێن و پرۆسه‌ی ڕێزگرتنه‌که‌ش جێی خۆی بگرێت و سه‌رکه‌وتوو بێت وه‌ك له نموونه‌ی (٦٠ ) دا ده‌رده‌که‌وێت.

٦٠ .له‌هۆڵی چاوپێکه‌وتن ده‌توانیت چاوه‌ڕوان بیت ؟

٦١ . له‌هۆڵی چاوپێکه‌وتن چاوه‌ڕوانمان به .

به‌پێی رسته‌ی ( ٦٠، ٦١ ) ڕێزگرتن له‌نیشانه شوێنییه‌كاندا پشت ده‌به‌ستێت به(جێناوی کۆ ، فۆرمی کۆمه‌لایه‌تی ، تۆنی ده‌ربڕین )

---

80 له‌ناو کۆمه‌ڵگای کورده‌واریدا چوون بۆ پرسه ده‌بێت پێشتر ناسراوی هه‌بووبێت له نێوانیاندا یان به‌لایه‌نی کەمه‌وه نابێت له لای خزمانی ( مردوو ) ئه‌م رسته‌یه ده‌ربڕێت

81 هه‌روه‌ها فۆرمی لێکسیکی ( گه‌وره‌م ، جه‌نابت ، بەڕێزت ،خانم ( بۆ مێ ) ....هتد) وه‌ك ئاماژه‌ی که‌سی و کۆمه‌لایه‌تی له ڕێزگرتندا ئه‌رکی خۆیان ده‌بینن و فۆرمی ( بەڕێز ، جه‌نابت) بۆ هه‌ردوو ڕه‌گه‌زی نێرو مێ به‌کارده‌هێنریت بۆ هۆکاری ئه‌م دیارده‌یه بڕوانه ( ١. ٢. ١ )

نيشانه پراگماتيكيه كۆمەلأيەتييەكان رۆڵێكی گرنگ دەبينن له دياريكردنی پلـەی ڕێزگرتنی نێوان قسەكەرو گوێگر و لەم نيشانانەدا گرنگيەكی زۆر دەدرێت به دەسـەلأت و هێـزی قـسەكەر بـۆ گـوێگر يـان بـه پێـچەوانەوه چـونكه ((دەسـەلأت چەشـنێكه لـه پـەيوەندييـەكان ، كـه دەتوانرێـت لـه نێـوان دوو هەڵوێـست يـان زيـاتردا ببينرێتـەوه))[٨٢] بەمەش پلەی نزيكی ودووری نێوان هـەردوو نيـشانه كەسـيەكه ديـاری دەكرێـت و لـەڕێی ئاخاوتن و دەربڕينەكانيانەوه جـۆری ئـەو پـەيوەنديیـەش دەخرێتـەڕوو ، كـە( قـسەكەر ، ئاماژه بۆكراو ، گوێگر ، جەماوەر، دانيشتوان ) دەيانگرێتەوه وەك چەشـنی پـەيوەنديیـه كۆمەلأيەتييەكـه لـەجۆری (پـەيوەنـدی پـەيوەنـديی Relational يـان پـەيوەنـدی كـامڵيی Absolute )ه ، هەرجۆرێكيشيان لـەم پەيوەندييانـه هـەڵگری كۆمـەڵێك سـيمای تايبـەتی خۆيانن لەكاتی مامەڵەپێكردنياندا وەك سيمای ( دەسـەلأت ، خزمايـەتی ، ....هتـد ) لـه ڕستەی پرسياريدا ماكزيمی هاوخەميبوون له نێوان ( قسەكەر و جەماوەر) دا كاردەكات ، بەڵام هەمان نيشانەی كەسی ( قسەكەرو جەماوەر) له ڕستەی پرسياريدا لەگەڵ مـاكزيمی بەخشيندا كارناكات.

٦٢ . جەماوەری گەلی كوردستان كێ دەتوانێت خەمی هەڵەبجە لەبيربكات ؟

* ٦٣. جەماوەری گەلی كوردستان دەكرێت شەقامەكان چاك بكەين بۆتان ؟

لـه ڕسـتەی ( ٦٢ ) دا مـاكزيمی هاوخـەميبوون پلـەی ڕێزگرتنەكـه ديـاری دەكـات و ڕستەكه واتايەكی ميتافۆری لەخۆگرتووه ( كەس ناتوانێت خەمی هەڵەبجه لـەبير بكـات ) و له ڕستەی ( ٦٣ ) لـه ڕووی دەسـەلأت و پلـەی كۆمەلأيەتييـەوه ناگونجێـت بەرپرسـان بەخشينەكانيان بەهۆی پرسينەوه بكەن بەڵكو دەبێت بەخشينەكان دەستبەجێ بكـرێن و بێ دوودڵی يان دوورين له دەربڕينی بێهێزانه.

### ب- پەيوەندی ديارەی ڕێزگرتن به كرده قسەييەكانەوه

ڕێزگـرتن بەشـێوەيەكی سـەرەكی پەيوەسـته بـه كـردەی قـسەيی ناڕاسـتەوخۆوه و پەيوەندی نێوانيان ڕاستەوخۆيه بەمەش هێزه كردەقـسەييه ناڕاسـتەوخۆكه كاريگـەری و پلەی ڕێزگرتنەكه دەخاته ڕوو (( هێـزی كـردەی قـسەيی ناڕاسـتەوخۆ ئـەو واتايـەی ،كـه

[82] W. P Robinson (1972 : 100 )

قسەکەر دەیەوێت بیگوێزێتەوە لە ڕێگەی جێبەجێکردنی کردەیەکی نافۆرمیدا دەیگەیەنێت ))[٨٣] .

٦٤ . ا. دەتوانیت دەرگاکە بکەیتەوە؟

ب. قسەکەر دەیەوێت بەگوێگر بڵێت ﴿ هەستە دەرگاکە بکەرەوە ﴾ .

٦٥ . ا.کەی دەتوانیت یارمەتییەکانم بۆ بهێنیت ؟

ب. قسەکەر فەرماندەدات بە گوێگر ، کە ﴿ یارمەتیەکانم زوو بۆ بهێنە﴾ .

لەکردەی قسەیی ناڕاستەوخۆدا مەبەستەکان بەشێوەیەك دەپێچرێنەوە ، کە قسەکەر تێیدا خۆی پابەند دەکات بە ماگزیمەکانی ڕێزگرتنەوە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ویستەکانی ناخاتە ڕوو ،بەڵکو لەڕێی هێزی واتایەکی نافۆرمییەوە مەبەستەکانی دەگوێزێتەوە و لە کردەیەکی نافۆرمیشدا جێبەجێیان دەکات وەك لە ( ٦٤. ٦٥ ) دا شیکراونەتەوە و ئەم پرۆسەیە بەتایبەتی بۆ ڕستەی پرسیاری و فەرمان دەگونجێت هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتە سیمانتیکی و دەرکەوتە پراگماتیکییەکانیان بڕوانە نموونەی ( ٦٦ ).

٦٦. ا. جارێکی تر لێرەدا نەتبینمەوە .

ب . قسەکەر هەڕەشە لە گوێگر دەکات ، کە ﴿ جارێکی تر لە شوێنی وادا نەیبینێتەوە ﴾.

ڕستەی ( ٦٦ ) کردەی ڕاپەڕینی ڕاستەوخۆیە و کەمترین ڕێز بۆ گوێگر دانراوە ، بەڵام بە ناڕاستەوخۆکردنی فەرمانەکە ڕادەی ڕێزگرتنەکە بەرزدەبێتەوە وەك لە ( ٦٧ ) دا خراوەتە ڕوو .

٦٧ .ا. زۆر ناشرینە هەندێك ، کەس سەرسووڕچی کۆڵانەکان دەگرن .

ب. قسەکەر گوێگر ئاگاداردەکاتەوە،کە﴿جارێکی تر نەچێتە شوێنی وەها چونکەڕەفتارێکی ناشرینە﴾

---

83 www.cs.brandeis.ed/~jammesp/classes/cs216/Asher-indirectSpeechActs.pdf

### پ- پەیوەندی دیاردەی ڕێزگرتن بە پەنامەکییەوە

پەیوەنـدی نێـوان پەنامـەکیی دەربـڕین و ڕێزگـرتن پەیوەندییـەکی ڕاسـتەوخۆیە چونکە زیادبوونی لادان لـە پرنـسیپەکانی هاوبەشـیکردنی گـرایس دەبێتـە هـۆی بەرهـەم هێنانی پەنامەکی و لە هەمان کاتـدا دەبێتـە سـەرکەوتنی پـرۆژەی ڕێزگـرتن[84] بـۆ ئـەوەی زیاتر بـەڕێز بیـت بەرامبـەر ئـەوی دی توشـی پێکـدادان دەبینـەوە لەگـەڵ پرنـسیپەکانی گـرایس و لەمەشـەوە دەپەڕێینـەوە((بـۆ درۆکـردن چـونکە بنـەماکانی ڕێزگـرتن لەگـەڵ مـاکزیمی چـەندێتیدا پێکـەوە نایـەن))[85] لەکاتێکـدا بنـەماکانی ڕێزگـرتن جـەخت لەسـەر زیادەڕەوی و درێژکردنەوەی مەبەستەکان دەکەن ماکزیمی چەندێتی داوای کـورتبڕی لـە قسەکەر دەکات بـۆ گەیانـدنی مەبەسـتی دیـاریکراو هـەروەها پرنـسیپەکانی گاڵتـەئامێزی Ironic Principle لەگـەڵ پرنـسیپەکانی ڕێزگرتنـدا توشـیپێکدادان نـابن و بنـەماکانی گاڵتەجاری بەسەریاندا تێپـەڕدەبن ڕەنگـە ئـەم حاڵەتـەش بارێـك لـە ڕاسـتگۆیی بهێنێتـە ناوەوە ، بەڵام لەشێوەی ڕێزگرتندا دەبێت .

٦٨ . ئاران : تا ئێستا من کاری وام کردووە ؟

دلان : تۆ زۆر کاری نابەجێ دەکەیت .

٦٩.ئـەرێ ڕاسـتە دەڵـێن: گـەر عەدالـەت ئاوڕبداتـەوە گـورگ و مـەڕ پێکـەوە ئـاو دەخواتەوە ؟

لە ڕستەی (٦٨ ) درۆکردنی ( ئاران ) پەیوەسـتە بـە پێکـدادانی مـاکزیمی چـۆنێتی – تەنها ئەوە بڵێ ، کە ڕاستەو بەڵگەت هەیە بۆی ، شتێك مەڵێ ، کـە گومانـت لێـی هەیـە و خۆی بۆ ناگیرێت و دەکـەوێت لەبـەردەم بەڵگەکانـدا – لەگـەڵ مـاکزیمی هاوخـەمیبوون و ڕەزامەندی بەمەش پێکدادانی نێوانیان بووەتە هۆی دروستبوونی(درۆی سپی)، بـەڵام لـە ڕستەی(٦٩) دا بنەماکانی گاڵتـەجاری بووەتـە ڕێگـر لـەنێوان پێکدادانەکـەدا و شـتێك لـە ڕاستی لەخۆگرتووە بـەهۆی شـێواز و پرنـسیپەکانی گاڵتەجاڕییـەوە توانیویـەتی لـەهێزی پێکدادان و ناڕێزی و درۆکردن خۆی، لابدات بڕوانە شێوەی(٨) .

---

[84] بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی هەندێك پەنامەکی بۆ ناڕێزی دەربڕین دەبێت ،بەڵام زۆربەی ڕێزگرتنەکان بەپەنهانی و بەخشکەیین ، بەڵام ئەمە مەرجێکنییە چونکەوەك ڕوونمان کردەوە هەموو پەنامەکییەك ڕێزگرتن نییە وەك توانج و پلارگرتن

[85] Leech (1983: 82) Geoffrey




**شێوەی ( ٨ )**

### ت- پەیوەندی دیاردەی ڕێزگرتن بە گریمانەی پێشینەوە

دەرکـەوتنی گریمانـەی پێـشینە لـە رسـتەکانی پرسـیارو فەرمانـدا نابێتـە هـۆی بەرجەسـتەبوونی تـەواوی ڕێزگـرتن یـان نـاڕێزی بـەو واتایـەی گریمانـەی پێـشینە رسـتە پابەندناکات بە دەرخەر و دەرخراوەکانی ناو رستەوە بـەڵکو کرۆکـی مەبەسـتی رسـتەکە دەردەخات و لێکی دەداتەوە.

٧٠ . دەشێت بەڕێز خۆت لابدەیت ؟

لە رستەی (٧٠ ) دا گریمانەی پێشینە مامەڵە لەگەڵ کەرەسـتەکانی ( دەشـێت ) و ( بەڕێز) دا ناکات و تەنها بوونی ( خۆت لابـدە ) جێگـەی کـارکردن و مەبەسـتی قـسەکەرە ،کە گوێگر لێکی دەداتەوە .

بەم پێیە پەیوەندییەکی توند نییە لە نێوان گریمانەی پێشینە و ڕێزگرتندا ،گەر شـێوە پەیوەندییەکیش هەبێت زیـاتر دەرخـستنی ڕووی ناڕێزگرتنـە وەك لـە ڕێزگـرتن وەك ئـەو گرفتی تێگەیشتنانەی لە نێوان قـسەکەر و گـوێگردا ڕوودەدات وەك لـە نموونـەی (٧١) دا ڕوونکراوەتەوە.

٧١ .دلان . کەی تۆ خەڵکت خۆشویستووە ؟
<< تۆ خەڵکت خۆشناوێت .
ئاران مەبەستت چییە لە خەڵك؟
دلان : خەڵکی دەرەوە نەك خزمەکانت .

ڕێزگـرتن توشـی چـەندنێوان دژی و گرفتێکـی پراگمـاتیکی دەبێتـەوە جگـە لـەو پەیوەندییانەی ، کە هەیـەتی لەگـەڵ دیـاردە پراگماتیکیەکانـدا وەك پێکـەوە نـەگونجانی ئامانجە لوژیکییـەکان لەگـەڵ کـردەی ئامانجـەکان و ڕووی کۆمەڵایـەتی ئـەو ئامانجانـە و دەکرێت لە چەند خاڵێکدا ئەو گرفتانـە بخەینـە ڕوو ( بـەتێبینی کردنـی ئـەوەی ،کـە a : قسەکەرە b : گوێگر A ئەو کـارە یـان ئیـشەیە ،کـە قـسەکەر داوای کردنـی دەکـات لـە گوێگر) .

١. تێوەگلانی ڕاستەوخۆ : a ( دەیکات / هەوڵدەدات ) b ، A بکات ، بەڵام b ( نایکات / هەوڵدەدات ) A نەکات .

٢. ملکەچـنەبوون : a دەڵێـت / فـەرمان بـە b دەدات Aبکـات ، بـەڵام b نایـەوێت Aبکات.

٣ .لە داهاتوودا دەیبەزێنێت : a کردەیەکی لێك گەیـشتن دەکـات لەگـەڵ bتـاوەکو b هەستێت بەکردنی A ، بەڵام b نایەوێت A بکات لە داهاتوودا .

٤. لە داهاتوودا ناگونجێت: a کـردەی لێـك گەیـشتن لەگـەڵ b دەکـات لەبەرئـەوەی a دەیەوێت A, bبکات ، بـەڵام b کـردەی لێـك گەیـشتن دەکـات لەگـەڵ a لەبەرئـەوەی b نایەوێت A بکات [٨٦].

٧٢ .دلان : دەکرێت گوڵەکانم بۆ ئاو بدەیت ؟

ئاران : دەچمە دەرەوە .

لە رستەی ( ٧٢ ) دا قـسەکەر دەیـەوێت و هەوڵـدەدات گـوێگر کارێـك بکـات (ئـاودانی گوڵکان) بەم پێیە پابەستبووە بەنەگونجانی یەکەمی ڕێزگرتنەوە چـونکە بـەپێی کـردەی گەیاندنی مەبەستی قسەکەر دەبێت ئامانجە لوژیکیەکەی لە کـرداری گـوێگر دەکەوێتـەوە یەکسان بێت بە کردە لوژیکییەکەی قسەکەر ( کاردانەوەکـە وەك کارەکـە بێـت ) ، بـەڵام لەم نموونەیـەدا گـوێگر هەوڵـدەدات بەخـشکەیی ئـەوە لـە قـسەکەر بگەیـەنێت ،کـە ئـەم هەوڵدەدات خۆی لە کارەکە بدزێتەوە و نەیکات بەمەش تێوەگلانەکـە ڕاسـتەوخۆ دەبێـت بۆ گوێگر ، کە چۆن ئەو هەوڵی نەکردنە بگەیەنێتە ئەنجام بەڕێزەوە لەکاتێکدا نـەکردنی کارەکە خۆی بێڕێزی و خۆدزینەوەیە .

---

[86] یاساکان لە (Geoffrey Leech (1983: 82 ەوە وەرگیراوە

٧٣ . دلان : بەڕێزم دەتوانیت بچیت بەولاوە؟

ئاران : جێگا نییە .

لە رستەی ( ٧٣ ) دا بەئاشکرا گوێگر ناپابەندی خۆی بە ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەردەخات و نایەوێت کارەکە بۆ قسەکەر ئەنجام بدات بەمەش ملکەچ نەبوونی خۆی ڕادەگەیەنێت بۆ قسەکەر و جۆرێك لە ناڕێزی دەردەخات .

٧٤ .دلان : هەفتەی داهاتوو دەتوانیت بێیت پێشەکی کتێبەکەم بۆ بنووسیت ؟

ئاران : سەرانسەری هەفتەکە کۆڕم هەیە و دواتریش دەچم بۆ هەولێر .

وەڵامی گوێگر بۆ قسەکەر هەردوو باری (لە داهاتوودا دەیبەزێنێت و لە داهاتوودا ناگونجێت) دەیگرێتەوە چونکە گوێگر بە درێژکردنەوە و بەلادان لە ماکزیمی چەندێتی نەکردن و نەویستنی کردنی کارێك بە قسەکەر دەگەیەنێت .

رستەی پرسیار و فەرمان بەتایبەت ئەم دیاردانە دەیانگرێتەوە چونکە هەمیشە قسەکەر داواکاری جێبەجێکردنی کارێکی لە گوێگر دەوێت ، بەڵام ئەم بارە لە رستەی هەواڵیدا بەو شێوەیە دەرناکەوێت ،تەنها ئەو رستە هەواڵیانە نەبێت ،کە کردەی پرسیارکردن و فەرمانکردنیان پێ ئەنجام دەدرێت و ئەو رستە هەواڵیانەش ،کە تەنها بۆ دەربڕینی جۆرێك لە هەست دەربڕین و هەواڵن کەمتر ئەم دیاردەی نێواندژییە پراگماتیکییەی ڕێزگرتن دەیانگرێتەوە .

# ئه نجام

ئەو ئەنجامانەی، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێیگەیشتووین بریتیین لە :

١. جۆرەکانی دەوروبەر کاریگەریەکی زۆریان هەیە لەگەیاندن و گۆڕین ودیاریکردنی مەبەست، و پێنج جۆرەکەی دەوروبەر لە زمانی کوردیشدا دەبنە هێنانە ناوەوەی چەندین واتای پراگماتیکی و مەبەست لە رستەیەکدا .

٢. رستەی پرسیار و فەرمان بەهۆی نیشانە پراگماتیکیەکانەوە تایبەتییە سینتاکسییەکانیان دەخرێنەڕوو هەر لە ڕێی نیشانە پراگماتیکیەکانەوە وردەکاری کەسی قسەکەرو گوێگر و چۆنێتی و کات و شوێنی رستەکە نیشان دەدرێن و بە هۆی نیشانە کۆمەڵایەتیەکان و جۆری دەوروبەری ئاخاوتنەکەوە واتا تێئاخنراوەکان زیاتر ڕوون دەکرێنەوە .

٣. لە ئەنجامی بەکارهێنانی کردە قسەییەکانەوە رستەیەکی پرسیاری کردەیەکی فەرمانی دەنوێنێت و هەلومەرجی گونجاندنی رستەی پرسیاریش ئەوە دەردەخات ، کە بە هەر یەکێك لە رستەی پرسیار و فەرمان دەتوانین چەند جۆر کردەی قسەیی بە ئەنجام بگەیەنین ، و بەم پێیە کردە قسەییەکانی زمانی کوردی لە پرنسیپە جیهانییەکان لایان نەداوە و پابەستن بە یاسا و بنەما جیهانییەکەوە .

٤. لە لێکۆڵینەوەکەدا دیاردەی پەنامەکیی دەربڕینی ناباوی پراگماتیکی رستەی پرسیاربە ئامادەبوونی دەوروبەری گونجاو مەبەستی فەرمانی دەگەیەنێت ئەمیش لە ڕێگەی بەزانىنی ماگزیمەکانی گرایسەوە بەدەست دێت و پەنامەکیی رستەی فەرمانیش مەبەستی ( داواکردن ، داخوازی ....) دەگەیەنیت بەرەچاوکردنی پلەی کۆمەڵایەتی یان دەسەڵاتی قسەکەر .

٥. چەمکی گریمانەی پێشینە و جۆرەکانی ( لە پلەدا پاش کردەقسەییەکانن ) پەیوەستن بە پێکهاتەی سینتاکسی رستەوە و لە شیکردنەوەکانی هەریەك لە رستەی پرسیارو فەرمان بۆ ئەم دیاردەیە جۆرو خاسیەتی تایبەتی خۆیان دەردەکەوێت لە هەمان کاتیشدا هاوبەشی و ناوکۆی جۆرێکی گریمانەی پێشینە هەیە لە نێوان هەردوو جۆری رستەکەدا .

٦. ڕێزگرتن لە رستەی پرسیارو فەرماندا بەپێی کۆمەڵێك پرنسیپ و ماگزیم دەڕۆن وهەندێك لەو پرنسیپانە تایبەتن بە دەقەوە وهەندێکی تریان بە رستەوە و هەردوو جۆری رستەی وەرگیراویش لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە ماگزیمەکاندا هاوبەشی دەکەن و لادان لێیان ناڕێزی دەهێنێتە ناو ئاخاوتنەکەوە لەگەڵ ئەم بارەشدا لەهەندێك ماگزیمدا دوو جۆرەکەی رستە جیاوازی یان شێوەیەك لە تەواوکارییان هەیە وەك لەماکزیمی بەسەروزمان بووندا دەردەکەوێت ودەربڕینی ڕێزگرتن لەرستەی پرسیار و فەرماندا بەپێی بنەماکانی ڕێزگرتن لەتەك پۆلێنی کردە قسەییەکان لەبەرامبەر پرنسیپەکانی ڕێزگرتنی جیهانیدا نایەتەوە یەك بەڵکو خۆی پۆلێنکردنێکی تایبەت بەخۆی هەیە ،کە رستەی پرسیارو فەرمانی زمانی کوردی زۆربەی پرنسیپ و شێوە ڕێزگرتنەکانی تێدا بەکاردەهێنرێت ، بەڵام بە پێی پرنسیپە جیهانییەکە کردە قسەییە جیاوازەکان لەگەڵ بنەما جیاوازەکانی ڕێزگرتندا یەك دەگرنەوە .

# قەزییەکان

**قەزییەی یەکەم :** کێشەی کوشتن کوژراو ( ك . ع ) ، شکاتکەرەکان ( ع. ع ) ، ( ب. ع ) ، ( ح . م ) ، ( ا . ك ) تاوانبـــاران ( ش. ع ) ، ( ف . ع ) ، ( ك ، ع ) ، ( ع ، ع ) جۆری تۆمەت و ماددەی یاسای ( ٤٠٥ ی . س ) شوێنی ڕووداو ( گەڕەکی کارێزە وشك ) کاتی ڕووداو ( ٢٧/٢٦ – ٧ – ٢٠٠٥ ) .

**قەزییەی دوهەم :** کێشەی ساختەکردن ( تەزویری سەنەوی)ی ئۆتۆمبیل تاوانبار ( س. ع . ح) کێشە ( مافی گشتی ) ماددەی( ٢٩٨/٢٨٩ ) لە ڕۆژی ( ٣٠/ ٤ / ٢٠٠٦ ) لەبەرنەبوونی بەڵگەی پێویست ئازادکرا .

**قەزییەی سێیەم :** کێشەی کوشتن تاوانلێکراو ( ا . ع . ا ) شکاتلێکراو ( ع. ا ) بە پێی ماددەی ( ٤٠٨ ) تاوانلێکراو لەلایەن خۆیەوە خۆیسوتاندووە( ٣٠/ ٤ / ٢٠٠٦ ) لەبەرنەبوونی بەڵگەی پێویست ئازادکرا .

# سەرچاوەکان


**نامەو لێکۆڵینەوە کوردییەکان**

١. ابوبکر عومەر قادر ، (١٩٩٣) ، پرسیار لە زمانی کوردیدا ، زانکۆی صلاح الدین ، نامەی ماستەری بلآونەکراوە .

٢. بەکر عومەر عەلی مەعروف، (٢٠٠٠)،بەستن و کرتاندن لەزمانی کوردیدا ،زانکۆی صلاح الدین، نامەی ماستەری بلآونەکراوە .

٣. تارا موحسن قادر،جێناو،(٢٠٠٤ )، لێکدانەوەیەکی نوێ لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەری بلآونەکراوە .

٤. عادل ڕەشید قادر ، (٢٠٠١)، دۆخ لە زاری کرمانجی خواروو و ژووروودا ، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەری بلآونەکراوە .

٥. عبدوالواحید موشیر دزەیی،(٢٠٠٤)،واتای کاریگەری لە بواری ڕاگەیاندندا(لێکۆلینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکیە) ، زانکۆی صلاح الدین ، نامەی دکتورای بلآوکراوە .

٦. عرفان مصطفی حمە ڕحیم ،(٢٠٠٣)،رستەی ئاوێتە لە زاری سلێمانی و هەورامیدا ،زانکۆی سلێمانی ، نامەی ماستەری بلآونەکراوە .

٧. قیس کاکل توفیق ،( ١٩٩٥) ، جۆرەکانی رستە و کردە قسەییەکان، زانکۆی صلاح الدین ، نامەی ماستەری بلآونەکراوە.

٨. هۆگر مەحموود فەرەج ،(٢٠٠٠)، پراگماتیك و واتای نیشانەکان ، زانکۆی سلێمانی، نامەی دکتورای بلآونەکراوە .

**کتێبە کوردییەکان**

١. ئەورەحمانی حاجی مارف ، (١٩٧٧)، ژمارەو ئاوەڵکردار ، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد .

٢. عبدولواحید موشیر دزەیی ، (٢٠٠٥ )، کاریگەری بواری دەروونی لەبواری ڕاگەیاندندا.

٣. غازی فاتح وەیس ،(١٩٨٤ )، فونەتیك ، چاپی یەکەم ، چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان .

٤. محەمەدی مەحویی ،( ٢٠٠١ )، رستەسازی ، زانکۆی سلێمانی .

٥. محەمەدی مەحویی،(٢٠٠١) ،سەرەتایەك بۆ زمانەوانی ، زنجیرەکتێبی دەزگاوپەخشی سەردەم .

٦. محەمەدی مەحویی،(٢٠٠٤)،مۆدێلی ڕێزمانی کوردیی ،زنجیرە چاپکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری
٧. محمد معروف فتاح ، (١٩٩٠)، زمانەوانی ، چاپخانەی دار الحکمە للطباعة و النشر
٨. وریا عومەر ئەمین ،( ٢٠٠٤ )،چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بلأوکردنەوەی ئاراس .

چاو پێکەوتنەکان :
١. د. فەرەیدوون عبدول بەرزنجی ، ١٦ / ٢ / ٢٠٠٥ ،چاوپێکەوتنێکی تایبەت / زانکۆی سلێمانی.
٢.د. محەمەد مەحویی ، ١٣/ ٣ / ٢٠٠٦ ، چاوپێکەوتنێکی تایبەت ، زانکۆی سلێمانی
٣. د.محەمەد مەعروف فتاح ، ٢٢ / ٥ / ٢٠٠٤ ، چاوپێکەوتنێکی تایبەت ، زانکۆی صلاح الدین / هەولێر

## المصادر

١. د.جمعة سيد يوسف ،(١٩٩٠)، سيكولوجة اللغة و المرض العقلي ، سلسلة كتب يصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون و الادب ، الكويت
٢. صابر اسماعيل همزة ،( ٢٠٠٢)، المرجعية السياقية اشارية في التعبير القرآني ، جامعة صلاح الدين ، اطروحة ماجستير غير منشورة

## *Reference*

1. Adrian Akmajian ,(1995),Linguistics An Introduction to Language and Communication,Massachuetts of technology press.
2. Androw Radford ,(1988),Transformational Grammar ,Cambridge university press.
3. Austin , J.L ,(1961), Philosophical papers Oxford , Oxford University press.
4. Daniel R. Boisvert ,(1999), Pragmatics and Semantics of Mixed Sentential Mood Sentences ,University of Florida , Unpublished M.A. thesis
5. David Crystal ,(2003), Dictionary of Linguistics & Phonetics, Tj International Ltd press.
6. Geoffrey finch ,(2000), Linguistic Term and concepts, Macmillan press LTD, London.
7. Geoffrey Leech,(1974), Semantics , A Division of Penguin Books Ltd England
8. George Yule ,(1996), Pragmatics , Oxford University press
9. Gover Hudson ,(2000), Essential introductory Linguistics,Tj International Ltd press..
10. Jacques Moeschler,(2005),Relevance and conversation Paper, University of Geneva
11. Jean Stilwell Peccei ,(1999),Pragmatics, Tj International Ltd press
12. John I. Saeed , (1997), Semantics
13. Kate Knearns,(1993), Semantics , Mackays of Chatham PLC press
14. Lu'ay hameed Shehab Al –jubouri,( 2002 ), A pragmastylistic Analysis of Conversation in D.H .Lorence's the Captain's Doll, Al – Mustansiriya University, Unpublished M.A. thesis.
15. Maria Sifianou , (1992), Politeness Phenomena In England and Greece : Across – cultural Perspective,Oxford University press.
16. Najat Muhammad Ameen ,(2001) , A Contrastive Study of Questions in English and Kurdish Language , Sulaimany University ,Unpublished M.A. thesis , Unpublished M.A. thesis
17. Ronald Wardhaugh,(2000), An Introduction to Sociolinguistics , Cambridge university press
18. Stephan C. Levinson ,( 1983), Pragmatics , Cambridge university press
19. Victoria Fromkin(2003 ) , An Introduction to Language , Heinle part of Thomson Corporation .

20. W.P. Robinson,(1972), Language and Social Behavior, ADivision of Penguin Books Ltd England

## *Internet Reference*

1. www.cs.rutgers.edu/~mdstone/pubs/iwcs03.pdf
2. www.unc.edu/~gerfen/Ling30Sp2002/**pragmatic**s.htm
3. www.mpi.nl/world/pub/Pragmatics_abstract.pdf
4. www.ux1.eiu.edu/~cfbxb/class/1900/prag/presupp1.htm
5. www.aswat-elchamal.com/ar/index.php?p=4&a=245
6. http://www.rit.edu/~sdfncr/Intro2001/Class%20notes/PRAGMATICS.html
7. www.universalteacher.org.uk/lang/**pragmatics**.htm
8. www.sfsu.edu/~kbach/semprag.html
9. http://www.sil.org/linguistics/GlossaryOflinguisticTerms/WhatIsAPresuppositionTrigger.htm
10. http://www.sfu.ca/linguistics/wccfl24/Abstracts/Fitzpatrick.pdf
11. www.ux1.eiu.edu/~cfbxb/class/1900/prag/presupp2.htm
12. www.semanticsarchive.net/Archive/GFiMGNjN/Presupp%20projection%2090.pdf
13. http://www.ling.gu.se/~jens/publications/docs001-050/006.pdf
14. http://www.stanford.edu/~coppock/face.pdf
15. http://www.usq.edu.au/opacs/sllt/4/Pohl04.html
16. www.cs.brandeis.ed/~jammesp/classes/cs216/Asher-indirectSpeechActs.pdf

# Abstract

This thesis studies the different aspects of interrogative and imperative sentences with a pragmatic perspective, which is one of the branches of linguistics. It discusses their features and privileges. It deals with the dependence of those two sentence types on the speaker and the hearer that promote the relations outside the skeleton of the sentence using pragmatic standards. This research ***(Pragmatics of Interrogative and Imperative Sentences)*** also explains the non-verbal features used in such sentences to identify and confirm their contents.





This study consists of an introduction, body chapters and a summary of the most important conclusions, as well as a list of the references used in its preparation.

**Chapter one** explains the impact of context on sentence contents and how to compromise this factor with the rest of the pragmatic factors. It also deals with the pragmatic signs, their uses, their relations with the speech events and their interdependence. Undoubtedly, the Kurdish language complies with the universal rules and general principles. However, Kurdish sometimes disagrees with those universal features and rules, as in the case of Kurdish imperative verbs, since an imperative verb can express demand regardless of the place, the speaker and the hearer, because all the imperative verbs are formed with an imperative construction.

**Chapter two** deals with content analysis and presuppositions as influential powers covering the speaker and the hearer within the domain of semantic and pragmatic conditions. In many cases, the Kurdish language follows the universal rules, such as the cooperative principle and presuppositions. However, there are differences that show the authenticity of Kurdish.

**Chapter three** consists of one section, which relates all the previously raised phenomena with the conformation and violation of the politeness principle in interrogative and imperative Sentences within universal classifications of speech events. The chapter also raises the features of those principles in Kurdish, and the supportive factors to find and use respect through those two sentence types.

# هێماکان

| هێماکان | زاراوە |
|---|---|
| -\\ | ئینتەیڵمێنت |
| >> | گریمانەی پێشینە |
| +> | پەنامەکی |
| P | گریمانەی پێشینە |
| r | هێما بۆ ڕستەیەکی بچوك ( ڕستیلە – ڕستەی پاشکۆ) |
| S | ڕستە |
| A( e ) | هێما بۆ ڕستەیەکی گەورە( ئاڵۆز)، کە ڕستەیەکی بچوکی لەخۆگرتبێت |
| ^ | سنووری .... دەگرێتەوە |
| B, C, D | مەبەست و کەرەستە گۆڕاوەکانی ناو ڕستە |
| X ,Y | ئاماژەبۆکراوی گۆڕاو لە ناو ڕستەدا |
| C | مەبەستێکی گۆڕاو لە ڕستەدا |
| S | قسەکەر |
| A | قسەلێوەکراو |
| H | گوێگر |
| S1, S2 | ڕستەی یەکەم ...هتد |
| > < | وشە |
|  | کردەی واتای فۆڕمی |
|  | کردەکە دەبێت بە |
|  | کردەی واتای نافۆڕمی |
|  | هەنگاوی پێش کردەی واتای نافۆڕمی |
|  | ڕستە فرە کردەییەکان |
| Ø | جێناوی بەتاڵ |
| q | مەبەستی ڕستە لە ڕێی پەنامەکی |
| p | واتای ڕستە |
| ~ | نەرێ |
| r | ڕستیلە |
| PP | پرنسیپەکانی ڕێزگرتن |
| CP | پرنسیپەکانی هاوبەشی کردن |
| IP | پرنسیپەکانی گاڵتەجاڕی کردن |

# زاراوەکان

| زاراوەکان بە کوردی | زاراوەکان بە ئینگلیزی |
|---|---|
| **پیتی ( ا )** | |
| ئەبستمی | Epistemic |
| ئینتەیڵمێنت | Entailment |
| **پیتی ( ب )** | |
| باکگراوند | Back ground |
| پەنامەکی تایبەت | Particularized conversational implications |
| پەنامەکی پێوانەی | Scalar implication |
| پەنامەکی گشتوەگیری | generalized conversation implication |
| بەزاندن | Violation |
| بڕیاردان | Verdicatives |
| بناغەی هاوبەش | Common ground |
| **پیتی ( ت )** | |
| تاقیکردنەوەی نەرێ | Constance under negation |
| تنسیق | Co-Ordinate |
| **پیتی ( پ )** | |
| پاشماوەی گریمانەی پێشینە | Inheritance of presupposition |
| پەرژین | Hedges |
| پەیوەست | Commissives |
| پەیوەستەگی / پەیوەست | relevance |
| پەیوەندیی | Relational |
| پراگماتیکی ئەدەبی | Literary pragmatics |
| پراگماتیکی جێبەجێکردن | Applied pragmatics . |
| پراگماتیکی زمانەوانی | Pragma - linguistics |
| پراگماتیکی گشتی | General pragmatics |
| پراگماتیکی کۆمەڵایەتی | Socio – pragmatics: |
| پرنسیپی گاڵتەئامێزی | Ironic principle |
| پێکدادان | clash |

**پیتی (ج)**

| | |
|---|---|
| جێگیری لە ژێر نەرێکردندا | Constancy under negation |

**پیتی (د)**

| | |
|---|---|
| دەرکەوتنی ڕوی داکۆکی کردن | Positive Politeness |
| دەوروبەری ئەبستمی | Epistemic Context |
| دەوروبەری زمانی | Linguistics Context |
| دەوروبەری فیزیکی | Physical Context |
| دەوروبەری کۆمەڵایەتی | Social Context |

**پیتی (ر)**

| | |
|---|---|
| ڕستەی پرسیار | interrogative sentence |
| ڕستەی پرسیار | Rogative |
| ڕستەی سەرجێناوی | Cleft Sentences |
| ڕستەی هەواڵدان | declarative |
| ڕستیلەی پاشکۆ | subordinate clause |
| ڕونی | clarity |
| ڕوویەکی پێچەوانەیی | Negative Face |
| ڕوویەکی ویستراو | Positive Face |
| ڕێزگرتن | Politeness |
| ڕێزگرتنی نێگتیڤی | Negative Politeness |
| ڕێکخستنی ئینتەیڵمێنتەکان | ordered entailment |

**پیتی ( ز )**

| | |
|---|---|
| زانیاری دونیایی | knowledgement |
| زانیاری گشتی | Common Knowledge |
| زەبروزەنگ | Authoritatives |

**پیتی( ش )**

| | |
|---|---|
| شێوە ڕستەی سەرجێناوی | Pseudo Cleft Sentences |
| شێوە ڕستەی وەڵامی ڕستەی فەرمان | Compliance sentence |

**پیتی ( چ )**

| | |
|---|---|
| چۆنێتی | quality |

| | |
|---|---|
| **پیتی ( گ )** | |
| گریمانەی پێشینەی دروستەیی | Structural Presupposition |
| گریمانەی پێشینەی درۆینە | Counterfactual presupposing |
| گریمانەی پێشینەی فەرهەنگی | Lexicon presupposition |
| گریمانەی پێشینەی متبوو | presupposition Potential |
| گریمانەی پێشینەی نا ڕاستەقینە | Non – Factive presupposition |
| گریمانەی پێشینەیفەرهەنگی | Lexical presupposition |
| گریمانەی هەبوون | Existential presupposition |
| **پیتی ( ف )** | |
| فەرماندان یان ڕێنمای کردن | Directives |
| **پیتی ( ك )** | |
| کاریگەری | Effect |
| کامڵی | Absolute |
| کەرەستەی گریمانەی پێشینە | trigger presupposition |
| کەمکردنەوەی نرخ | Minimize dispraise |
| کرتاندن | Ellipsis |
| کرداره کردەییەکان | verb act |
| کردەکانی نواندن | Representative |
| کردەی ئاماژە | Propositional act |
| کردەی ئاماژەکاری | Interpersonal Act |
| **پیتی ( ل )** | |
| لادان | Flouting |
| لێڵی سینتاکسی | Syntactic ambiguity |
| لێڵی فەرهەنگی | Lexical ambiguity |
| **پیتی ( م )** | |
| ماگزیم | maxims |
| ماکزیمەمی بە وێڵی | Tact maxim |
| ماکزیمی بەباشزانین | Approbation Maxim |
| ماکزیمی بەخشندەی | Generosity Maxim |

| | |
|---|---|
| Phatic Maxim | ماكزيمی بەسەروزمانبوون |
| Modesty Maxim | ماكزيمی خاكیبوون |
| Agreement Maxim | ماكزیمی ڕەزامەندی |
| Sympathy Maxim | ماكزیمی هاوخەمی |
| Prepositional condition | مەرجە سەرەتاییەكان |
| Essentional condition | مەرجەكانی پێویستی |
| Sincerity Condition | مەرجەكانی دڵسۆزی |
| Felicity conditions | مەرجەكانی گونجان |
| Filter condition | مەرجی فلتەری |
| Truth condition | مەرجی ڕاستەقینە |
| | **پیتی ( ن )** |
| Mitigating devices | نەرمی لەگەڵ خواروو خۆدا بەكارهێنان |
| | **پیتی ( هـ )** |
| Pragmatics Force | هێزی پراگماتیكی |
| Illocutionary Force | هێزی واتای نافۆرمی |
| | **پیتی ( ی )** |
| Regulative Rules | یاسا ڕێكخەرییەكان |
| Participant- roles | یاساكانی بەشداربوون |

---

**ئەم كتێبە لە بنەڕەتدا بەشێكە لە پێداویستییەكانی بەدەستهێنانی نامەی (ماجستێر) و لە كوڵێجی زمان/ زانكۆی سلێمانی پێشكەش كراوە پ. ی. د. بەكر عومەر عەلی سەرپەرشتی كردووە**

## له بلاوكراوەكانی مەڵبەندی كوردۆلۆجی

## بەرهەمی نووسین

١-فەرهەنگی رێزمانی كوردی، د. كەمال میراودەلی.

٢- فەرهەنگی زەویزانی، جەمال عەبدول.

٣-حركات الخوارج فی غربی إقليم الجبال وشهرزور والجزيرة الفراتية:عطا عبدالرحمن محي الدين.

٤- سۆفیزم و كاریگەریی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی كورددا: ١٨٨٠- ١٩٢٥، د. جەعفەر عەلی

٥-قـضـــاء هەڵـەبجـە، دراسه فی الجغرافيه الإقليميه: عطا محمد علاءالدين.

٦-رۆڵی هۆكـــارە سیاســـییەكان لە دابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا: جاسم محەمەد

٧-پەیوەندییە سیاسییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و توركیا، ١٩٩١-١٩٩٨: هێرش عەبدوڵلا حەمەكەریم.

٨-رۆژنامەگەریی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپاو ئەمریكا، ١٩٤٩-١٩٩١ ، نەوزاد عەلی ئەحمەد.

٩-هوشیاری كۆمەڵایەتی، فواد تاهیر سادق

١٠-شاری سلێمانی ١٩٣٢-١٩٤٥ ، د. ئاكۆ عەبدولكەریم شوانی.

١١-إقليم كوردستان العراق في دائرة السياسات النفطية العالمية، د. محمد رؤوف سعيد مهندس زمناكو سعيد

١٢-بەعەرەبكردن لە هەرێمە كوردنشینەكاندا ٦٣- ٨٤٧ ز، رحیم ئەحمەد ئەمین

١٣-تعريب قضاء خانقين من منظور جيوسياسي، صلاح الدين انور قيتولي

١٤-كۆیە، كامەران طاهر سەعید

١٥-بوون لە شیعری مەحویدا، د.محەمەد ئەمین عەبدوڵلا

١٦-شێواز لە شیعری كلاسیكیی كوردیدا، حەمە نوری عمر كاكی

١٧- ئەرمەنۆساید، مامەند رۆژە

١٨-كولتوور و ناسۆنالیزم، د. رەفیق سابیر

١٩- بنیاتی كارنامەیی لە دەقی نوێی كوردیدا، د. عبدالقادر حمە امین محمد

٢٠-رستەی باسمەند لە زمانی كوردیدا، كاروان عومەر قادر

٢١- جیۆگرافیای باشووری كوردستان، د. عەبدوڵلا غەفوور

٢٢-دابەشبوونی دانیشتوانی شاری هەولێر، فاتیمە قادر مستەف

٢٣- ئیدیۆم چەشنو پێكهاتنی لە زانی كوردیدا، شیلان عومەر حسەین

٢٤-شیعری ناوچەی موکریان، د. عوسمان دەشتی
٢٥-الهجرة والتغير الديموغرافي و خطط التنمية في العراق اقليم كوردستان نموذجا، رزگار سعيد
٢٦-بنیاتی رووداو لەرۆمانی کوردیی باشووری کوردستاندا، میران جەلال محەمەد
٢٧-هەندێك زانیاری گشتی لە بارەی زمانەوە، ساشوار هەرشەمی
٢٨-هونەرمەندو کولتوور، کاوە جەلال
٢٩- ویلایة الموصل، عبدالرزاق محمود القيسي
٣٠-برایم ئەحمەد، ئامانج حەسەن ئەحمەد
٣١- پراگماتیکی رستەی پرسیارو فەرمان لە زمانی کوردیدا، ئاڤێستا کەمال مەحموود
32/Report on the Sulaimani District of Kurdistan، E.B. Soane.

## بەرهەمی وەرگێڕان

١-کۆمەڵکوژییەکەی دەرسیم، حوسێن یڵدرم، لە سوێدییەوە: کاوە ئەمین.
٢-جەنگی عێراق، کاپلان و کریستڵ، لە ئینگلیزییەوە: عەبدولکەریم عوزێری.
٣-یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد لە سەردەمی نوێدا، م. ئە. حەسرەتیان، لە روسییەوە: د. دلێر ئەحمەد
٤-سلێمانی ناوچەیەك لە کوردستان، ئی.بی. سۆن، لە ئینگلیزیەوە: مینە.
٥- شەرەفخانی بەدلیسی- سەردەم، ژیان، نەمریی، یڤگێنیا ڤاسیلیێڤا، لە روسیەوە: د.ئارام عەلی
٦-ریشەی کاریگەرییەکانی بریتانیا لە میسۆپۆتامیادا: زەکی سالّح ، لە ئینگلیزییەوە : کامیل محەمەد قەرەداغی
٧-کوردی سوریا، بوونێکی نکوڵی لێکراو، هێریەت مۆنتگومری، لە ئینگلیزییەوە: مینەو و پێشەوا
٨- زمان لە روانگەی رەگەزەوە، کرێستین نۆردێنستام، لە سوێدییەوە : غازی عەلی خورشید

✱ **گۆڤاری کوردۆلۆجی، ژمارە یەکی ساڵی ٢٠٠٨**
✱ **گۆڤاری کوردۆلۆجی، ژمارە دووی ساڵی ٢٠٠٩**